# خاڵ

گۆڤارێکی هزریی ڕۆشنبیرییە
دوومانگ جارێک دەردەچێت
ژمارە (٢٢) نیسانی
٢٠١٩

**ئەم ژمارەیە بە سپۆنسەری سەنتەری زەهاوی**
**بۆ لێکۆڵینەوەی فیکریی چاپکراوە**



**خاوەنی ئیمتیاز و سەرنووسەر**
**تۆفیق کەریم**
**٠٧٥١١٤١٢٥٤٣ - ٠٧٧٠٠٦٣٧٦٦٤**
**tofeqkarem@yahoo.com**



**بەڕێوەبەری نووسین**
**عادل سدیق**

**بەڕێوەبەری هونەریی**
**ڕەوشت محەمەد**

**ڕاوێژکاری یاسایی**
**بەکر حەمەسدیق**

**ڕاوێژکاران**

پ. د. موحسین عەبدولحەمید
پ.ی. د. عوسمان عەلی
پ.ی. د. عوسمان هەڵەبجەیی
پ.ی. د. ئیسماعیل بەرزنجی
م.ی ئیدریس سیوەیلی



**سایتی گۆڤاری خاڵ: www.xalkurd.com**

**تیراژ: ١٥٠٠**
**نرخ: ١٥٠٠ دینار**



# لەم ژمارەیەدا

## تەوەری ژمارە: [فرەئایینی و کلتووریی لە کوردستان]


هەڵوێستی مسوڵمانان لەمەڕ پەرستگای ئایینەکانی تر ................................ د.حسەین محەمەد ٥

دەرکەوتەکانی لێبوردنی ئیسلام لەگەڵ نامسوڵمانان ................................. د.زانا محەمەد ئەمین ١٣

دەروازەیەک بۆ پێکەوەژیان ........................................................................ سەرتیپ عەزیز فارس ٢٢

کاریگەری ئاینی ئیسلام لەسەر پێکەوەژیانی ئاشتییانە ......................... د.حسین محەمەد صاڵح ٣١

کەرکووک و ململانێی ئایینی ........................................................................ عەبدوڵڵا قەرەداغی ٣٥

گفتوگۆی گوڵنار لەگەڵ ئاکۆ شاوەیش مەجید (دەلیلی کاکەییەکان) ................................ ئا: گوڵنار ٥٠

پێکەوەژیانی ئاشتییانەی کورد و جولەکە، سلێمانی بەنموونە ......................... عادل صدیق عەلی ٦٣

بنەماکانی پێکەوەژیان لە نێوان پێکهاتە جیاوازەکانی کوردستان .......... شەماڵ ئەحمەد ئیبراهیم ٧٣

ئاینی کورد پێش ئیسلام بنەماڵەی پێغەمبەران لە کوردستان ........... حەسەن مەحمود حەمەکەریم ٨١

چەمک و مێژووی سۆفیزم لە ئیسلامدا ...................................................... وەرگێڕانی: زانا ناجی ٩٥

سەرچاوەی پێکەوەژیان لە کوردستان لە نێوان ئایین و ئاییندار ............... مەسعود عەبدولخالق ١٠٥

ڕۆڵی پێکهاتە ئاینیی و کلتوورییەکان لە شۆڕشی کورددا ........................ سەفەر کەریم هاواری ١١٧

کلتوور لە نێوان وەرگرتن و ڕەتکردنەوەدا ................................................. د. کامەران محەمەد ١٢٤

سەلاحەدینی ئەیوبی بە پێنووسی هاوڕێ و ڕاوێژکارەکەی ئیبن شەداد .................. یاسین تەها ١٣٩




# تەوەری داهاتوو

## بەها باڵاکان لە بەردەم هەڕەشەی جیهانگیریدا

## (کۆمەڵگای کوردی بە نموونە)

پرسی بەها مرۆییەکان بە هەموو ڕەهەندە ئەخلاقیی و کۆمەڵایەتی و ڕۆحییەکانەوە لەم سەردەمەدا کەوتووەتە قەیرانەوە، بەتایبەتی دوای هاتنەئارای گۆڕانکاری ڕیشەیی لە فیکر و فەلسەفەی ڕۆژئاوادا و پێنانە ناو قۆناغی پۆست مۆدێرنە و پەرەسەندنی سەرمایەداری دوایین، بۆیە لەم هەلومەرجەدا دەپرسین.

١- گرنگی بەها باڵاکان لە چیدایە، دەکرێ چ ڕۆڵێك بگێڕن لە کۆمەڵگادا؟

٢- پەروەردەکردن لەسەر بەهاباڵاکان گرنگی چییە، بەتایبەت لە سایەی میدیا و ونبوونی حەقیقەتی بابەتیدا؟

٣- زانست بەبێ بەهاو پێشکەوتنی تەکنەلۆجی لە سایەی ونبوونی مەرجەعییەتی مرۆڤ سەنتەری بەکوێ دەگات؟

٤- ئایا دەکرێ لە سەردەمی جیهانگیریی و بەماددی کردنی بەهاکاندا باس لە ڕۆڵی ئایین و بەها ڕۆحییەکان بکرێت؟

٥- پێگەی مرۆڤ لەناو پێکهاتەکانی بوونەوەردا لەکوێدایە بەبێ لەبەرچاوگرتنی ڕەهەندی ڕۆحیی و ئەودیو فیزیك، کە پێکهێنەری سەرەکی بوونیادی مرۆڤە؟

٦- لە سەردەمێکدا کە کۆمەڵگاکان کراون بە مەکینەیەکی گەورەی بەکاربەری کاڵا و بازاڕی ساغکردنەوەی شتومەك، کۆمەڵگای کوردی کامە چەکی بەرەنگاربوونەوە و خۆڕاگرتن لە بەرامبەر ئەو دۆخە پێیە؟

٧- ئایا چەمکی کوردایەتی ئەو بەهایەی بۆ هێڵراوەتەوە کە ببێتە کۆکەرەوەی جیاوازییەکان و مەرجەعی بەهاکانی یەکترقبوڵکردن و ئاشتی کۆمەڵایەتی؟

٨- لە کۆمەڵگای کوردیدا کامانەن ئەو بەهاباڵایانەی سنووری جیاوازییەکان تێدەپەڕێنن و لە غیابی دەستووردا دەبنە جێگرەوەی گرێبەستی کۆمەڵایەتی؟

- داواکارین لە نوسەران و توێژەرانی بەڕێز، لێکۆڵینەوەکانیان لەسەر ئەو تەوەر و بوارانەی کە لە سەوەرە ئاماژەیان پێدراوە تا بەرواری (٢٠١٩/٥/١٠) بنێرن بۆ گۆڤارەکەمان.





# تەوەری ژمارە

کوردستان یەکێکە لەو وڵاتانەی کە ئایینی جۆراو جۆری تێدایە، هەروەک لەناو خودی یەک ئاینییشدا ڕەوت و مەزهەبی جیاواز هەن، لەو ڕووەوە بابەتی پێکەوەژیانی ئاشتیانە لە کوردستاندا قوڵاییەکی مێژوویی کۆنی هەیە، چونکە کەمینە ئایینی و مەزهەبییەکانی کوردستان لە ڕابردوودا خۆیان بەدوورگرتووە لە ململانێ، ڕوونتر بڵێین جگە لە چەند حاڵەتێکی دەگمەن نەبێت کێشە و ململانێ لە نێوان شوێنکەوتووانی ئایین و مەزهەبە جیاوازەکانی کوردستان ڕووینەداوە، ئەوانەشی کە ڕوویانداوە زیاتر دەستی دەرەکییان لە پشتەوە بووە. بوونی ئەو هەموو ئایین و ئاینزا جیاوازە لە کوردستاندا بەڵگەی ئەو ڕاستییە مێژووییەیە کە کورد بە سرووشتی خۆی توانای قەبوڵکردنی جیاوازییەکانی هەبووە و زۆر ئاسایی کەمینە ئاینییەکان و ڕەوتە جیاوازەکان پێکەوەژیان و تاڵ و شیرینی ڕۆژگاریان بەیەکەوە چەشتووە و فەرهەنگ و مێژووی وڵاتەکەیان دەوڵەمەند کردووە.

لە تەوەری ئەم جارەی (خاڵ)دا کۆمەڵێک قەڵەم بەدەست و توێژەری بەڕێز خامەیان خستووەتەگەڕ و شەن و کەوی بابەتەکەیان کردووە، بەهیوای ئەوەین لە ڕێگەی ئەم زنجیرە بابەتەوە وەڵامی بەشێک لەو پرسیارانە درابێتەوە کە گۆڤارەکەمان بۆ تەوەری ئەم ژمارە وروژاندوویەتی.

# هەڵوێستی مسوڵمانان لەمەڕ پەرستگای ئایینەکانی تر





**د.حسەین محەمەد**

لەدایکبووی ١٩٧٧، دکتۆرا لە شەرعەتی ئیسلامی، خاوەنی دوو کتێبی چاپکراو و چەند توێژینەوەیەکی بڵاوکراوەیە.

پەرستگا ئەو شوێنە پیرۆزەیە کە مرۆڤەکان دڵیان ئاوەڵا دەکەن بۆ ئەو هێزە پەنهانەی کە بە دروستکەر و فریادڕەسی خۆیانی دەزانن، ڕوحیان وابەستە دەکەن بە خوداکەیانەوە و ڕاز و نیازە پەنهان و ئاشکراکانیان تیایدا لە ڕێی سرووتە ئاینییەکانیانەوە بۆ ئەو هێزە باڵادەستە دەخەنە ڕوو.

بەدەر لەوەی کە هەندێک لە ئایینەکان دروستن یان داهێنراو یان گومڕاکەر و فریودەرن؛ شوێنی پەرستشەکانیان هەر لە کۆنەوە ڕێزی لێگیراوە، ئەگەر مامەڵەیەکی نەشیاو کرابێتە سەریان ئەوا بە ترس و خۆفەوە ئەنجامدراوە.

هەر لە کۆنەوە مرۆڤایەتی بە چاوێکی ڕێز و هەیبەتەوە سەیری پەرستگای ئاینییە جیاوازەکانی کردووە، زۆرکات پەناگە بووە بۆ کەسانی لێقەوماو و ڕاکردوو لە دەست دەسەڵاتدار و زۆرداران، لە شەڕ و پشێوییەکاندا دەستی لێپارێزراوە، لە دوا هاتنی ئیسلامیش ئەم دیاردەیە بە دەقەکان چەسپێنراونەتەوە، دەیان دەق جەختی لەسەر پاراستنی کوخە پەرستگاکان(الصومعة) و کەنیسە و پەرستگا ئایینەکانی تر کردۆتەوە و ڕێنماییە جەنگییەکان بەشێوەیەک بوون کە دەبێت جەنگاوەران دەست بپارێزن لە پەرستگاکان و پیاوە ئاینییەکانی ناویان.

مانەوەی کەمینە ئاینییەکان و پەرستگاکانیان تا ئەم سەردەمە گەورەترین بەڵگەن بۆئەوەی کە هەمیشە ئایینی ئیسلام خەڵکی لەسەر ئەوە پەروەردە کردووە، کە ڕێز لەوانی تر و شوێنی پەرستشیان بگرێت، مافەکانیان بەزیادەوە ڕەچاو بکات، عەدالەت بەرپا بکات لە بەرامبەریان، دیارە دەقەکانی قورئان و فەرموودەش تەژین لەم ڕێنماییانە و مسوڵمانان ئاگاداردەکەنەوە لەوەی کە خۆیان بپارێزن لە زوڵمکردن لێیان و سنووربەزاندن لەگەڵیان و لەگەڵ کاڵا و شوێنی پەرستشیان، نموونەی زۆریش لەبەردەستدان لە مێژووی ئیسلامیدا، کە تیایدا دەیسەلمێنێت کە دەسەڵاتدار و کۆمەڵگای مسوڵمانان وابەستەبوون بەم ڕێنماییانەوە.

لەم باسەدا هەوڵدەدەین کەمێک تیشک بخەینە سەر بەڵگەکان لەسەر هاندان و فەرمانکردن بە پاراستنی شوێنی پەرستشی نا مسوڵمانەکان، هەروەها کەمێک ئاماژە بەلایەنی پراکتیکی ئەم پاراستنە بدەین لە مێژووی ئیسلامیدا.

## بنەمادۆزی سەبارەت بە پاراستنی پەرستگای ئاینییەکانی تر:

دیارە لەبەرئەوەی کە ئیسلام ڕێگەیداوە کە نامسوڵمانان بەهاوشانی لەگەڵ مسوڵماناندا بژین لە یەک کۆمەڵگادا، لە دەقەکاندا چەندین ڕێنمایی کۆمەڵایەتیی و ئابووریی و سیاسیی ..هتد هەن لەمبارەیەوە، مسوڵمانان وابەستە دەکەن بە چەند ئەرکێکەوە لە بەرامبەریان و ئەوانیش پابەند دەکەن بە کۆمەڵێک یاساوە، کە دەبێت وابەستەبن پێوەی لە کۆمەڵگا ئیسلامییەکاندا، بوونی ئەوان و بوونی ئەم ڕێنماییانە واپێویست دەکات کە بەئازادانە پەرستشەکان و سرووتە ئاینییەکانی خۆیان جێبەجێ بکەن، کەواتە ئەمەش واپێویست دەکات کە شوێنی پەرستشیان هەبێت و پارێزراو بێت لەناو مسوڵماناندا. ئەمەش بە بەرجەستەیی بەدرێژایی مێژووی مسوڵمانان فەراهەم بووە.

قورئانی پیرۆز پاراستنی پەرستگاکانی هەموو ئاینەکانی بە یەکێک لە هۆکارەکانی ڕێگەدان بە جەنگ ئەژمارکردووە، ئەوەتا دەفەرموێت: (**أُذِنَ لِلَّذِينَ يُقَاتَلُونَ بِأَنَّهُمْ ظُلِمُوا وَإِنَّ اللَّهَ عَلَى نَصْرِهِمْ لَقَدِيرٌ ، الَّذِينَ أُخْرِجُوا مِنْ دِيَارِهِمْ بِغَيْرِ حَقٍّ إِلَّا أَنْ يَقُولُوا رَبُّنَا اللَّهُ وَلَوْلَا دَفْعُ اللَّهِ النَّاسَ بَعْضَهُمْ بِبَعْضٍ لَهُدِّمَتْ صَوَامِعُ وَبِيَعٌ وَصَلَوَاتٌ وَمَسَاجِدُ يُذْكَرُ فِيهَا اسْمُ اللَّهِ كَثِيرًا وَلَيَنْصُرَنَّ اللَّهُ مَنْ يَنْصُرُهُ إِنَّ اللَّهَ لَقَوِيٌّ عَزِيزٌ**) [**الحج:٣٩-٤٠**، واتە: ڕێگەدرا بەو کەسانەی کە شەڕ دەکەن بەهۆی ئەوەوە کە

زۆرداریيان لە بەرامبەردا کراوە، خوداش توانای سەرخستنیانی هەیە، ئەوانەی کە دەرکراون لە ماڵەکانیان بە ناحەق تەنها لەبەرئەوەی کە وتوویانە الله خودامانە، ئەگەر ڕەوادان بە جەنگ نەبوایە و خودا تاقمێکی بە تاقمێکی تر لەناونەبردبا، خودا باوەڕدارانی هەمیشە سەرنەخستبایە بەسەر خەڵکی لادەر و بێباوەڕ لە هەموو چەرخەکاندا ئەوا پەرستگاکانی وەک کوخە پەرستگاکان (الصومعة) و پەرستگای مەسیحییەکان (بیع) و پەرستگای جولەکاکان و صائبیەکان(صلوات) و مزگەوتەکان و هەموو ئەو شوێنانەی کە یادی خودایان تێدا دەکرێت دەڕوخان و لەناودەچوون(١).

واتە: شوێنی پەرستن و پەرستگاکان هەموویان ڕەنگە لەناوببرێن لەگەڵ ئەوەی کە پیرۆزیشن و تایبەتن بە پەرستنی خوداوە، بەڵام یادکردنەوەی خودا تیایاندا نابێتە شەفاعەتکار لەلای ئەهلی بەتاڵ و پڕووپوچ، هەروەها ناشیانپارێزێت لە کاولکاری تەنها بە لەناوبردنی هەندێ تاقم بە هەندێکی تریان نەبێت، واتە لەناوبردنی ئەو کەسانەی سنورەکانی خودا دەبەزێنن بەدەستی ئەوانەی کە پارێزەری عەقیدە و بیروباوەڕن(٢).

لە ئاماژەی ئایەتەکە بۆمان ڕووندەبێتەوە کە ڕووخاندنی هەموو ئەو شوێنە پیرۆزانەی پەرستش کە لە ئایەتەکەدا ناویان هاتووە لە ڕیزی کاری دزێو و ناشیرینن، کە ئەنجامدانی ئەم کارە دزێوانە هۆکارەکەی زۆربوونی خەڵکە و لەناونەبردنی دەروون پیسەکانە کە سڵناکەنەوە لە شوێنە پیرۆزەکانیش. لەگەڵ ئەمەشدا چەندین دەق و تێکستمان هەیە کە مسوڵمانان هاندەدات لەسەر پارێزگاریکردن لە شوێنە ئاینییەکان، لەوانە:

### ١. هەموو ئەو دەقانەی کە بەڵگەن لەسەر ئازادی ئایین و بیروباوەڕ وەک:

- (لَا إِكْرَاهَ فِي الدِّينِ قَدْ تَبَيَّنَ الرُّشْدُ مِنَ الْغَيِّ) [البقرة: ٢٥٦]
- (وَقُلِ الْحَقُّ مِنْ رَبِّكُمْ فَمَنْ شَاءَ فَلْيُؤْمِنْ وَمَنْ شَاءَ فَلْيَكْفُرْ) [الكهف: ٢٩]
- (قُلْ يَا أَيُّهَا النَّاسُ قَدْ جَاءَكُمُ الْحَقُّ مِنْ رَبِّكُمْ فَمَنِ اهْتَدَى فَإِنَّمَا يَهْتَدِي لِنَفْسِهِ وَمَنْ ضَلَّ فَإِنَّمَا يَضِلُّ عَلَيْهَا وَمَا أَنَا عَلَيْكُمْ بِوَكِيلٍ) [يونس: ١٠٨]
- (لَكُمْ دِينُكُمْ وَلِيَ دِينِ) [الكافرون: ٦]

ئەمانە و چەندین ئایەتی تر کە باس لە بانگەوازی شێوێنکەتووانی ئاینەکانی تر دەکات بۆ ئیسلام بە نەرموونیانی، ئەگەر هاتنە سەر ئاینی ئیسلام ئەوە باشە ئەگەرنا ئەوە ئەوپەڕی ئازادییان هەیە، کێ حەز دەکات با مسوڵمان بێت و کێ حەزناکات با مسوڵمان نەبێت، بەمەرجێک نەبنە هۆی زیان گەیاندن بە مسوڵمانان و بانگەوازەکەیان.

ئەم ئایەتانە و هاوشێوەکانیان وا پێویست دەکەن کە ڕێگریان لێنەکرێت لە پەرستشەکانیان، خۆ دیارە پەرستشەکانیشیان بە زۆری لە پەرستگاکاندایە، کەواتە ئەگەر ڕێگریان لێنەکرێت لەسەر هەڵبژاردنی ئاینەکەیان و بە ئازادی بیانهێڵینەوە دەبێت ڕێگری لە پەرستگاکانیشیان نەکرێت و ئازادییان هەبێت لە هاموشۆکردنیان بۆیان.

### ٢. پەیماننامەکانی پێغەمبەری خودا (د.خ) :

لە زۆرێک لە پەیماننامەکانی پێغەبەری خودادا بە ڕەهایی باس لە پاراستنی پەرستگای ئایینەکانی تر کراوە، لەوانە:

– ئەو پەیماننامەیەی کە لەگەڵ خەڵکی (نەجران)دا ئەنجامیدا، ئیبن عەباس دەیگێڕێتەوە دەفەرموێت: پێغەمبەری خودا (د.خ) سوڵحی لەگەڵ خەڵکی نەجراندا کرد.. شوێنی پەرستشیان (البیعە)(٣) ناڕوخێنرێت و هیچ پیاوێکی ئاینییان قس دەرناکرێت و تووشی کێشە ناکرێن لەسەر دینەکەیان بە مەرجێک پشێوی نەنێنەوە و ڕیبا نەخۆن..))(٤).

– پەیماننامەی مەدینە لەگەڵ جولەکە، کە تیایدا هاتووە ((بۆ جولەکەکان دینی خۆیان و بۆ مسوڵمانەکانیش دینی خۆیان))(٥) دیارە هەر بەهۆی ئەم پەیماننامەیەشەوە بوو کە پێغەمبەری خودا (د.خ) پەرستگاکانی جولەکەی نەڕووخاند.

# له هیچ تێکست و دەقێکدا هانی مسوڵمانان نەدراوە کە پەرستگاکان بڕوخێنن یان زیانیان پێبگەیەنن.

- پێغەمبەری خودا (د.خ) هەر سوپایەکی دەنارد بۆ جیهاد پێیانی دەفەرموو: ((ئەو خەڵکانە مەکوژن کە لەناو کوخە پەرستگاکان الصوامع-دان))(٦). هەروەک نەهی دەکرد لە چوونە ناو پەرستگا ئاینییەکانی ئەهلی کتاب بەبێ ڕەزامەندی، عیریازی کوڕی ساریەی سەلەمی دەگێڕێتەوە لە پێغەمبەری خوداوە کە فەرموویەتی(( خودا ڕێگەی بە ئێوە نەداوە بەبێ پرس بچنە ناو پەرستگاکانی ئەهلی کتابەوە، ڕێگەی پێنەداون کە لە ئافرەتەکانیان بدەن و میوەکانیان بخۆن بەبێ ڕەزامەندی بەو مەرجەی کە ئەوەی واجبە لەسەریان بیدەن پێتان))(٧).

- هەروەها دەفەرموێت(( ئاگاداربن هەرکەسێک زۆرداری بکات لەگەڵ خاوەن پەیمان – معاهد- دێک لە خاوەن ئاینەکانی تر، یاخود زیاد لەخۆی بارگرانی لەسەر دابنێت یاخود شتێکی لێبستێنێت بەبێ ڕەزامەندی خۆی ئەوا بابزانێت من دوژمنی ئەوم لە ڕۆژی دواییدا و پشتیوانی خاوەن ئاینەکەی ترم لەسەر ئەو))(٨).

ئەمە هەندێکن لەو دەقانەی کە جەخت لە پاراستنی شوێنە ئاینییەکانی ئاینەکانی تر دەکەنەوە و هانی مسوڵمانان دەدەن لەسەر پاراستنی خەڵک و پیاوانی ئایینی ئاینەکانی تر.

جێنشین و خەلیفەکانی ئیسلامیش بەردەوام بە هەمان ڕێگادا هەنگاویان ناوە، ئەوەتا ئەبوبەکری سدیق وەسیەت دەکات بۆ سوپاکەیی و دەفەرموێت: ((.. ئێوە دەگەن بە خەڵکانێک کە لە کوخی پەرستن – الصومعة- دان، واز لەوانە بێنن و واز لەوەش بێنن کە بۆ خۆیان تیایدا ئەنجامی دەدەن)). ئیمامی عومەر (ڕەزای خودای لەسەر بێت) لە نامەی پەیماننامەکەیدا کە بۆ خەڵکی قودسی نارد لە دوای ئازادکردنی، هاتووە ((بەناوی خودای بەخشندەی میهرەبان، ئەمە ئەو پەیمانەیە کە بەندەی خودا عومەر گەورەی مسوڵمانان دەیدات بە خەڵکی ئیلیاء لە ئەمین بوون، پەیمانی پێداون بەوەی کە ئەمین بن لە خۆیان و ماڵ و سەروەتیان و کەنیسەکانیان و لە صەلیبەکانیان، کەنیسە کۆن و خراپەکانیان و چاکەکانیان و هەموو خەڵکەکانیان کە دەژین لە ئیلیادا، هەرگیز کەنیسەکانیان ناکرێت بە ماڵ و شتی تر، ناڕوخێنرێت و لێی کەم ناکرێت و لە چواردەورەکەشی کەم ناکرێت، لە صەلیبەکانیان کەم ناکرێتەوە، هیچ ماڵ و سامانێکیان لێ کەمناکرێت و زۆریان لێناکرێت لە دەرچوون لە ئاینەکەیان، هیچ کەسێکیان زەرەری پێناگەیەنرێت..))(٩) ، بۆ خۆشی کە هات بۆ قودس ویستی نوێژ بکات بەتریکی مەسیحییەکان ڕێگەیدا کە لە کەنیسەی (قیامة)دا نوێژەکەی بکات، بەڵام ئیمامی عومەر بەم کارە قایل نەبوو، وتی نەوەک لە داهاتوودا کەنیسەکەتان لێ داگیربکەن و بڵێن عومەر لێرە نوێژی کردووە دەبێت ئێمەش نوێژی لێبکەین(١٠).

هەروەها ئوبەی کوڕی عەبدوڵڵا دەڵێت: نامەی عومەری کوڕی عەبدولعەزیزمان پێگەیشت کە تیایدا نوسرابوو ((هیچ کەنیسەیەک و هیچ پەرستگایەکی جولەکە و ماڵی ئاگری مەجوسییەکان مەڕوخێنن)) (١١).

لە کۆی ئەم تێکستانەوە بۆمان ڕووندەبێتەوە

کە پەیامی گشتی ئیسلام وەک دەق هاندانی مسوڵمانان بووە لە ڕێزگرتن لە خەڵک و پەرستگای ئایینەکانی تر، لە هیچ تێکست و دەقێکدا هانی مسوڵمانان نەدراوە کە پەرستگاکان بڕوخێنن یان زیانیان پێبگەیەنن، بەڵکو بە پێچەوانەوە هانی مسوڵمانان دراوە کە پارێزگارییان لێبکەن و زیانیان پێنەگەیەنن و تەنانەت بەبێ پرسی خاوەنەکانیان نەچنە ناویشیانەوە.

**لایەنی کرداری مسوڵمانان سەبارەت بە مامەڵەکردن لەگەڵ پەرستگای ئاینەکانی تر:**

وەک باسمانکرد تێکست و دەقە ئاینییەکان هاندەرن بۆ مامەڵەی دروست لەگەڵ شوێنە ئاینییەکاندا، بەڵام ئایا لە ڕووی پراکتیکییەوە مسوڵمانان پەیوەستبوون بەم دەقانەوە؟ ئایا سەرپێچییان نەکردووە؟ بەشێوەیەکی ڕەها ئەم دەقانەیان پشتگوێ نەخستووە؟

لەڕاستیدا گونجاوترین وەڵام بۆ ئەم پرسیارە مانەوەی شوێنە ئاینییەکان و پەرستگای ئایینەکانی ترە بەپارێزراوی لەو ناوچانەی کە مسوڵمانان قەڵەمرەویان تیایدا هەبووە، دەتوانین بڵێین کەمترین شوێن کە پەرستگا ئاینییەکانی تری تێدا سوتێنرابێت یان ڕووخێنرابێت ئەو شوێنانەن کە بە وڵاتی مسوڵمانان ئەژمار دەکرێن، تەنانەت لە وڵاتی مسوڵمانانادا کەنیسە هەیە کە بە پارێزراوی ماوەتەوە تەمەنەکەی دەگەڕێتەوە بۆ سەدەی یەکەمی لەدایکبوونی مەسیح (سەلامی خودای لەسەر)(١٢).

مێژوونوسانی مسوڵمان و تەنانەت مێژوونووسانی ئایینەکانی تریش چەندین هەڵوێستی ئیجابی مامەڵەکردن لە مسوڵمانان و سەرکردەکانیان دەگێڕنەوە، جوان مامەڵەکردنیان لەگەڵ پەرستگاکان و پیاوە ئاینیی و کەسانی ئاینەکانی تر بە شانازییەوە باس دەکەن.

بۆ نمونە کاتێک خالیدی کوڕی وەلید فەتحی شامی کرد، هیچ پەرستگایەکی نەڕووخاند، بەڵکو پەیماننامەشی لەگەڵ ڕۆمەکان ئەنجامدا، لە پەیماننامەکەدا هاتووە: (..نابێت هیچ کەنیسە و شوێنێکی پەرستشیان بڕوخێنرێت، نابێت هیچ تەلار و کۆشکێکیان بڕوخێنرێت کە لەکاتی تەنگانەکاندا پەنای بۆ دەبەن، ڕێگەیان لێناگیرێت لە لێدانی ناقوسی کەنیسە و دەرهێنانی صەلیب لە بۆنەکانیاندا ..)(١٣)، بەهەمانشێوە پەیماننامەی لەگەڵ خەڵکی عانات و قورەیقیساءدا مۆرکرد.

ڕەنگە هەندێکجار بەهۆی هەندێک گێرەشێوێن یاخود خەڵکانی توندڕەو لە مسوڵمانان یان لە مەسیحییەکان یان خاوەن ئایینەکانی تر هەندێک پشێوی دروستبووبێت کە سەریکێشابێت بۆ ڕووخاندنی پەرستگایەک یان ئازاردانی تاقمێک لە خەڵکانی ئایینەکانی تر، بەڵام ئەمانە چەند حاڵەتێکی تایبەت بوون زۆریشیان ڕاستکراونەوتەوە، مێژوو شایەتی ئەوەیە کە هەمیشە بەچاوی ڕێزەوە مامەڵە لەگەڵ پەرستگاکانی ئایینەکانی تر کراوە.

وەلیدی کوڕی عەبدولمەلیک بەشێک لە کەنیسەی (یوحەننا)ی لە مەسیحییەکان ستاند کردییە سەر مزگەوتی ئومەوی، کاتێک کە عومەری کوڕی عەبدولعەزیز هاتە سەر کار پەنایان بۆ برد و شکاتیان لە وەلید کرد، کە ئەم کارەی ئەنجامداوە لەگەڵیان و لەگەڵ کەنیسەکەیان، عومەر نامەی بۆ لایەنی بەرپرس نووسیی و فەرمانی پێکرد کە هەموو ئەو زەوییەی لە کەنیسەکەوە کردوویانە بە مزگەوت بگێڕنەوە سەر کەنیسەکە، ئەم فەرمانە جێبەجێدەکرا، بەڵام مەسیحییەکان بۆخۆیان ڕازی بوون بەوەی کە قەرەبوو بکرێنەوە لە شوێنێکی تر بە زیاتر لەوەی کە لێیان داگیرکراوە(١٤).

هەروەها لە سەدەی چوارەمی کۆچیدا فیتنەیەک ڕوویدا لە نێوان مسوڵمانان و مەسیحییەکاندا بەهۆیەوە چوار کەنیسە ڕووخێنران و تاڵانکران، چەندین کەس لە هەردوولا کوژران، مەسیحییەکان

# له زۆرێك له پەیماننامەكانی پێغەبەری خودادا به ڕەهایی باس له پاراستنی پەرستگای ئایینەكانی تر كراوە.

ئەم ڕەفتارەیان گەیاندە خەلیفە موقتەدر، ئەویش بڕیاریدا كە ئەو كەنیسانەیان بۆ نۆژەن بكاتەوە و قەرەبوویان بكاتەوە(١٥).

ویل دیورانت خاوەنی كتێبی (قصة الحضارة) دەڵێت: (ئەهلی زیممە لە مەسیحییەكان و زەردەشتییەكان و جولەكە و صابیئییەكان لە سەردەمی خیلافەتی ئومەویدا جۆرێك لە مافیان پارێزراو بوو و لێبووردەیی هەبوو بەرامبەریان كە لەم سەردەمەدا لە وڵاتی مەسیحییەكان خۆیان نابینرێت، ئەوان ئازادبوون لە پەیڕەوكردنی سرووتە ئایینیەكانی خۆیان و كەنیسە و پەرستگاكانیان لێ نەدەسەنرا..) هەروەها دەڵێت: (یەهود لە وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی خواروو پێشوازییان كرد لەو عەرەبانەی كە ئازادیان كردن لە زۆرداری دەسەڵاتدارە پێشووەكانیان، وایانلێهات لە سەردەمی عەرەبە مسوڵمانەكاندا كە بەتەواوی ئازادییەوە سرووتە ئایینیەكانیان جێبەیێ دەكرد لە پەرستگاكانیاندا، مەسیحییەكان ئازادبوون لە ئاهەنگ گێڕان لە بۆنەكانیاندا بە ئاشكرا، حەجكەرە مەسیحییەكان پۆلپۆل دەهاتن بۆ زیارەتكردنی زیارەتگا مەسیحییەكانیان لە فەلەستین، تەنانەت ئەو مەسیحییانەی كە قاچاغ بوون لە دەست كەنیسەی دەوڵەتی بیزەنتی و ئۆرشیم و ئەسكەندەرییە و ئەنتاكیا ئازدبوون لە سایەی دەوڵەتی مسوڵماناندا) (١٦).

تەنانەت پاپای كەنیسە(پاپا عیشو یابە) كە پاپای یەكەمی كەنیسە بووە لە ساڵی (٦٥٧م) دەڵێت: (ئەو عەرەبانەی خودا كە ئەمڕۆ سەریخستوون بەسەر جیهاندا بەشێوەیەك مامەڵەمان لەگەڵ دەكەن وەک دەزانن؛ ئەوان هەرگیز دوژمنی نەصرانییەكان نین، بەڵكو مەدحمان دەكەن و ڕێز لە پیاوە ئایینییەكانمان دەگرن و دەستی یارمەتی درێژ دەكەن بۆ كەنیسە و دێرەكانمان)(١٧).

تەنانەت لەم چەرخانەی دواییشدا لە سەردەمی خیلافەی عوسمانییەكانیشدا نمونەی زیندوو و بەرجەستەمان هەیە لە مامەڵەی دروست لەگەڵ پەرستگا ئایینەكانی تر، ئەویش بەشایەتی زۆرێك لە مێژوونووسەكانی مەسیحییەكان، ئەوەتا ریتشارد ستیبز دەڵێت: (توركەكان- مەبەستی خیلافەی عوسمانییە، ڕیگەیانداوە بە هەموو مەسیحییەكان و بە ئیغریقیی و لاتینییەكان كە بەیەكەوە بژین لەگەڵیان و پارێزگاریی لە ئاینی خۆیان بكەن و ناخی خۆیان ئاسوودە بكەن چۆن بیانەوێت، بەوەی كەنیسەكانیان لێنەستاندوون و دەتوانن سرووتە ئاینییە پیرۆزەكانی خۆیان لە قوستەنتینیە و شوێنەكانی تر بە ئازادی جێبەجێ بكەن)(١٨).

ئەمانەی باسمانكردن زۆربەی شایەتی مێژوونووسانن لەبارەی هەڵوێستی كردارییِ جوانی مسوڵمانان لە بەرامبەر ئاینەكانی تر، كە بەرجەستەی دەقەكانن لە جوان مامەڵەكردن لەگەڵ ئەوانی تردا ، ئەگەر لایەنە پرشنگدارەكانی هەڵوێستی كرداری هەڵبدەینەوە كە لە تەواوی

کتێبە مێژووییەکاندا هەن لەمبارەیەوە هەرگیز بەم کورتە بابەتانە تەواو نابن.

دەبێ ئەو ڕاستییەش لەبەرچاو بگرین کە مافی کەمینە ئاینییەکان دەبێت بەقەدەر خۆیان دەستەبەر بکرێت لەناو هاوڵاتیاندا، بەرەچاوکردنی ڕێژەی دانیشتوانیان ڕێگە بە دروستکردنی پەرستگاکانیان بدرێت، بۆ نمونە ناکرێت لە کۆمەڵگایەکدا کە زۆرینەی زۆریان مسوڵمان بن ڕێژەی کەنیسە یان هەر پەرستگایەکی تر بەقەدەر مزگەوتەکان بن، ئەمە بە یەکسانیی و مافپارێزی دانانرێت، ئەمە ئەگەر بە مافی کەمینە دابنرێت لەلایەک ئەوە کەمترخەمیشە بەرامبەر مافی زۆرینە لەلایەکی تر، هەربۆیە ئەگەر هەندێک جار لێرە و لەوێ هەندێک ڕەفتاری پێچەوانەی ڕێنماییە ئیسلامییەکان هەبێت لەمبارانەوە، پاش وردبوونەوە سەیردەکەین دەگەرێتەوە بۆ ئەو خاڵە جەوهەرییەی کە هەندێک لەو کەمینە ئایینیانە زیاد لە بەرەی خۆیان پێیان ڕاکێشاوە، یاخود لەژێرەوە دەستیان لەگەڵ دوژمنانی مسوڵمانان تێکەڵکردووە، یاخود هەست و سۆزی بەشێک لە مسوڵمانی سادەیان ئازارداوە.

لە فیقهی ئیسلامیشدا هەندێک ئەحکام دەبینین سەبارەت بە بنیاتنانی پەرستگا ئاینیەکان و نوێژەنکردنەوەیان کە ڕەنگە بەدیدگای ئەمڕۆ کەمێک توندی تێدا بێت، بەڵام ئەم حوکمانە بەزۆری دەگەڕێنەوە بۆ پێکهاتەی کۆمەڵگا ئیسلامییەکان و کۆمەڵگاکانی ئەو سەردەمە و مامەڵەی دەوڵەتانی چواردەور لە مەسیحییەکان و بوزییەکان و ئاگرپەرستەکان.. هتد، کە لەو سەردەمانەدا کردوویانە بەرامبەر مسوڵمانان، کە هەرگیز ڕێگەیان نەداوە مزگەوت لە وڵاتەکانیاندا بنیاتبنرێت و مسوڵمانان بەو ڕێژە زۆرە لە نێوانیاندا هەبێت، بەتایبەت دەوڵەتە مەسیحییەکان کە هەمیشە بەتوندترین و ڕەقترین شێوە مامەڵەیان لەگەڵ مسوڵمانانداندا کردووە.

لەگەڵ ئەمانەشدا زۆرێک لە زانایانی هەوچەرخ بۆچوونیان وایە کە دروستکردنی کەنیسە و پەرستگای ئاینی نوێ لە وڵاتی مسوڵمانادا و نۆژەنکردنەوەیان پەیوەستە بە ڕەزامەندی حاکمی مسوڵمانانەوە، کاتێک کە بە بەرژەوەندی زانی بۆ هاوڵاتیانی وڵاتەکەی دەتوانێت ئەو ڕەزامەندییە بنوێنێت، ئەمە بۆ دروستکردنی مزگەوتیش هەروایە، چونکە ئاشکرایە کە هەمیشە هاوڵاتی لە زۆربوندایە لەسەر هەر ئاینێک بێت، کەواتە نۆژەنکردنەوە و دروستکردنی پەرستگای تر پێویستییەکی هەنوکەیی هەموو ئاینەکانە، دەکرێت گەورەی وڵات ئەم پێویستییە ڕایی بکات(١٩).

## سەرچاوە و پەراوێزەکان

١ بڕوانە: تفسير روح المعاني للآ لوسي (١٧/ ١٦٣).
٢ بڕوانە: في ظلال القرآن (٤/ ٢٤٢٥).
٣ البيعة: لە زمانی عەرەبیدا بۆ شوێنی پەرستنی نەسرانییەکان بەکاردێت، لە ئیبن عەباسیشەوە دەگێڕێنەوە کە فەرموویەتی ئەم وشەیە بۆ شوێنی پەرستنی جولەکەکان بەکاردێت. بڕوانە: تفسير الرازي (٢٣/ ٢٣٠)، أحكام أهل الذمة: لابن القيم (٢/ ٤٥٧).
٤ ئەبوو داوود ڕیوایەتی کردووە لە السنن (٤/ ٦٤٨)دا باسی (أخذ الجزية) ژمارە (٣٠٤١) ، شوعەیب ئەرنائوط فەرموویەتی: « إسناده حسن»..
٥ بڕوانە: الأموال: ابن زنجويه (٢/ ٤٦٩).
٦ بڕوانە: مصنف: ابن أبي شيبة (٦/ ٤٨٤)
٧ ئەبوداوود ڕیوایەتی کردووە (١٥٦/٤) لە باسی (تعشير أهل الذمة اذا اختلفوا)، ژمارە (٣٠٥٠) ، بەیهەقیش ریوایەتی کردووە لە کتێبی: السنن الكبرى دا(٣٤٣/٩) لە باسی (لا يأخذ المسلمون من ثمار أهل الذمة ولا أموالهم)، ژمارە (١٨٧٢٨).
٨ ئەبو داوود ڕیوایەتی کردووە(٣ /١٧٠) لە باسی (في تعشير أهل الذمة) ژمارە(٣٠٥٢).
٩ بڕوانە: تاريخ الطبري ( ٣ / ٦٠٩).
١٠ بڕوانە: تاريخ ابن خلدون (١/ ٤٣٥)و (٢/ ٢٦٦)، والخريدة النفيسة في تاريخ الكنيسة، الأنبا إيسذورس (٢/ ٩٧).
١١ بڕوانە: الأموال لابن زنجويه (١/ ٢٦٨).
١٢ وەک کەنیسەی (الخضراء) لە شاری تکریت، کە دروستکردنەکەی دەگەڕێتەوە بۆ سەدەی یەکەمی لەدایکبوونی مەسیح (سەلامی خودای لەسەر بێت).
١٣ بڕوانە: الخراج لأبي يوسف(ص: ١٥٧)
١٤ فتوح البلدان (ص: ١٧١ ١٧٢)
١٥ بڕوانە: الحضارة الإسلامية في القرن الرابع الهجري، آدم متز، تعريب: محمد عبد الهادي أبو ريدة (١/ ١٠٩).
١٦ براوانە: قصة الحضارة: ول ديورانت، (٤٨٢/٢٢).
١٧ بڕوانە: أهل الذمة في الإسلام: د. أ.س. ترتون، وەرگێڕان و سەرنجدان: حسن حبشي(ص١٥٩).
١٨ بڕوانە: حقوق الإنسان في الإسلام: الزحيلي ص١٧٥
١٩ شێخ یوسف قەرزاوی فەتوای داوە بە دروستی دروستکردنی کەنیسە و پەرستگا لە وڵاتی مسوڵمانان ئەگەر گەورەی مسوڵمانان بە پێویست و چاکی زانی و لەڕاستی و واقعیشدا ئەم پێویستییە هەبوو، دکتۆر ئەحمەد ڕەیسونی –زانای مەقاصیدیي– ناوداریش پشتیوانی ئەو فەتوایەی کرد، ئەمە بۆچوونی بەشێک لە زانایانی کۆنیشە، قەرزاوی ئەم فەتوایەی لە بەرنامەی (الشريعة والحياة)دا وت لە کەناڵی (الجزيرة ) لە (٦/ ٥/ ٢٠٠٨م)، بگەڕێرەوە سەر ئەم حەلقەیە لە سایتی( الجزیرة نت: http://www.aljazeera.net. ناونیشانی حەلقەکە (غير المسلمين في المجتمع الإسلامي)، مێژووی گەڕانەوەم بۆ ئەم لینکە: ٢٠١٥/٢/٢٣م. هەروەها بڕوانە سایتی (مفكرة الإسلام): http://islammemo.cc/akhbar/American/2008/05/22/64316.html مێژووی گەڕانەوەم بۆ ئەم سایتە: ٢٠١٥/٢/٢٣م.

هەروەها شێخ محەمەد غەزالی لەبارەی ئەقباتی میسرەوە دەڵێت:(.. ئەگەر بیانەوێت کەنیسەیەک دروستبکەن لە قەدەر خۆیان و بەشی نوێژخوێنانیان بکات و بەکاری سرووتە ئاینییەکانیان بێت ئەوە کەس ڕێگریان لێناکات، بەڵام ئەگەر بیانەوێت زەوی میسر بۆیە بکەن بە مەسیحیەت و مەسیحییەت وا وێنا بکەن و نیشان بدەن وەک ئەوەی ئاینی زاڵە بەسەر میسردا دیارە ڕێگە بەم کارەیان نادرێت) بڕوانە: قذائف الحق : الشيخ محمد الغزالي (ص: ٦٧).

# دەرکەوتەکانی لێبوردنی ئیسلام لەگەڵ نامسوڵمانان و کاریگەرییان لەسەر پێکەوەژیانی ئاشتیانە لە کوردستاندا




**د.زانا محەمەد ئەمین**

لەدایکبووی ١٩٧٨، دکتۆرا لە بەراوردی مێژووی ئایینەکان، مامۆستا لە زانکۆی سلێمانی.

لێبوردنی ئیسلامی بەرامبەر نامسوڵمانان بنەمایەکی چەسپاو و جێگیری قورئان و سووننەت و سیرەی کردەیی پێغەمبەر (د.خ) و خەلیفەکانی ڕاشیدینە، لێبوردنی ئیسلامی، بریتییە لە: داننان بەبوونی ئەوانی تردا و پێدانی مافی ئازادی بیروڕا و بەجێهێنانی پەرستش و دروشمە ئایینیەکانیان ئەگەرچی ئێمە بەڕاستیشیان نەزانین، هەروەها دەبێت زۆریان لێنەکەین بۆ وازهێنان لە ئایینەکەیان و بەباشی مامەڵەیان لەگەڵدا بکەین و چاوپۆشیان لێبکەین، پێویستە ئەو هەڵوێستانەش بەگوێرەی ڕێکخەرە گشتییەکان و بەبێ تێپەڕاندن و بە زایەدان بگیرێنەبەر.

ئەگەرچی بە ڕاشکاوی قورئان و سوننەت فەرمانمان پێدەکەن بە لێبوردەیی و چاوپۆشی لەگەڵ نامسوڵمانانی لاشەڕدا، بەڵام لەهەمانکاتدا چەند بنەمایەکی چەسپاوی تریش بەدی دەکرێن کە دەستەبەری لێوردەیی ئیسلامن و بە دەرکەتەکانی لێبوردنی ئیسلامی بەرامبەر نامسوڵمانان دادەنرێن، ئەو بنەمایانە کاریگەری تەواویان لەسەر خودی یاسا و ڕێساکانی ئیسلام و مامەڵەی مسوڵمانان هەبووە لە ڕابردوو و ئێستاشدا و لە هەموو کۆمەڵگاکاندا بەگشتی، بەشێوەیەک کە دەبینین چ یاساکان و چ مسوڵمانانیش لە کاریگەری جێبەجێکردنی ئەو بنەمایانەدا بە لێبوردە وەسف دەکرێن، ئەو بنەمایانەش بریتین لە: ئازادی بیروباوەڕ، میانڕەوی، ڕەتکردنەوەی چینایەتی و ڕەگەزپەرستی، بەزەیی فراوان، پابەندبوون بە بەڵێننامە و ڕێککەوتنامەکانەوە، پێکەوەژیان، ڕێنمونی، لێرەدا و بەکورتی تیشک دەخەینە سەر ئەو بنەمایانە:

**١- ئازادی بیروباوەڕ:**

ئازادی مرۆڤەکان لە هەڵبژاردنی بیروباوەڕدا بە یەکێک لە مەبەستەکانی شەریعەت و یەکێک لە بنەما باڵاکان دادەنرێت، ئیسلام دەستەبەری ئازادی بیروباوەڕ و ئایینداری مرۆڤەکانە، خوای گەورە ڕێگای ڕاستی بۆ مرۆڤەکان ڕونکردۆتەوە و ڕێنمونی کردوون و لەگەڵ ئەوەشدا ئازادی پێداون بۆ هەڵبژاردنی هەر ئاینێک کە پێیان خۆشە، هەروەک دەفەرموێت: **[وَقُلِ الْحَقُّ مِنْ رَبِّكُمْ فَمَنْ شَاءَ فَلْيُؤْمِنْ وَمَنْ شَاءَ فَلْيَكْفُرْ]** {الكهف:٢٩}، واتە: (ئەی محەمەد تۆ پێیان بڵێ ڕاستی و ڕەوایی لەلای پەروەردگارتانە، هەرکەسێک دەیەوێت باوەڕبهێنێت با باوەڕ بهێنێت و هەرکەسێکیش دەیەوێت بێباوەڕ بێت با بێباوەڕبێت). سەبارەت بە لێپرسینەوە و سزادانی بێبڕواکانیش قورئانی پیرۆز ئاگادارمان دەکاتەوە کە ئەو کارە تایبەتە بەخوای گەورەوە: **[وَإِنْ مَا نُرِيَنَّكَ بَعْضَ الَّذِي نَعِدُهُمْ أَوْ نَتَوَفَّيَنَّكَ فَإِنَّمَا عَلَيْكَ الْبَلَاغُ وَعَلَيْنَا الْحِسَابُ]**{الرعد:٤٠}، واتە: (ئەی محەمەد ئەگەر ئێمە هەندێک لەو هەڕەشانەت نیشان بدەین کە لە ئەوانمان کردووە یاخود پێش ئەوە بتمرێنین، بێگومان تۆ تەنها ڕاگەیاندنت لەسەرە و لێپرسینەوەش لەسەر ئێمەیە)، هیچ کەس بۆی نیە بە زۆر کەسێکی تر مسوڵمان بکات، بێگومان ئەو باوەڕەی سود بە خاوەنەکەی دەگەیەنێت بریتییە لەو باوەڕەی کە لە دڵدا بچەسپێت و پاشان بە زمان و کردەوە بیسەلمێنێت، کەسی زۆرلێکراویش لە دڵەوە باوەڕ ناهێنێت کەواتە دەبێتە کەسێکی دووڕوو، لە ئیسلامیشدا دووڕووەکان لە بێبڕواکان خراپترن، کەواتە ئیسلام ڕێگا نادات بە زۆر خەڵک بکرێن بە دووڕوو، بیروباوەڕی دروست بە زۆرلێکردن دانامەزرێت، نە باوەڕ و نە بێباوەڕی زۆرلێکراو هیچیان لە ئیسلامدا بەهایان نیە، خوای گەورە زۆر بە ڕاشکاوی دەفەرموێت: **[لَا إِكْرَاهَ فِي الدِّينِ قَدْ تَبَيَّنَ الرُّشْدُ مِنَ الْغَيِّ]**، واتە: (بە هیچ شێوەیەک زۆرلێکردن لە ئایندا نییە بۆ هاتنە ناو ئیسلام، چونکە بەڕاستی ڕێنمونی لە گومڕایی جیابۆتەوە)، ئەو حوکمەش گشتییە و دابەزینی سەبارەت بە کۆمەڵێکی دیاریکراو تایبەتی ناکات.

قورئانی پیرۆز ئاگادارمان دەکاتەوە هەر هەوڵێک بەمەبەستی سەپاندنی ئاینێکی دیاریکراو

وەک تاکە ئایین لەسەر زەوی شکست دێنێت و هەوڵدانە بەپێچەوانەی ویستی خوای گەورە: [وَلَوْ شَاءَ رَبُّكَ لَجَعَلَ النَّاسَ أُمَّةً وَاحِدَةً وَلَا يَزَالُونَ مُخْتَلِفِينَ (١١٨) إِلَّا مَنْ رَحِمَ رَبُّكَ وَلِذَلِكَ خَلَقَهُمْ]، واتە: (ئەگەر پەروەردگارت بیویستایە گشت خەڵکی دەکرد بە پەیرەوی یەک ئایین، بەڵام ئەوان بەردەوام جیاواز دەبن مەگەر کەسێک پەروەردگارت میهرەبانی لەگەڵ کردبێت)، هەروەها ئاگاداری کردوینەتەوە کە وەرگرتنی ڕێنمونی و باوەڕ بەویستی خودایە و بە خۆشەویستیی و خزمایەتی دنیایی نیە.

مسوڵمانان لە ژیانی ڕۆژانەیاندا و بەدرێژایی مێژوو و لە هەموو ناوچەکان و بەتایبەت لە کوردوستاندا ئەم بنەمایەیان جێبەجێکردووە، بە بەڵگەی ئەوەی دەبینین هەر لە کۆنەوە هەتا ئێستا کەنیسە و پەرستگای شوێنکەوتەی ئایینەکانی تر لەم ناوچانە ماونەتەوە و کەس دەستی بۆ درێژ نەکردوون، مێژووی هەندێک لەو پەرستگایانە دەگەڕێتەوە بۆ پێش زایین و بەدرێژایی دەسەڵاتی ئیسلامیش کراوە بوون، ئیسلام جولەکە و گاورەکان بە زۆر ناکات بە مسوڵمان، بەڵکو داوای ئەوەیان لێدەکات ڕێگە لە بڵاوبونەوەی ئیسلام نەگرن و دژایەتی خودا و پێغەمبەر و مسوڵمانان نەکەن، ئەو ئازادییەی ئیسلام بە شوێنکەوتەی ئایینەکانی تری داوە لە هیچ شوێنێکی سەر زەوی وێنەی نەبووە، لە مێژوودا ڕوووینەداوە ئایینێک دەسەڵاتدار بووبێت و هاوشێوەی ئیسلام هۆکارەکانی بەردەوامیی و گەشەی بۆ ئایینەکانی تر ڕەخساندبێت.

### ٢- میانڕەوی

میانڕەوی بنەما و تایبەتمەندییەکی ئیسلامییە، مەبەست لە میانڕەوی ئەوەیە کە ئیسلام دادگەرترین و ڕێکترین یاسا و ڕێسا و بنەما و بەهای هەیە بەشێوەیەک نە تێبەڕاندنی تێدایە و نە بەزایەدان، خوای گەورە دەفەرموێت: [وَكَذَلِكَ جَعَلْنَاكُمْ أُمَّةً وَسَطًا]، واتە: هەر بەهەمان شێوە ئێوەمان کردووە بە گەلێکی میانڕەوی هەڵبژاردە، مسوڵمان وەک جولەکە و هاوبەش پەیداکەرەکان نین کە گرنگی بە ماددە بدەن و ڕۆح فەرامۆش بکەن، هەروەک چۆن وەک مەسیحییەکانیش نین گرنگی بەلایەنی ڕۆحی بدەن و لایەنی ماددی فەرامۆش بکەن، بەڵکو مسوڵمانی ڕاستەقینە هاوسەنگی ڕادەگرێت لە نێوان مافەکانی جەستە و ڕوحدا، بۆئەوەی لەگەڵ سرووشتی مرۆڤدا بگونجێت کە لە جەستە و ڕۆح پێکهاتووە.

ئیسلام مامناوەندە لە نێوان بێ باوەڕێکدا کە نکۆڵی لە بوونی خودا دەکات و لە نێوان بڕوادارێک شوێنکەوتەی ئایینە جیاوازەکان کە لێکدانەوە و وێنایەکی هەڵەی هەیە بۆ خودا و بەشێوەیەک باسی دەکات کە شایستەی خودا نییە و لە سیفاتە بەرزەکانی دایدەماڵێت. ئیسلام کۆمەڵێک یاسای ئاسانی بۆ مرۆڤ هێنا کە لە توانایاندا بێت، بەپێچەوانەی گەلانی پێشتر کە ئەرکی زۆر قورس خرابووە سەرشانیان بەشێوەیەک کە لە توانایاندا نەبوو، هەروەها بەپێچەوانەی ئەوانەی کە نکۆڵی لە هەر ئەرک و فەرمانێک دەکەن کە لەلایەن خوداوە درابێت بەسەریاندا و دەڵێن هەموو شتێک تەنها ژیانی دنیایە و بەس، ئیسلام هاتوو میانڕەو بوو لە نێوان ئەو بەزایەدان و تێپەڕاندنەدا، هات و کۆمەڵێک یاسای ئاسانی بۆ مرۆڤ هێنا هەتا بیکاتە توێشوی دواڕۆژی، ئیسلام میانڕەوە لە نێوان ئەو گۆشەگیرییەی کە باوەڕی بە چێژوەرگرتن نیە لەخۆشییەکانی دنیا و لە نێوان ئەو دونیاپەرستییەی کە لە خۆشییەکانی دنیادا نقوم دەبێت و هەرچی پێیخۆشبێت لە دنیادا دەیکات، ئیسلام دنیا و دواڕۆژی پێکەوە کۆکردەوە و یەکەمیانی کردە کێڵگەی دووەمیان و ڕوونیکردەوە کە هیچ دژایەتییەک لە نێوانیاندا نیە، تەنانەت فەرمانی بە پێغەمبەر (د.خ) کرد کە بەشی خۆی لە دنیا وەربگرێت: [وَابْتَغِ فِيمَا آتَاكَ اللَّهُ الدَّارَ الْآخِرَةَ وَلَا تَنْسَ نَصِيبَكَ مِنَ الدُّنْيَا]، واتە: لەو گەنج و

سامانەی کە خودا پێیداویت ئەو دنیای پێ بەدەست بهێنە و بەشی خۆشت لەم دونیایە لە بیر نەچێت.

میانڕەوی ئیسلام لەوەوە دەردەکەوێت کە ئاییني فیترەتە و لە هەموو فەرمان و یاساکانی بیروباوەڕ و هەڵسوکەوت و ڕەفتارەکاندا مرۆڤبوونی مرۆڤی لەبەرچاوگرتووە، هەموو ئەو شتانەی حەڵاڵکردووە کە مرۆڤ پێیخۆشە، بەڵام بە کۆمەڵێک مەرج و ڕێکخەری تایبەت.

ئەو میانڕەوییەش تایبەت نییە بەو یاسا و ڕێسایانەوە کە تایبەتن بە موسوڵمانانەوە، بەڵکو گشتگیرە بۆ ئەو یاسایانەش کە سەبارەت بە نامسوڵمانان دابەزیوون، هەر لەبەرئەوە تێبینی ئەوە دەکرێت نامسوڵمانانی کوردستان و جیهانی ئیسلامی بەدرێژایی دەسەڵاتی ئیسلامی هیچ هەستیارییەکیان نەبووە لەگەڵ یاسا میانڕەوەکانی شەریعەتدا، ئەو میانڕەوییەش دەرکەوتەی لێبوردەیی ئیسلامە لەگەڵ ئەوانیتردا.

### ٣- ڕەتکردنەوەی چینایەتی و ڕەگەزپەرستی

یەکێک لە دیارترین دەرکەوتەکانی لێبوردەی ئیسلام بریتییە لە ڕووبەڕووبونەوە و نەهێشتنی چینایەتی و ڕەگەزپەرستی، هەر لە سەرەتای هاتنی پێغەمبەرەوە ئیسلام لەگەڵ ئەو دیاردەیە کەوتە بەرگرییەوە و لەسەر بنەمایەکی جیهانی نوێ کۆمەڵگای مرۆڤایەتی بنیاتنایەوە، کە هەموو سنورە جوگرافییەکانی تێپەڕاند، ئەو کۆمەڵگایەی کردە کۆمەڵگای گشت خەڵک بە جیاوازی ڕەگەز و ڕەنگ و زمان و ئایینیان، هەموو مرۆڤایەتی گەڕاندەوە سەر یەک باوک و دایک و بڕیاریدا هیچ ڕەگەزێک لە ڕەگەزێکی تر باشتر نیە و جیاوازی ڕەنگ و زمان بەڵگەی چاک و خراپی نییە، بەڵکو تاکە پێوەر بۆ چاکیی و باشی بریتییە لە پارێزگاریی و لەخواترسان و کردەوەی چاک، ئەوانەش چەند تایبەتمەندییەکی کەسین و پەیوەندییان بە زمان و ڕەنگ و ڕەگەزەوە نییە.

بۆ هینانەدی یەکسانی و نەهێشتنی چینایەتیی و ڕەگەزپەرستی دەبینین قورئانی پیرۆز چەند بنەمایەکی گرنگی بڕیارداوە کە بریتین لە یەکێتی مرۆڤبوون و ڕێزی مرۆڤ و هاوکاری مرۆڤەکان لە نێوان خۆیاندا و ئازادی ئاییندارى.

لەگەڵ ئەو بنەما قورئانیانەشدا دەبینین پێغەمبەر (د.خ) ڕێگریکرد لە هاوەڵانی هەتا خۆیان بە باوک و باپیرانیانەوە هەڵبکێشن، کاتێکیش ئەبوزەر (خودا لێی ڕازی بێت) کەسێکی عەیبدارکرد بەڕەنگی پێستی دایکی، پێغەمبەر بەتوندی ڕووبەڕووی بۆوە و فەرمووی: (تۆ کەسێکی هەتا ئێستاش نەفامیت تێدا ماوە)، کاتێکیش ئاریشەیەک لە نێوان چەند هاوەڵێکی پشتیوانان و کۆچکردوەکاندا ڕوویدا و یەکێک لە پشتیوانان لەڕووی دەمارگیری خێڵەکییەوە هاواری کرد: ئەی پشتیوانان فریام کەون و کۆچکردوویەکیش هاواری کرد: ئەی پشتیوانان فریام کەون، لەوکاتەدا پێغەمبەر (د.خ) ڕووی تێکردن و فەرمووی: (ئەو دەمارگیرییە فڕێبدەن و وازی لێبهێنن، چونکە ئەوە کارێکی بۆگەنکەرە)، ئەو فەرمودانە دەمارگیریی و خۆهەڵکێشان بە باوک وباپیر و خێڵ و هۆز و ڕەنگ و زمان قەدەغە دەکەن.

مامەڵەکردنی موسوڵمانان دوور لە چینایەتیی و ڕەگەزپەرستی هۆکاری ئارامی ناوخۆیی بوو لە کۆمەڵگای ئیسلامیدا، بەتایبەتی لە چاخەکانی سەرەتادا، مێژوونوس و گەڕیدەی فەرەنسی گۆستاف لۆبون دەڵێت: «بەگوێرەی سستەمی سیاسییان موسوڵمانان ڕوحی یەکسانی ڕەهایان تێدایە، ئەو یەکسانییەی کە لە ئەوروپا بە وتە نەک بەکردەوە ڕاگەیەندرا زۆر بەتەواوی لە ناخی موسڵمانانی ڕۆژهەڵاتدا چەسپابوو، ئەو چینە کۆمەڵایەتییانەی کە لە ڕابردوو و لە ئێستاشدا سەریانکێشا بۆ توندترین شۆڕش و ڕاپەڕین لە ئەوروپادا بە هیچ شێوەیەک لەناو مسولماناندا نەبوون، هیچ دوور نییە لە ڕۆژهەڵاتدا خزمەتکارێک

ببێتە زاوا و مێردی کچی گەورەکەیی و چەندین کرێکار ببینیت کە بوون بە کەسانی ناودار».

ڕەگەزپەرستی و چینایەتی بە هیچ شێوەیەک لە ئیسلامدا جێگایان نابێتەوە، ئیسلام بە چەندەها شێواز ڕووبەڕویان بۆتەوە، ئەو ڕەتکردنەوەیەش بە دەرکەوتێکی لێبوردنی ئیسلامی دادەنرێت، بە جێگیرکردنی بنەمای یەکسانی مسوڵمانان هەم لەناو خۆیاندا و هەم لەگەڵ ئەوانیتردا زۆر بە نەرمیی و لێبوردەیی مامەڵیان دەکرد، نەخۆیان و نە ڕەگەز و نە زمان و نەڕەنگیانیان بەسەر شوێنکەوتەی ئایینەکانی تردا زاڵ نەدەکرد و بە جیاواز سەیریان نەدەکردن، ئەو دیاردەیەش زۆر بەڕوونی لە کۆمەڵگای کوردەواریدا بەدرێژایی مێژووی ئیسلام بەدیدەکرێت.

**٤- بەزەیی فراوان**

بەزەیی فراوانی خوای گەورە بە یەکێک لە تایبەتمەندیی و بنەماکانی ئیسلام دادەنرێت و دەرکەوتێکی ترە لە دەرکەوتەکانی لێبوردەیی ئیسلام لەگەڵ خەڵکیدا بەگشتی بە مسوڵمان و نامسوڵمانەوە، بەبێ بەزەیی هیچ واتایەک بۆ لێبوردەیی نامێنێتەوە، خوای گەورە لە قورئاندا پێویستی کردووە لەسەر خۆی کە بەرامبەر هەموو دروستکراوەکانی خاوەنی بەزەیی بێت: [كَتَبَ رَبُّكُمْ عَلَى نَفْسِهِ الرَّحْمَةَ] {الانعام:٥٤}، واتە: (پەروەردگارتان بەزەیی و میهرەبانی لەسەر خۆی پێویست کردووە)، [وَرَحْمَتِي وَسِعَتْ كُلَّ شَيْءٍ]{الاعراف: ١٥٦}، واتە: (بەزەیی و میهرەبانیم هەموو شتێکی گرتۆتەوە).

خوای گەورە کۆمەڵێک ناو و سیفەتی بۆ خۆی بڕیارداوە کە هەموویان واتای بەزەیی و میهرەبانیان تێدایە، لەوانە (الرحمن، الرحيم، اللطيف، الودود، الرؤوف)، ئەو ناو و سیفەتانەش کاریگەرییان هەبووە لە یاساکانی شەریعەتدا، پێغەمبەریش (د.خ) بە بەزەیی نێردراوە بۆ هەموو دروستکراوەکان و لە فەرمایشتەکانیدا داکۆکی لە بەزەیی نێوان بەندەکان دەکاتەوە و دەفەرموێت:»خودای گەورە بەزەیی بە کەسێکدا نایەتەوە کە بەزەیی بە خەڵکدا نەیەتەوە«، هەروەها بە ڕەهایش باسی بەزەیی دەکات و دەفەرموێت: «ئەوەی بەزەیی نەبێت خودا لەگەڵیدا بەبەزەیی نابێت». ئیبن حەجەری عەسقەلانی دەفەرموێت: «ئیبن بەتتال دەڵێت: ئەو فەرمودەیە هاندەرە بۆ بەکارهێنانی بەزەیی لەگەڵ هەموو دروستکراوەکاندا بە بێباوەڕ و باوەڕدار و ئاژەڵ و بەندە و ئازادەوە».

ئەو دەقانە بەڵگەن لەسەر ئەوەی کە بەزەیی خودا گشتگیرە بۆ هەموو دروستکراوەکانی، تەنها بوونی ڕۆح لە دروستکراوەکانیدا بەسە بۆئەوەی خودا بەبەزەیی بێت لەگەڵیدا، تەنانەت کاتێک پرسیار لە پێغەمبەر کرا سەبارەت بە مامەڵەی باش لەگەڵ ئاژەڵاندا لە وەڵامدا فەرمووی: هەموو دروستکراوێک کە جگەرێکی پاراو و ئیشکردووی هەبێت چاکەکردن لەگەڵیدا پاداشتی لەسەرە، گومانیش لەوەدا نییە کە هۆکارەکانی بەزەیی لەگەڵ مرۆڤدا زۆرترن، بێباوەڕیش پێویستی بە بەزەیی زیاتر هەیە لە مسوڵمان، چونکە بێباوەڕ لێقەوماوە و کەسی لێقەوماویش پێویستی بە بەدەمەوەچوون هەیە و پێویستە مسوڵمانان لەگەڵیدا بە بەزەیی بن و بەردەوام ئامۆژگاری بکەن و بانگەوازی بکەن بۆ سەر ڕێگە ڕاستەکە، بۆئەوەی لە هەردوو دنیا بەختەوەر بێت، ئەوەش بە بەرزترین پایەی بەزەیی دادەنرێت، مسوڵمان خۆشحاڵ دەبێت بە مسوڵمانبوونی بێباوەڕان. بۆیە دەبینین کاتێک داوایان لە پێغەمبەر کرد (د.خ) بۆئەوەی نزا لە بێباوەڕان بکات، لە وەڵامدا فەرمووی: «من بۆ ئەوە نەنێردراوم کە نەفرەت لە خەڵک بکەم، بەڵکو من بۆ بەزەیی نێردراوم».

بەزەیی مسوڵمانان لەگەڵ نامسوڵماناندا زۆر لە سەرووی پێکەوژیان و ڕێزی بەرامبەر و

# ئیسلام کار بۆ دابینکردنی ئاشتی کۆمەڵایەتیی و نەهێشتنی پشێویی و ئاژاوە لەناو کۆمەڵگادا دەکات

دادگەریی و چاکەکاریەوەیە، ئەو بەزەییەش تەنها دروشمی بریقەدار نیە، بەڵکو کۆمەڵێک یاسای جێگیرە لە بواری مامەڵەدا کە پێویستە مسوڵمانان پێوەی پابەندبن، بەکرداریش لە ماوەی دەسەڵاتی مسوڵماناندا ئەو یاسایانە جێبەجێکراون بەتایبەتی لەو ناوچانەی کە کوردنشین بوون، هەر ئەو بەزەییەش هاندەرێکی باش بووە بۆ لێبوردەیی و چاوپۆشی لەگەڵ نامسوڵمانەکاندا، بەوەش بەزەیی فراوانی ئیسلام بۆتە یەکێک لە دەرکەوتەکانی لێبوردەیی ئیسلامی بەرامبەر بێبڕواکان.

**٥- پابەند بوون بە بەڵێننامە و ڕێککەوتنامەکانەوە**

یەکێکی تر لە دەرکەوتەکانی لێوردەیی ئیسلام بەرامبەر نامسوڵمانان خۆی لەو پابەندبونەدا دەبینێتەوە کە ئیسلام پێویستی کردووە لە سەر مسوڵمانان، لەکاتێکدا پەیماننامەیەک یاخود ڕێکەوتننامەیەک لەگەڵ نامسوڵماندا مۆردەکەن، ئەو پابەندبوونەش بنەمایەکی جێگیری ئیسلامییە و قورئان دوپاتی دەکاتەوە، قورئانی پیرۆز سەرزەنشتی جولەکە و مەسیحییەکان دەکات لەبەرئەوەی بەڵێینەکانیان دەشکاند لەپێناو پارەیەکی کەمدا، ئیسلام کار بۆ دابینکردنی ئاشتی کۆمەڵایەتیی و نەهێشتنی پشێویی و ئاژاوە لەناو کۆمەڵگادا دەکات، یەکێک لە ڕێگا گرنگ و کاریگەرەکانیش بۆهێنانەدی ئەو ئامانجە بریتییە لە گرێدانی پەیماننامە و ڕێکەوتننامە لەگەڵ نامسوڵمانەکاندا و پاشانیش پابەندبوون بە ناوەڕۆکەکەیان و دوورکەوتنەوە لە شکاندنی بەندەکانیان و ناپاکیی و فێڵردن تیایاندا، تەنانەت ئیسلام شکاندنی بەڵێنی بە نیشانەیەک لە نیشانەکانی دووڕوویی داناوە.

خوای گەورە دەفەرموێت: **[یَا أَیُّهَا الَّذِینَ آمَنُوا أَوْفُوا بِالْعُقُودِ]**{المائدە:١}، واتە: (ئەی بڕواداران بەڵێنەکانتان ببەنەسەرو پابەندبن پێیانەوە)، وە هەروەها دەفەرموێت: **[وَأَوْفُوا بِعَهْدِ اللَّهِ إِذَا عَاهَدْتُمْ وَلَا تَنْقُضُوا الْأَيْمَانَ بَعْدَ تَوْكِيدِهَا وَقَدْ جَعَلْتُمُ اللَّهَ عَلَيْكُمْ كَفِيلًا إِنَّ اللَّهَ يَعْلَمُ مَا تَفْعَلُونَ]**{النحل:٩١}، واتە: (بەڵێنی خودا بەجێبهێنن کاتێک بەڵێن دەدەن، بەڵێن و پەیمانەکانتان مەشکێنن لە پاش بەستن و دووپاتکردنەوەیان لەکاتێکدا خواتان کردووە بە شاهید و چاودێر بەسەر خۆتانەوە، بەڕاستی هەرچی دەیکەن خوا دەیزانێت). پێغەمبەریش (د.خ) لە فەرمودەکانیدا فەرمانمان پێدەکات پابەندبین بە بەڵینەکانمانەوە، هەموو دەقەکانیش گشتین و هەموو بەڵێنێکی مرۆڤ لەخۆدەگرن کە لە سنووری شەرعدا و بە زمانی خۆی دابێتی، جا لەگەڵ مسوڵمان بێت یان نامسوڵماندا.

لەگەڵ ئەوەی کە پشتیوانیکردنی مسوڵمانان پێویستییەکی بیروباوەڕی ئیسلامییە، بەڵام لەهەمانکاتدا ئەگەر مسوڵمان لەگەڵ ئەو بێباوەڕانەدا کەوتنە جەنگەوە، کە لەگەڵ ئێمەدا ڕیککەوتننامە و بەڵێنیان هەیە ئەوا لەوکاتەدا نابێت پشتیوانی مسوڵمانان بکەین و بەڵێنەکەمان بشکێنین، چونکە پابەندبوون بە بەڵێنەکە ڕێگرە لە بەجێهێنانی ئەرکی پشتیوانیکردنەکە، خوای گەورە دفەرموێت: **[وَإِنِ اسْتَنْصَرُوكُمْ فِي الدِّينِ فَعَلَيْكُمُ النَّصْرُ إِلَّا عَلَى قَوْمٍ بَيْنَكُمْ وَبَيْنَهُمْ**

مِيثَاقٌ]{الانفال:٧٢}، واتە: (ئەگەر مسوڵمانان داوای یارمەتیان لێکردن بۆ پارێزگاریکردن لە ئایین ئەوا لەسەرتان پێویستە یارمەتیان بدەن مەگەر لە دژی گەلێک کە لە نێوان ئێوە و ئەواندا پەیمان هەبێت، ئەوکاتە نابێت یارمەتیان بدەن). تەنانەت ئەگەر مسوڵمانان ترسیان هەبوو لەوەی کە بێباوەڕەکان پەیمان بشکێنن لەوکاتەشدا نابێت مسوڵمانان دەستپێشخەری بکەن و جەنگیان لەگەڵدا بکەن، بەڵکو دەبێت ئاگاداریان بکەنەوە و بە ئاشکرا پەیمانەکە هەڵوەشێننەوە ئەنجا ڕووبەڕویان ببنەوە، چونکە خوای گەورە ناپاکی پێخۆش نییە تەنانەت لەگەڵ بێباوەڕانیشدا،[وَإِمَّا تَخَافَنَّ مِنْ قَوْمٍ خِيَانَةً فَانْبِذْ إِلَيْهِمْ عَلَى سَوَاءٍ إِنَّ اللَّهَ لَا يُحِبُّ الْخَائِنِينَ] {الانفال:٥٨}، واتە: (ئەگەر بەڕاستی مەترسیت کرد لە ناپاکی دەستەیەک کە پەیمانەکەیان بشکێنن ئەوکات پەیمانەکە فڕێ بدەرەوە بۆیان بەڕێکوپێکی هەتا بەرامبەر بن، بەڕاستی خوا ناپاکانی خۆش ناوێت).

سەبارەت بەو فەرموودەیەش کە دەفەرموێت :»جەنگ فێڵە«، لەوانەیە کەسانێک بپرسن ئایا ئەو فەرمودەیە پێچەوانە ناوەستێتەوە لەگەڵ ئەو ئایەت و فەرموودانەی کە فەرمان دەکەن بە پابەندبوون بە بەڵین و ڕێککەوتننامەکانەوە؟ لەوەڵامدا دەڵێین نەخێر هیچ دژیەکییەک بوونی نییە، چونکە زانایان کۆدەنگن لەسەر ئەوەی کە ئەو فێڵە تەنها لەکاتی جەنگدا و لەگەڵ ئەو بێباوەڕانەدا دەکرێت کە پەیماننامە و ڕێککەوتننامەیان لەگەڵ مسوڵماناندا نییە، دیارە مەبەست لەو فێڵەش بەکارهێنانی ڕێگا و هونەرەکانی جەنگە.

ئەو ڕێککەوتن و پابەندبونەش بووە بەیەکێک لە هۆکارەکانی پێکەوەژیانی ئاشتییانەی نێوان پێکهاتەکانی کۆمەڵگای ئیسلامی بەگشتیی و هۆکارێک بووە بۆ لێبوردن و چاوپۆشی لە بێباوەڕان، بێگومان ئەو بنەمایە لە واقیعی کۆمەڵگای کوردیشدا ڕۆڵی خۆی هەبووە.

**٦- پێکەوەژیان و تێکەڵاوی نامسوڵمانان**

خوای گەورە مرۆڤەکانی بەسەر چەند گەل و هۆزێکدا دابەشکردووە و ویستی خۆی وابووە کە لە ئاین و ڕێبازیاندا جیاوازبن، هەروەها سرووشتی مرۆڤیشی بەشێوەیەک دروستکردووە کە حەزی بەتێکەڵیی و پێکەوەژیانە، ئاگادریشی کردوینەتەوە کە جیاوازی ڕەگەزەکان بۆ یەکترناسین و گونجانە نەک جەنگ و ڕق لەیەکبوون.

ئیسلام شوێنکەوتووەکانی هاندەدا بۆ تێکەڵاوبوون و پێکەوەژیان لەگەڵ مسوڵمانان و نامسوڵماناندا بەمەبەستی بانگەوازکردن و چەندین مەبەستی تریش، دیارە بانگەوازکردن ئەرکێکی ئیسلامییە و ئەو ئەرکەش بەبێ تێکەڵاوبوون لەگەڵ بانگراوەکاندا بەجێنایەت، بنەمایەکی ئسوڵیش هەیە دەڵێت: هەر شتێک جێبەجێکردنی واجبێکی شەرعی لەسەر وەستا ئەوا ئەو شتەش دەبێتە واجب، پێغەمبەریش(د.خ) دەفەرموێت: «ئەو مسوڵمانەی لەگەڵ خەڵکدا تێکەڵ دەبێت و لەسەر ئێش و ئازارەکانیان ئارام دەگرێت لەو مسوڵمانە باشترە کە تێکەڵ بەخەڵکی نابێت و لەسەر ئێش و ئازارەکانیان ئارام ناگرێت». ئەم فەرموودەیە بەڵگەیە لەسەر ئەوەی کە ئەو مسوڵمانەی لەگەڵ خەڵکدا تێکەڵ دەبێت زۆر باشترە لە مسوڵمانێکی گۆشەگیر کە بەرامبەر گۆمەڵگاکەی بێخەمە و بانگەوازیان ناکات. ئەگەر چاوێکی خێراش بە ژیانی کرداری پێغەمبەر و هاوەڵانیدا بخشێنین ئەوا دەبینین پڕە لە نموونەی تێکەڵاوبوون لەگەڵ خەڵک بەمەبەستی بانگەوازکردنیان بۆ ئیسلام و بەمەبەستی تریش وەک کڕین و فرۆشتن و بەرژەوەندی هاوبەش و پێشوازی لە نوێنەر و شاندەکانیان، پێغەمبەر (د.خ) زەوییەکانی خەیبەری دا بە جولەکەکان بۆئەوەی کشتوکاڵی تێدا بکەن و نیوەی بەروبومەکەی بۆخۆیان بێت، هەروەها عائیشە دەفەمووێت: کاتێک پێغەمبەر (د.خ) کۆچی دوایی کرد زرێکەی بەبارمتە لای کەسێکی جولەکە بوو لە بەرامبەر سێ مەن

(صاع) جۆ کە بە قەرز لێی وەرگرتبوو.

ئیسلام ڕێگای بە خواردن و مارەبڕینی کچی گاور و جولەکە داوە و گومانیشی تێدا نیە کە خواردن و هاوسەرگیری لە بەرزترین پلەی تێکەڵاوبووندا دەبێت، تەنانەت ئەو تێکەڵاوییە سنوری مامەڵە و پەیوەندی کۆمەڵایەتی تێپەڕاندووە تا گەیشتۆتە ئەو ئاستەی ئیسلام ڕێگایداوە بەوەی مسوڵمانان دیاری پێشکەشی نامسوڵمانان بکەن و دیاریشیان لێوەربگرن، بۆ نمونە پاشای ئەیلە هێستریکی سپی کردە دیاری بۆ پێغەمبەر (د.خ). ئەو فەرمودانەش کە باسی ئەوە دەکەن کە پێغەمبەر(د.خ) قەدەغەی کردووە دیاری لە نامسوڵمانان وەربگیرێت ئەوە بۆ کاتێکە کە وەرگرتنی دیارییەکە بەمەبەستی خۆنزیککردنەوە و بەدەستهێنانی پۆست و پلە و ئاوەژوکردنەوەی ڕاست و ناڕاست و خۆشەویستیی و پشتگیری بێت، بەڵام ئەگەر بۆ بەدیهێنانی بەرژەوەندییەکی شەرعی بێت وەک بانگەوازکردنیان ئەوا هیچی تێدا نییە و ئەو فەرمودانە نایگرێتەوە لەبەر ئەو فەرمودانەی کە باسی وەرگرتنی دیاری لە نامسوڵمانان دەکەن لەلایەن پێغەمبەرەوە(د.خ).

لەگەڵ ئەوەشدا کە ئیسلام ڕێگەی بە تێکەڵاویی و پێکەوەژیان داوە، بەڵام کۆمەڵێک ڕێکخەر و مەرجیشی بۆ ئەو تێکەڵاوییە داناوە کە پێویستە ڕەچاو بکرێن، ئەوانیش بریتین لەوەی کە کۆبونەوەکانیان تاوان و خراپەی تێدا ئەنجام نەدرێێت وەک جوێندان و سوکایەتی بەخودا و پێغەمبەر و هاوەڵان و مەی خواردنەوە و قومار و هتد، بەشێوەیەک بێت کە مسوڵمانان بتوانن بە ئاشکرا ئاینەکەیان دەربخەن.

بەدرێژایی مێژوو ئەو پێکەوەژیان و تێکەڵاوییە لە کوردوستان و ناوچەکانی تری ژێر دەسەڵاتی دەوڵەتی ئیسلامیدا بوونیان هەبووە و دەرخەری لێبوردەیی ئیسلام بوون لەگەڵ نامسوڵماناندا و تێکەڵاوییەکەش لەسەر هەموو ئاستەکانی سیاسیی و کۆمەڵایەتیی و ئابووری بوون، تەنانەت شوێنکەوتەی ئایینە جیاوازەکان بەشدارییەکی کارایان هەبووە لە بۆنە و یادە ئایینییەکانی ئەوانی تردا، ئەوەش ئارامیی و هێمنی زیاتری لە کۆمەڵگادا بەدیهێناوە.

**٧- ڕێنمونی**

ئیسلام زۆر داکۆکی لە ڕێنمونی خەڵک بۆ ڕێگای ڕاست و ڕزگارکردنیان لە گومڕایی و ئاگری دۆزەخ دەکات بەشێوەیەک وەک ئایینی ڕێنمونی ناسراوە، ئەوەش تایبەتمەندییەکی ئیسلامە و یەکێکی تریشە لە دەرکەوتەکانی لێبوردەیی ئیسلامی بەرامبەر نامسوڵمانان، چونکە ئیسلام شوێنکەوتووەکانی لەسەر ئەوە پەروەردە دەکات کە خێر و خۆشیان بوێت بۆ نامسوڵمانان و مسوڵمانیان بکەن و بەرەو بەهەشت بیانبەن، تەنانەت ئیسلام ئەو کارەی پێویست کردووە لەسەر مسوڵمانان و لەچەندین ئایەتدا داوای ڕێنمونیکردنی نامسوڵمانانیان لێدەکات، یەکێک لەو ئایەتانە:[ ادْعُ إِلَى سَبِيلِ رَبِّكَ بِالْحِكْمَةِ وَالْمَوْعِظَةِ الْحَسَنَةِ وَجَادِلْهُمْ بِالَّتِي هِيَ أَحْسَنُ]{النحل:١٢٥}، واتە: (خەڵکی بانگ بکە بۆ ڕێبازی پەروەردگارت بە دانایی و بە ئامۆژگاری جوان و چاک و شیرین و بە چاکترین شێوە لەگەڵیان بدوێ).

پێغەمبەریش (د.خ) زۆر سوربوو لەسەر مسوڵمانکردنی خەڵک و تەنانەت زۆر خەفەتی دەخوارد کاتێک وەڵامیان نەدەدایەوە، [فَلَا تَذْهَبْ نَفْسُكَ عَلَيْهِمْ حَسَرَاتٍ إِنَّ اللَّهَ عَلِيمٌ بِمَا يَصْنَعُونَ]{ فاطر:٨}، واتە (ئەی محەمەد بە خەفەت خواردن بۆ باوەڕنەهێنانی ئەوان خۆت مەفەوتێنە، بەڕاستی خوا بەوەی کە ئەوان دەیکەن شارەزایە)، پێغەمبەر ڕێنموونی گەورە و بچووکی دەکردن بۆ ئیسلام، تەنانەت لەکاتی جەنگدا ئیسلامی دەخستە بەردەمی دوژمنەکانیی و بە هاوەڵەکانی دەفەرموو پێش ئەوەی لەگەڵیان بجەنگن بانگیان بکەن بۆ ئیسلام، هانی دەدان بۆ مسوڵمانکردنیان نەک کوشتنیان و دەیفەرموو:» ئەگەر یەک کەس لەسەر دەستی تۆ مسوڵمان ببێت

ئەوا لە دەستخستنی باشترین وشتر بۆ تۆ باشترە«.
هەڵوێستی پێغەمبەر لەگەڵ خەڵکی تائیف لەکاتێکدا کە ئازاریاندا و دەریانکرد و لاشەیان خوێناوی کرد باشترین نمونەیە بۆ سەلماندنی ئەو ڕاستییە، دەبینین لەوکاتە هەستیارەدا و کاتێک فریشتەی چیاکان داوای لێکرد ڕێگای بدات تا لەناویان ببات، بەڵام ئەو ڕەتیکردەوە و فەرمووی: «هیوام وایە خوای گەورە لە پشتی ئەوانەوە کەسانێک بهێنێتە دەرەوە کە خودای تاک بپەرستن و هاوەڵی بۆ پەیدا نەکەن».

هەر لەبەر گرنگی ئەو بنەمایەش بوو دەبینین پێغەمبەر (د.خ) کاتێک نامەی بۆ پاشاکانی جیهان دەنارد بۆ بانگەوازکردنیان بە دەستەواژەی گەورە ناوی دەهێنان بۆ نمونە سەبارەت بە هێرقل دەیفەرموو (عظیم الروم)، هەروەها ڕێزێکی زۆری لە شاند و نوێنەرەکان دەگرت، هەروەک لەگەڵ مەسیحییەکانی نەجران کردیی و تەنانەت ڕێگەشیدا لە مزگەوتدا نوێژ بکەن، دیارە ئەوەش هەمووی لەپێناو ئەوەی لە بەزەیی و میهرەبانی ئیسلام بەهرەمەند ببن و لە ئاگری دۆزەخ بەدووربن.

ئاینێک خاوەنی ئەو بنەما جێگیرەبێت بەردەوام شوێنکەوتووەکانی هاندەدات بۆ پێکەوەژیان لەگەڵ ئەوانیتردا بەمەبەستی بەختەوەرکردنیان، هەروەک بە ئاشکرا و لە مێژووی دوورودرێژی ئیسلامدا ئەو دەرکەوتەیەی لێبوردنی ئیسلام بەکردار نەک بە دروشم جێبەجێکراوە و دەرەنجامی زۆرباشیشی لێکەوتووەتەوە.

**سەرچاوە و پەراوێزەکان**


١- بوخاری و مسلم گێڕاویانەتەوە بەژمارەکانی: ٣٠ و ١٦٦١.
٢- بوخاری و مسلم گێڕاویانەتەوە بەژمارەکانی: ٤٩٠٥ و ٢٥٨٤.
٣- گوستاف لوبون، حضارة العرب، ل١٠٤.
٤- بوخاری و مسلم گێڕاویانەتەوە بەژمارەکانی: ٧٣٧٦ و ٢٣١٩.
٥- بوخاری و مسلم گێڕاویانەتەوە بەژمارەکانی: ٦٠١٣ و ٢٣١٨.
٦- ابن حجر العسقلانی، فتح الباری، بە١٠، ل٤٤٠.
٧- بوخاری و مسلم گێڕاویانەتەوە بە ژمارەکانی: ٦٠٠٩ و ٢٢٤٤.
٨- مسلم گێڕاویەتییەوە بە ژمارە ٢٥٩٩.
٩- بوخاری و مسلم گێڕاویانەتەوە بەژمارەکانی: ٣٠٣٠ و ١٧٣٩.
١٠- النووی، شرح صحیح مسلم، بە١٢، لا٤٥.
١١- تیرمیزی و ئیبن ماجە بە سەنەدێکی دروست گێڕاویانەتەوە.
١٢- الجامع لأکام القرآن لقرطبي، بە٦، لا١٢، ١٣.
١٣- بوخاری گێڕاویەتییەوە بەژمارە: ٢٤٩٩.
١٤- بوخاری گێڕاویەتییەوە:٢٩١٦.
١٥- بوخاری و مسلم گێڕاویانەتەوە بە ژمارەکانی: ٢٦١٩ و ٢٠٨٦.
١٦- محمد عبدالرحمن المبارکفوري، تحفة الأحوذي بشرح جامع الترمذي، بە٥، ل١٦٦، ١٦٧.
١٧- الطريقي، التعامل مع غير المسلمين، أصول معاملتهم- واستعمالهم، دراسة فقهية، ل٣٢، ٣٣.
١٨- بوخاری و مسلم گێڕاویانەتەوە بەژمارەکانی: ٤٢١٠ و ٢٤٠٦.
١٩- بوخاری و مسلم گێڕاویانەتەوە بەژمارەکانی: ٣٢٣١ و ١٧٩٥.
٢٠- أبوبكر البيهقي، دلائل النبوة، ج٥، ص٣٨٢، و.عبد الباسط بن يوسف، تسامح الإسلام مع غير المسلمين، ص١٣٩، ١٤٠.

# دەروازەیەک بۆ پێکەوەژیان





**سەرتیپ عەزیز فارس**

لەدایکبووی سلێمانی – ١٩٨٣، ماستەر لە زانستی فەرموودەناسی، مامۆستا لە زانکۆی سلێمانی/کۆلێجی زانستە ئیسلامییەکان.

یەکێک لە ئاستەنگەکانی ئەمڕۆی جیهان و ناوچەکە بریتییە لە ململانێ و کێشمەکێشی ئایین و ئاینزاکان، لەناوچوونی لێبوردەیی و پێکەوەژیان لە زۆر ناوچە، ئەنجامی سروشتی ئەمەش تێکچوونی ژیانی بەشێک لەو کۆمەڵگایانەی لێکەوتۆتەوە، ئەو ئەمن و ئاسایشەی خوای گەورە وەک بەخششی خۆی داویێتییە مرۆڤەکان لەناوچووە.

ڕێگەی پێکەوە ژیان بۆ مرۆڤی سەردەمی نوێ ڕێگایەکی حەتمییە، بەتایبەتتر دوای پێکهاتنی دەوڵەتی نوێ و کێشرانی سنورەکان و دانپێدانانی جیهان، ئەو کۆمەڵگایانەی پێکهاتەیان هەمەچەشنەیە لە ڕووی ڕەگەزیی و ئاینییەوە، ڕێگایەکی تریان لەبەردەمدا نییە جگەلە پێکەوەژیانیان و یەکتر قبوڵکردن. ئەگەرنا کۆمەڵگەی پڕ ململانێ و جەنگ و پەرتکراو هەمیشە بە ناتەندروستی دەمێنێتەوە و هەمووانیش لە زیانەکانی ئازاریان بەردەکەوێت، بۆ ڕاستی ئەمەش هێندە بەسە چاوێک بە جەنگی تائیفی عێراقدا بخشێنینەوە، یان سەیرێکی نەیجیریا و میانمار بکەین. کە تێیدا ململانێی ئایین و ئاینزاکان بۆتە لافاوێک لە ناسۆر و نارەحەتی و تاوانکاری بۆ مرۆڤەکان.

خوای گەورە دیمەنی کۆمەڵگەی مسوڵمانمان پیشاندەدات کاتێک کە پارێزراوبێ لە مەترسی دەرەکی، دەفەرمێ : ((لولا دفع الله الناس بعضهم ببعض لهدمت صوامع و بيع و صلوات و مساجد يذكر فيها اسم الله كثيرا)) الحج: ٤٠، بەو پارێزراوییە تەنها مزگەوتەکان بێ زیان نابن، بەڵکو پەرستگای ئایینەکانی تریش پارێزراودەبن.

لە سۆنگەی تێڕوانین بۆ گرنگی پارێزراوی کۆمەڵگەی مسوڵمانان لە هەر دارمانێکی ناوەکی، کارکردن لەسەر پێکەوەژیان پێویستییەکی ئاینیی و کۆمەڵایەتییە. بۆ زیاتر ڕوونکردنەوەی بنەماکانی پێکەوەژیان گرنگە لە دوو ئاستدا لێی بدوێن، ئەوانیش:

**قۆناغی تیۆری:** ئەو سیاقە دینییانە دەگرێتەوە لە ئاستی دەق و ڕاڤەکانیان، کە بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەخۆ باسی پێکەوەژیان و هاوواتاکانی دەکات.

**قۆناغی پراکتیزەیی:** بریتییە لە دەرفەتی جێبەجێکردنی ئەو بنەما و تێگەشتنانەی قۆناغی یەکەم پێشکەشی دەکات لە واقعدا.

**ئاستی یەکەم/ قۆناغی تیۆری:**

لە ئاستی یەکەمدا لە ئیسلامدا بنەماکانی پێکەوەژیان و لێبوردەیی بوونی هەیە، بە چەندین دەقی ڕاشکاو لەوبارەوە دواوە و بنەماکانی خستۆتە بەرچاو، وەک:

یەکەم: داننان بە سرووشتی بوونی جیاوازی، خوای گەورە لەوبارەوە دەفەرموێت: **((ولو شاء ربك لجعل النّاس أمّةً واحدةً ولايزالون مختلفين* إلاّ من رحم ربُك و لذلك خلقهم و تمت كلمة ربِّك لأملأنَّ جهنّم من الجِنَّةِ و الناس أجمعين))** سورة هود: ١١٨-١١٩

ئیمامی تەبەری دوای هێنانی ئەو بۆچوونانەی دەربارەی ڕاڤەی ئەم ئایەتە هەیە، ئەوە دەڕاستێنێت کە ئەو جیاوازییە، جیاوازی خەڵکییە لەسەر ئایین و بۆچوونەکانیان، دەفەرموێت: «ولا يزال الناس مختلفين في أديانهم وأهوائهم على أديان وملل وأهواء شتى، إلا من رحم ربك، فآمن بالله وصدق رسله، فإنهم لا يختلفون في توحيد الله، وتصديق رسله، وما جاءهم من عند الله».(١) واتە: «هەردەم خەڵک لە ئایین و بۆچوونەکانیان جیاوازن، تەها ئەوانە نەبێ کە خوا ڕەحمی پێکردوون، باوەڕیان بەخواو پێغەمبەرەکەی هێناوە، ئەوانە لە یەکتاپەرستی و بەڕاستزانینی پێغەمبەرەکەیی و ئەوەی لە خواوە هێناویەتی بۆیان جیاواز نین».

لێرەدا ئیسلام گەورەترین بنەمای پێکەوەژیان بڕیاردەدات ئەویش سرووشتی بوونی جیاوازی خەڵکییە، لەهەمانکاتدا ڕێگای ڕاستیش بڕیاردەدات بۆ ئەهلی ئیمان کە لە فیترەتی مرۆڤەکاندا چەسپاوە. گرنگی ئەم بنەمایە لەوەدایە، ئەگەرچی ئیسلامیش

وەک هەر ئایین و باوەڕێک بانگەشە بۆ ڕێگای خۆی دەکات و بەڵگەی ڕاستێتی بۆ دەهێنێتەوە، بەڵام دان بە سروشتی بوونی جیاوازییەکە دەنێت، ئەمەش بۆ سەردەمی خۆی تەواو جیاوازبوو.

مەبەستیش لە سرووشتی بوون: واتە خودا ئەو قابیلیەتەی بە مرۆڤداوە هەڵبژاردەی خۆی بکات لە نێوان ڕێگای فیترەت و ڕێگاکانی تر، مرۆڤی ناچارنەرکردووە لەسەر هەڵبژاردنی ڕێگاکەی(٢) وەک ئەهلی جەبر باوەڕیان وابوو، لەمەشەوە جیاوازی دروست دەبێت و کاری ئایین و پاداشت و سزای دواڕۆژیش ڕوون دەبێتەوە.

لەسەر ئەم بنەمایەش ئیسلام دوو تێڕوانین دەخاتە بەردەستی باوەڕدارانی، بەوەی مرۆڤ یان هاوبەش و براتە لە ئاینتدا: ((إنما المؤمنين إخوة فأصلحوا بين أخويكم)) سورة الحجرات: ١٠، لێرەدا هەموو ئەرکە ئاینییەکانی بەرامبەر برای مسوڵمانی جێبەجێ دەکات. تێڕوانینی دووەمیش یان هاوبەشتە لە مرۆڤایەتیدا: خوای گەورە دەفەرموێت: ((ياأيّها الناسُ إنّا خلقناكم شعوباً و قبائل لتعارفوا إنَّ أكرمكم عند الله أتقاكم إنَّ الله عليمٌ خبيرٌ)) سورة الحجرات: ١٣ . لێرەدا ئەرکە مرۆڤییەکانیان بەرامبەر یەکتری جێبەجێ دەکەن، یەکێکیش لەو خاڵانەی ئایەتەکە ئاماژەی پێداوە «لتعارفوا» یەکترناسینە، کە ئەمەش بێ مامەڵەی مرۆڤی بەرامبەر یەک و بەریەککەوتنی ڕۆژانە و مەعریفی نایەتەدی.

**دووەم: دانتان و ڕێگەدان بە جیاوازی لە ئایندا:**

خوای گەورە بە دوو ئایەت جیاوازی لە ئایین و ئازادی پەیوەستبوونی شوێنکەوتوانی ئاینەکانی تر بە ئاینەکەیان بڕیار لێداوە، بۆ قبوڵکردنی جیاوازی ئاینیی دەفەرموێت: ((لكم دينكم ولي دين)) سورة الكافرون:٦. (ئاینی خۆتان بۆ خۆتان و ئاینی خۆشم بۆ خۆم)، هەروەها زۆرکردن لە ئایننددا ڕەتکاتەوە و دەفەرموێت:((لا إكراه في الدين)) سورة البقره: ٢٥٦.

بنەمای لێبوردەیی و پێکەوەژیان مانای توانەوە لە بەرامبەر و تەنازول ناگەیەنێت لە بیروباوەڕی لایەنەکان، بەڵکو بەواتای قبوڵکردنی یەکترییە بەوجیاوازییانەی هەیانە، ئەگەرنا بە توانەوە لەیەکتردا شوێنێکی نامێنێت پێی بوترێ پێکەوەژیان و لێبوردەیی، بەڵکو دەبێتە یەکبوون نەک پێکەوەبوون، خوای گەورە دەفەرمێت: (و لو شاء ربُّك لآمن من في الأرض كلهم جميعا أفأنت تكره الناس حتى يكونوا مؤمنين) سورة يونس: ٩٩، واتە: (ئەگەر پەروەردگارت بیویستایە ئەوە هەموو ئەوانەی لەسەر زەوین بڕوایان دەهێنا، ئایا تۆ خەڵکی ناچار دەکەیت و سوری لەسەر ئەوەی هەموو ببن بەباوەڕدار).

هەمان مانا لە وشەی یەکتر ناسین ((لتعارفوا)) لە ئایەتەکەی سورەتی (الحجرات)دا دەبینینەوە، چونکە تعارف بەمانای ناسینی یەکتر و مامەڵەکردنە لە سنوری پێناسە جیاوازەکاندا نەک توانەوە لەیەکتر یان ناچارکردن.

**سێیەم: هاندان بۆ چاکەکاری لەگەڵ ئایینەکانی تر:**

بەگەڕانەوە بۆ ئەو دەقانەی پەیوەندی لەگەڵ شوێنکەوتووانی ئایینەکانی تردا ڕێکدەخات، دەبینین ڕێگری نەکراوە لە چاکەکاری لەگەڵیان، چاکەکانیشیان پشتگوێ نەخراوە، بەڵکو بنەمای دژایەتیی و جەنگ نەکردن دەکاتە بنەمای پۆلێنکاری، نەک خودی جیاوازییەکە، لە باسی مەسیحییەکاندا خوای گەورە دەفەرموێت: ((ولتجدنَّ أقربهم مودة للذين آمنوا الذين قالوا إنا نصارى ذلك بأن منهم قسيسين ورهبانا وأنهم لا يستكبرون)) سورة المائدة: ٨٢. هەروەها لە ئایەتێکی تردا جیاوازی دەکات لە نێوان ئەوانەی دژایەتی مسوڵمانانیان نەکردووە و لەماڵ و حاڵی خۆیان وەدەریان نەهێناون، ڕێگە بە چاکەکاری دەدات لەگەڵیان، دەفەرموێت: ((لا ينهاكم الله عن الذين لم يقاتلوكم في الدين ولم يخرجوكم من دياركم أن تبروهم و تُقسطوا إليهم إنَّ الله يحب المقسطين ( ٨ ) إنّما

**ینهاكم الله عن الذين قاتلوكم في الدِّين و أخرجُكُم من دياركم و ظاهروا على إخراجكُم أنْ تولُوهم و من يتولَّهم فأولئك هم الظالمون))** سورة الممتحنة: ٨-٩.

ئەو ئاینانەشی کە کتابیی نین، پێچەوانەی ئەوەی باوە لە باسکردندا ڕێگای مامەڵەکردن لەگەڵیان تەنها جەنگان نەبووە دژیان، بەڵکو ئەمە تەنها بۆچونێک بووە لە بۆچوونی فوقەها(٣)، ئاشکراشە ئەم فتوایانەش سیاقی مێژوویی خۆی هەیە، ئەوەتا کاتێک مسوڵمانان لە سەردەمی خەلیفە عومەردا بە مەجوسەکان دەگەن، عومەر ڕاوێژ بە هاوەڵان دەکات دەربارەی چۆنێتی مامەڵەکردن لەگەڵیان، لەوەڵامدا عەبدەلرەحمان فەرموودەیەک دەگێڕێتەوە کە پێغەمبەر (د.خ) فەرموویەتی:» سنوا بهم سنة أهل الكتاب»(٤) واتە» مامەڵەی ئەهلی کتابیان لەگەڵ بکەن»، لەگەڵ لاوازی لە سەنەدی ئەم فەرموودەیە، بەڵام بەڕێگای تر هەمان واتا بە سەحیحی گێڕدراوەتەوە و چەسپاوە(٥). واقیعیش شاهیدی ئەم ڕاستییەیە کە دوای فراوانبوونی چوارچێوەی خیلافەت خەڵکی ئاینەکانی تریش ئەگەر بە ژمارەیەکی کەمیش بووبێ تێیدا ماونەتەوە نەک قڕکرابێتن، ئەگەریش لێرە و لەوێ بە دەستوردانی ئەم حاکم و ئەو کاربەدەست هێرشیان کرابێتەسەر(٦)، بەڵام ئەوە ئاراستەیە کۆڕای لەسەر نەبووە، بیر و شوێنکەوتووانی هەندێک لەو ئاینانەش کاریگەرییان لەسەر هەندێک لە گرووپە کەلامییە ئیسلامییەکان هەبووە، لە کۆمەڵگەی موسڵمانی ئەوکاتدا.

### هەڵوەستەیەک دەربارەی لێبوردەیی و دادگەری:

لێبوردەیی پایەیەکە لە پایەکانی پێکەوەژیان و هەمیشە پێکەوە باس دەکرێن، بەڵام بەلای شێخ محەمەد ڕەمەزان بوتییەوە، وشەیەکی پڕبەرگی مامەڵەی ئیسلام نییە لەگەڵ ئایینەکانی تردا، ئەو بۆچوونی وایە وشەی لێبوردەیی، کاتێک بەوردی لێکبدرێتەوە بەمانای: (لێخۆشبوون لە ماف دێت لە ڕێگەی فەزڵکردن و لێبوردنەوە) ( التجاوز عن الحق على سبيل التفضل و المسامحة)، ئەمەش شتێکە تەنها لەو ئەحکامانەدا هەیە کە حەقی خوای تێدایە، کاتێک خوا بە منەتی خۆیی و چاکەکاری خۆی بەبەندەکانی دەبەخشێت، وەک ئەوەی خوا لە بەرامبەر کەمتەرخەمی بەندەکانی هەمیشە لێیان خۆشدەبێت، هەر لەبەرئەمەشە فەقیهەکان ووتویانە: «حەقەکانی خوا لەسەر لێخۆشبوون بنیاتنراوە». بەڵام ئەو حوکمانەی پەیوەندی نێوان بەندەکان ڕێکدەخەن، مانایەکی تێدانییە بۆ لێبوردن، چونکە لەسەر بنەمای ماف و دادگەری دامەزراوە، هەرکات لێبوردنمان بۆ بەکارهێنا، بەواتای لاربوونی تەرازووی دادگەری دێت، هەرکات بۆ لایەنێک لێبوردن (لێخۆشبوون) بەکارهات بێگومان نادادگەریی و ستەم هەیە لەلایەکی ترەوە. هەربۆیە بنەمای مامەڵەی ئیسلام لەگەڵ ئاینەکانی تر لەسەر بنەمای گرەنتی دادگەرییە لە نێوان مسوڵمانان و ئاینەکانی ترا لەژێر سایەی کۆمەڵگایەکی ئیسلامیدا. (٧)

ئەم بۆچوونەی شێخی بوتی لەفتەیەکی وردی زمانەوانییە، بەڵام لە مانا گشتییەکەیدا پێچەوانە نیە لەگەڵ چەمکی لێبوردەیی کە پێناسە کراوە بە :»مەوقیفێکی فکریی و کردارییە، بنەماکەی قبوڵکردنی ئەو مەوقیفە فکریی و کرداریيانەیە کە لە بەرامبەرەوە دەردەچێت، ئەگەر لێکچووبێ یان پێچەوانەبێ بە مەوقیفەکانی ئێمە»(٨)، بەواتایەکی کورتتر «لێبوردەیی ڕێزگرتنە لە کردار و بۆچوونی بەرامبەر»(٩).

ئاستی دووەم: پراکتیزەی بنەماکان لە واقعدا:

ئەم باسە جیاکراوەنییە لەلایەنە تیۆرییەکە؛ چونکە پابەندبوون بەو دەقانەوە بۆ مسوڵمانێکی پابەند بەشێکە لە ئەرکە ئاینییەکانی، نەک نەریتێکی ئاسایی تێپەڕبێ. بەدرێژایی دەسەڵاتی خیلافەش لەگەڵ هەڵدرێر و نشێوەکانی مێژووی مسوڵمانان پابەندبوون بەم بنەمایانەوە هەبووە،

پێکهاتە ئاینییەکان لەنێو کۆمەڵگەی مسوڵماندا پێکەوەژیاون، بەدرێژایی ئەو مێژووە مسوڵمان و جوو و کریستیانەکان وەک شوێنکەوتەی سێ ئاینی گەورە، بەژیانێکی بەرهەمدارانە و بونیاتنەرانە پێکەوەژیاون، هەریەکەیان لەویتر فێربووە و سودی بینیوە(١٠)، لەبەرئەمەشە دەبێت بڵێین: شارستانێتی ئیسلامی ژیارێکە بەرهەمی هەموو دانیشتوانەکەیەتی بە شوێنکەوتووانی ئایینەکانی تریشەوە، کاریگەری ئەم ئەزموونکردنەیە کاتێک ئەندەلوس(ئیسپانیا و پرتوگال) دەکەوێتەوە ژێردەستی دادگاکانی پشکنینەوە(محاکم التفتیش) جووەکانی ئەوێ بۆ پاراستنی گیانی خۆیان بەشێکیان بۆ باکووری ئەفریقا و بەشێکی تریان بۆ بەڵقان لەژێر دەستی ئیمپراتۆریەتی عوسمانیی کۆچ دەکەن، چونکە ئەوان بە پێکەوەژیانیان لەگەڵ مسوڵمانان لە کۆمەڵگەی ئەندەلوسدا ڕاهاتبوون، لەکاتێکدا تەنها لە دوانزە ساڵی یەکەمی دادگاکانی پشکنین (١٣٠٠٠) جوو کوژران، کە ئەمەش گەورەترین کارەسات بوو تووشیان بێت لە دوای کەوتنی هەیکەلەوە لە ئۆرشەلیم لە ساڵی (٧٠پ.ز) ەوە(١١). لەمبارەوە توێژەری بواری ئایینەکان کارین ئارمسترونگ دەڵێت: « جووەکانی جیهانی ئیسلامی بەستراوە نەبوون، وەک ئەوەی حاڵی جووەکان بوو لە ئەوروپا، بە کەمینەیەکی ئەهلی زیممە دادەنران وەک مەسیحییەکان (کەمینەیەکی پارێزراو)، ئەمەش پارێزگاری مەدەنیی و سەربازی پێدابوون مادەم ڕێزیان لە یاسا و سیادەی دەوڵەتی ئیسلامی بگرتایە، چەوساوەنەبوون، چونکە کلتووری دژایەتی سامی بوونی نەبوو) (١٢).

لەگەڵ ئەم دیوە ڕووناکەی مێژوودا پێویستە دانبەوەشدابنێین کە ئەم پێکەوەژیانە هەمووکات پارێزراو نەبووە، بەڵکو لێرە و لەوێ بە هۆکارگەلی جیاواز پێشێلکراوە، ئەگەرچی ئەم دیوەیان لایەنە زاڵەکە نییە، ئەویش بەهۆی ئەو هەڕەشانەی کە لە دەقەکاندا هەیە بۆ پێشێلکاری مافی ئەهلی زیممە.

ئەگەر بەوردتر توێژینەوە بکرێت دەردەکەوێت بەشێکی زۆری ئەو پێکدادانە هۆکارەکەی ئاینیی نەبووە ئەگەرچی ئاینیشی تێدا بەکارهێنرابێت.

پێکەوە ژیانی ئاینەکان لە کۆنەوە تائێستا بە کۆمەڵێ هۆکار کاریگەر بووە و دەبێت، لەوانە:

- سرووشتی ئاینەکان و جیاوازی قبوڵکردنیان: بەو واتایەی سرووشتی ئەو ئاینانەی پێکەوەن تا چەند ئامادەگی ئەو پێکەوەژیان و جیاوازی قبوڵکردنەیان هەیە.
- ئامادەیی کۆمەڵگە بۆ پێکەوەژیان: کۆمەڵگە بە زۆر هۆکار کاریگەر دەبێت و کلتوورێکی تێدا دروست دەبێت کە بتوانێت پێکەوەژیان قبوڵبکات یان ڕەتیبکاتەوە، لە ڕوانین بۆ زۆر وڵات جیاوازی ئامادەیی کۆمەڵگامان لەوبارەوە بۆ دەردەکەوێت، بۆ وێنە لە جەنگی تائیفی عێراقدا کە ئاماژەمان پێدا، ئەو جەنگە کوردستانی نەگرتەوە و هیچ کاریگەرییەکی لەسەری نەبوو، مەبەستیش لە کوردستان ئەو ناوچانەشە کە لە دەرەوەی هەرێمن و جیاوازی ئاینزاییان تێدا بەهێزە. یان کاتێک کریستیانەکان لەلایەن چەندان گرووپی ناسراو و نەناسراوەوە تووشی تۆقاندن و تیرۆر دەهاتن، لەناو کوردستان ژیانیان پارێزراو بوو.

لێرەدا ئاماژە بە گرنگترین ئەو هۆکارانە دەدەین کە کاریگەری ئیجابی یان سلبی دەبێت لەسەر پێکەوەژیان :

**یەکەم/ سیاسەت:** نکۆڵی ناکرێت بەشێکی زۆری کێشەکانی جیهان لە بنەمادا سیاسی و ئابووریین، هەندێک جار ڕاستەوخۆ و هەندێکجار لەژێر بەرگی تردا دەردەکەون، لە ناوچەیەکی گەرمی سیاسی وەک ڕۆژهەڵاتی ناوین، ناکرێت لە پرسێکی وەهادا ڕۆڵی سیاسەت لەبەرچاو نەگرین. لە کۆنەوە تائێستا بەشێکی بەرچاوی ململانێکان بەرگی ئاینییان پۆشیوە، بەڵام لە حەقیقەتیاندا ئاینی نەبوون، تیرۆر کە باسێکی دیاری سەردەمە هێندەی بەرهەمی بارودۆخێکی تایبەتە و هەوڵیداوە بە بەرگی ئایین

## شارستانێتی ئیسلامی ژیارێکە بەرهەمی هەموو دانیشتوانەکەیەتی بە شوێنکەوتووانی ئایینەکانی تریشەوە.

شەرعیەت بەخۆی بدات، هێندە بەرهەمی دەق و کتێبەکان نییە با خۆشی بداتە پاڵی. هەستی ئاینیش لە بەهێزترین هەستەکانە کاتێک لایەنێک بیەوێت خەڵک لە دەوری کێشە و جەنگەکانی خۆی پێ کۆبکاتەوە. بۆ نمونە کاتێک سەرۆکی کۆچکردووی لیبیا موعەمەر ئەلقەزافی لە کێشەدا بوو لەگەڵ وڵاتی سویسرا بەهۆی ئەوەی ئەو وڵاتە کورێکیان لە( تەموزی ٢٠٠٨ ) دەستگیرکردبوو بە تۆمەتی ئازاردانی خزمەتکارەکانی، هەروەها ١٨٨ بەرپرسی لیبی بە خودی قەزافیشەوە لە لیستی ڕەشدا دانابوو بۆ ڕێگریکردنیان لە چوونە ناوچەی شەنگنەوە، قەزافی لە ڕۆژی یادی مەولوددا، داوای جیهادی کرد دژی سویسرا و ناوی نا بە «دەوڵەتی کافری فاجر کەماڵەکانی خوا دەڕوخێنێ و، هەرکەس مامەڵەی لەگەڵ بکات و شتی بکرێت کافره»(١٣).

یان کاتێک سەدام لە جەنگ بوو لەگەڵ ئێران موشەکەکانی ناو دەنا بە موشەکی حسێن...هتد. لە مێژووشدا نموونە گەلێکی زۆر هەن لەو جەنگانەی پاڵنەری سیاسییان هەبووە بەناوی ئایینەوە. لەوانەش جەنگەکانی خاچدروشمان دژ بە جیهانی ئیسلامیی ئەوکات(١٤). نموونەی توندوتیژی ئاینی ناو یەک وڵاتیش وەک میانمار، کە جەنگێکی بێ ڕەحمانە دژی کەمینەی ڕۆهینگەی مسوڵمان بەرپاکراوە لەلایەن بوداییەکانەوە، لەکاتێکدا ئەگەر ئێمە بگەڕێینەوە بۆ بنەما بوداییەکانی هیچ پاڵپشتییەکی ئەم توندوتیژیی و تاوانانە نادۆزینەوە، بەڵام ڕووی ڕاستی کێشەکە ئەوەیە ئەمە جەنگێکی نەژادیی سیاسییە دژی بە نەژادێکی تر ئەنجام دەدرێت، بەڵام ناوی ئایینی تێدا بەکاردێت.

**دووەم/ ڕاگەیاندن:** ڕاگەیاندن کاریگەرییەکی گەورەی هەیە لەسەر زۆر گۆشەی جیاوازی کۆمەڵگە و یەکێکە لە فاکتەرە بەهێزەکانی چەسپاندنی پێکەوەژیان یان لەناوبردنی، واتە دەکرێت ئیجابی یان سلبی بێت، چونکە ڕاگەیاندن بەوپێیەی سەرچاوەیەکی ئاسانە بۆ زۆرینەی خەڵک لە چینی ئاسایی. زۆرترین زانیاری بەو جۆرەی سەرپەرشتیارانی دەیانەوێت دەخاتە بەردەست بینەر یان گوێگر، بێ ئەوەی تاک بەخۆی بزانێت ڕاگەیاندن ڕۆشنبیری تاک و کۆمەڵگە بنیات دەنێت.(١٥)

لە ترسناکترین کایەکانیش کە ڕاگەیاندن دەستی بۆ بەرێت پێکەوەژیانی ئاینیی یان ڕۆشنبیرییە؛ لەبەرئەوەی پەیوەندی ڕاستەوخۆی بە بیروباوەڕ و پیرۆزییەکانی خەڵکەوە هەیە، هەر دەستبردنێکی ڕقاوی یان نابەرپرسانە، پەرچەکرداری توند و ڕقاوی دەهێنێتە بەرهەم، کە ڕەنگە ئەنجامی نەخوازراوی لێبکەوێتەوە و ببێتە هۆکاری هەڵگیرسانی فیتنە و لەناوچوونی ئاسایشی کۆمەڵایەتیی و گیان گەلێکی بێتاوانی تێدا تیابچێت.

بەرپرسیارێتی ڕاگەیاندن لەوە زیاترە لە سنوری ئامادەکردنی سەرباسێک بۆ بەرنامەیەک

# تیرۆر هێندەی بەرهەمی بارودۆخێکی تایبەتە و هەوڵیداوە بە بەرگی ئایین شەرعیەت بەخۆی بدات، هێندە بەرهەمی دەق و کتێبەکان نییە

و کۆمەڵێ پرسیار و وەڵام سەیر بکرێت. بەتایبەتیش لە ئەمڕۆدا کە تۆڕەکۆمەڵایەتییەکان دەبنە دوکەڵی ئەو ئاگرەی ڕاگەیاندن دەیکاتەوە. بەتایبەتریش هەر خودی ئەو دەزگا ڕاگەیاندنانە خاوەنی پەیجی فەرمین لە تۆڕەکۆمەڵایەتییەکان و لەوێشدا جارێکی تر بەرنامەکانیان یان گرتەی هەڵبژێردراو سپۆنسەردەکەن و بڵاودەکەنەوە. جگە لەو هەواڵانەی لە پێگەکانیان هەیە و کاتێک لە پەیجەکان دادەنرێن بە تایتڵێکەوە بەشێکی بەکارهێنەرانی تۆڕە کۆمەلایەتیەکان بێ کردنەوەی بەستەرەکە ڕای خۆیان دەنووسن. ئەگەر نموونەیەک بهێنینەوە لە سەری ساڵی ئەمساڵدا کاتێک موفتی سوننەکان لە وتاری هەینیدا وتبووی بەشداریکردن لە جەژنی کریستیانەکان دروست نییە، لە بەغداد و ناوچەکانی تر دەنگۆیەکی گەورەی ئایینی دروستکردبوو بەتایبەت کە هەندێک لە حیزبە کریستیانەکان هەڕەشەی بەدادگادانیان دەرکرد، لە هەرێمی کوردستان کەناڵێکی ئاسمانی کوردی (١٦)هەستابوو بە چاوپێکەوتن لەگەڵ هەندێک لە کریستیانەکانی ئێرە و بۆچونیانی وەردەگرت لەسەر قسەکانی موفتیی و پاشان ئەو لێدوانانەی لە پەیجی فەرمی خۆیدا بڵاوکردبۆوە، ئەو کۆمێنتانەی لەلایەن دووبەرەی ئایینی کریستیان و مسوڵمان نوسرابوون بەشێکی بەرچاویان بەنەفەسی دژیەکی ئایینی بوون، هۆکاری ئەمەش ڕاگەیاندنەکە بوو بەهێنانی کێشەیەک لە دەرەوەی جوگرافیاکەی.

بۆیە کاری ڕاگەیاندن لەم بوارەدا گەورەیە و پێویستە ڕەچاوی کۆمەڵێک خاڵ بکات:

- دوورکەوتنەوە لە وروژاندنی فیتنە لە نێوان ئایین و ئاینزاکان، بڵاونەکردنەوەی ئەو هەواڵانەی ناشرینکردنی لایەنێکی تێدایە جا هەرکەس بێت.
- مامەڵەکردنی یەکسان لەگەڵ هەموو لایەنەکان بەبێ جیاوازی و ڕێزەوە. هەتا هیچ لایەک هەست بەوە نەکات پەراوێز خراوە یان بە ئامانج گیراوە.
- بڵاوکردنەوەی حاڵەتە ئیجابییەکان هەتا ڕۆحی پێکەوەژیان بەهێز بکات.
- ڕێگریکردن بە یاسا لە هەر سوکایەتیکردنێکی ئاشکرا یان شاراوە بە ڕەمز و باوەڕە ئایینییەکان(١٧).

**پێکەوە ژیان لە کوردستان:**

پێکەوەژیان لە کوردستان بەشێکە لە بەرهەمی دوولایەنە، یەکەمیان بنەما ئاینییەکانی ئیسلام بۆ قبوڵکردنی ژیان لەگەڵ ئاینەکانی تر بەوشێوەی لە سەرەوە ئاماژەمان پێدا، دووەمیشیان تێگەیشتنە بۆ ئەو دەقانە، تێگەشتنی هەر کۆمەڵگەیەک بەپێی واقیعی خۆی بۆ دەقەکان و پراکتیزەکردنیان کەم تا زۆر جیاوازی هەیە، تێگەیشتنی کوردییانەش بۆ چەمکەکانی پێکەوەژیان تارادەیەکی زۆر

هاوتەریب هاتۆتەوە لەگەڵ بنەما ئاینییەکان، بەوەی کۆمەڵگەی کوردی توانیوێتی جیاوازییە ئاینییەکان بەو هێندە ئاینەی لە ناوچەکەی هەیە قبوڵبکات و پێکدادانی ئاینیی لە کۆمەڵگەدا نەبێت، ئاسایی لە مێژوویەکی کۆنەوە کریستیانەکان و مسوڵمانەکان پێکەوەژیاون، بەشێوەی تێکەڵ وەک ئەوەی لە سلێمانی هەیە، یان بەشێوەی بوونی ناوچەیەک بۆ کریستیان ئایینەکان وەک لە عەینکاوەی هەولێر هەیە. ڕەسەنایەتی ئەم ئایینانە لە ناوچەکە و توانەوەیان لە کلتووری خۆماڵیدا وایکردووە بتوانین ئەو بڕیارە بدەین پێکەوەژیانی ئاینیی لە کوردستان بەرهەمی ویست و تێگەشتنی کۆمەڵگەی کوردی خۆیەتی بۆ دەقەکان، بێ هیچ کارتێکردنێکی سیاسی یان ڕاگەیاندن.

کاتێک بە مێژوودا دەچینەوە دەبینین کڵێسا و پەرستگاکان هەروەک مزگەوتەکان پارێزراون، کۆڵانی مسوڵماننشین کڵێسای تێدایە و پارێزراوە، یان کریستیان دراوسێی مزگەوتە و بێتاقەت نیە بە بڵندگۆکەی، لە کۆنیشدا کە جووەکان لێرە هەبوون کۆڵانیان بەناوە بووە و تێکەڵی کۆمەڵگەبوون و پێکدادانی ئاینی بوونی نەبووە، هەمان واقعیش لەگەڵ یارسان و ئێزدییەکان. پەرستگای هەمووان پارێزراوە، کارێکی تێکدەرانە دژ بەپەرستگای هیچ لایەنیک ڕوونەیداوە، ڕستەیەکی ناشایستە و فاشییانە لەسەر دیواری پەرستگای هیچ کامیان نەنووسراوە. گۆڕستانی هیچ یەکێکان تووشی سوکایەتی نەهاتووە، لەکاتێکدا لەم نموونانە لە وڵاتانی تر بە هەندێک وڵاتی ئەوروپیشەوە دەبینرێت. هەموو ئەمانە دڵخۆشکەرن و سەلمێنەری ڕەسانەیەتی ئەم پێکەوەژیانەیە لەناو هەناوی کۆمەڵگەی کوردیدا.

بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ناتوانین بڵێن کە ئەم پێکەوەژیانە کۆنکرێتییە و بەدوورە لە هەر نشێوییەک تووشی بێت، بەتایبەتیش کارتێکەری ڕاگەیاندن لە ئێستادا ترسناکترین کارتێکەرەکانە، ئاڕاستەکەی هەندێکیان بەشێوەیەکە خزمەتی پێکەوەژیان ناکات، بەڵکو هێندە ئیستفزازییە هێندە ئاشتی ئامێز و پێکەوەژیان ئامێز نییە. بۆیە گرنگە بۆ پاراستنی ئەم پێکەوەژیانە کاری ڕقاویی و ئیستفزازیانەی هەندێک میدیا و کارتێکەری سیاسیی و ئایدۆلۆژی لە ئایینەکان دووربخرێتەوە. لەبری ئەمە کاری ناوەندە ئەکادیمییەکانە بە سپۆنسەری میدیاییەوە گرنگی زیاتر بە وتاری گفتوگۆئامێز و لە یەکترتێگەیشتنی زیاتر بدات. هەتا بەدحاڵی بوونەکان برەوێنرێتەوە و هەڵەی تاک و کرداری گرووپی کەمینە لە هەر ئاینێک نەگشتێنرێت، بەوەش هەڵەکان لە چوارچێوەی خۆیاندا قەتیس دەدرێن و پێکەوەژیان بە داننان بە جیاوازییەکانی یەکتردا دەپارێزرێت.

## سەرچاوە و پەراوێزەکان

(١)الطبري، محمد بن جرير: جامع البيان في تأويل القرآن. تحقيق: أحمد محمد شاكر، ط١، ٢٠٠٠، مؤسسة الرسالة، بيروت، ٥٣٤/١٥.

(٢) بڕوانە: ابن علشور، محمد الطاهر: التحرير و التنوير: لا.ط،١٩٨٤ ، الدار التونسية للنشر، تونس، ١٨٧/١٢..

(٣)بڕوانە: القرطبي، يوسف بن عبدالله: الاستذكار. تحقيق: سالم محمد عطا، محمد علي معوض، دار الكتب العلمية، بيروت، ط١، ٢٠٠، ٢٤٢/٣. النووي، محيي الدين يحيى بن شرف: المنهاج شرح صحيح مسلم بن الحجاج. دار إحياء التراث العربي، بيروت، ط٢، ١٣٩٢هـ ٣٠/١٢. الصنعاني، محمد بن اسماعيل: سبل السلام. مكتبة مصطفى البابي الحلبي،ط٤، ١٩٦٠، ٤٧/٤.

(٤)رواه مالک بن أنس الموطأ، تحقيق: محمد مصطفى الأعظمي. مؤسسة زايد بن سلطان آل نهيان، أبو ظبي، ط١، ٢٠٠٤، رقم (٩٦٨)، ٣٩٥/٢.

(٥)عن بجالة بن عبدة قال كنت كاتبا لجزء بن معاوية على مناذر فجاءنا كتاب عمر انظر مجوس من قبلک فخذ منهم الجزية فإن عبد الرحمن بن عوف أخبرني أن رسول الله صلى الله عليه وسلم أخذ الجزية من مجوس هجر + قال أبو عيسى هذا حديث حسن، ١٥٨٦.

(٦) بڕوانە: ابن النديم، أبو الفرج محمد بن إسحاق: الفهرست. تحقيق: إبراهيم رمضان، دار المعرفة بيروت، لبنان، ط٢، ١٩٩٧، ص ٤١٠.

(٧)بڕوانە: البوطي، محمد سعيد رمضان: الجهاد في الإسلام، ط١، دار الفكر، دمشق، ١٩٩٧، ص١٤٢-١٤٣.

(٨)الجابري، د.محمد عابد: قضايا في الفكر المعاصر: مركز الدراسات الوحدة الحرية، ط١، بيروت، ١٩٩٧م، ص ٢٠.

(٩)هەمان سەرچاوە.

(١٠) بڕوانە: کارابا، زاکري: أهل الكتاب التاريخ المنسي لعلاقة الإسلام بالغرب، ترجمة: د.أحمد إيبش، دار الكتاب العربي، بيروت، طلا.ط، ٢٠١٠، ص ١٤.

(١١) بڕوانە: آر مسترونغ، کارين: النزعات الأصولية في اليهودية و المسيحية و الإسلام، ترجمة: محمد الجورا، ط١، دار الكلمة، دمشق، ٢٠٠٥، ص٢٢.

(١٢) هەمان سەرچاوە، ل٤٠.

(١٣) بڕوانە: موقع الجزيرة، القذافي يدعو للجهاد ضد سويسرا، https://www.aljazeera.net/news/arabic/٢٥/٢/٢٠١٠/،

(١٤) بڕوانە: منصور، أحمد صبحی: الأطماع الاقتصادية فى الحروب الصليبية. مقالة على موقع الحوار المتمدن، ٢٠٠٨/١/٨. .. www.m.ahewar.org

(١٥) بڕوانە: النايف، حبيب: ملف النور للتعايش / دور الإعلام في التعايش،٢٠٠٩/٠٥/١١، مقالات، http://www.alnoor.se/article.asp?id=47306

(١٦) بە گرنگم نەزانی ناوەکان بهێنم، چونکە مەبەست لێرەدا کارکردنە نەک ناونیشانەکان.

(١٧) بڕوانە: هەمان سەرچاوە.


کاریگەری ئاینی ئیسلام لەسەر
پێکەوەژیانی ئاشتییانە
د.حسەین محەمەد صاڵح
لەدایکبووی ١٩٦٦ سلێمانی، پسپۆڕی مێژووی ئیسلام،
ماستەر لە بەڵگەنامە و دەستنوسە مێژووییەکان، دکتۆرا لە
سیستمەکانی ئیسلام، مامۆستا لە زانکۆی هەڵەبجە

پێکەوە ژیانی ئاشتیانە واتە: قبوڵکردنی کەسانی بەرامبەر، کە جیاوازی ئاینیی و بیروڕا و ڕەگەزیان لەگەڵتدا هەیە.

ئاینی پیرۆزی ئیسلام هەر لەوکاتەوەی کە لە ڕێی پێغەمبەرەوە(د.خ) هاتووە بۆ مرۆڤایەتی هانی مرۆڤەکانی داوە بۆئەوەی بە ئاشتییانە بەیەکەوە بژین و یەکتری قبوڵ بکەن، هەر لەناوەکەیەوە کە ئیسلامە مانای ژیان بە ئاشتیانە دەگەیەنێت و دور لە شەڕ و شۆڕ و ئاشوب و بشێوی. لەوچوارچێوەیەدا ئیسلام بنچینەیەکی داناوە بۆ پێکەوە ژیانی ئاشتییانە بۆ مرۆڤەکان ئەگەر پەیرەو بکرێت هەمیشە وەک برا پێکەوە دەژین خوای گەورە دەفەرموێت (ياأيها الناس انا خلقناكم من ذكر وأنثى وجعلناكم شعوبا وقبائل لتعارفوا ان أكرمكم عند الله أتقاكم.....)١ واتە: ئەی خەڵکینە ئێمە هەمووتانمان لە نێر و مێیەک دروستکردووە و کردومانن بە چەندین گەل و تیرە و هۆزی جۆر بەجۆر تا یەکتر بناسن و پەیوەندیتان لەگەڵ یەکتردا خۆشبێت و بشزانن، کە بەڕێزترینتان لەلای خوای گەورە (لە دواڕۆژدا) ئەوانەتانن کە زۆرترین خۆپارێزی دەکەن لە خوای گەورە.

بەپێی ئەم ئایەتە بنچینەی هەموو مرۆڤەکان باوک و دایکێکن کە (ئادەم و حەوا)یە، کەواتە هەموویان لە ڕەچەڵەکدا یەکن و بۆ یەک سەرچاوە دەگەڕێنەوە بۆیە دەبێت جیاوازی یەکتری قبوڵ بکەن، هەروەک چۆن جیاوازی لەنێو خێزانەکاندا قبوڵ دەکرێت و چاوپۆشی لە یەکتری دەکەن.

لە ئاینی ئیسلامدا کەس بە زۆر ناکرێت بە موسوڵمان، بەڵکو ڕێزی هەموو ئاینەکان گیراوە و پارێزگاریشیان لێکراوە، بەڵکو پێغەمبەر (د.خ) وتووێژیشی لەگەڵکردوون و پەیمانیشی لەگەڵ بەستون، داوای پارێزگاری پەیماننامەکانیشی کردووە، دەبینین لە شاری مەککە پێغەمبەر (د.خ) بەردەوام وتوویژ لەگەڵ کافرەکانی قورەیشدا دەکات و بە جوانترین شێوە لەگەڵیان دەدوێت هەتا ئەگاتە ئەوەی کە خوای گەورە دەفەرموێت (......... لكم دينكم ولي دين)٢ واتە: دینی خۆتان بۆ خۆتان و دینی خۆم بۆ خۆم.

ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە هەر کەس هەر ئاینێکی هەیە ئازادە پەیڕەوی بکات، هەروەها لە چەند ئایەتێکی تردا ئەو ڕاستییە دوپاتکراوەتەوە کە دەبێت هەرکەسێک ئازادبێت لە پەیڕەوکردنی ئاینەکەیی و هەرکەسەش خۆی بەرپرسیارە بەرامبەر هەر کارێک کە ئەنجامی دەدات، وەک خوای گەورە دەفەرموێت(وإن كذبوك فقل لي عملي ولكم عملكم أنتم بريئون مما أعمل وأنا بريء مما تعملون)٣ واتە: ئەگەر بڕوایان پێنەکردیت و بەرنامەکەتیان بەدرۆ زانی، ئەوا تۆش پێیان بڵێ کار و کردەوەی خۆم هەر بۆ خۆمە و کاروکردەوەی خۆشتان هەر بۆ خۆتانە ئێوە بەرین و لێپرسراو نین لە هەرچییەک من دەیکەم و منیش بەریی و لێپرسراو نیم لە هەرچییەک کە ئێوە دەیکەن.

لە ئایەتێکی تردا خوای گەورە دەفەرموێت (قل لا تسألون عما أجرمنا ولا نسأل عما تعملون)٤ واتە: پێیان بڵێ ئێوە پرسیارتان لێناکرێت دەربارەی گوناه و تاوانێک کە ئێمە ئەنجامانداوە و ئێمەش پرسیارمان لێناکرێت دەربارەی ئەو کار و کردەوانەی کە ئێوە ئەنجامی دەدەن.(لە دیدی ئەوانەوە ئەدوێ بە کردەوەی موسوڵمانان دەڵێت تاوان بە هەڵسوکەوتی ئەوانیش دەڵێ کار و کردەوە)

لە ئایەتێکی تردا خوای گەورە ڕێگە دەدات چاکە بکەین لەگەڵ ئەو کافرانەی کە شەڕەنگێزی ناکەن لەگەڵ موسوڵمانان، کە دەفەرموێت ( لا ينهاكم الله عن الذين لم يقاتلوكم في الدين ولم يخرجوكم من دياركم أن تبروهم وتقسطوا اليهم إن الله يحب المقسطين)٥ واتە: دڵنیابن خوای گەورە قەدەغەی ئەوەتان لێناکات کە چاک ڕەفتاریی و دادپەروەری بکەن لەگەڵ ئەو کەسانەدا کە جەنگیان لەگەڵ نەکردوون و دژایەتی ئاینییان نەکردوون و لە

خاک و زێدی خۆتان دەریان نەکردوون، بەڕاستی خوا دادپەروەرانی خۆشدەوێت.

ئەم ئایەتانە و چەندین ئایەتی تر باسی پێکەوەژیانی ئاشتیانە دەکات، بۆیە دەبینین پێغەمبەر (د.خ) یەکەم کەس بوو بەکردار هەموو ئەو ئایەتانەی جێبەجێکردووە، کە بنەمای لێبوردەیی و تەبایی تیایە لەگەڵ کافران و بێباوەڕەکاندا بەمەبەستی بەدیهێنان و چەسپاندنی بنەماکانی پێکەوەژیانی ئاشتیانە لە کۆمەڵگای مسوڵماناندا، هەربۆیە لەگەڵ کۆچکردنی بۆ شاری مەدینە و دانانی بەردی بناغەی دەوڵەت ڕێکەوتننامەیە(وثیقة) یەکی نووسی بۆ ڕێکخستنی پێکەوەژیان لە نێوان پێکهاتەکانی ئەو شارەدا، کە بریتی بوو لە مسوڵمانان بە پشتیوانەکان و کۆچبەرانەوە لەگەڵ جولەکەکانی نیشتەجێی ئەو شارە، کە تیایدا ئەرک و مافی بۆ هەموویان دیاریکرد لە ڕووی ئاینیی و ڕادەربڕین و ڕامیاریی و سەربازیی و ئابووریی و کۆمەڵایەتی و .....هتد، کە بە یەکەم دەستوری نوسراو دادەنرێت لە جیهاندا٦ تیایدا هاتووە:

کەسانێک لە کۆمەڵگەی جولەکە کە یارمەتی ئێمە بدەن پشتیوانی و یارمەتی ئێمە بەدەستدەهێنن لەگەڵ ئێمەدا یەکسان ئەبن هیچ کەس ناتوانێت شتێک بەسەریاندا بسەپێنێ و بەڵگە نەویست و ڕوونە بە دژەکانی ئەوان یارمەتی نادرێن٧. ئەم بەندە پێویستی دەکات لەسەر دەوڵەت کە پشتیوانی لە هاونیشتمانییە ئاین جیاوازەکانی بکات.

ئەمە و چەندین برگەی تر لەو دەستورەدا ئاماژە دەدات بە ئازادی بیروباوەڕ و پێکەوە ژیان و پاراستی سەرجەم مافەکان و دەستنیشانکردنی ئەرکەکان.

هەرکەس تەماشای ژیاننامەی پێغەمبەر (د.خ) بکات دەبینێت کە بە هیچ شێوەیەک زۆری لە کەس نەکردووە ئاینەکەی بگۆڕێت و ببێت بە مسوڵمان. ئیبن تەیمییە دەڵێت: (ولا یقدر أحد قط أن ینقل أنه «أی النبی» أکره أحدا علی الإسلام، لا ممتنعا، ولا مقدورا علیه، ولا فائده من إسلام مثل هذا......) واتە: هەرگیز هیچ کەسێک ناتوانێت گێڕدراوەیەک لە پێغەمبەرەوە بگوازێتەوە کە زۆری لە کەسێک کردبێت ببێت بە مسوڵمان جا ئەو کەسە خاوەن دەسەڵات بووبێت یان بێ دەسەڵات، بەڵکو ئەو جۆرە مسوڵمان بوونە هیچ کەڵکێکی نییە.

ئەم بنەمایانەی پێکەوە ژیانی ئاشتییانەیە لە نەگۆڕەکانی ئیسلامە و لە هەموو سەردەمەکانی حوکمڕانی ئیسلامیدا پەیڕەوکراوە هەر لە سەردەمی ڕاشدین و سەردەمەکانی دواییش بۆ نمونە ئەو پەیمانەی کە خەلیفە عومەری کوڕی خەطاب(ر.خ) دای بە خەڵکی (ئیلیا. قدس) تیایدا هاتووە: (هذا ما أعطی عبدالله ـ عمر ـ أمیر المؤمنین أهل إیلیاء من الامان أعطاهم أمانا لانفسهم وأموالهم ونفائسهم ولكنائسهم وصلبانهم وسقیمها وبریئها وسائر ملتها..... لا تسكن كنائسهم ولا تهدم ولا ینقص منها ولا من حیزها ولا من صلیبهم ولا من شیء من أموالهم ولا یكرهون علی دینهم ولا یضار أحد منهم ولا یسكن بإیلیاء معهم أحد من الیهود.......)٨. واتە: ئەمە ئەو پەیمانەیە کە بەندەی خوا عومەر ئەمیری ئیمانداران داویەتی بە خەڵکی ئیلیا لە دڵنیایی بۆ خۆیان و سامانیان و گەنجینە بەنرخەکانیان و کەنیسەکانیان خاچەکانیان و تەندروست و نەخۆشەکانیان هەموو دانیشتوانەکەی .......... نابێت لە کەنیسەکانیاندا کەس نیشتەجێ ببێت، هەروەها نابێت بروخێنرێت یان نابێت لێی کەمبکرێتەوە، تەنانەت لە سنورەکەیشی کەم ناکرێتەوە، هەروەها نابێت خاچەکەشیان لێی کەمبکرێتەوە و ناشبێت هیچ لە سامانیان کەم بکرێتەوە، نابێت زۆریان لێبکرێت بۆ گۆڕینی ئاینەکەیان، نابێت هیچ کەسێکیان زیانی پێبگەیەنرێت، هەروەها نابێت هیچ کەسێک لە جولەکە لە ئیلیادا لەگەڵیان نیشتەجێبکرێت....)

لێرەدا بابەتی سەرانە(جزیة) دێتە پێشەوە کە لە (أهل الذمة) وەردەگیرێت، ئەوەش لێیان وەردەگیرێت بەرامبەر پاراستنیان، ئەوانەشی کە

پارێزگاری لە خۆیان دەکەن لێیان وەرناگیرێت.

شیخ محەمەد عەبدە دەڵێت:(..... ومتى أعطوا الجزية وجب تأمينهم وحمايتهم, والدفاع عنهم وعن حريتهم في دينهم بالشروط التي تعقد بها الجزية، ومعاملتهم بعد ذلک بالعدل والمساواة كالمسلمين، ويحرم ظلمهم وارهاقهم بتكليفهم ما لايطيقون كالمسلمين)٩ واتە: هەرکاتێک (جزية) یاندا پێویستە بە سەلامەت بژین و پارێزگارییان لێبکرێت و بەرگری لە خۆیان و ئازادی ئاینیشیان بکرێت بەو مەرجانەی کە لەگەڵیان دانراوە لە کاتی (جزية)دا، لە دوای ئەوەشی کە (جزية)یاندا دەبێت بە دادپەروەریی و یەکسانی هەڵسوکەوتیان لەگەڵ بکرێت وەک مسوڵمانەکان، هەروەک حەرامە ستەمیان لێبکرێت بچەوسێنرێنەوە بەوەی کە زیاد لە توانای خۆیان داوایان لێبکرێت هەروەک مسوڵمانان)

ئیمامی (القرافی) دەڵێت: (والذي اجماع الأمة عليه أن من كان في الذمة وجاء أهل الحرب إلى بلادنا يقصدونه وجب علينا أن نخرج لقتالهم بالكراع والسلاح ونموت دون ذلک صونا لمن هو في ذمة الله)١٠ واتە: ئەوەی کە کۆڕای ئوممەتی لەسەرە ئەوەیە هەرکاتێک (ئەهلی ذمة) لە وڵاتماندا هەبوون و دوژمن و شەڕەنگێزەکان هاتنە سەریان پێویستە لەسەرمان دەرچین بۆئەوەی شەڕیان لەگەڵ بکەین بە چەک و ئەسپ و لەوپێناوەشدا بمرین بۆئەوەی پارێزگاری لەوانە بکەین کە لە زممەتی خوادان).

ئەو مامەڵە و هەڵسوکەوتە جوانەی کە مسوڵمانان لەگەڵ ئاینە جیاکاندا کردوویانە بەدرێژایی مێژوو هۆکارەکەی ئایەتەکانی قورئان و فەرمودەکانی پێغەمبەر(د.خ) بووە. پێغەمبەر(د.خ) دەفەرموێت (ألا من ظلم معاهدا أو انتقصه حقا أو كلفه فوق طاقته أو أخذ منه شيئا بغير طيب نفس منه فأنا حجيجه يوم القيامة)١١ واتە: هەرکەسێک ستەم لە هاوپەیمانێک بکات یان مافێکی لێ کەمبکاتەوە یان زیاد لە توانای خۆی ئەرک بخاتە سەری یان شتێکی لێ بسەنێت بەبێ ڕەزامەندی خۆی ئەوا من سکاڵاکار دەبم لەسەری لە ڕۆژی دواییدا.

ئەمانە و چەندین ئایەت و فەرمودەی تر هەن کە ڕێگری دەکەن لەوەی هەڵسوکەوتی نەشیاو لەگەڵ هاوپەیماندا بکرێت، بەڵکو هانی مسوڵمانان دەدەن کە بە چاوی ڕێزەوە تەماشایان بکەن و ڕێزی بیروباوەڕەکانیان بگرن و لەسەر خاڵە هاوبەشەکان کۆببنەوە و بەیەکەوە بە ڕێزەوە بژین نەک لە یەکتر دور بکەونەوە و دژایەتی یەکتری بکەن.

**سەرچاوە و پەراوێزەکان**

سورەتی الحجرات١٣.
٢ سورەتی الکافرون٦.
٣ سورەتی یونس٤١.
٤ سورەتی سبأ٢٥.
٥ سورەتی الممتحنه٨.
٦ محەمەد حەمید الله: یەکەمین دەستوری نوسراو لە جیهاندا بەڵگەنامەیەکی گرنگی سەردەمی پێغەمبەر(د.خ)، و.شوان هەورامی، لە بڵاوکراوەکانی پرۆژەی تیشک، کۆمپانیای چاپ و پەخشی نوسەر، چ١، ٢٠٠٧.
ئەم پەیماننامەیە کە لە سەرچاوە کۆنەکاندا بە (الصحيفة) هاتووە بڕوانە: ابن هيشام، عبدالملک بن هشام (ت:٢١٣هـ)، السيرة النبويه، تحقيق: طه عبدالرؤوف سعد، دار الجيل، بيروت، ط١، ١٤١١هـ ٥١٦/١.
٧ محەمەد حەمید الله، سەرچاوەی پێشوو ل٢٣.
٨ الطبری، محمد بن جرير الطبری، (ت ٣١٠هـ) تأريخ الرسل والملوک، دار الکتب العلميه، بيروت، ط/١، ١٤٠٧هـ ، ٤٤٩/٢.
٩ محمد رشيد بن علی بن رضا، (ت١٣٥٤هـ) تفسير المنار، العيئة المصريه العامة للکتاب، ١٩٩٠م، ٢٥٥/١٠.
١٠ القرافی، أبو العباس شهاب الدين أحمد بن ادريس المالکی (ت٦٨٤هـ)، الفروق، علم الکتب، بيروت، ٢٦/٣.
١١ أبو داود، سنن أبو داود، ٤٣٦/٢ وقال الالبانی صحيح.

# کەرکووک و ململانێی ئایینی





**عەبدوڵڵا قەرەداغی**

لەدایکبووی ١٩٥٧ ، کفری. ساڵی ١٩٨١ بەشی فەلسەفەی لە زانکۆی بەغداد تەواوکردووە. تائێستا زیاتر لە سەد بابەتی بڵاوکردووەتەوە بەتایبەت لەسەر تەسەوف.

**دەرچەیەکی پێویست:**

بۆئەوەی لە سەرەتاوە خۆ لە هەڵە تێگەیشتن دووربخەینەوە، پێویستە لەبارەی ناونیشانی ئەم بابەتەوە دوو ڕوونکردنەوە بخرێنە پێش چاو:

١ – مەبەست لە کەرکووک دانیشتووانی شارەکەیە، هەڵبەتە پتر ناوەندی شارەکە، بەڵام ئەگەر سنووری جوگرافیاییە ڕەسەنەکەی شارەکەش ڕەچاو بکرێت، واتە پێش دەستکارییە ئیدارییەکانی سەردەمی بەعس بەمەبەستی شێواندنی مۆرکی ئیتنیکیی ناوچەکە، ئەوا دیسانەوە گریمانەی ئەم نوسراوە گۆڕانی بەسەردا نایەت. بەڵام بەهۆی ئەوەوە کە هیچ جۆرە سەرچاوەیەکی ئەوتۆم لەبەردەستدا نییە باسی لایەنە گشتییەکانی ئەو سنوورە جوگرافیاییە ڕەسەنە بکات، بابۆ چەند دەیەیەکی دیاریکراویش بێت، ئەوا ناچارم تەنها ناوەندی شاری کەرکووک خۆی بکەمە نیشانەی لێکۆڵینەوە و هەر جۆرە گەڕانێک بەدووی هێڵە شاردراوە و لەبیرکراوەکاندا.

٢ – مەبەست لە « ململانێی ئایینی «ش لێرەدا ئەو ململانێیەیە لە دەرەنجامی دەمارگیریی ئایینیی خودی خەڵکەکەوە هەڵقوڵابێت و، ڕێبەرانی ئایینی ڕێبەرایەتییان کردبێ ، نەک حزب و گرووپ و بەرژەوندییە سیاسییەکان، چ لەژێر پەردەی ئاییندا بووبێت، یان هەوڵیدابێ تا لە هەستی ئایینی سوود لە هاتنە ئارای هەلومەرجێکی تایبەت وەربگرێ بۆ پیادەکردنی ئامانجی سیاسی.

لێرەشەوە، گریمانەی ئەم نوسراوە بریتییە لەوەی بەتەواوی کەرکووک، بەدرێژایی ئەو چەند سەدەیەی پشتاوپشت لە یادەوەریی چەندین نەوەیدا، دووربووە لە هەر جۆرە پێکدادان و ململانێیەکی ئایینی، بەڵکو نموونەی ئێجگار دڵگیری لێبوردەیی ئایینیشی خستۆتە ڕوو. هەڵبەتە پێویستە باس لەوە بکرێت کە لەو شارەدا ئایینەکانی: مسوڵمان، جوولەکە، کاکەیی، دیان – مەسیحی – و سوببی – صابئە، پێکەوەژیاون و، تەنانەت پاش دامەزراندنی دەوڵەتی ئیسرائیل و وەدەرنانی جوولەکە لە عێراقەوە بەرەو فەڵەستین، پەیوەندیی هاوسۆزییانە هەرمایەوە لە نێواندا و، تا ئەمڕۆش بە تەمەنەکان سەربوردەی پێکەوەژیانیان لەگەڵ پەیرەوانی ئایینی جووی ئەو شارە دەگێڕنەوە.

کێشەی گەورەی ئەم بابەتەم نەبوونی سەرچاوەی زۆر بوو لەبارەی ئەم مەسەلەیەوە. هەڵبەتە بوونی سەرچاوەی زۆر لەبارەی کەرکووکەوە، بێ ئەوەی ئاماژە بۆ هەر جۆرە گرژییەک بکەن، دیسانەوە دەکرێ بە بەڵگەی نەبوونی ناکۆکی ئایینی وەربگیرێت. بەڵام ناکرێ، لەڕووی زانستییەوە، ئاماژەیان بۆ بکرێت، چونکە هیچ دەقێکیان تێدا نابینرێت پاڵپشتی ڕاستەوخۆ لە گریمانەکەمان بکات. بۆیە کێشەی نەبوونی سەرچاوە، بەم مانایەی لێرەدا مەبەستە، هەر بە سەرەکیترین کێشە دادەنرێت.

دووەمین کێشەمان بریتییە لە لێکدانەوەی تاکەکەسی، ئەویش لەسەر بنەمای گشتاندنی دیاردەی زۆر تایبەت، بەبێ ڕەچاوکردنی زەمینە ڕاستەقینەکە. لە میانەی تاوتوێکردنی گرێیەکی مێژوویی تایبەتی ئەم شارەوە، کە تاڕادەیەک پەیوەستە بە بابەتەمانەوە، هەوڵدەدرێت هەم لایەنەکانی ئەو گرێیە بخرێنە ڕوو و، هەم خاڵی لاوازی بۆچوونی تۆمارکەرانی ئەو ڕووداوە ڕوونبکرێتەوە.

سێیەمین کێشەشم کەمیی کات بوو. هەڵبەتە دەبێ ئەو ڕاستییەش بخەمە ڕوو کە بەڕێزانی گۆڤاری «خاڵ» پشوودرێژییەکی نائاساییان بەرانبەر بەندە نواند، بەڵام چونکە لە بناغەدا پابەندبووم بە تەواوکردنی دوو بابەتی دیکە، تاڕادەیەک لەهەمانکاتدا، ئەوا هەر کاتم زۆر کەم بوو. سوپاس بۆ خوا و لە سایەی لوتفی خواوە هەلم بۆ ڕەخسا لە کاتی ڕەچاوکراودا تەواوی بکەم. ئەم بابەتە گرێ و گۆڵی زۆرە و، لێکدانەوەی جیاوازیش هەر هەڵدەگری، بۆیە دەکرێت بە سنگی

فراوانەوە گوێ بۆ دەنگەکانی دیکە شل بکرێت.

لەم کۆششەدا سوود لە یارمەتیی و بۆچوونی چەند بەڕێزێک وەرگیراوە، کە بەشێکیان لە نێوان دێڕەکانی ئەم نوسراوەدا ئاماژە بۆن ناویان دەکرێت. لەبارەی وەدەستهێنانی سەرچاوەشەوە، دەبێ بەشێوەیەکی تایبەت سوپاسی برا و دۆستی بەڕێزم کاک «عبدالجبار شێخ عبدالرحمن شۆڕجە« بکەم، کە لە بۆچوونی بە کەڵک و کۆششی پەیداکردنی هێندێک لە سەرچاوەکانم چاوتێرانە یارمەتیدام.

**بەشی یەکەم:**

**ململانێی ئایینی، زەمینەی گشتیی ناساندنی چەمکێک**

لێکۆڵەرە ورد و بە مانای وشە خاوەن میتۆدە زانستییەکانی ڕۆژئاوا، لەوانەش بۆ نموونە «ئۆلیڤەر ڕوا – ڕوی – «فەرەنسایی، بە وێژدانەوە ئاوڕیان لە ململانێی تازەی نێوان بزووتنەوە ئێجگار توندڕەوەکانی خاوەن بنجی وەهابی وەک « قاعیدە « و « داعش « و هەموو جیهان، بە جیهانی مسوڵمانیشەوە داوەتەوە و، ئەوەشیان خستۆتە ڕوو، کە ئەمانە بە شێوەیەکی بژارکارانە و بۆ مەبەستی تایبەتی خۆیان دەقیان هەڵبژاردووە و بەکاریان هێناون بۆ مەبەستی سیاسیی خۆیان، بەڵکو زۆربەی هەرە توندڕەوەکانیشیان، ئەگەر سەر بە خێزانێکی لە بنەڕەتدا مسوڵمان بووبن، ئەوا پتر نە لە خێزانەکانیاندا، لە بناغەدا، پابەندی بە ئیسلامەوە هەبووە، نە لە سایەی پەروەردەیەکی ئیسلامیی پشتئەستوور بە شارەزایی ڕاستەقینە لە ئیسلام و، تەنانەت زانینی باشی زمانی عەرەبیش بەخێوکراون و بەهرەمەند بوون و، نە هیچ زانیارییەکی ڕاستەقینەیان لەبارەی نەریتی ئەو وڵاتانەوە هەیە کە لێوەیان ڕوویان لە ڕۆژئاوا کردووە. بەڵکو بەوردی پەروەردەی شوێن و گەڕەکە پەڕگیر و خاوەن زەمینەی زانستیی و کۆمەڵایەتیی نزمن و، کارەکانیشیان پتر تێکەڵەی کاردانەوە دژی بارێکی ناهەمواری خۆیان، تێگەیشتنێکی زۆر نوقسانی ئیسلام و، بنیاتنراو لەسەر بنەمای ڕقە. بۆیە هەرکارێک لەوانەوە بێت، نە بنیاتنراوە لەسەر زانینی ناسنامەی ڕاستەقینەی بەرانبەر، زانینی حوکمی شەرعیی گونجاو بۆ هەر جۆرە هەڵوێستوەرگرتنێک و، بوونی توانای زانستیی پێویست بۆ جیاکردنەوەی شیاویی و نەشیاویی ئەو فەرمانانەی پێیان دەدرێت. دەرەنجامیش، تێکڕا پابەندی تەواوی ئەو فەرمانانەن کە پێیان دەدرێ، بە پیرۆزیان دەزانن، تەنانەت خۆشیانی لەپێناودا بە کوشت دەدەن و، هیچ جیاوازییەکیش لە پیادەکردنی ئەو فەرمانانەدا لە نێوان شایانی مەرگ و ناشایانی، مسوڵمان و نامسوڵمان و ناکرێت، تەنانەت تێکڕا بە هەمان چاوی ڕقی کوێرانەوە تەماشایان دەکرێت. لەبەرئەوەی پیرۆزیی ئیسلامیش کراوەتە پەردە، ئەوا خەڵکانێک کە لە بنەماکانی چەمکی جیهاد لە ئیسلامدا نەگەیشتوون، بێباکانە خۆشیان لەوپێناوانەدا دەتەقێننەوە و، تەنانەت بێ ئەوەی خۆیان پێی بزانن، چەپەڵترین مەبەستەکانی نەیار و ناحەزانی دینەکەیان جێبەجێ دەکەن. لەولاشەوە، ئەوانەی ڕێبەرایەتییان دەکەن، کەس نازانێ چ بازرگانییەکی فرەلایەن بەو هەستەی ئەو خەڵکە ساکارانە دەکەن.

بەش بە حاڵی خۆم، پێموایە ئەگەری بەرپابوونی ململانێی ئایینی لە هەر ساتێکدا هەیە، چونکە جیاوازیی تێگەیشتن و ڕاڤەکردنی ئایین و دەقەکانی هەمیشە لە ئارادایە و، هەمیشەش خەڵکانێک هەن تەنها لە ڕوانگەیەکی دیاریکراوە و زۆر جاریش تەماوییە بەنیسبەت ئەوانەوە کە لە دەرەوە بۆی دەڕوانن. تەنها کەسانێک کە هەم شارەزای خودی ئایینەکە و ئەو گرێ و گۆڵانەن کە خاوەن پەیامی، بە ڕواڵەت ئایینی، دەیان وروژێنێ و بانگەشەیان بۆ دەکات، تەنها ئەو جۆرە کەسانە دەتوانن زوو دەرک بە مەبەست و بەرژەوەندییەکانی پشت ئەو بانگەشەیە بکەن. بەپێچەوانەشەوە، لایەنگرانی

ئەو جۆرە ڕەوتانە هەمیشە تێگەیشتنی خۆیان بە ڕاست و ڕەوا دەزانن و، ئەوانی دیکەش، تەنانەت هاودینانی خۆیان کە بەو تێگەیشتنەی ئەوان قایل نابن، بە خاوەن بۆچوونی هەڵە وگومڕا و بە کافر دادەنرێن و خوێنیان حەڵاڵ دەکەن. ئەزموونی خۆم لە چاوخشاندن بە تێکڕای ئەو ململانێیانەدا کە بە ئایینی ناسراون، کەمتر چاومان بە خەڵکانێک دەکەوێت مەبەستیان تەنها ئایینی بووبێ، بەڵکو بەتەواوی پێچەوانەی ئەمە ڕاستە. بۆ نموونە: ئەوەی لە مێژوودا بە «سێیەمین شاڵاوی خاچپەرستان – Third Crusade»ی ساڵانی نێوان ١١٨٩ – ١١٩٢ ناسراوە، ئەو هێزانەی نوێنەرایەتیی مەسیحییەتیان دەکرد سەر بە بەهێزترین سێ دەوڵەتی ڕۆژئاوای مەسیحی بوون: بریتی بوون لە هێزەکان ئینگلتەرا بە سەرکردایەتیی «ڕیچارد شێردڵ – Richard Lionheart »، هێزەکانی فەرەنسا بە سەرکردایەتیی «فیلیپی دووەم – Philip II» و هێزەکانی ئەڵمانیا بە سەرکردایەتیی « فریدریکی یەکەمی بەربەرۆسا – Frederick I Barbarossa » و پاشماوەی هێزە پەرتەوازە مەسیحییەکان، کە پێشتر لە ناوچەکەدا بوون. ئەم بەشەی دوایی ناچاربوون لەژێر فەرماندەیی ئەوانی دیکەدا بن، بەوپێیەی لە قودسدا بەدەست هێزەکانی مسوڵمانانەوە، بە سەرکردایەتیی سەلاحەددینی ئەییوبی ٥٣٢-٥٨٩ک/١١٣٨-١١٩٣ز، شکستیان خواردبوو. سەرجەمی سەرچاوەکانی مێژووی ئەو سەردەمە و ئەو شاڵاوە باس لە کێبڕکێ و ململانێیەکی ڕوونی ئەو سێ پاشایە دەکەن، تا ئەو ڕادەیەی هەریەکێکیان چەندین هەڵوێستی تۆمارکراوە کە تێیاندا، تەنها بۆئەوەی بەرانبەرەکەی سەرنەکەوێت، کاری بەتەواوی دژی کردووە. ئەمانە گوایە لە یەک بەرەدا بوون و، بە لافی خۆیان، بۆ مەبەستێکی پیرۆز دەجەنگن. زۆربەی ئەو ململانێیانەی مۆرکی ئایینیان پێوەنراوە، لە جەوهەردا ململانێی بەرژەوەندییە جیاوازەکان بوون و، هەرلایەنێکیش ویستوویەتی لەسەر حیسابی ئەوانی دیکە دەسکەوتی خۆی فراوانتر بکاتەوە.

لە بەرانبەر ئەمانەدا و، هەر لەو سەردەمەشدا و ڕێک لەبەرەی بەرانبەری ئەماندا سەلاحەددینی ئەییوبی هەیە. ئەو پیاوە لەلایەن یەکێک لە گەورە نوسەرانی ئەو جیهانەی ئەو پاشا ڕۆژئاواییانەی ئاماژەیان بۆ کرا، زۆر دڵسۆزانە و، هەر لە پێشەکیی کتێبەکەشیدا ئەمە دەڵێت: «بەپێی هەموو تیۆرییەکی بۆماوەزانیی ژینگەیی Environment Inheritance سەلاحەددینی کورد دەبوو دڵڕەق، بێ بەزەیی و ساردوسڕ لە ئاستی مافەکانی خەڵکی دیکە و، جۆرێکیش لە فەرمانڕەوای خودسەری ملهوڕ بووایە، کە تەنها لەلایەن ئارەزووە خۆپەرستانەکانی خۆیەوە بیزوێنرایە، Rosebault ١٩٣٠, xi». هۆکاری ئەم گوتنەی «ڕۆزبۆڵت»، دەگەڕێتەوە بۆ ژیانی خودی سەلاحەددین و بنەماڵەکەی لەلایەکەوە و، ئەو لێبوردەییە بێوێنەیەی کە نواندی( خوێنەری بەڕێز دەتوانێ بگەڕێتەوە بۆ: قەرەداغی ٢٠١٨، ل٧٧ بەدواوە).

بنەماڵەکەیان بەشێوەیەکی دڕندانە لەلایەن دراوسێ مەسیحییەکانیانەوە هێرشیان دەکرێتە سەر، موڵکەکانیان داگیردەکرێت و، خۆشیان ناچار ڕووە و ئێران، ناوچەی مەراغە کۆچ بکەن. لەوێش لەلایەن هۆزە تورکە داگیرکەرەکانی «ئۆغز»ەوە بە دڕندەیی هاوشێوە هێرشیان دەکرێتە سەر. بۆیە ڕوودەکەنە ڕۆژئاوای ئەوێ و، پاش ماوەیەک لە شاری تکریتدا دەگیرسێنەوە. لەوێش شێرکۆی مامی، لە شەوی لەدیکبوونی سەلاحەددیندا دەچێ بەدەم هاواری ژنێکەوە کە یەکێک لە شازادەکانی بنەماڵەی فەرمانڕەوای ئەوێوە هەوڵدەدرێ دەستدرێژیی بکرێتە سەر و، لەو هەڵاتنەدا، کە سەڵاحەددینی کۆرپەی تازە لەدایکبوو، بە سروشتی ئەو تەمەنەی دەگری، بەمەبەستی

ڕێگەگرتن لەوەی گریانی ئەمان کەشف بکات، چەندین جار ناچاردەبن دەستبخەنە سەر دەمییەوە. لە ژیانی جەنگاوەریی خۆیی و شێرکۆی مامیشیدا ڕووبەڕووی دەیان پیلان و خیانەت بۆتەوە، بەڵام سەلاحەددین، هەر بەو لێبوردەییە گەشاوەیەی، تا دواهەناسەی، هەرمایەوە. خوێنەری بەڕێز دەتوانێت بۆ وردەکارییەکانی ئەو سەرگوزەشتانە، بگەڕێتەوە بۆ سەرچاوە متمانەپێکراوەکانی ژیانی بنەماڵەکەیان و مێژووی ئەو سەردەمە.

بەشێک لە گەورە لێکۆڵەرەوەکان کاریگەریی لایەنی ئابووری بەسەر لایەنە «ئێتنیکی – ڕەگەزی Ethnic «یەکەوە هێندە بە ڕوونی دەبینن کە قەبارەی ڕەگەزایەتیی Ethnicity سنووردار کردووە بەرەو جیاوازیی ڕەگەز- زمانی Ethnolinguistik، بۆ ئەم مەبەستە دەکرێ خوێنەری بەڕێز بگەڕێتەوە بۆ هەردوو ڕاپۆرتی گرنگی Easterly and Levine ١٩٩٧, Mauro ١٩٩٥, ٦٨١ – ٧١٢ «. لەمەش زیاتر، هێندێک لە لێکۆڵەرەوەکان بیریان بۆ هۆکارە نا ئابوورییەکانیش چووە، Barro ١٩٩١, ٤٠٧-٤٤٣ «. چەمکێکی گرنگ و داهێنراوی نێو ئەم بوارە چەکی «بەرهەمگەرایی بە کۆمەڵ – Team Productivity «یە. بە بۆچوونی دوو پسپۆڕی بەناوبانگ «بەڵگەی ئەزموونگەرا سەلماندوویەتی کە پەیوەندیی ئەرێنی لە نێوان ململانێ و بەرهەمگەرایی بەکۆمەڵدا هەیە و، ئەم بڕوایەش دانی بەوەدا ناوە کە ئاستی نزمی ململانێ Low levels of conflict بۆی هەیە سوودبەخش بێت، De Dreu and Weingart ٢٠٠٣, ٧٤١«.

هی دیکەش، لەوانەی لە ڕوانگەی ئاسایشی نیشتمانیی ئەمریکاوە دەڕواننە مەسەلەکە، لەو باوەڕەدان «لە پاش ١١ی ئیلوولەوە – تەقاندنەوەی بورجی سەنتەری جیهانیی بازرگانی –بارەکە بەو ئاقارەدا دەڕوات بێ ئەوەی بگوترێت کە توندوتیژیی ئایینی بەناوی هۆکاری پیرۆزەوە ڕوو لە تەشەنەکردن بووە has escalated. کوشتن بە ناوی خوداوە شەرعییەتی بەخشیوە بە ئاراستەی سەرەکیی ململانێی توندوتیژ لەم ڕۆژەماندا، کە داهێنراوی تازەیە تەنانەت لە توندوتیژییە توندڕەوانەکانیش و، کە دەشبێتە مایەی مەترسی بۆ سیاسەتی دەرەوەی ئەمریکا و، بۆ ئەو شیکارانەی کە بە دووی داڕشتنی ئەو سیاسەتەدا دەگەڕێن، Treverton, Gregg, Gibran and Yost ٢٠٠٥, xi«. لە سەرنجدانی سەرجەمی کۆششەکاندا سەرنجی ئەوە دراوە ئەم جۆرە ململانێ تازەیە، تەنانەت لە بواری پەیوەندیی نێودەوڵەتیشدا، لەوە قورسترە کە بیری لێ دەکرێتەوە، چونکە «ڕۆڵی ئایین لە پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکاندا و لە پەیوەستەیی بە ململانێ و بە بەرپاکردنی ئاشتیشەوە، بەشێوەیەکی بەرفراوان ددان پێدانراو و دەرککراوە، بەڵام هەر بەوشێوەیەش ماوەتەوە کە ناکۆکیی لەسەرە، Silvestri ٢٠٠٦, ١«. هەمان نوسەر، بە هاوبەشی لەگەڵ نوسەرێکی دیکە لەو باوەڕەدان کە «زاراوەگەلی وەک ئایینداری Religiosity، ڕەوانخوازی Sprituality، بیروباوەڕ Faith، بڕواهێنان Belief، باڵاتربوون Transcedence، پیرۆز Sacred، هەستی سەر بە شتێک بوون Sence of belonging، فەرهەنگ Culture و ناسنامە Identity، تێکڕا توخمگەلێکن لە بۆچوون Notion– یان هێندێک جار وەک هاومانا Synonymously–ی ئایین بەکاردەهێنرێن، بەڵام لەڕاستیدا تێکڕایان مانای تایبەتی خۆیان هەیە. وەک بە هاوشێوە زانراوەکانی عەلمانییەت، بیرۆکەی ئایین بەشێوەیەکی ڕێژەیی، پێکهاتە فەرهەنگیی و کۆمەڵایەتییەکەی ڕۆژئاوایە و، لە ڕووی پێناسەشەوە، بەشێوەیەکی جوزئی، بەروبوومی چاکسازییە، Silvestri and Fba ٢٠١٥, ١٤«.

هێندە بەسە بۆئەوەی تێگەیشتنێکی گشتیمان هەبێ لەبارەی چەند ئاراستەیەکی بیری ئەکادیمیی

و زانستییانەی چەند زانایەکی بەرجەستەی ڕۆژئاوا، چ لە بواری پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان و، چ لە ڕوانگەی ئەوانەی لە بواری سیاسەتی دەرەوەوەی ئەمریکا کاردەکەن، یا لە داڕێژەرانی ئەو سیاسەتەن. گرنگە لێرەدا سەرنجی خوێنەری بەڕێز بۆ ئەو ڕاستییە ڕابکێشم کە ئەوانە نە ئیسلام بە بەرپرسی ئەو ململانێ ئایینییە تازەیە دادەنێن و، نە لەخۆڕاش ئۆباڵی هەر توندوتیژییەک دەخەنە ئەستۆی بیری ئیسلامی و مسوڵمانانەوە.

**بەشی دووەم: کەرکووک و ململانێی ئایینی:**

**١ – زەمینەی گشتی:**

لە مێژووی بینراوی کەرکووکدا، لە نێوان خودی خەڵکی کەرکووکدا، نەک لەلایەن هێزە داگیرکەرەکان و نامۆ و خۆ بە زۆر سەپێنەران بەسەر کەرکووکدا، جۆری دیکەی ململانێ، نەک ململانێی ئایینی هەبووە. بەشێک بە ململانێی نێوان نەتەوەکانی لەقەڵەم دەدەن و، بەشی دیکەش حیزب و بەرژەوەندیی دیکەی لە پشتەوە دەبینن. بەندە، بێ ئەوەی هەوڵی بریندار کردنی هەستی هیچ کەسێک بدەم و، تەنانەت بێ ئەوەی ئاماژەی ڕاستەوخۆ و ڕوونیش بۆ هیچ یەکێک لەو ڕووداو و کارەساتانە بکەم، پێموایە هەمیشە دەست و بەرژەوەندییەکی دەرەکی لەو ململانێیانەدا هەیە و، بەڵگەی تەواویشم لەبەردەستدا هەیە. بەڵام چونکە لە بناغەدا ئەویان بواری ئەم نوسینە نییە، لێرەدا خۆمی لە قەرە نادەم و ناشمەوێ برینی کۆنی ئەو شارە بکولێنمەوە. بەڵام هێندەی پەیوەندیی بە ململانێی ئایینییەوە هەیە، ئەگەرچی کەسانێک بە مەبەستی پێشینە، یا بە زاڵکردنی بێ بنەمای ڕواڵەتیی و ڕووکاری ململانێیەکە، یان بە پەیڕەویکردنی نائاگایانە لە پروپاگەندەی هەر بەرژەوەندییەکی دەرەکی، وەک لە کۆتایی باسی داهاتوودا ڕوونیان دەکەمەوە، ناوی تاقە ڕووداوێکی دڵتەزێنی کەرکووک بە «شاڵاوی ئاسوورییەکان دژی خەڵکی کەرکووک» ناودەبەن، لە بەشی داهاتووی ئەم نوسراوەدا ڕای نوسراو و بیستراوی سەرچاوەکانی خۆم دەخەمە ڕوو و، بەڵگەکانی خۆشم، لە خودی ئەو سەرچاوانەوە، لەبارەی مایەپووچیی ئەو بۆچوونە دەخەمە ڕوو کە ئەو ململانێیە ململانێی کەرکووکییەکان نەبووە و، ئەوان بوونەتە قوربانیی هەڵەشەیی و باری قورسی ململانێی هێزی دەرەکیی و، تەنانەت لایەنی دەستدرێژکاریش، کە یەکێک بووە لە ئامرازەکانی جێبەجێکردنی ئەو ململانێ دەرەکییە، هەر فڕی بە کەرکوکییەکانەوە نەبووە.

**٢ – تەنها نموونەی بە هەڵە لێکدراو:**

لە چەند سەرچاوەیەکدا و، لە یادەوەریی بە تەمەنانی خەڵکی کەرکووکدا ڕووداوێکی دڵتەزێن هەیە کە بە ڕواڵەت ئەو ڕوخسارە ڕووناکەی کەرکووک لەڕووی ململانێی ئایینییەوە دەڕووشێنێ. ئەو ڕووداوەش لە سەرچاوەکانی بەردەستمدا بە هێرشی ئاسووری «تیاری» یەکان بۆ سەر خەڵکی شاری کەرکووکە. ئەگەرچی هەر چوار سەرچاوەی بەردەستم، کە دوانیان هی هەمان نوسەرە و لە ناوەڕۆکدا دووەمیان، لە ڕووی مێژووییەوە، هەر پوختەیەکی یەکەمیانە، جەخت لەسەر ئەوە دەکەن کە ڕووداوەکە هێرشی ئەو توێژەی فەلە – مەسیحی – یەکانە بۆ سەر مسوڵمانانی شارەکە، بەڵام خەریک بوون بە شیکردنەوەی ڕاستییەکان شتێکی دیکەمان بۆ دەخاتە ڕوو. کۆنترین سەرچاوەی بەردەستم کتێبە بەڵگەدار و ئێجگار گرنگەکەی (تاریخ الوزارات العراقیە) ی مێژوونووسی ناسراوی عێراق (عبدالرزاق الحسنی)یە. ئەم نوسەرە زەمینەی ڕووداوەکە، نەک تەنها دەخاتە ڕوو، بەڵکو کۆمەڵێک بەڵگە دەهێنێتەوە، کە لە بناغەدا پەیوەندییان بە تیاری – ئاسووری– یەکانی موسڵەوە هەیە و، چۆن

گێڕانەوەیان، کاتی خۆی بۆتە مایەی نارەزایی دەربڕین، بۆیە سەرەتا زەمینە خۆش دەکات بۆ ناساندنی بناغەی کێشەکە و، لەژێر سەردێری «الآثوریون فی العراق – ئاسوورییەکان لە عێراقدا « پاشخانی کێشەکەی ئەو توێژە و سەرجەمی کێشەکان بەم شێوەیە دەخاتە ڕوو: « ئینگلیز لە باکووری عێراقدا کۆمەڵە خەڵکێکیان نیشتەجێکرد بەو پاساوەی گوایە پاشماوەی ئاسوورییەکانی نیشتەجێی کۆنی عێراقن. خەڵکەکە ناوی «تیارییەکان»یان لێ نابوون و، ئینگلیزیش وشەی «ئاسوورییەکان»یان بۆ بەکاردەهێنان و، پتر هی گوندەکانی تورکیا بوون نەک گوندەکانی عێراق. بەهۆی زۆریی چەوساندنەوەیان لەلایەن تورکەکانەوە دەستیانکردە کۆچکردن بە ژمارەی زۆر گەورە بۆ عێراق. حکومەتی بەریتانی بەشێکیانی کردە سەرباز لە هێزی نیزامیدا، کە لەژێر فەرماندەیی خۆیاندا کاریان دەکرد و، سوودیان لێوەردەگرتن بۆ لێدانی ئەو بزووتنەوە نیشتمانییانەی لە باکووری وڵاتدا و ناوەند و باشووریدا بەرپابوون، کە بووە مایەی ڕق و کینەیەکی زۆر لە نێوان ئەوان و هاوڵاتیانی شەرعی –ڕاستەقینە–ی وڵاتدا. سووربوونی ئینگلیزیش لەسەر نیشتەجێکردنی ژمارەی ئێجگار زۆری ئەم نامۆیانە لە لیوای موسڵدا و، بەخشینی هێندێک بەخششی تایبەت پێیان، پتر بووە مایەی ڕقلێهەڵگرتن و تێڕوانینیان بە چاوێکی دوژمنکارانە. سەربازەکانیشیان کە دەڕۆیشتن جۆرە لوتبەرزیی و بەخۆنازینەوەیەکیان پێوەدیار بوو، بۆیە پتر خەڵکەکە ڕقیان لێ هەڵگرتن. دەمەقاڵێ لە نێوان کۆمەڵێکی ئەمان و چەند موسڵاوییەک لە بازاڕی « العتمە»ی موسڵ لە ١٥ ی ئابی ١٩٢٣دا ڕوویدا و زۆری نەما بوو ببێتە مایەی کارەساتێک، ئەگەر پۆلیس فریای هەلومەرجەکە نەکەوتبان. دەرەنجام ١٨ کەسی کوژراو و بریندار لەو ڕووداوە کەوتەوە. بۆیە ڕۆژنامەکان دەستیانکردە هێرشکردنە سەر ڕووکردنیان لە عێراق و، بە مایەی مەترسی بۆ ئاسایش و ئوقرەی عێراقیان لەقەڵەمدان.

هەروەها پەیتا پەیتا برووسکەی نارەزایی بەرانبەر بە بوونیان لە عێراقدا دەڕژایە سەر گەورە بەرپرسان لەبارەی بوونیانەوە لە موسڵدا، الحسنی ١٩٧٨، ١٧٦/١». بۆیە حکومەتی عێراق، لەژێر کاریگەریی حکوومەتی بەریتانیادا ناچار بوو ئەم بەیاننامەیە بەناوی ئەو دامەزراوە فەرمییەی بە «مدیریة المطبوعات « ناسراوە، بە واژۆی بەڕێوەبەرەکەی بەیانێکی بڵاوبکاتەوە و جەخت لەسەر ئەوەش بکات کە ئاسوورییەکان «دەستتێوەردەری نامۆ نەبوون لەم وڵاتەدا، بەڵکو لە دانیشتوانی لیوای موسڵ و جووتیارانین و، لە جەنگی گشتیدا تورکەکان ئەمانیان چەوساندۆتەوە و ناچاریان کردوون شوێنەکانی خۆیان بەجێ بهێڵن، وا ئێستاش کە ئەو بەربەستانەی ڕێگەی گەڕانەوەیانی بۆ وڵات لێ گرتبوون نەمان، گەڕانەوە بۆی بەوپێیەی لە دانیشتووانی ڕەسەنین. بێگومان پەیوەندیی دۆستانەی نێوان ئەوان دانیشتووانی دیکەی لیوای موسڵ لە ئەوپەڕی گونجاوییدا بووە. چونکە پێویستمان بە یەکبوون و پاڵپشتیکردنی چینە جۆربەجۆرەکانی گەل لە دیمەنێکی یەکگرتوودا هەیە، هیچ پاساوێک بۆ ئەو پڕوپاگەندانە نابینین کە ئەوپەڕی زیان بە یەکێتیی عێراق دەگەیەنێت و، ئێمەش ئەوە بە دوور دەزانین گەڕانەوەی ئەم ژمارە کەمەی ئاسوورییەکان بۆ وڵاتەکەیان ببێتە مایەی دوودڵیی و مەترسی، الحسنی ١٩٥٣، ١٢٥/١–١٢٦ و الحسنی ١٩٧٨، ١٧٦/١–١٧٧ «. ئەم بەیانە لە ژمارە ٩٩ ی ١ی تشرینی یەکەمی ١٩٢٣ ڕۆژنامەی فەرمیی «الوقائع العراقیە» وە وەرگیرا بوو.

دیارە ئەمە زایەڵەی نارەزایی بەرفراوانی خەڵکی بوو بەرانبەر بە شاڵاوی گەورەی هەڵاتنی تیارییەکانی گوندەکانی تورکیا بۆ نێو خاکی ئەو

کاتەی عێراق و، بەکارهێنانیان لەلایەن دەوڵەتی داگیرکاری تورکیاوە لە ڕیزی ئەو سوپا تایبەتەی لەوان پێکهێنرا بوو و، ناوی «سوپای لیڤی»ی لێنرا بوو. وەک مێژوونووسی ناوبراو جەختی لەسەر دەکات «موسڵاوییەکان سۆزی دڵیان بەو بەیانەی «بەڕێوەبەرێتیی چاپەمەنییەکان» دانەمرکایەوە و ئەو کارەساتانەی سووک نەکردەوە کە بەسەریاندا هاتبوو، بۆیە خەریکبوون بە خۆ سازکردن و زەمینە خۆشکردن بۆ تۆڵەسەندنەوەی کوژراوانیان و داکۆکی لە خۆیان، الحسنی ١٩٧٨، ١٧٧/١». بۆیە وەزارەتی ناوخۆ ناچاربوو بروسکەیەک بۆ موتەسەڕیفییەتی موسڵ بنێرێ و، تێیدا باس لەوە بکات: « ئەو لیڤییانەی لە ڕەواندزدان ناگەڕێنەوە بۆ مسڵ و... ئەو لیڤییانەی ماونەتەوە بەم نزیکانە لە مووسڵەوە دەنێردرێن بۆ کەرکووک، هەمان س. و ل.» سەرباری ئەمەش پێ دەچوو هێشتا هەر ئاسوورییەکان لە سنووری تورکیاوە دزە بکەن بۆ موسڵ، کە ئەمە خەڵکی ئەو شارەی نیگەران کردبوو، بۆیە شا فەیسەڵ لە ١٩٢٣/١١/٧ دا ڕووی لەوێ کرد و، پاش لێکۆڵینەوەی بارودۆخەکە بروسکەیەکی بەم دەقە بۆ «محسن السعدون»ی سەرۆکی وەزیران نارد: «دڵی موسڵاوییەکان پڕە لە ڕق و تووڕەیی و، مەسەلەی ئاسوورییەکان زۆر ئاڵۆزە و، ئاگری ژێرخۆڵەمێشە. بۆیە من گەشتەکەی خۆم دواخست تا مەسەلەکەیان بە تەواوی چارەسەر بکرێ، ئەویش بە گواستنەوەی لیڤی لە موسڵ و، من سوورم لەسەر گۆڕینی شوێن – یان پایە – یان، چونکە وا من وێرانییەکە بە چاوی خۆم دەبینم. بەڵای هەرە مەزنیش ئەوەیە کە ئەم سەربازانە لەژێر سەرکردایەتیی ئەفسەرە بەریتانییەکاندان. خۆ ئەگەر بڕیار بێت شتێک ڕووبدات، ئایا شانشینی – مەبەستی شانشینیی عێراقە – دەتوانێت خوێنی بەریتانییەکان و، بەتایبەت ئەفسەرانیان، بگرێتە ئەستۆ (ه. س، ٧–١٧٨).

ئەم بەشە لە چاپەکەی ساڵی ١٩٥٣ دا نەبوو. دەرەنجامی ئەمەش حکومەت لە ١٩٢٣/١٠/١٥دا بەیانێکی دەرکرد و، ڕایگەیاند کە: «حکومەتی عێراق بڕیاریدا ڕێگە نەدات بە هیچ کەسێک، هەر کەسێک بێت، بێتە نێو خاکی عێراقەوە، ئەگەر پێشتر ڕەزامەندیی حکومەتی وەرنەگرتبێ. حکومەتیش مۆڵەتی هاتنە ناوەوە بە کەس نادات، مەگەر پاش لێکۆڵینەوە و تاوتوێکردنی هەر داخوازییەکی لەو جۆرە، هەریەکە و بەشێوەیەکی تایبەت، ١٩٥٣، ١٢٦/١ و ١٩٧٨، ١/ ١٧٨». بەڵام سەرنج دەدرێت کە نامەکەی شا فەیسەڵ بۆ سەعدوون، ئەگەر هەڵەیەک لە بەرواری نوسینیدا نەبێ، نزیکەی ٢٣ ڕۆژ پاش دەرچوونی ئەم بەیانەی حکومەت نێردراوە بۆیە نابێ ئەم بەیاننامەیە دەرەنجامی ئەو داخوازییە بێت.

لە ئەسڵی بابەتی پەیوەست بە «کارەساتەکەی کەرکووک»ەوە، هەمان نوسەر لە لاپەڕەکانی « ١٩٨ تا ٢٠٣ ی چاپەکەی ساڵی ١٩٧٨، ١٤١ تا ١٤٦ ی چاپەکەی ١٩٥٣»ی تەرخانکردووە بۆ ئەم مەسەلەیە لەژێر سەردێڕی « اقتتال فی کرکوک – کوشتارێک لە کەرکووکدا» کە پوختەکەی لە چەند دێڕی داهاتوودا دەخەینە ڕوو.

پاش ئەوەی کارەساتە گەورەکەی کەرکووک بە دەرەنجامی پشتگوێ خستنی حکومەتی عێراق ئەرکی یاسایی خۆی بە سزادانی تیارییەکانی موسڵ دەزانێ، بەرانبەر بەو تاوانەی لە بازاڕی « العتمە «ی موسڵدا پێی هەڵسان، مێژوونووسی ناودار و خاوەن خامەی خاوێنی عێراق لە کتێبی (تاریخ الوزارات العراقیە)دا بەرپابوونی ڕووداوەکە دەگێڕێتەوە بۆئەوەی چەند کەسێکی سەر بە سوپای لیڤی، کە لە بازاڕی گەورەی کەرکووکدا بە کڕینی پێویستی خەریک دەبن دەمەقاڵێ لە نێوان ئەوان و یەک هاوڵاتیدا ڕوودەدات دەبێتە مایەی شەڕ و، یەکێک لە سەربازەکان بریندار دەبێت و، ئەوانی دیکە هەڵدێن بۆ سەربازگەکەیان

و پەنا بۆ هاوڕێیانیان دەبەن. پاش ماوەیەک بە کەرەستەی کوشتن و وێرانکردنەوە دێن و تەقە لە هەرکەسێک دەکەن کە لە جادەدا دەیانبینن. دوو پۆلیس هەوڵیاندا ڕێگە لە شەڕنانەوە بگرن، سەربازانی لیڤی کوشتیانن، پاش ئەوە (موراد بەگ)ی بەڕێوەبەری پۆلیسی کەرکووک، لەسەر داخوازیی ئەفسەری پۆلیسی بەریتانی، بڕیاریدا هێزەکانی پۆلیس لە مەرکەزەکانی خۆیاندا بمێننەوە و دەرنەچن. بۆیە خەڵکی ناچاربوون داکۆکی لە خۆیان بکەن. ژمارەی کوژراوەکان گەیشتە (٥٦) کەس و (٤)یش بریندار بوون.

پاشان ئاماژە بۆ ئەوە دەکات کە بۆ ڕۆژی دواتر، کە عەشیرەتەکانی دەوروبەری کەرکووک بە ڕووداوەکە دەزانن، خۆیان بۆ تۆڵەکردنەوە ئامادە کرد و، پۆل پۆل ڕوویان لە کەرکووک کرد. بەڵام نێردراوی باڵای بەریتانیا دەستپێشخەریی کرد و، پێش گەیشتنی ئەوان، ئاسوورییەکانی بەرەو «چەمچەماڵ»ی نێوان «سلێمانی» و «کەرکووک» گواستبۆوە. هەروەها ئەو بەیاننامەیەی (ە.دۆبس)ی نوێنەری باڵای ئینگلیزیش بڵاودەکاتەوە کە خەمباریی خۆی لەبارەی ئەو کارەساتەوە دەردەبڕێت و، بەڵێنی ئەوەشی تێدا دەدات کە دەستبەجێ ئەفسەرە بەریتانییەکان، دەست بە لێکۆڵینەوە لەو ڕووداوانە بکەن و، هەرکەسێکی ئەو لیڤییانە ئۆباڵی بخرێتە ئەستۆ بە توندی سزا بدرێت و زیانلێکەوتووان قەرەبوو بکرێنەوە.

ئەم گێڕانەوەیە باس لەوەش دەکا کە موتەسەڕیفی پێشووتری کەرکووک (فەتاح پاشا) بوو، کە نوێنەری باڵا لایبرد و، عەبدولمەجید یەعقووبیی سەرۆکی شارەوانیی کەرکووکی لە شوێنیدا دامەزراند. لەبارەی ئەو پارەیەشەوە کە درابووە (عبداللە صافی)ی برای عەبدولمەجید یەعقووبی بۆ دابەشکردنی بەسەر زیانلێکەوتووانی کارەساتەکەدا، ئەم سەرچاوەیە بە (٢٠٠٠٠٠) دووسەد هەزار ڕووپیە باسی دەکات و، دەشڵێت تەنها نیوەی بۆ بەشێکیان خەرجکراوە، واتە سەد هەزار ڕووپیەی خوراودووە. هەروەها دەقی بەیاننامەی حکومەتی عێراقیش، کە بەناوی (مديرية المطبوعات)ەوە بڵاوکردەوە و، کە هەوڵی شاردنەوەی ڕاستییەکانی تێدا بە ڕوونی دەبینرێت. هەروەها لە «ڕاپۆرتی تایبەتی بەریتانییەکانیشەوە ئەم پەرەگرافە دەگوازێتەوە« لە ڕووداوەکەی کەرکووکدا ژمارەیەک لە مسوڵمانان لەلایەن دوو پەل - حظيرة – ی تیارییەکانەوە کوژران، کە بەناو شاردا ڕۆیشتن و تەقەیان لە هەرکەسێک دەکرد کە ئەوان بیانبینیایە«. بە بەڵگەشەوە ئەم مێژوونووسە ئۆباڵی ڕووداوەکان دەخاتە ئەستۆی حکومەتی ئەو سەردەمەی عێراقەوە و، جەخت لەسەر ئەوەش دەکات کە داوەری کردنی بەرپرسانی ئەو کارەساتە هەر ڕواڵەت بوو، نەک ڕاستەقینە.

کتێبی (یاداشتی خانەقا: یاداشت و شیعر)ی خوالێخۆشبوو «شێخ ڕەئووف خانەقا»، دووەمین سەرچاوەی ئەم باسەیە. گرنگیی گێڕانەوەی ئەم پیاوە لەوەدایە کە خۆی یەکێک بووە لە شایەتحاڵەکان و، ئەوەی دەیگێڕێتەوە بە چاوی خۆی بینیونی، بۆیە پوختەی تەواوی دەگێڕمەوە و، جیاوازییەکانی گێڕانەوەی سەرچاوەکان، بۆ ئەمانەت، دەخەمە ڕوو. شێخ ڕەئووف لەژێر ناونیشانی دوورودرێژی «شەڕی ئاسوورییەکان لە کەرکووک کوژرانی ئەهالی لە تەرەف ئاسوورییەکانەوە و، سوتان وتاڵانکردنی بازاڕی کەرکووک»دا و، لە لاپەڕە ٤٣ وە تا نزیکەی کۆتایی لاپەڕە ٥٠ درێژە بەم باسە دەدات. بۆ ئەوەی بە ئەمانەتەوە گێڕانەوەکە بخەمە ڕوو ناچارم پەرەگرافی زۆری لێوەربگرم. بە گوتنی « لەبیرم چوو بوو کە وەقعەی ئاشووری لە کەرکووک لە جێگای خۆیدا بەیان بکەم. ئەوا لێرەدا ئەوەی بە چاوی خۆم دیتم، دەرجی – لە کتێبەکەدا بە

هەڵە نوسراوی دەرەجی – ئەکەم»، ل٤٣. پاش دەستنیشانکردنی رۆژەکە، کە ١٩٢٤/٥/٤ ە و، چۆنێتیی هاتنی لە گوندی « فەرقان «ەوە بۆ کەرکوک لەگەڵ هاوڕێی دیکەی بەرەبەیانی ئەو رۆژە، بە مەبەستی کارئاسانی بۆ هاوڕێیەکەی و، گەیشتنی بە خانەقای سەید ئەحمەد، کە خاڵی نوسەر بوو، پێش هەڵاتنی رۆژ. باس لەوە دەکات چۆن ڕوویان کردۆتە ماڵی مەلا قادری مودیری ئەو سەردەمەی ئەوقافی کەرکووک لە گەڕەکی ئیمام قاسمدا و، چۆن پێش ئەوەی بگەنە ئەوێ ڕووبەڕووی دۆستێکی خۆی، لە نزیکی ماڵی خودی شێخ ڕەئووف لە گەڕەکی بولاقی ناو کەرکووکدا بوونەتەوە و، ناچاری کردوون لابدەنە ماڵیان و، وێڕای ئەوەی بە ڕۆژووش بوون، ناچاری کردوون ڕۆژووەکەیان لە ماڵی ئەودا بشکێنن. لێرەشەوە، کە وردیی گێڕانەوەی ڕووداوەکان بەڵگەی ڕاستییانن، دێتە سەر ئەوەی: « هێشتا نانەکەمان تەواو نەکردبوو، لە پڕێکا لە جیهەتی بازاڕەوە و لە محەللەی قەڵاوە تەقەی تفەنگ پەیدا بوو. تەقە و دەستڕیژ هەتا ئەهات لە زیادی بوو. لە هەرکەسێکمان ئەپرسی، ئەویش وەکو ئێمە لە حەقیقەتی حاڵ بێ خەبەر بوو. ئەوەندەی پێ نەچوو هێرشی زەلام لە بازاڕەوە هاتن و، خەبەری حەقیقەیاندا کە ئاسوورییەکان هوجوومیان کردووەتە ناو بازاڕ و ناو شار و، لاعەلاتەعین خەڵق ئەکوژن.

لەم ئانەدا من و شێخ قادر و محەمەدی عەلی عەجەم چووبووینە سەربان بۆئەوەی بزانین مەرکەزی تەقەکە و شەڕەکە لە کوێیە! وەقتێ تەماشامان کرد لە جیهەتی بازاڕەوە دووکەڵ پەیدا بوو و، خەبەریان هێنا کە ئاسوورییەکان ئاگریان لە بازاڕ بەردا، خانەقا ٤٤/٢٠١٣»، لەمەودوا تا کۆتایی سوودوەرگرتن لەم سەرچاوەیە و، بە مەبەستی کورتکردنەوە، تەنها ئاماژە بۆ ژمارەی لاپەڕەکان دەکەم.

پێشتر شێخ ڕەئووف باسی لەوە کردبوو کە بەهۆی ئەوەوە قەدەغە بوو تفەنگ ببرێ بۆ نێو شار، بۆیە تفەنگەکەی خۆی و خزمەتکارەکەی لە «خان – ئوتێلی سەردەمی خۆی و جێی حەوانەوەی ئاژەڵ» ێکدا لەسەر ڕێگای هاتنە ناوەوەی شاردا دانابوو. چوونیشی بۆ خانەقا مەحاڵ بوو، کە بە نیسبەت شوێنەکەی ئەمەوە دەکەوتە ئەوبەری چەمی خاسەوە و، بە گوتەی خۆیشی «ئاشوورییەکان هەموو خانووە بەرزەکانی سەربان و قەلعەیان ئیستیلا کردبوو و، موسەللەت بوون بەسەر هەموو شارەکەدا»، ل٤٥. بە یارمەتیی ماڵە ئاشنایەکی توانی ماینێ پەیدا بکات و بچێتە هەردوو تفەنگەکە لە خانەکەوە بێنێتەوە، کە «لەو ئانەدا سێ چوار تەیارەی ئینگلیز زۆر نزم بەسەر شارا ئەسووڕانەوە «، ل٤٥. پاش هێنانەوەی تفەنگەکان، دەبوو شێخ ڕەئووف مشووری پەیدا کردنی فیشەک بخوات، چونکە، خۆی گوتەنی: «خەزینەی فیشەکم لە خانەقا بوو «، ٤٥. بە یارمەتیی ناسیاوێکی ١٥٠ سەد و پەنجا فیشەکی بۆ پەیدا کرا و «بەتەواوی بووم بە موسەللەح، ئیتر بە پێویستم زانی کە موقاوەمەتی ئەم غەدرە بکەم و، ئەمویست لە جێگایەکی بەرزەوە لەگەڵ ئاشوورییەکانی قەڵا موقابەلە بکەم. بۆ ئەم خوسووسە سەربانی مزگەوتی حاجی ئەحمەد ئاغام بە موناسیب زانی»، ل٤٦.

پاش ئەوەی ئەم و دوو کەسی دیکە لەو شوێنەوە دەستدەکەنە تەقە لە هێرشکارەکان، ئەوان بە خەستی دەستڕێژ لەمان بەتایبەت و، سەرجەمی گەڕەکەکە دەکەن، کە دەبێتە مایەی پێکران و شەهیدبوونی چەند هاوولاتییەک. پاش ئەوە کۆششی خۆگەیاندنی پڕ مەترسیی، لەگەڵ شێرە پیاوێکی برادەری بۆ خانەقا و، کۆکردنەوەی خەڵکی گوندەکانی ژێر دەسەڵاتی خۆی بۆ داکۆکی کردن لە خانەقا و، کۆبوونەوەی «نزیکەی ٢٠٠ نەفەری موسەللەح «لەوێ بۆ ئەو مەبەستە

دەکات. پوختەی کۆتایی سەرجەمی ڕووداوەکانی پاش ئەمەش بەم شێوەیە دەگێڕێتەوە: « لەم حادیسەیەدا لە تەڕەف ئاسوورییەکانەوە غەدرێکی بێ مەعنا لە کەرکووک کرا و، نزیکەی ٤٥ — ٥٠ نەفەرێک کوژرا و زۆرکەس بریندارکران و، بێجگە لەمەش بازاڕی کەرکووک بەشێکی زۆری سووتا، لە تەڕەف عەشائیریشەوە تالان و یەغما کرا!.

شەوی پاش حادیسەکە و ڕۆژی دوایی لە تەڕەف ئەشراف و عولەما و توجار و سائیرەوە، چەند ئیجتیماعێک کرا!، بەڵام بە سوورەتێکی موتەفەرریق و غایە لەم ئیجتیماعانە ئەوە بوو کە بۆ ئینتیقام حەرەکەتێک بکەین!.

لەم ئیجتیماعانە هی هەرە گەورەی ئەوە بوو کە ڕۆژی پاش حادیسەکە چێشتەنگاو، لە ماڵی حسێن بەگی نەفتچی کۆبووینەوە و، یەکێ لە ئەعیانی ئیجتیماع من بووم. زۆر بە دووروودرێژی قسە کرا و زۆر ئەشخاس زۆر بە حەماسەوە تەرەفداری ئەوە بوون کە هەرچی موسەللەح لە«م» شارەدا هەیە، لەگەڵ ئەو عەشائیرەی کە تەقریبەن لە (٤٥٠٠- ٥٠٠٠) نەفەر زیاتر بوون، عومووم‌ەن هوجووم بکەین بۆ سەر ئاسوورییەکان و ئینتیقامی خۆمان وەرگرین و، من زۆر موتەحەمیس بووم بۆ ئەم خوسووسە!. بەڵام هیچ نەکرا. لەلایەکەوە بێ غیرەتی ئەهالی کەرکووک و لەلایەکی ترەوە فەعالییەت و دیعایەی عائیلەی یەعقووبی، یەعنی عەبدوڵڵا سافی و عەبدولمەجید یەعقووبی و بەعزێ ئەتباعیان کە عائیدی ئینگلیز بوون و مورەویجی سیاسی ئینگلیز بوون، مانیع بوون کە هیچ حەرەکەتێکی ئینتیقامی نەکرێ و، ئاسوورییەکان لە پێش چاومان بە سەلامەتی لە شار چوونە دەرەوە بۆ سلێمانی.

هەرچەند بەغیرەتی سەیید محەمەدی جەباری لە تەڕەف عەشیرەتی جەباری و بەعزێ ئەهالی دێهاتی قەرەحەسەنەوە لە نزیک گوندی «با بڵاغ» ڕێگا بە ئاسوورییەکان گیرا بە ئاسوورییەکان گیرا و، بەعزێ شەڕیان لەگەڵ کرا، بەڵام هیچ فائیدەی نەبوو، دیسانەوە چەند کەسێکی تریش لە جەباری و قەرەحەسەن کوژران و، ئەم حەرەکەتەش بوو بە سەبەبی زەرەرێکی تر بۆ وڵاتەکە!.

ئەم شەڕە تەنها بوو بە خێر بۆ عائیلەی یەعقووبی و لە ئیعتیباریی ئەو ڕۆژەوە بە ڕاستی بوونە پیاوماقووڵی ئینگلیز و بوون بە ساحێب سەروەت و حورمەت!. یەعنی لە پاش ئەم حادیسە عەبدولمەجید یەعقووبی کرا بە موتەسەڕڕیفی کەرکووک و عەبدوڵڵا سافی برای، کە زۆر دەستکورت پەریشان بوو (٧٥٠٠٠) حەفتاو پێنج هەزار ڕوپییەی لە تەڕەف حوکومەتەوە تەسلیمکرا بۆئەوەی تەوزیعی بکا بە سەر زەرەرمەندەکانا و بەسەر پیاوکوژراوەکانا، وەلحاڵ ئەم پارەی بۆ خۆی خوارد و بە پڕپاگەندە و تەهدیدی خەڵق موەففەق بوون بە تەسکینی شارەکە و، لە تەڕەف حوکومەتیشەوە تەقدیرکران، ل٤٩ و ٥٠ «. لێرەدا گێڕانەوەکەی شێخ ڕەئووف خانەقا کۆتایی هات.

**خاڵی هاوبەش و جیاوازییەکانی گێڕانەوەکان:**

سەرچاوەکەی دیکەی گێڕانەوەی ئەم ڕووداوانە (نجدت کوپراوغلو)ە لە هەردوو کتێبی (صفحات من تاريخ كركوك/ مجزره كركوك عام ١٩٢٤ ، ص٣٨١ إلى ٣٩٤) و (الأوائل في كركوك/ أول مجزره رهيبه في كركوك،ص ١٣٥ و ١٣٦ ) دا. ئەم نوسەرە هاوبۆچوونە لەوەی کە لە ٤ی ئایاری ١٩٢٤ دا ڕوویداوە، بەڵام کە باسی خەڵکی کەرکووکی ژێر دەستدرێژی دەکات، تەنها بە «تورکمان» ناوی دەبات. لە (الحسني)یەوە سەرجەمی زانیارییەکان دەگوازێتەوە و، پێدەچێ هیچ سەرچاوەیەکی دیکەی نەبێ، بەڵام ئاماژە بۆ هیچ یەکێک لەو زانیارییانەی (الحسني) ناکات کە جەخت لەسەر ئەوە دەکەن ئەو ئاسوورییانە لە موسڵەوە هێنراون و، ڕای گشتیش ئەوەیە کە بەلای کەمەوە، بەشی هەرە زۆریان هەڵاتووی

ئەو چەوساندنەوە گەورەیەن کە تورکیای کەمالی بەسەریانەوە سەپاندوویەتی. تەنانەت لە پەناوە هەوڵی ئەوەش دەدات کە ئۆباڵەکە نەکەوێتە ئەستۆی ئینگلیزەوە.

**بەراوردی گێڕانەوەکان و بۆچوونی من:**

پێویستە پێش چوونە نێو بەراوردەکەوە باس لەوە بکرێت کە بۆچوونێکی دیکە، لە یادەوەریی پێشینانی خەڵکی ئێستای کەرکووکەوە لەبارەی چۆنێتیی دەستپێکردنی ئەو کارەساتەوە هەیە، ئەویش گوایە دوان لە سەربازانی سوپای لیڤی سەرخۆش دەبن و دەچنە حەمام – گەرماو– ی شیفا، کە گەرماوێکی تایبەتی پیاوان بوو لە نزیکی شوێنی ڕووداوەکەوە، یان «جووت حەمام»ە، کە پتر هی ژنان بوون و ڕێک لە بن قەڵا بەرانبەر مزگەوتی «نائب»ی ئێستا، واتە دەروازەی «بازاڕی حەسیر» بوون، ڕووداوەکە دەستپێدەکات. ئەوەی گەرماوی شیفا بەڕێز «هاشم کاکەیی»ی نووسەر لە گەورەکانی خێزانەکەیانەوە دەیگێڕێتەوە، ئەوەی «جووت حەمام «یش بەڕێز «شێخ حوسێن بەرزنجی»ی شاعیر لە ئەوانەی پێش خۆیەوە دەیگێڕێەوە. بەڕێز « شێخ محمد شێخ عبدالرحمان/ی شۆرجە «ش، کە نەوەی سابیری/ ی شاعیرە و، خاڵۆزای « شێخ حوسێن بەرزنجی «یە، هەر باس لە «جووت حەمام» دەکات و، زانیارییەکانی لە «شێخ صدیقی شێخ قادری ئۆسمان لەکە«وە دەگێڕێتەوە. باوکی ئەو شێخ صدیقە، واتە «شێخ قادری شێخ ڕەزای ئۆسمان لەکە«، یەکێک بوو لە قوربانیانی ئەو کارەساتە و گوللە بەرشانی کەوتبوو.

تێکڕای سەرچاوەکان، سەرەڕای جیاوازییان، سەرەتای ڕووداوەکە بۆ ڕەفتاری نابەجێی دوو سەربازی سەر بە سوپای لیڤی دەگێڕنەوە. شەنوکەو کردنی گێڕانەوەکان ئەو قەناعەتەی لا دروست کردووم کە گێڕانەوەی (الحسنی) بەڵگەدار، بێلایەنانە و باوەڕپێکراوترە لە ڕووی دەرخستنی هۆکار و زەمینەی ڕووداوەکان، بەڵام بە هەر هۆیەک بووبێت، ناچاربووە، بۆ گێڕانەوەی هۆکاری ڕاستەقینەی هەڵگیرسانی کارەساتەکە هەمان بۆچوونی فەرمیی «بەڕێوەبەرێتیی چاپەمەنییەکان»ی سەر بە حکومەتی عێراق بگوازێتەوە. بەندە پێموایە ئەم بۆچوونە ڕاست نییە و، ڕێگەشی تێناچێ لەسەر کڕین و فرۆشتنی شت لە دوکانێکدا دەمەقاڵەیەکی ئاوەها ڕوو‌بدات کە ببێتە مایەی شەڕ و بریندارکردن. بۆیە لەم ڕووەوە گونجاوترین گێڕانەوە، بە بۆچوونی من ئەوەی شێخ حسەینە، چونکە پێوایە دەکرا، ئەگەر ئەو دوو لیڤییە، بە سەرخۆشیش ڕوویان کردبایەتە حەمامی پیاوان، نەبایەتە مایەی پێکدادان، بەڵام ڕووکردن لە حەمامی ژنان، بەپێی نەریتی ئێمە کارێکی ئێجگار قورسە و، دەبوو دەسبەجێ سنووری بۆ دابنرێت و، لەوێوە ئەم ئاگرە دەستپێکرد.

لە گێڕانەوە خەڵکی کەرکووکدا باس لەوەش دەکرێت کە پاڵەوان و بزوێنەری بەرگری لەو ڕەفتارە ناشیرینانەی دوو لیڤییەکە (عەلی بەستێ) بووە و، پیاوێکی تورکمانیش، بەداخەوە کەس ناوی نەزانی، ئازایانە پاڵپشتیی لێکردووە و، ئەو کەسانەش کە لەو دەوروبەرەدا بوون ئازایانە هاتوونەتە مەیدانەوە. پێدەچێ بنکەی سوپای لیڤی، کە لە بناغەدا لە شاری موسڵەوە گوێزرابوونەوە بۆ کەرکووک، لەو نزیکانە بووبێ. بۆیە هەم شوێنە بەرزەکانی قەڵاشیان گرتووە و، هەم ڕاستەوخۆ ڕوویان کردۆتە شوێنی ڕووداوەکە و، بەهۆی هەستیاریی شوێنەکەوە – گەرماوی ژنان –، و بوونی هێزی لیڤی، کە سوپایەکی تایبەت بوون و، لەلایەن ئەفسەرانی بەریتانیاوە مەشق پێدرابوون و، بە چەکی باشیش چەکدار کرابوون، ئەوا ئاسایی بووە ئەو کارەساتەی لێ

بکەویتەوە و، نزیکەی شەست کەس، لە نێوان کوژراو و بریندار، کە نزیکەی پەنجا و پێنجیان کوژراو بوون، ببنە قوربانی. (الحسنی)، بە ڕوونی و بەجێ ئۆباڵی سەرجەمی ڕووداوەکان، بەوەی ١٥ی ئابی ١٩٢٣ی موسڵیشەوەی خستۆتە ئەستۆی ئینگلیزەوە. دەکرا لەڕووی هاوسۆزییەوە ڕێگە بە تیاری – ئاسووری –یەکان، کە بەهۆی چەوسانەوە لە تورکیاوە هەڵاتبوون، شوێن و هەلومەرجی گونجاوی ژیانیان بۆ دابین بکرێت و، هەوڵی ئەوەش بدرێت ڕابهێنرێن بۆ ئەوەی تێکەڵ بە کۆمەڵ بکرێن. بەڵام هێنانیان بۆ نێو شارەکان، پێکهێنانی سوپایەکی داگیرکەر لەلایەن نێرینەکانییەوە، مەشقپێکردنی سەربازیی پێشکەوتوو، بە پێوەرەکانی ئەو سەردەمە و، چەکدارکردنیان بەو چەکە قورسانە، سەرجەمی ئەم لایەنانە، بەبوونی زەمینەی ئەوەی ئەوان لە بناغەدا خەڵکانێکی چەوساوە، داخلەدڵ و هەست برینداربوون و، تەنانەت ڕقیش کوێری کردبوون، ئاساییە کارەساتی ئاوەهای لێ بکەوێتەوە. حکومەتی ئەو سەردەمەی عێراقیش، لاواز و پاشکۆی تەواوی سیاسەتەکانی ئینگلیز بوو، بۆیە لەڕاستیدا نەیدەتوانی هەڵوێستی گونجاوی هەبێت و، لە هیچ جمگێکی ئاوەها گرنگدا کاریگەر بێت.

لەو سەردەمانەدا ململانێیەکانی یەکلاکردنەوەی کێشەی ویلایەتی موسڵ لە ئەوپەڕی گەرمییدا بوو. تورکیای کەمالی هەموو توانایەکی خستبووە گەڕ بۆ بردنەوەی ئەو سەودایە لە «کۆمەڵەی نەتەوەکان Nations League »و، بۆ ئەو مەبەستەش پەنای بۆ هەرشتێک دەبرد و، تا دەهاتیش زیاتر بۆی ڕوون دەبووەوە کە دۆڕاندنی لەو سەودایەدا خەریکە بە تەواوی دەبێتە ڕاستی. ڕەنگە لە لێکدانەوەی خۆیشیدا تیاری – ئاسووری–یەکان، کە دیان – مەسیحی – بوون و، ئایینی فەرمیی دەوڵەتی بەریتانیاش هەر مەسیحی بوو، ئەوا ئەوانی بە بنکەیەکی ئینگلیز لە تورکیادا زانیبێت. بۆیە بە ئەوپەڕی دڕندەییەوە دەیچەوساندنەوە. هەمان شتی دژی سەرجەمی پێکهاتەکانی ناتورک، بە کوردیشەوە، پەیڕەو دەکرد و، پێشتریش لە دەوڵەتی عوسمانیدا هەبوو. دوور نییە ئینگلیزیش لەلایەن خۆیانەوە، بۆ بەرپەرچدانەوەی سیاسەتی دڕندانەی کەمالییەکان، بەڵام بۆ بەرژەوەندیی سیاسی، سەربازی، پڕوپاگەندە و بەهێزکردنی پایەکانی دژایەتی تورکیا لە عێراقدا، هەوڵیاندابێ ئەم توێژە چەکدار بکەن و، پتریش لە ئاسایی نازیان بکێشن. هەر لەم بوارەدا بوونی تورکمان لە عێراقدا، کە ئینگلیز بە درێژەپێدەری تورکیای لە عێراقدا دەزانین، مێژووش سەلماندی ئەوە ڕاستە و، کاریگەری گەورەی پڕوپاگەندەی تورکیا کە ئینگلیز کافرن لە عێراقدا، وەک لە نارەزاییەکانی سەرجەمی شارەکانی عێراقدا دەرکەوت، تێکڕای ئەمانە ئەو ڕاستییە پشتڕاست دەکەنەوە کە تەشەنەکردنی سەرجەمی دیاردە خراپەکانی ناکۆکی، لە جەوهەریدا، بۆ ئەو ململانێیەی بەژەوەندییەکانی ئینگلیز و تورک دەگەڕێتەوە. لێرەشەوە تەنانەت ناوبردنی ئەو ڕەفتارە نابەجێیەی سەربازانی سوپای لیڤی بە « دەستدرێژیی ئاسوورییەکان »، بە ڕەنگدانەوەیەکی مەبەستداری پڕوپاگەندە و دەستوپێوەندی تورکیا لە عێراقدا دەزانم.

(الحسنی)، کە متمانەپێکراو و بەڵگەدارترین سەرچاوەی گێڕانەوەی بێ پەردەی زەمینە گشتییەکانی کارەساتی ٤ی ئایاری ١٩٢٤/، ئەو ڕاستییە بەتەواوی دەسەلمێنێ کە دیان – مەسیحی – ی کەرکوک، نەک تەنها دەستیان لە هیچ بەشۆکەیەکی ئەم ڕووداوەشدا نەبووە، بەڵکو خۆشیان هەر لەژێر ئاگری لیڤییەکانی سەر قەڵای کەرکووک بوون. لەو سەردەمەدا لە قەڵادا غەیری مسوڵمانی کورد و تورکمان، جوولەکە و مەسیحیش هەبوون. ئەمانە بە « گاوری قەڵا – بە تورکمانی، قلعە گاوری »ناسرابوون. زۆرم

کنە و پشکنین کردن بۆئەوەی ئایا لە یادەوەریی مەسیحییەکاندا، کە ئێستا تەنها ئەوان ماونەتەوە و، هەرئەوانیش لە تێگەیشتنی گشتییەکەی «هێرشی ئاسوورییەکان بۆ سەر کەرکووکییەکان»دا دەکرێ واتێبگەین کە ئۆباڵی ئەو کارەساتەیان دەخرێتە ئەستۆ. بەڵام لە یادەوەریی سەرجەمی ئەوانەدا سووسەم کرد، نەک هیچ هاوسۆزییەک بۆ دەستدرێژکارەکان نییە، بەڵکو بەتەواوی بە کارەساتێکی نامۆ و دزێوی دەزانن. لە یەکێک لە کەناڵەکانی تەلەفزیۆن، پێموایە کەناڵی کەرکووک بوو، لە گەرمەی شەڕی داعش دژی خەڵکی عێراقدا، پێموایە ساڵی ٢٠١٦ بوو، مەترانی کەرکووک بە شانوباڵی برایەتیی مێژوویی پێکهاتەکانی کەرکووکدا هات و بە نموونەیەکی گەشی ئەم شارەی زانی. یەکێک لەو کەسانەی ڕەتیکردەوە هیچ جۆرە ململانێیەکی ئایینی لە مێژووی کەرکووکدا هەبووبێ خاتوو « پەروین یووسف ئەڵلاوێردی، لەدایکبووی ١٩٥٤ «یە. ئەم خانمە لە مەسیحییەکانی قەڵای کەرکووکە و، «ئەڵلاوێردی»ی باپیری یەکێک بوو لە کەسایەتییە دیار و خۆشەویستەکانی شار و، ئەگەر هەڵەشم نەکردبێ دانەری یەکەمین دەرمانخانەیە لە کەرکووک. هەروەها چەندین کاکەییش، کە باوک و باپیرانیان لە کەرکووک بوون، هەمان بۆچوونیان هەیە، لەوانەش نوسەر نەوزاد محەمەد کاکەیی، هاشم کاکەیی. جگە لەمانەش چاوم بە چەندین مسوڵمانی شارەکە کەوتووە، کە لە شوێنی خۆیدا ئاماژەم بۆ ناوەکانیان کردووە و، کەسانی دیکەش کە زانیاریی ئەوتۆیان لا نەبوو.

**نموونەیەکی ئێجگار پرشنگداری لێبوردەیی ئایینی لە کەرکووکدا:**

ئەمەی لێرەدا تۆماری دەکەم لە بەڕێز «شێرزاد ئەحمەد محەمەد تاڵەبانی «یەوە بیستوومە و، بەدەستخەتی خۆشی لام پارێزراوە. ناوبراو ئێستا هاووڵاتیی ئەمریکی و ئەفسەرێک خانەنشینی ئەو وڵاتەیە و، نەوەی ئەو کەسەشە کە خاوەنی ئەم باسەی ئێرەیە. چونکە ئەمەم پێشتر بڵاوکردۆتەوە، وا لێرەدا دەقە کۆنەکەی سەرلەنوێ بڵاو دەکەمەوە و، ئاماژەش بۆ ناوی ئەو سەرچاوەیە دەکەم. «لە کەرکووکدا، لە چلەکانی سەدەی ڕابوردوودا حاجی حەمە صاڵح» ناوێکی ناسراو بە «حاجی خورما» خانێکی لە بازاڕی گەورەی کەرکووک لە «شلیمۆن «ناوێکی جوولەکە گرتبوو. ئەم پیاوە لە کۆتایی چلەکاندا لە عێراق دەرکرا بۆ ئیسرائیل و، تەنها دەتوانێ جانتایەک لەگەڵ خۆی ببات. بەڵام فریای ئەوە دەکەوێت پێش ڕۆیشتنی شتەکانی – موڵکەکانی- بە ئەمانەت بە «حاجی خورما» بسپێرێ. لەو سەردەمەدا ئەوانەی دەچوون بۆ حەج دەیانتوانی سەردانی شاری قودسیش بکەن. حاجی خورما هەواڵی «شلیمۆن»ی زانی کە لە قودسە و، ئەوە بوو لەوماوەیەدا هەرچی پێی بکرایە لە سامانەکەی شلیمۆن پێی ساغ بکرێتەوە، کە ساڵانە دەچووە حەج، لە ڕێگەی خۆیدا بۆ قودس دەیدایە. ئەم وەزعە تا ساڵی ١٩٦٣ بەردەوام بوو، کە ئیدی بەتەواوی ڕێگەی قودسیش قەدەغە کرا، قەرەداغی ٢٠١٤، ٩٣».

# سەرچاوەکان


عبدالرزاق الحسني: تاريخ الوزارات العراقية – في العهد الملكي –، مطبعة العرفان، صيدا، لبنان، الطبعة الثانية. الجزء الأول، ١٩٥٣.

عبدالرزاق الحسني: تاريخ الوزارات العراقية – في العهد الملكي –، منشورات مطبعة دار الكتب، بيروت، الطبعة الخامسة الموسعة والمزيدة ، ١٩٧٨. ( چاپی پێشووی ئەم کتێبەم کردە بناغە، بەڵام لەبەرئەوەی ئەم چاپەیان زانیاری ئێجگار زۆر گرنگی زیاتری تێدا بوو، نەمتوانی دەستبەرداری ببم. بۆ ئەمانەتیش ناچار بووم هەر ئاماژە بۆ دووەمین چاپی ئەم کتێبە بکە مکە سوودم لێوەرگرتبوو).

شێخ ڕەئووف خانەقا: یادگاری خانەقا: یاداشت و شیعر، ئامادەکردنی بۆ چاپ: ڕەئووف شێخ مەلیک خانەقا، پێداچوونەوەی: جەمال عەبدول، چاپی دووەم «دەستکاریی تێدا کراوە»، چاپخانەی شەهید ئازاد هەورامی، کەرکووک، ٢٠١٣.

قەرەداغی عەبدوڵڵا: سیمای خۆشەویستیی صۆفییانە و گشتاندنی، لە بابەتەکانی توێژینەوەی کۆنفرانسی زانستیی تەسەوف، بڵاوکراوەکانی کۆمەڵەی ڕووناکبیریی و کۆمەڵایەتی کەرکووک، چاپخانەی کارۆ، سلێمانی،٢٠١٤.

عەبدوڵڵا قەرەداغی: سۆفیگەری و لێبوردەیی، سەلاحەددینی ئەییووبی بە نموونە، گۆڤاری» خاڵ «، ژمارە ١٦، نیسانی ٢٠١٨.

نجات كوثر اوغلو: صفحات من تاريخ كركوك، الطبعة الثانية، دار الحكمة، لندن، ٢٠٠٥.

كوثراوغلو: الأوائل في كركوك، الطبعة الأولى، مكتبة أمير، كركوك، ٢٠١٩.

Barro, R. (1991), «Economic Growth in a Cross Section of Countries,» Quarterly Journal of Economics, CVI, 407–43.

De Dreu and Weingart, 2003, Carsten K. W. and Laurie R. University of Amsterdam, The American Psychological Association, Inc, Journal of Applied Psychology, Vol. 88, No. 4,.

Easterly, and Levine (1997), «Africas growth tragedy: Policies and Ethnic divisions,» Working Paper, World Bank.

Mauro, P. (1995),»Corruption and Growth,» Quarterly Journal of Economics, CX, 681–712.

Rosebault 1930, Charlles J, Saladdin: Prince of Chivalry, Robert M. McBride & Company, New York.

Silvestri 2016 Sara, Religion and Conflict, GSDRC Applied Knowledge Services, Professional Development Reading Packm No. 30.

Silvestri and Fba 2015m Dr Sara and Professor James Mayall, The Role of Religion in Conflict and Peace building, British for the humanities and social sciences.

Treverton, Gregg, Gibran and Yost 2005 (Gregory F., Heather S., Daniel and Charles W., Exploring Religious Conflict, Conference Proceedings, RAND National Security Research Division.



# ئاکۆ شاوەیش مەجید

لە دایکبووی 1970 گوندی هاوار/هەڵەبجە، بەکالۆریۆس لە کیمیا، دەمەتەقێی گرووپی گوڵنار لەگەڵ ئاکۆ شاوەیس هاواری (دەلیلی کاکەییەکان)

## پێکەوەژیانمان لەگەڵ ئایینەکانی تردا بەتایبەتی ئیسلام مێژوویەکی دێرینی هەیە.

**گوڵنار: سەرەتا چۆن کاکەیی دەناسێنیت؟**

ئاکۆ: کاکەیی ئایینێکی دێرینی کوردانە، ئایینێکی تەواو کوردییە، بەپێی دەقە پیرۆزەکەی (کە سەرئەنجامە) کە مێژووی پێنجسەد ساڵ لە مێژووی ئایینی یارسانە ئایینێکی ئەزەلییە، لەو رۆژەوە دنیا درووستبووە ئەو ئایینە هەبووە، خودا خۆی هەموو ئەو قۆناغانەی کە ئایینەکانی پێدا تێپەڕیوە، تا دەگاتە ئایینی شەریعەت خۆی ئەو ئایینانەی دابەزاندووە و ئەو پێغەمبەرانەی ناردووە بۆ خەڵک بۆئەوەی چاکسازبن، لە کۆتاییدا لەڕێی یەکێکی وەک (سوڵتان ئیسحاق) ەوە ئەو ئایینەی گەیاندووە بە ئێمە کە ئایینەکە کراوە بە چەند بازنەیەکەوە و پشتاوپشت بۆ ئێمە ماوەتەوە.

**گوڵنار: مەبەستت چییە کە دەڵێی ئایینێکی ئەزەلییە؟**

ئاکۆ: لە دەقە پیرۆزەکاندا واهاتووە کە ئەو ئایینە لەو رۆژەوەی دنیا درووستبووە، سەرکردەکانی ئەو ئایینە مەراسیمێکیان دروستکردووە و لەوکاتەوە ئەو ئایینە دانراوە، بەڵام لە پێش ئەو ئایینەشەوە ئایینی تر هاتوون، ئەوە ئیرادەی خوا خۆی بووە کە بە قۆناغ ئەو ئایینانەی دابەزاندووە و لە کۆتاییدا ئایینی حەقیقەت (ئایینی کاکەیی و یارسان و ئەهلی حەقیشی پێدەگوترێت) وەک ئایینێک دابەزێنراوەتە سەر زەوی.

**گوڵنار: سوڵتان ئیسحاق بۆچی لەو مێژووەوە دەستپێدەکات کە جەنابت ئاماژەت پێکرد؟**

ئاکۆ: لەبەرئەوەی سوڵتان ئیسحاق دارێژەر و بنەمادانەری ئایینی یارسان بووە، ئاشکرای کرد بۆ خەڵک لە شوێنێکدا کە لە رۆژهەڵاتی کوردستاندایە پێی دەڵێن: شێخان.

**گوڵنار: جیاوازی ناوەکانی کاکەیی و یارسان و ئەهلی حەق چین؟**

ئاکۆ: یارسان، کاکەیی، ئەهلی حەق هەرسێ ناوەکە لەناو کتێبی (سەرئەنجام)ی پیرۆزدا هاتوون، بەڵام بەشێوەیەکی گشتی لە عێراقدا عەرەبەکان بە (کاکەیی) ناوبراون، و فارسەکان بە (ئەهلی حەق) و (یارسان)یش لەناو کۆنترین دەقی ئێمەدا کە دەورەی (شاخوەشێن)ە بە نزیکەیی لە نێوان ٤٠٦ – ٤٦٧ی کۆچیدا ژیاوە دەقی ئایینی هەیە کە لەوێدا باسیکردووە کە: ئێمە یارسانمان پێدەڵێن یان یاران.

**گوڵنار: گوتت ئایینێکی کوردییە، مەبەستت لە کوردبوون چییە؟ ئایا هەموو شوێنکەوتووەکانی کوردن، یا سەرەتا پەیامەکە تەنها بۆ کوردان هاتووە؟ ئەمە پشتبەستووە بە چ بەڵگەیەک؟**

ئاکۆ: پەیامەکەی لەناو ئایینەکەوە هاتووە کە ئایینەکەش بە دیاریکراویی بۆ کورد هاتووە، ناوەندەکەی لە لوڕستان بووە و دواتر بەرەو هەورامان کشاوە و پاشتریش بەرەو شارەزوور.

**گوڵنار: لەبارەی ئەوەوە کە گوتت ئایینەکە ئایینێکی ئەزەلییە و بە دیاریکراویش بۆ کورد هاتووە، ئایا لە ئەزەلەوە کورد هەبووە و بوونی هەبووە؟**

ئاکۆ: یەکێک لە بنەماکانی ئایینی یارسان (دۆناودۆنە)، مەبەستی ئەوەیە ئەو مرۆڤانەی کە دروستکراون جیل بە جیل ڕوحەکان لەناو جەستەکاندا هاتووە، یەکێک لە بنەماکانی ئایینی یارسان ئەو (دۆناودۆنە)یە، کەوابوو ئەو پێغەمبەرانەی یا ئەو یارانەی کە لە ئایینەکانی تردا هەن لەناو ئایینەکەی ئێمەشدا هەن، بەڵام بەناوێکی تر، لەناو دەقەکاندا نوسراوە کە شەریعەت یا لە دەورەی زەردەشت کە ئەم یارانەی ئێمە لەوێدا ناویان چی بووە و ئیشیان چی بووە. بۆ نموونە یەکەم کەس کە زاتی ئیلاهی ناردوویەتی بۆ مرۆڤ ئیمامی عەلی بووە، ئیمامی عەلی ئەگەر لەبەر خۆشەویستی خودا نەبێ، ئەوا ئیمامی عەلی پیاوێکی عەرەب بووە و شمشێری بۆ ئیسلام وەشاندووە، بەڵام ئیمامی عەلی لە ئایینی کاکەییدا بە کەسێکی زۆر پیرۆز دانراوە، لەبەر

خۆشەویستی خوا پیرۆز بووە، چونکە ئیمامی عەلی ئەوەندە خۆشەویست بووە خوا زاتی خۆی ناوەتە سەرشانی، چەند کەسێکی تریش دوای ئەو هاتوون وەک: باڵۆڵی مانی، شاخوەشێنی لوڕستانی، باباناوسی سەرگەتی، دوای ئەوانیش سوڵتان ئیسحاقی بەرزنجی هاتووە، دوای ئەویش چەند کەسێکی تر هەن لە ڕۆژهەڵات کە دەگەنە یانزە خانەدان، وەک: خان ئاتەش، ئاغا سێ براکە ئەوانیش بەهەمان شێوە دەورەی خۆیان هەیە، ڕێوڕەسم و کتێبی تایبەتی خۆیانیان هەیە، بە بۆچوونی ئەوان زاتی ئیلاهی چووەتە ناو جەستەی هەر یەکێک لە ڕابەرانی ئەو تایفانەوە.

لەبارەی ئەوەشەوە کە ئایا تەنها کوردەکان پەیڕەوکار و شوێنکەوتەی ئایینەکەن (وەک ئەوەی کە گوتمان ئایینێکی کوردییە)، ئێستا ئەوانەی کە پەیڕەوی ئایینی یارسان دەکەن کورد و فارس و تورکن، لەکاتێکدا ئایینەکە بۆ کورد دابەزیوە، بەڵام ئەوانە هەریەکەیان بە پەرچوویەک نووساون بە ئایینەکەوە، بۆ نموونە تورکەکانی تەبریز بەهۆی شا برایمەوە کە کوڕەزای سوڵتان ئیسحاقە هاتوونەتە ناو ئایینەکەوە، کوڕێکی هەبووە نە زمانی هەبووە، نە بیستوویەتی، زانیویەتی کە شا برایم پەرچوو و موعجیزەی هەیە و لە بەغدا دادەنیشێ، کوڕەکەی هێناوە بۆ بەغداد، کە هێناوییەتی ناو حەوشەی پەرستگاکەی بیستن و زمانی بۆ گەڕاوەتەوە، ئەویش دەقە ئایینییەکانی ئێمەی خوێندۆتەوە و سەرئەنجامەکەی بردووە و کردوویەتی بە تورکی، لە ئێراندا بە زمانی تورکیی و فارسی دەخوێنرێت و ئێستا شوێنکەوتوویان هەیە.

**گوڵنار: جەنابت ئاماژەت بەوە کرد کە سەرئەنجام هەوڵی کۆکردنەوەی لەلایەن سوڵتان ئیسحاقەوە بووە، بەڵام با بپرسین بەرهەمی بیر و ئەندێشەی کێ بووە؟**

ئاکۆ: ئەگەر بە وردی بتەوێ تێبگەی سەرئەنجام واتە (نەتیجە و ئەنجام و کۆکراوە)، وەک پێمگوتی کۆکراوەی ٥٠٠ ساڵ بووە لە دەقی ئایینیدا، بەڵام ئەو زرووف و بارودۆخەی کە یارسان و کاکەیی تێدا ژیاوە بارودۆخێک بووە کە نەتوانراوە دەقەکان بەتەواوی بگەیەنرێنە شوێنی خۆیان یا بە تەواوی بپارێزرێن، بۆ نمونە کۆنترین دەق کە بۆ ئێمە تائێستا مابێتەوە دەقەکەی باڵۆڵی ماهییە، کە پێی دەگوترێت باڵۆڵە شێت، باڵۆڵی ماهی خەڵکی لوڕستانە و لە سەردەمی هاروونە ڕەشیدا چۆتە بەغداد، بە شێت ناودێرکراوە، بەڵام قسەکانی و نوکتەکانی زۆر ئاقڵانە بوون، بۆیە ئێمە پێی دەڵێین باڵۆڵی دانا، لە ئێستادا تەنها ٣٠ بەیتێکی بۆ ئێمە ماونەتەوە، بە قسەی دکتۆر سدیق بۆرەکەیی کە دەڵێ ئەو ٣٠ بەیتەش لە مۆزەخانەی تاراندا هەن، بەڵام من نەمبینیون، بەڵام لە کتێبەکەدا نوسراوە کە بەوشێوەیە بووە، ئەو ٣٠ بەیتەی کە ماوەتەوە لەناو کتێبی (سەرئەنجام)یشدا هەن، دوای ئەوە شاخوەشێنی لوڕستانی نزیکەی ١٩٠ بارگەی هەیە و زۆر فراوانترە، بەڵام ئەویش هەر نوقسانە و بە تەواوکراویی نەگەیشتۆتە دەستمان. ئەو ڕووداوانەی کە لە سەردەمی شاخوەشێندا ڕوویانداوە هەندێکیان لەناو سەرئەنجامدا نین، لەبەرئەوە بەشێکی سەرەکی لێفەوتاوە، دوای ئەو باوە سەرهەنگی دەودانی کە خەڵکی (دەودان)ە لە ڕۆژهەڵات و لە نزیک شاری پاوەیە، بەڵام خۆی لە تەوێڵەدا ژیاوە و ئێستاش مەزارەکەی لە تەوێڵەیە، ئەویش بەشێکی کەم ماوەتەوە لە دەقەکانی، بەڵام ئەم دەقانە هەموویان ئاماژەیان تێدایە بۆ ڕێوڕەسمی کاکەیی، دوای ئەوانیش باباناوسی سەرگەتی دەرکەوتووە کە خەڵک بە (بلە شێت)یان ناوبردووە، (سەرەنجام)ەکەی باباناوس زۆر کامل و تەواوە، بەڵام زمانی نووسینەکەی کە هەورامییە زۆر قورسە و تەنانەت خەڵکی خۆشمان باش لێی تێناگەن، بەڵام زۆر کاملە، زمانەکەی زۆر قورسە، لەبەرئەوەشە دەستکاریی زۆر زۆر کەمی کراوە، یا دەتوانم بڵێم دەستکاریی هەر نەکراوە، لەبەرئەوە

من دەتوانم بڵێم کە مەرجەعی ئێستای ئێمەی کاکەیی باباناوسی سەرگەتییە. دوای باباناوس حەزرەتی سوڵتان ئیسحاق دێت کە لە بەرزنجەوە هاتووە، ئەوان داوایان کردووە کە ئێمە ئەو سرڕ و نهێنییەی کە لە دڵماندایە (کە لە سنگی باباناوس و شاخوەشێن و باڵوڵی ماهیدا بووە) دەمانەوێ ئەمە بە ئیجرای ئایین بکەین، ئەو خەڵکی کۆکردۆتەوە (نزیکەی ١٢٠٠ کەس) و پێی گوتوون بڕۆنە (هاوار، بەرزنجە، هیربێ، پاوە)و خەڵک بانگ بکەن تا پێتان بڵێم ڕێوڕەسمی ئەم ئایینە چۆنە، ١٢٠٠ کەس کۆبوونەتەوە، بەڵام تەنها ٢٠٠ کەسیان بوونەتە کاکەیی و ئەوانی دیکە چوونەتەوە ماڵی خۆیان، لەوێوە ڕێوڕەسمەکان دەستیان پێکردووە و پێی نیشانداون کە چی بکەن، بۆیە بە سوڵتان ئیسحاق دەڵێن: دامەزرێنەری ئایینەکە.

**گوڵنار: سەرچاوەی ئایینەکان هەموویان یا ئاسمانین یا زەمینین، هی ئێوە کامیانە؟**

ئاکۆ: دەتوانین بڵێین ئایینی کاکەیی هەم زەمینییە و هەم ئاسمانیشە، لە ئایینی ئێمەدا دەبێ باوەڕت بەوە هەبێ خوا زاتی خۆی دەدا بە کەسێک، بە بڕوای ئێمە ئەو کەسەی کە زۆر زۆر زیرەکە، ئەو کەسەی کە دەنگی زۆر خۆشە، ئەو کەسەی کە بیرۆکەی بەهێزی هەیە، ئەو کەسەی کە بەهرەیەکی هەیە، لای ئێمە ئەو چەمکانە کە باسمکردن (دەنگخۆشی و زیرەکی و بیرۆکەی بەهێز) ئەوانە بەهرە و بەخشیی خودایین لای ئەو کەسە، شتێک نییە کە پەیوەندی بە خودی خۆیەوە هەبێت، ئەوەشی کە نوقسان و کەموکورتە، ئەو کەسەی چاوێکی نییە، ئەو کەسەی زمانی نییە، ئەو کەسەی داماو و هەژارە تا مردن، بە بڕوای ئێمە ئەویش هەر جەزایەکی خواییە بەرامبەر بەمیشیان، ئیتر چەند دەخایەنێت و چۆن دەبێت ئەوە شتێکی ترە، لەبەرئەوە ئەو شتانەی کە لە گەردووندا ڕوودەدەن دەستێکیان لە پشتەوەیە کە ئەویش خوای گەورەیە، لەوانەیە لە ئایینەکانیشدا هەمان شت هەبێت، بەڵام پلەی حەقیقەت کاتێکە کە خوا کەسێک هەڵدەبژێرێت (لە ئایینەکەی ئێمەدا دەڵێ: خودا خۆی محەمەدی هەڵبژارد و قورئانی دایە) لەبەرئەوە من ئەگەر باسی محەمەد بکەم یاخود قورئان بخوێنم هیچ گوناهم ناگاتێ بەپێی ئایینەکەی خۆم، چونکە ئەویش (ئایینی ئیسلام) ئایینێکە وەک باقی ئایینەکانی تر، لەناو سەرەنجامیشدا باسکراوە کە (ئیسلام) ئایینێکی پیرۆزە و خودا خۆی محەمەدی هەڵبژاردووە و ئەو کتێبەی داوەتێ.

**گوڵنار: کەوایە بەپێی ئایینی ئێوە هەرکەسێک بەهرەیەکی تێدا بێ ئەوە سیفەتێکە و خوا پێی بەخشیوە؟**

ئاکۆ: بەڵێ سیفەتێکی خواییە، بەڵام بە پلەیە، بۆ نموونە زۆرجار تۆ دەڵێی من خەونم بینی و لە خەونمدا ئەو شتەم بینی و سەرەنجام ئەو شتەشم بەسەردا هات، بە بڕوای ئێمە ئەوە ساتێکە کە خودا ئەو شتەی پێبەخشیویت، بۆیە ئێمە زۆرتر لەگەڵ جیهانی (باتن نەک زاهیر) ئیش دەکەین، سەرکردەکانی ئێمە وەک سوڵتان ئیسحاق و باباناوس شتیان لەبارەی باتینەوە زانیوە کە ئێمە نابینین (ئەوەی کە ئیسلامییەکان پێی دەڵێن عیرفان یا دەڵێن ئێمە پشت بە باتین دەبەستین)، ئەو جۆرە سەرکردانەش لەناو مسوڵمانانیشدا هەن، ئێمە بەو کەسە دەڵێین گەیشتۆتە پلەی حەقیقەتی تەواو، پێی دەڵێین: شامیوان واتە خوا میوانییەتی، جا ئەو میوانداریتییە بۆماوەی خولەکێکە یا چرکەیەکە یا دە خولەک زۆرجاریش بۆ ماوەی ساڵێک و دەشگونجێت بۆ هەموو ژیانیشی بێت، بۆ نموونە سوڵتان ئیسحاق تا ئەو کاتەی دیار نەماوە ئاگای لە هەموو شتێک بووە و موعجیزەی زۆری هەبووە و خەڵکێکی زۆریش چوونەتە بەردەمی و پێیان گوتووە ئەگەر تۆ ئەو شتە دەزانی بۆمانی ئەنجام بدە، یا ئەو کەسەمان بۆ زیندوو بکەوە، ئەویش ئەو شتانەی هەبووە، چۆن حەزرەتی عیسا پێیان گوتووە مردوومان بۆ زیندوو بکەوە و کوێر

**یەکەم کەس
کە زاتی ئیلاهی
ناردوویەتی بۆ مرۆڤ
ئیمامی عەلی بووە.**

**مەرجەعی ئێستای
ئێمەی کاکەیی باباناوسی
سەرگەتییە. دوای باباناوس
حەزرەتی سوڵتان ئیسحاق
دێت کە لە بەرزنجەوە
هاتووە.**

**ئایینەکەمان ئایینێکی
ویراسییە (پشتاوپشت)، کەس
بۆی نییە لە خۆیەوە بێتە ناو
ئایینەکەمانەوە.**

**لای ئێمە ئەگەر کچێك شوو
بکات بە کوڕێکی مسوڵمان یا
ژن بێنێت لە مسوڵمانان ئیتر
هیچ پەیوەندییەکی ئایینی بە
ئێمەوە نامێنێت**

و بەڵەکمان بۆ چارەسەر بکە، ئەویش ئەو شتانەی کردووە بۆئەوەی بڕوای پێ بکەن، بە هەمان شێوە ئەو نمونانەش لە ئایینەکەی ئێمەدا هەن.

**گوڵنار: بنەما و ئەرکانە چەسپاو و نەگۆڕەکانی ئایینی ئێوە چین؟**

ئاکۆ: هەرکەسێک یارسان بێت و لای ئێمە بێت دەبێ چوار کۆڵەکە هەن لە بیری نەچن: (ڕاستی، پاکی، خۆنەویستی، قەناعەت)، قەناعەتت هەبێ بەو شتەی کە هەتە، بۆ نمونە تۆ لەناو خێزانێکی هەژار لەدایک دەبیت ئەوە ڕەزایەتی خوایە کە تۆ بەوشێوەیە لەدایکبوویت، بەڵام مانای ئەوە نییە تۆ تا دەمری دەبێ سەرت کز بکەیت و هیچ نەکەیت و بڵێی خوا ڕەزایەتی لەسەر ئەوەیە.

گوڵنار: ئەو بنەمایانە پلەبەندین یا پێش و پاشکردنیان ئاساییە؟

ئاکۆ: حەزرەتی شاخوەشێن دەفەرموویێت:

**یارسان وەڕا، یارسان وەڕا
ڕای حەق ڕاسییەن، بڕانان وەڕا
ڕاستی و پاکی، نیستی و ڕەدا
قەدەمە و قەدەم تا وە مەنزڵگا.**

(نیستی واتە خۆنەویستی، ڕەداش واتە ڕەزایەت و قەناعەت) دەڵێ: ئەوەی لەگەڵ ئێمەیە و تا ئەو کاتەی خۆی دەناسێ و لە هەر ژیانێکدا بێ دەبێ لەسەر ئەم چوار بنەمایە بڕوا کە ڕاستییە، پاکییە، خۆنەویستییە، لەگەڵ ڕەزامەندی خوا، ئەمانە سیفەتانێکی بەرزن و دەبێ هەموو کەس وەک ئاڵا چاویان لێ بکا، بۆیە ئێستا ئەگەر لە کەسێکی مسوڵمان بپرسیت لەبارەمانەوە دەڵێت: (وەڵا کاکەییەکان نوێژ ناکەن، بەڵام هیچکات درۆش ناکەن، ڕەمەزان ناگرن بەڵام خیانەت و دزی ناکەن، مامەڵەیان جوانە و ڕاستە). بۆچی ئێمە واین؟ چونکە ئەو سیفەتەمان لە بنەماکانەوە هاتوون کە دەبێ ڕاستی بڵێین، بە ڕاستی مامەڵە بکەین، بە پاکیی و ڕاستی لەگەڵ خەڵکدا بجووڵێینەوە.

**گوڵنار: ئەگەر کەسێک ئەمانەی تیا نەبێت، یا**

**بەشێک لەو چوار بنەمایەی تیابێت؟**

ئاکۆ: ئایین بە پلەیە وەک قوتابی دەتوانی نمرەی ٩٠ بەدەستبهێنیت، دەتوانی ٧٠ش بەدەستبهێنیت، دەتوانی ٥٠ش بهێنیت، ئەوانەش کۆمەڵێک بنەمان و لە هەموو ئایینێکدا هەن و لە ئایینی ئیسلامیشدا هەروان، ئەگەر توانیت هەموو بنەماکان جێبەجێ بکەیت ئەوا (بە زاهیری) هەموو ئایینەکەت جێبەجێکردووە، ئیتر نازانین لای خوا چۆن چۆنییە، چونکە تۆ تەنها بە زاهیری یاساکانی ئەو ئایینەت جێبەجێکردووە.

**گوڵنار: ژمارەی شوێنکەوتووانی ئایینی کاکەیی چەندە؟**

ئاکۆ: لە عێراقدا نزیکەی ١٥٠ – ٢٠٠ هەزار کەسە، بەڵام بۆ کۆی گشتی هەموو شوێنکەوتووان لە دنیادا ئامارێکی وردمان لەبەردەستدا نییە.

**گوڵنار: مەرجی وەرگرتنی شوێنکەوتوو چییە لای ئێوە؟ ئایا ئایینێکی داخراوە یاخود تەبشیریی و کراوەیە؟**

ئاکۆ: ئایینەکەمان ئایینێکی ویراسییە (پشتاوپشت)، کەس بۆی نییە لە خۆیەوە بێتە ناو ئایینەکەمانەوە، بەڵام لە دەقێکی ئایینیدا هاتووە: (ئەگەر کەسێک لە ئایینەکەی خۆی بێزار بوو و بەشێوەیەک لە شێوەکان خۆشەویستی هەبوو بۆ ئایینەکەی تۆ دەتوانی وەری بگریت).

**گوڵنار: مەرجەکەی چییە ئەگەر من لە ئایینی خۆم بێزار بووم و خۆشەویستیشم بۆ ئایینی تۆ هەبوو؟**

ئاکۆ: دەقێک هەیە باسی شێخ سەفی ئەردەبیلی دەکات کە باپیرە گەورەی سەفەوییەکانە، ئەو خەوی بینیوە بە حەزرەتی سوڵتان ئیسحاقەوە، لە خەونەکەیدا هاتووە بۆلای سوڵتان و پێی گوتووە من دەبم بە کاکەیی، سوڵتانیش ئەوی بە شیاو زانیوە و ڕێوڕەسمیان بۆ کردووە و هاتۆتە ناو ئایینەکەمانەوە، ئەگەر نەبووایە ئەویشی وەرنەدەگرت.

**گوڵنار: بیری نەتەوەیی لە پەیامی کاکەییدا چ جێیەکی گرتووە؟**

ئاکۆ: زۆر لە دەقەکان باس لەوە دەکەن کە ئەمە ئایینێکی کوردییە، چۆن زمانەکانی تر ئایینی تایبەتی خۆیانیان هەیە، ئەم ئایینەش بۆ کورد دابەزیوە، بەڵام جیهانبینی ئێمە لەبارەی ئەو خوایەی کە ئێمە باسی دەکەین هەمان ئەو جیهانبینییە کە هەموو ئایینەکانی تر باسی دەکەن و دەیپەرستن، لەبەرئەوە بە سوڵتان ئیسحاقیش دەڵێین شای عالەم، لەبەرئەوە ئێمە باوەڕمان بەوە نییە هەرکەسێک یارسان نەبوو ئیتر لەو دنیا دەیخەنە دۆزەخەوە، ئەو بڕیارە لای ئێمە نییە، چونکە بە بڕوای ئێمە ٧٢ ئایینی سەرەکی لە جیهاندا هەیە، هەرکەسێک یەکێک لەو ئایینانە بەڕاستی بگرێ لە ڕۆژی ئاخیرەتدا خۆشەویستی خوا دەبێت.

**گوڵنار: قسەیەک هەیە دەڵێ کاکەیی باوەڕی بە بوونی خوا نییە؟**

ئاکۆ: بێگومان باوەڕمان بەبوونی خوا هەیە، ئێمە ئەگەر لەبەر خوا نەبێ سوڵتان ئیسحاق کوڕی شێخ عیسییە، بە بڕوای ئێمە ئەگەر زاتی خوا لە جەستەی سوڵتاندا نەبووایە و موعجیزەی نەبووایە و ئەو کتێبانەی بۆ ئێمە بەرهەم نەهێنایە، ئێمە هەر شوێنکەوتووی خوا دەبووین، ئێمە پێمان دەڵێن: (یاران یا ئایینی یاران)، ئێمە بە خودا دەڵێین: یار، لە ئێران پێی دەگوترێت ئەهلی حەق، حەق کێیە؟ خوایە. بۆیە دەڵێم تەریقەتێکی سۆفیگەرییە، چونکە لەڕێگەی سۆفیگەرێتییەوە دەیەوێ خوا بدۆزێتەوە، دەیەوێ شەریعەت تێپەڕکات بچێت بۆ تەریقەت و لە تەریقەتەوە بچێت بۆ ماریفەت و لە ماریفەتەوە بگاتە حەقیقەت، شەریعەت بریتییە لەو شەریعەتانەی کە خوا لە ئایینەکاندا بڵاویکردوونەتەوە و ناردوونی، تەریقەت ئەو تەریقەتانەیە کە جۆرەهای لێ بڵاوبووەتەوە کە هەرکەسە و بەجۆرێک جێبەجێی دەکات، ماریفەت

خۆناسینە، کە خۆت ناسی دەگەی بە پلەی حەقیقەت، ئەمە شێوەیەکی دەروێشانەی مرۆڤێکی ئاساییە بۆئەوەی بگاتە حەقیقەت. یەکێک لەو شتانەی کە ئایینی ئێمەی پێدەناسرێتەوە ئەوەیە کە کەسێک لای ئێمە بیەوێت دەرویش بێ و دونیا تەرک بکات و بگات بە پلەی حەقیقەت دەبێ ریازە بکێشێ، دەبێ چەندجار چلەگیر بێت، چل رۆژ خۆی لە شوێنێک حەسر دەکات و دینداریی خۆی دەکات و دەقەکان دەخوێنێتەوە، یەکێک لەو شتانەی بۆم باسکردی لە پیرشالیار نووسراوە: (چلەخانە)، لە پیاوێکم پرسی: (لە ئیسلامدا چلە هەیە؟! ئێوە وەک مسوڵمان چلەخانەتان لەکوێ بوو؟!)، ئەوە شتێکە تایبەتە بە ئایینی ئێمەوە، کەچی بە فارسیش لێی نووسراوە، مۆرەکانی ئێمەی پێوەیە، بەس ناوێرین ئێستا باسی بکەین، چلەگیریی لای ئێمەیە و هی ئێمەیە، ئێمە چلەمان هەیە، ژمارە چل و ژمارە حەوت لای ئێمە زۆر پیرۆزە، لەبەر ئەوە ئەو ژمارەی ئەو دەستانەی کە کاتی خۆی سوڵتان دیاری کردوون یا چل بوون یا حەوت.

**گوڵنار: زمانی پێنووسراویی پەیامەکەتان چییە؟**

ئاکۆ: هەورامییە، بەڵام ئەم هەورامییە نییە کە ئێستا باوە و هەیە، ئەو هەورامییەی کە پەیامەکەی ئێمەی پێنووسراوە پێی دەگوترێت: (ماچۆی کۆن).

**گوڵنار: هۆکار چییە بە هەورامی و بە ماچۆی کۆن نووسراوە؟**

ئاکۆ: لەوەدەچێ لەوکاتەدا کە ٦٢٥ی کۆچی یا سەدەی حەوتەمی کۆچی بووە زمانی هەورامی زاڵبووبێت لە هەموو ناوچەی لوڕستان و هەورامان و شارەزووردا، چونکە مەنشەئی ئایینەکە ئەو ناوچەیەیە.

**گوڵنار: ئەی هۆکار چییە کە ئێستا هەورامییەکان رێژەیان زۆر کەمە لەناو کاکەییەکاندا؟**

ئاکۆ: کاتی خۆی کە سوپای ئیسلام لە ساڵی ١٨ی کۆچیدا بەناوی فتوحاتەوە هاتووەتە ناوچەی شارەزوور و کوشتارێکی زۆری کردووە هەورامییەکان بوونەتە ئیسلام، بەڵام رێژەیەکی کەم نەبێت کە لە پشتی چیای شنرویوە کە سێ گوند دەگرێتەوە و، لە رۆژهەڵاتیشدا ناوچەی لوڕستان و کرماشان و ئەو شوێنانە ماونەتەوە لەسەر ئایینی خۆیان، ئەوانە بە بڕوای ئێمە زۆربەیان زەردەشتی بوون لەگەڵ یارساندا.

**گوڵنار: لە ئینجیلە کۆنەکاندا هاتووە کە دوای عیسا و موسا پێغەمبەرێک دێت بەناوی محەمەد (د.خ) هەم پەیامی پێغەمبەرانی پێش خۆی هەم پێغەمبەرایەتی ئەو پێغەمبەرانە هەڵدەوەشێنێتەوە، جەنابیشت باست لەوە کرد کە لە کتێبەکەتاندا باس لە هاتن و ناردنی محەمەد (د.خ) کراوە، ئایا باسیش لە ئیلغاکردنەوە و نەسخکردنەوەی ئایینەکەی ئێوەشی تێدا نەهاتووە؟**

ئاکۆ: لای ئێمە نەسخ نییە، لای ئێمە دەڵێ هەموو ئایینەکان خوا خۆی دایناون، هەریەک لەو ئایینانەی خوا بۆ قۆناغێک دایناون، ئەو هەموو قۆناغانە (لای ئێمە) پێیان دەگوترێت شەریعەت واتە فێرکردنی خەڵک بەوەی کە خوای خۆی بناسێت، دوای ئەوە کە خەڵک خوای خۆی ناسی و ئایینەکانی بۆ دابەزی، هەریەکە و تەریقەتێکی گرتەبەر بۆئەوەی ئایینەکە جێبەجێ بکات، ئەم تەریقەتانە وا دەکا کە ماریفەتی مرۆڤ بۆ ئایینەکان زیاد بکات، کە ماریفەتی زیادی کرد خۆی دەناسێت، کە خۆت ناسییەوە دەتوانی بگەیت بە پلەی حەقیقەت، بەڵام هەموو کەس ناگات بە پلەی حەقیقەت، وەک پێمگوتی لە هەموو پێنجسەد ساڵدا کۆمەڵێک کەس دەگەنە پلەی حەقیقەت، ئێمە وەک کاکەییەکان (باڵۆڵی ماهی و شاخوەشێنی لوڕستانی و باوە سەرهەنگی دەوانی و باباناوسی سەرگەتی و سوڵتان ئیسحاقی بەرزنجی) گەیشتوونەتە پلەی حەقیقەت.

**گوڵنار: لەم سەردەمەدا رێی تێدەچێت کەسی تر بگاتە پلەی حەقیقەت؟**

ئاکۆ: لە دوای ئەوانیش چوار کەسی تر هاتوون

و گەیشتوونەتە ئەو پلەیە لە ئێران، بەڵام ئەوە نێوان خۆیان و خوای گەورەیە.

**گوڵنار: نیشانەی گەیشتن بە پلەی حەقیقەت چییە؟**

ئاکۆ: دەبێ ئەو کەسە بە بەرچاوی خەڵکەوە موعجیزەی هەبێت.

**گوڵنار: لەگەڵ چ ئایینێکدا زۆرترین خاڵی هاوبەش و نزیکیتان هەیە؟**

ئاکۆ: لەگەڵ ئیسلامدا، زۆربەی ئەو شتانەی لە ئایینی ئیسلامدا حەرامکراون لای ئێمەش حەرامن، زۆربەی ئەو ڕێورەسمەی کە عەلەوییەکان جێبەجێی دەکەن ئێمەش جێبەجێی دەکەین.

**گوڵنار: ئەو ڕێورەسمانە چین؟**

ئاکۆ: ڕێورەسمی ئایینین، جەمکردن، ڕۆژووگرتن، قوربانیکردن، بوونی پیر (پیر، خەلیفە، دەلیل، تالیب، کەلامخوان).

**گوڵنار: پەیکەر و هەیکەلی دەسەلاتی کاکەییەکان چۆنە؟**

ئاکۆ: کەسی یەکەم پیرە، دوای ئەو دەلیلە، دەلیلیش یەک کەسە، بەڵام لە سەرەنجامدا دیاریکراوە کە دەستەیەکە و پێیان دەگوترێت ٧٢ پیر، نەوەکانی ئەوان دەبن بە دەلیلی ئێمە، دوای دەلیل خەلیفەیە، ئەوانیش واجباتی ئایینی جێبەجێ دەکەن، خەلیفەیەکە بۆ جەمکردن یا بۆ مەراسیمی جەم، دوای ئەویش فەراشە کە خادیمە لە جەمەکەدا.

**گوڵنار: جەنابت چ پلەیەکت هەیە؟**

ئاکۆ: من دەلیلم.

**گوڵنار: لە ئێستادا پیری کاکەییەکان کێیە؟**

ئاکۆ: هەر ناوچەیەک پیری خۆی جیاوازە، کوڕەکانی سوڵتان ئیسحاق، هەروەها نەوەکانی سوڵتان ئیسحاق کە پێنجیان منالّیان هەبووە ئەوانە بوونەتە پیری ئێمە، وەکو پێشتر پێمگوتی ئایینەکەی ئێمە (ویراسییە).

**گوڵنار: پیری هەڵەبجە کێیە؟**

ئاکۆ: پیری ئێمە سەید ئەحمەدی میریسوورە کە پیری ئەزەلیمانە، هەرکەسیش نەوەی ئەو بێت دەکرێ ببێتە پیری ئێمە.

**گوڵنار: واجبات و ئەرکی ئایینیتان چییە؟**

ئاکۆ: ئێمە دەبێت بۆ هەر دوانزە مانگەکە قوربانیمان هەبێت، واتە دوانزە قوربانی بۆ ساڵەکە، هەروەها لە ساڵێکدا سێ ڕۆژ بە ڕۆژوو دەبین، ئەو سێ ڕۆژەش دەکەونە ناوەڕاستی مانگی یەکی ساڵی زایینییەوە، لە ڕۆژووی مسوڵمانانیش قورسترە، ئێمە درەنگتر دەیشکێنین، لە کاتژمێر سێی شەوەوە دەستپێدەکەین بۆ حەوتی ئێوارە.

**گوڵنار: ئایا قوربانییەکە لەسەر هەموو تاکێکی هەژار و دەوڵەمەندتان فەرزکراوە؟**

ئاکۆ: ئەگەر کەسێک توانای نەبێت ئاساییە.

**گوڵنار: ڕەگەزی قوربانیکراوەکە چییە؟**

ئاکۆ: بە زۆری مریشکە یا کەڵەشێرە.

**گوڵنار: پێکەوەژیان و هەڵکردنتان لەگەڵ ئایینەکانی تردا چۆنە و مێژووەکەی لە کەیەوەیە؟**

ئاکۆ: مەسەلەی پێکەوەژیانمان لەگەڵ ئایینەکانی تردا و بەتایبەتی ئیسلام مێژوویەکی دێرینی هەیە لە ناوچەکەدا، توانراوە بە حیکمەت و دانایی هەردوولا مێژوویەکی جوانی پێکەوەژیان تۆمار بکەن، ئێستا برۆرە فەرمانگەی پۆلیس و تۆماری توندوتیژییەکانی بەر لە پەنجا ساڵی ڕابوردووش بهێنەرەوە پێشدەست سەیر دەکەیت شتێکی وا ڕووی نەداوە کە شایانی باس بێت، لەگەڵ ئەوەش کە دوو ئایینی جیاواز لەم ناوچەیەدا بوون، بەڵام هەمیشە لە پێکەوەژیاندا دەبێ باڵانسێک هەبێت، ئەگەر من هەر دانیشم و هیچم بەدەست نەبێت و هەموو دەسەڵاتەکان لای تۆ بن ئەوە پێکەوەژیان نییە، لەبەرئەوە کاتێک ئەوە ئەزموون دەکرێت و تاقیدەکرێتەوە کە ئێمە داوای ماف و حەقی خۆمان بکەین، بۆ نموونە لەوکاتەدا کە ئێمە داوای کورسییەکمان کرد لە ئەنجوومەنی پارێزگای هەڵەبجە هەستمان کرد لایەنەکانی تر حەز ناکەن، ئیمزاشیان نەکرد و پیرۆزباییشیان

لێنەکردین، بە بڕیاری پەرلەمان پێیانداین، لەوەچی ئەگەر بە ویستی ئەوان بووایە هیچکات نەیاندایە، دەلیلەکەشی ئەوەیە هەموو حیزبەکان تەلەفۆنیان بۆ کردین و پیرۆزباییان لێکردین و هاتن بۆلامان بەڵام ئیسلامییەکان ئەوەیان نەکرد و نەهاتن، بەڵام ئێمە بەپێچەوانەوە وەک دەڵێ پێمان لێنەبڕیون و هەر سەردانمان کردوون، هەرکاتێکیش موناسەبەتێکیان بووبێ، یا ساڵیادی دامەزراندنی حیزبەکەیان بووبێ سەردانیشمان کردوون و پیرۆزباییشمان لێکردوون، لەبەرئەوە ئەگەر وردە گلەییەکی لەو جۆرەش بکەین حەقی خۆمانە، ئەگەر پێکەوەژیان بەوجۆرە بێت باشە کە باڵانسی هەردوولا بپارێزرێت، یا دەبێ تۆ ئاگات لە لاوازەکە بێت و حەق و مافی نەخورێت، نەک بە چاوی ئەوەوە کە تۆ زۆرینەیت و ئەو کەمینەیە. بەڵام ئەگەر لە ڕابوردوو و ئێستاشدا کێشەیەکی بچووک بووبێ بە حیکمەت و دانایی هەردوولامان چارەسەرکراوە و شتێکی وا نەبووە کە شایانی ئەوە بێت ڕاگەیاندنی کوردستان باسی بکات و دەنگبداتەوە لە ناوچەکەدا. ئەو شتانەش کە بوون ئاساین، چونکە وەک چۆن لەناو دوو عەشیرەت و دوو گوند و تەنانەت دوو گەڕەکیشدا کێشەی بچووک و ئاسایی بوونیان هەبووە، لەناو هەڵگرانی دوو ئایینیشدا دەگونجێ لەو کێشە بچووک و ئاساییانە هەبن.

**گوڵنار: لە نەوەدەکاندا کە بزووتنەوەی ئیسلامیی باڵادەستی ناوچەکە بوو، هیچ بەریەککەوتن و دژایەتییەک لە نێوانتاندا هەبووە؟**

ئاکۆ: هیچ جۆرە بەریەککەوتنێک نەبووە بگرە زۆرجار بەرگریان لێکردووین، تەنانەت ئەو کاتەش کە ئەنسارولئیسلام بوونی هەبوو ناوچەکانی ئێمە بەدەستی ئەوانەوە بوو، خەڵکەکەی ئێمە لەوێ بوو و ئایینی خۆی پەیڕەو دەکرد، بەڵام ئەوان دەستیان بۆ هیچکەس نەبرد و سووکایەتیان بە کەس نەکرد بەهۆکاری جیاوازی ئایینی.

**گوڵنار: لە ناوچەکانی خۆتاندا هیچ جێوار و شوێنەوارێکی پەرستگا و نووسین و کاری هەڵکۆڵین هەیە؟ ئایا ئەنسارولئیسلام هیچکات هەوڵی نەئەدا کەوا ئەو شوێنە پیرۆزانەتان تێکبدەن؟**

ئاکۆ: بەڵێ گەلێک ئاسار و شوێنەواری پیرۆز و گرنگمان هەیە و ئەنسارولئیسلامیش چوونە ئەوێ و هیچ دەستکارییەکیشیان نەکرد.

**گوڵنار: ئازادی بیروباوەڕ چەندە و چۆنە لە کاکەییدا، هەڵوێستتان چی دەبێت لەبارەی ئەو کاکەییەی کە دەبێتە ئیسلام و زەردەشت و مەسیحی؟**

ئاکۆ: ئێمەش وەک باقی ئایینەکانی تر، هیچ ئایینێک نییە حەز بکات کە شوێنکەوتوویەکی لە ئایینەکەیەوە بچێت بۆ ئایینێکی تر یان واز لە ئایینەکەی بهێنێت، بەڵام ئەگەر کەسێکیش ئەوەی کردبێ (هۆکارەکەی هەرچی بووبێت) ئێمە هیچ جۆرە توندوتیژی و ئیجرائاتێکمان بەرامبەری نەکردووە، ئێمە ئافرەتمان هەیە شووی کردووە بە کەسی مسوڵمان کەس و کارەکەی تا ئێستا نە هیچیان پێگوتووە نە پەیوەندی کۆمەڵایەتیشیان لەگەڵی پچڕاندووە، ئەگەر نموونەیەکیش هەیە پێمخۆشە ئێوە بەرەوڕوومانی بکەنەوە، ئەو شتانە نەبووە، بەڵام وەکو ئایین مافی بەسەر ئەو ئایینەوە نامێنێ، تەنانەت ئەگەر کەسێکی موسڵمان و کەسێکی مەسیحی خێزان پێکبهێنن، دەبێ یان موسڵمانەکە ببێتە مەسیحی یان بەپێچەوانەوە ئەگەرنا ژیانیان بەردەوام نابێت، ئەگەریش بەردەوام بێت زۆر زۆر دەگمەنە، بۆیە دەبێت ئەو دووانە بچنە پاڵ ئەوی تریانەوە و بتوێتەوە لە پەنایدا، بەڵام لای ئێمە ئەگەر کچێک شوو بکات بە کوڕێکی مسوڵمان یا ژن بێنێت لە مسوڵمانان ئیتر هیچ پەیوەندییەکی ئایینی بە ئێمەوە نامێنێت و کەسێکی ئازاد دەبێت، بەڵام ئێمە هیچ توندوتیژییەکی لەگەڵ نانوێنین، ئێمە لامان ئاساییە ئەگەر شووی کرد بە مسوڵمانێک بچێت نوێژ و پەرستشی خۆی بکات، هەرچەندە

ئەویش هەر هەمان دینە، لەگەڵ ئەوەشدا ئەوە هەڵگەڕانەوەیە لە ئایینەکەی خۆی.

**گوڵنار: هەندێ شت هەن تایبەتمەندی ئایینی خۆتانە و ئێوە باسی ناکەن، هۆکار چییە؟**

ئاکۆ: من باسی (دۆناودۆن)م بۆ کردن، بۆتان بژمێرم کە دۆنەکان چین و کێ بوون و محەمەد و خالید و فاتمە کێیە؟ دەی ئێوە پێویستتان بەوە نییە. هیچ شتێکی نهێنیش نییە، ئەگەر شتێکی نهێنی هەیە و ئێوە بیستووتانە با من وەڵامتان بدەمەوە. تەنانەت ماوەیەک دەیانگوت کاکەییەکان بە جۆرێکی تر مردوو دەنێژن. بەڵام دڵنیاتان دەکەمەوە ئێمەش وەک مسوڵمانەکان مردوو دەنێژین و ڕووی مردووەکە دەکەینە قیبلە.

**گوڵنار: کەوایە بۆچی کەمترین زانیاریی هەیە لەسەر کاکەیی؟**

ئاکۆ: لە سەدەکانی پێشوودا خەڵکی توندڕە و و نەفام زۆر بووە، ئەگەر بیانزانیایە بەوشێوەیەیە لەوەچێت توندوتیژیان ئەنجامبدایە، تەنانەت ئێستاش ناتوانین لەگەڵ هەندێ کەس قسە بکەیت و نهێنییەکانیان پێ بڵێیت، من هەندێ کەس پرسیارم لێدەکەن وەڵامیان نادەمەوە، برادەرێکم هەبوو گوتی: مامۆستا ئێوە زۆر خۆشەویستن لەلام، بەڵام یەک پرسیار هەیە بیست ساڵە لە دڵمایە و حەز دەکەم ئەو پرسیارەم جواب بدەیتەوە، گووتی: ئێمە کە خەڵکمان لێدەمرێ ئێوە دێن لەگەڵمان بۆ ناشتن و تەعزییە، ئێمەش بەشداری تەعزیەی ئێوە دەکەین، من لە هەموو حاڵەتێکماندا فاتیحەی خۆمان دەخوێنین، ئەی ئێوە چی دەخوێنن؟ منیش گوتم: کاتێک من دێم لەگەڵ ئێوە بۆ تەعزیەیەک منیش ئەو فاتیحەیە دەخوێنم کە ئێوە دەیخوێنن، چونکە منیش قورئانم خوێندووە و ماوەی ١٢ ساڵ قورئانخوێن بووم، بەڵام کاتێک دەچمەوە بۆ تەعزیەی خۆمان ئێمەش فاتیحەی خۆمانمان هەیە و ئەوە دەخوێنین، کاتێکیش تۆ دێیتە تەعزیەی ئێمە ئارەزووی خۆتە حەز دەکەیت هیچ مەخوێنە، بەڵام ئەوە وەڵامی من بوو بۆ تۆ.

**گوڵنار: جەنابت باست لەوە کرد ئەگەر کچێکی کاکەیی شوو بە کوڕێکی مسوڵمان بکات مافی بەسەر ئایینەکەمانەوە نامێنێت، ئایا بە پێچەوانەوە نموونەت لایە کە کوڕێکی کاکەیی کچێکی مسوڵمانی خواستبێت؟**

ئاکۆ: بەڵێ هەمانە، ئەگەر ئێمە ڕۆشتین کچێکی مسوڵمانمان هێناو بەشداری مەراسیم و ڕێوڕەسمەکانی کردین و ویستی وەک کاکەییەک بیناسێنین، دەبێ ڕێوڕەسمی بۆ ئەنجامبدرێت بۆئەوەی ئەو کەسە ببێتە کاکەیی، مەراسیمەکە مەراسیمێکی تایبەتییە و من ناتوانم شێوازەکەی ئاشکرا بکەم، بەپێچەوانەوە ئەگەر کچێکمان دایە مسوڵمان پێمانخۆشە ئەو کچە ببێتە مسوڵمان و ئیتر جارێکی تر نەیەتەوە ناو مەراسیمەکانی ئێمە، چونکە وەک ئایینەکە هیچ پەیوەندییەک لە نێوان ئەو و ئایینەکەدا نامێنێت، چونکە لە ئایینەکە دەردەچێت، لەوەچێت لە کەسێکی مسوڵمانیش بپرسیت بە هەمانشێوە بیر بکاتەوە و بڵێ هەرکەسێک شوو بکات بە کاکەییەک ئیتر هیچ پەیوەندییەکی بە ئیسلامەوە نامێنێت.

**گوڵنار: مافەکانی شوێنکەوتوویەکی کاکەیی چین؟**

ئاکۆ: مافی ئایینی، مەراسیمی ئایینی کە جارێکی تر ناتوانێت بەشدارییان تێدا بکات.

**گوڵنار: تێڕوانینتان بۆ پاش مەرگی مرۆڤ (قیامەت و گۆڕ و حەشر و دۆزەخ و بەهەشت)؟**

ئاکۆ: پێمانوایە ڕۆحی هەرکەسێک دەبێت هەزار و یەک جەستەی تر ببینێت، یەک ڕوحە و جەستەی جیاوازتر دەبینێت، واتە لەدایکدەبێتەوە بە جۆرێکی تر، لە کۆتاییدا (دوای ئەو هەزار و یەک جەستەیە) ڕۆحەکەی دەگەڕێتەوە بۆ لای خودای گەورە.

**گوڵنار: واتە تاکە ڕۆحێک هەزار و یەک جەستە ئاوەدان دەکاتەوە؟**

ئاکۆ: بەڵێ، پێمانوایە بۆ سزا و پاداشت ئەگەر لە ژیانی خۆتدا کەسێکی چاک و ساڵح بوویت ئەوا ژیانەکەی تریشت باش و چاک دەبێت و پاداشت دەکرێیت، بەڵام ئەگەر پێچەوانە بوویت و کەسێکی خراپ و ناساڵح بوویت ئەوا ژیانەکەی تریشت خراپ و پڕ ئازار دەبێت.

**گوڵنار: چۆن دووبارە ئەو ڕۆحە دەچێتەوە ناو خودا؟**

ئاکۆ: چونکە هەر لە سەرەتاوە خودا ئەو ڕۆحەی داوە بە تۆ، ئەگەر سەیری دەقە ئیسلامییەکانیش بکەیت ئەو (فوو)ەی کە ئیسرافیل کردی ئەوە دیاری خوا بووە لە جەستەی تۆدا و هەر دەمێنێتەوە.

**گوڵنار: کەوایە ئەو ڕۆحە ناسووتێت و دۆزەخ بوونی نییە لای ئێوە؟**

ئاکۆ: من پێموایە لەم دونیایەدا نیوەی لە دۆزەخدایە، دۆزەخ و بەهەشت لەو هەزار و یەک جەستەیەدا دەنۆشی خوا نەخواستە ئەگەر کەسێکی خراپ بێت، شتەکانیش هەموویان پلەبەندن ئێمە هەمووومان باش نین لە سەدا سەد و هەمووشمان لە سەدا سەد خراپ نین.

**گوڵنار: واتە بڕواتان بە دۆزەخ و بەهەشت نییە؟**

ئاکۆ: بە تێگەیشتنە ئیسلامییەکە نەخێر، ئەو سزا و پاداشتە لای خودا خۆیەتی، بەڵام لێرە ئەو ڕوحە ئەو هەزار و یەک جەستەیە دەکات خاوەنەکەی سزا و پاداشتی خۆی وەردەگرێت لە دنیادا، دوای ئەوە ئەو ڕۆحە چۆن دراوە بەو جەستەیە دەگەڕێتەوە بۆ لای خودا، لەوە زیاتر باس نەکراوە لە ئایینی ئێمەدا.

**گوڵنار: کە ئەو ڕۆحە گەڕایەوە لای خودا ئیتر چارەنووسی چی دەبێت؟**

ئاکۆ: لە دەقی پەیامەکەی ئێمەدا ئیتر ئەوە باس نەکراوە، ئەوە ئیشی خودا خۆیەتی و لای ئێمە ڕوون نەکراوەتەوە، بەڵام پێمانوایە مەسەلەی سزا و پاداشتی خودا لەم دنیایەدایە و ناکەوێتە ئاخیرەتەوە، شتێک نییە لای ئێمە بڵێ ئەگەر کەسێک ساڵح و چاک بێت ئەوا دەچێتە بەهەشتەوە و پێناسە و مەرج و تایبەتمەندییەکانی بەهەشت ئاوایە، شتێکیش نییە بڵێ ئەگەر کەسێک خراپ بوو ئەوا دەچێتە دۆزەخەوە و دۆزەخیش ئاوەهایە و بەوشێوەیە دەیسووتێنن و بەوشێوەیە سزای دەدەن. بۆیە ئێمە پێمانوایە لەم گەڕانی هەزار و یەک جەستەیەدا هەم بەهەشت دەبینێت و هەمیش دۆزەخ دەبینێت.

**گوڵنار: ئەو فرە ئایینی و فرە کەلتوورییەی کە لە کوردستاندا هەبووە تا چەند ڕۆڵی هەبووە لە ئاشتی کۆمەڵایەتیی و دادی کۆمەڵایەتیی و پێکەوەژیانی کۆمەڵایەتی؟**

ئاکۆ: ئەگەر سەیری دەقەکانی ئایینی زەردەشت یا ئایینی یارسان بکەیت بەهیچ شێوەیەک توندوتیژیان تێدا نییە بەرامبەر هیچ کەسێک، و توندوتیژیان نەکردۆتە بنەمای پەیامەکانیان، تەنانەت حەزرەتی سوڵتان ئیسحاق بەدرێژایی ژیانی خۆی (کە زیاتر لە ١٤٠ ساڵ ژیاوە) کەسێکی نەکوشتووە، ئازاری کەسێکی نەداوە، کەسێکی بە زۆر نەهێناوەتە سەر ئایین و بیروباوەڕەکەی خۆی، تەنانەت باباناوس دەفەرمووێت:

**ڕاگاو ڕاداری وە زۆر نەڕانان**
**دۆستم نەورەشۆم نیمە دیناران.**

واتە: ئایین بە زۆر نییە و مەیدە بەسەر کەسدا بە زۆر، کێ دەیەوێت با ئایینداریی خۆی بکا و کێش نایەوێت با ئازاد بێت، لەبەرئەوە توندوتیژی ئایینی لای ئێمە نییە.. توندوتیژییەکانیش لە کوردستان بەتایبەت کە ئایینی ئیسلامیش هاتووە، خەڵکی هەورامان لەگەڵ خەڵکی شارەزوور بە ڕەزامەندی

خۆیان بوونەتە مسوڵمان، و خوێنڕێژییەکی وا گەورە نەکراوە لە ناوچەکەدا کە شیاوی باس بێت، لەبەرئەوە لە کوردستاندا توندوتیژییەکە کەمتر بووە وەک لە ناوچەکانی تردا، بۆیە ئەو کەلتووری نەرم و نیانییەش تائێستا ماوەتەوە و لە نێوان هەڵگرانی ئایینەکاندا کاری پێدەکرێت.

**گوڵنار: کاکەیی چی بە کورد بەخشیوە؟**

ئاکۆ: کاکەیی تائێستا مەراسیم و بیروباوەڕەکانی پەنهانە و زۆر باس نەکراوە، ئێمە بەمزووانە پانێڵ و کۆنفرانسێکی خۆمان دەبەستین، هەرچەندە ڕووبەڕووی ڕەخنە و هێرشیش دەبینەوە لەلایەن ئایینەکانی ترەوە، بەڵام ئێمە دەمانەوێت سەرەتایەک لە بیروباوەڕەکانی ئایینی یارسان بناسێنین بە خەڵک پێش ئەوەی کە خەڵک خۆی کەشفی بکات کە ئەو شتە چۆنە.

**گوڵنار: هەرکەسێک بیەوێت شارەزای ئایینەکەتان ببێ چ ڕێنماییەکی دەدەنێ؟**

ئاکۆ: کتێبێک نییە کە نووسرابێت و بڵێیت ئەو کتێبە تەواوی بیروباوەڕەکانی ئایینی یارسانی تێدا کۆکراوەتەوە، ئەو شتانەی کە نووسراون وەک کەسانی لێکۆڵەر و توێژەرەوە باسیان لێوەکردووە، بۆ نموونە دکتۆر مارف خەزنەدار کە باسی ئایینی یارسان دەکات و باسی بابا تاهیری عوریانی دەکات و دواتر باسی دەقە ئەدەبییەکان دەکات، ئەو زیاتر وەک وێژە و ئەدەب باسی دەکات، یا کەسێکی وەک سدیق بۆرەکەیی کە دوو جەڵدی مێژووی وێژەی کوردی دەرکردووە، ئەویش هەروەک وێژە و شیعر باسی دەکات نەک وەک بیروباوەڕەکەمان، هەرچەندە هەندێ شرۆڤەی کردووە بۆ بیروباوەڕەکەشمان، بەشێک لەو بەرێزانە لە هەندێک شوێندا کەوتوونەتە هەڵەوە و شرۆڤەکەیان بەوشێوەیە نەبووە.

**گوڵنار: قسەیەک هەیە دەڵێ ئایینی ڕاستەقینە و لە پێشینەی کورد زەردەشتییەتە، جەنابیشت فەرمووت کە کاکەیی هەم ئایینێکی ئەزەلییە و هەمیش ئایینێکی کوردانەیە، ئایا ئێوە دان بەمەدا دەنێن؟**

ئاکۆ: لە یەکێک لە دەقەکانماندا نووسراوە کە: (زەردەشت پێغەمبەر بووە، و لەناو ئایرخانەدا خودا کردوویەتی بە پێغەمبەر ، بۆ ئەوە ناردوویەتی کە خەڵک ڕێنوێنی بکا کە دوای ڕێبازی خوا بکەون). ئەوە دانپیانانێکە وەک چۆن بۆ حەزرەتی محەمەدی کردووە بەهەمان شێوە بۆ حەزرەتی زەردەشتیشی کردووە. لە دەقێکی تردا باسی ئەوە دەکات کە ئایینی یارسان لەگەڵ ئایینی زەردەشت لە مێژە بەیەکەوە بوون و لە کوردستاندا هەبوون. لەبەرئەوە دانپیانانێکی زۆری تیایە بۆ ئایینی زەردەشت، من پێموایە هەموو ئایینەکان لێکچوون و ئادابیان لە یەکەوە نزیک و تێکەڵە، ئاداب هەیە هەم لەناو زەردەشتییەکاندا هەم لەناو کاکەییەکاندا هەمیش لەناو میتراییەکاندا و لەناو ئایینی ئیسلامیشدا هەیە، زۆر شت هەیە کە لە قورئاندا هەیە و لە زەردەشتییەتیشدا هەیە.. کەوایە دووبارە وونەوەی ئەم ئاداب و مەراسیمانە لە هەموو ئایینەکاندا بۆ ئێمە زۆر ئاساییە، چونکە خوا دەفەرمووێت هەموو ئایینەکان خۆم دامناون، کەوایە ئەگەر مەرجەعەکە یەک بێ، ئاساییشە لێکچوونیش هەبێت، ئەگەر لێکچوون نەبێت مانای وایە کەسەکان جیاوازن.

**گوڵنار: ئایین و ئایینزاکان چ ڕۆڵێکیان هەبووە لە دەوڵەمەندکردنی کلتوور و زمان و ڕۆشنبیریی کوردی؟**

ئاکۆ: ئەو کتێبەی دکتۆر مارف خەزنەدار ئەو لە بابا تاهیرەوە باسی دەکات، کۆنترین دەقی شیعری کوردی لە بابا تاهیری هەمەدانییەوە دەستپێکردووە، بابا تاهیر لە نێوان ٤٠٦ – ٤٦٧ی کۆچیدا ژیاوە کە بەرامبەرە بە ساڵی ٩٩٩



یا ١٠٠٠ی زایینی، بەڵام لە کتێبی سەرئەنجامی پیرۆزدا دەقی ٢٠٠ساڵی پێش بابا تاهیریشی تێدایە، بەڵام تا ئێستا کەس باسی نەکردووە، ئەگەر کورد ڕۆژێک دەوڵەتێکی هەبێت دەبێت ئەم مێژووانە کۆبکاتەوە بۆئەوەی بتوانێت کە باسی ئەوە بکات کە لەسەر خاکی خۆی بووە و ئەدەبی هەبووە و با بابەتەکانیش ئایینی بن، بەڵام تۆ وەک کلتوور وەک مێژوو دەبێت گرنگی ئەو دەقانە بزانیت، لەبەرئەوە ئایینی یارسان لەوێدا ئەوە دەسەلمێنێت کە کورد ئایینێکی هەبووە، ئەدەب و مێژووی خۆی هەبووە، شێوەی ئایینەکەش بەشێوەیەکی ئەدەبی داڕێژراوە کە شێوەی کێش و سەروای هەیە. بۆ نموونە لە شوێنێکدا نووسراوە:

**ئەگەر ئایینی وێت وە خاس مەزانی**
**وە دینی هیچکەس بەد نەمەوانی.**

واتە: ئەگەر ئایینەکەی خۆتت خۆش دەوێ دەبێ هیچ شتێکی خراپ بەرامبەر هیچ ئایینێکی تر نەڵێیت. ئامۆژگای منداڵەکان دەکات و دەڵێت دەبێ ڕێز لە هەموو ئەدیانەکانی تر و شوێنکەوتووەکانی بگریت، ئەگەر ئایینەکەی خۆتت خۆش دەوێت.

**گوڵنار: پەیامی سەرئەنجام بە شیعر نووسراوە؟**

ئاکۆ: بەڵێ هەمووی بەشێوەی شیعرە.

**گوڵنار: ئایا لەناو شاعیرانی کورددا شاعیرتان تێدا هەڵکەوتووە کە کاکەیی بووبێت؟**

ئاکۆ: بەڵێ هەمانە، لە ناوچەی خۆمان یەکێک هەبووە ناوی خەلیفە ڕەشید بووە، لە ناوچەی گەرمیان زۆر بووە ،چونکە زۆربەی سقڵی کاکەیی لە گەرمیانە، لە کەرکووک و خانەقین و لە داقووق و لەگەڵ بەشێک لە زێی بچووک لای مووسڵ.

**گوڵنار: شوێنی عیبادەت و کۆبوونەوەتان هەیە؟**

ئاکۆ: شوێنی ئێمە پێی دەگوترێت جەمخانە.


**گوڵنار: لە کوێن؟**

ئاکۆ: لە هەڵەبجەدا کۆمەڵێک جەمخانەمان هەیە، بەڵام ئێمە ناتوانین بەشێوەیەکی ئاشکرا ئەو مەراسیمانە ئەنجام بدەین.

**گوڵنار: مەراسیمەکانتان ڕۆژانەن یان مانگانە یاخود ساڵانەن؟**

ئاکۆ: مانگانەیە.

# پێکەوەژیانی ئاشتییانەی
# کورد و جولەکە
## سلێمانی بەنمونە





**عادل صدیق عەلی**

لەدایکبووی ١٩٨٤/٧/٣ هەڵەبجە، خاوەنی چوار کتێبی چاپکراو و ژمارەیەک توێژینەوەی بڵاوکراوەیە.

**پێکەوەژیانی ئاشتییانە:**

جولەکەکانی کوردستان بە زۆری لە سەنتەری شارەکاندا نیشتەجێ ببوون، بوونی ئاسایش و جۆری ئەو پیشە و کارانەی کە ئەوان دەیانکرد هۆکار بوون بۆئەوەی کە ئەوان زیاتر لە شارەکاندا نیشتەجێ ببن. ئەوان بە ژمارە و بڕی جیاواز لە شار و شارۆچکە و گوندەکانی کوردستاندا بڵاوببوونەوە، بەشێوەیەک لە زۆربەی شارەکانی کوردستاندا گەڕەکی تایبەت بەخۆیان هەبوو، گەڕەکەکانیشیان وەکو تایبەتمەندی جوولەکەکانی ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا داخراو و کۆڵانەکانیان زۆر تەسک و دیواری خانووەکانیشیان زۆر بەرز بووە، بێگومان ئەوەش هۆکاری تایبەتی خۆی هەبووە.

جولەکەکان لە زۆرێک لە شار و ناوچەکانی کوردستاندا هەروەک چۆن لە ڕووی نەتەوەوە دووەم بوون لە ڕووی ئاینیشەوە لە دوای مسوڵمانەکان دووەم ئایین بوون، ئەم حاڵەتە هەریەکە لە: کلۆدیۆس جیمس ڕیچ(١٨٢٠)، مونشی بەغدادی (١٨٢٠)، مستەر هارت(١٨٢٠)، ژاک ڕیتۆرێ(١٨٧٨)، مێجەرسۆن(١٩٠٩)، ئەدمۆنز (١٩١٩)...هتد، باسیان لێوە کردووە. بەنمونە ڕیچ کاتێک باس لە ژمارەی ماڵەکانی سلێمانی دەکات دەڵێت:»(٢٠٠٠) خانووی مسوڵمان و (١٣٠) خانووی جولەکە و (٩)خانووی دیان و کلدانی تێدایە«. مێجەرسۆنیش (١٩٠٩) لەبارەی هەڵەبجەوە، دەڵێت:» لەناو بازاڕی هەڵەبجەدا دوو نەتەوە بەرچاو دەکەوتن، کە ئەوانیش (کورد و جوولەکە) بوون، هەردوو نەتەوەکە پێشوازییان لە خەڵکی نامۆ و غەریبە دەکرد و بەخێرهاتنیان لێدەکردن، لەم پێشوازیکردنەشدا هەردوو نەتەوەکە وەک یەک بوون». سۆن ئەوەشی گووتووە، کە: کەرکوک، سلێمانی، هەڵەبجە، ئاڵتون کۆپری، بانە، پێنجوێن و ناوچەکانی قەرەداغ ڕێژەیەکی زۆر لە جولەکەیان تێدایە و لە کوردستانی ئێرانیشدا ژمارەیان زۆرە.

وەنەبێ جولەکەکان هەر لەو شار و ناوچانەی کە ئاماژەمان پێکردن هەبووبن، بەڵکو هەر لە: خانەقین، مەندەلی، جەلەولا، دووزخورماتوو و کفری هەتا دەگاتە کۆیە، ڕانیە، ڕەواندوز، هەولێر، موسڵ، دهۆک، زاخۆ، زێبار، ئاکرێ و ئامێدی... هتد هەبوون، ژمارەشیان لە شارێکەوە بۆ شارێکی دیکە جیاواز بوو. ڕاپۆرتی ساڵانەی کۆمەڵەی ئەنگلۆ – جوو لە ساڵی ١٨٧٨دا تێکڕای ژمارەی جووەکانی بە (١٨٠٠٠) کەس خەمڵاندووە، بەڵام ئەم ژمارە ڕێژەییە و زانستیش نییە.

زۆرجار نەیارانی کورد هەوڵیانداوە وانیشان بدەن کە کورد میللەتێکی وشک و ڕەق و دەمارگیرە، مێجەرسۆن یەکێکە لەو کەسانەی کە هەوڵێکی زۆریداوە وا لە خەڵکی بگەیەنێت کە کوردەکان بە زۆر جولەکە و گاورەکانیان ناچارکردووە، کە مسوڵمان ببن و جلوبەرگی کوردی بپۆشن و واز لە جلوبەرگی ڕەسەنی خۆیان بهێنن، کەچی نەیتوانیوە ناوی تاقە گاورێک یاخود جولەکەیەک بهێنێت کە کورد ناچاری کردبێت ببێ بە مسوڵمان، بەپێچەوانەوە بەدەیان نمونەی مێژوویی نوسەرانی کورد و ئەوروپی و جولەکە لەبەردەستدان کە ئاماژە بە پەیوەندی دۆستانەی نێوان کورد و جولەکە و گاورەکانی نیشتەجێی کوردستان دەکەن، ئێمە هەوڵدەدەین بەکورتی ئاماژە بە چەند نمونەیەکیان بکەین:

جارێک کۆبوونەوە و نیشتەجێبوونی ئەو ژمارە زۆرەی جولەکەکان لە کوردستاندا بەڵگەیەکی ڕوونە بۆئەوەی ئەو ڕاستییە بسەلمێنێت کە ئەگەر کورد مامەڵەی نەشیاوی لەگەڵ جولەکەکاندا بکردایە ئەوا ئەوان هەرزوو کوردستانیان بەجێ دەهێشت و ڕوویان لە وڵاتێکی دیکە دەکرد، لە شارێکی وەک سلێمانیدا کاک ئەحمەدی شێخ تا دوا ئەندازە ڕێزی لە جولەکەکان گرتووە، لە هەڵەبجەش عادیلەخانم زۆر بەتەنگ پاراستنی جولەکەکانی شارەکەوە بووە و بواری بە کەس نەداوە کە دەستدرێژییان بکاتەسەر، سەبارەت بە کەرکوکیش (ژاک ڕیتۆرێ)ی قەشە و مسیۆنێر(١٨٧٨)، دەڵێت:» ئێمە شادمانین کە دەبینین وێڕای هەمە چەشنەیی ئاینەکان، خەڵکەکە لە

هارمۆنییەکی باشدا پێکەوە دەژین»، ئەوە لەکاتێکدا ژمارەی دانیشتوانی ئەو شارە بە قسەی ڕیتۆرێ نزیکەی (٣٠) هەزار کەس بووە، لەو ڕێژەیە (٢٠٠) ماڵیان جولەکە و (٥٠)شیان مەسیحی بوون، ئەوانی دیکەیان مسوڵمان بوون. لەوانەش زیاتر ساڵێک جوولەکەکانی هەڵەبجە دەیانەوێت کەنیشتەکەیان نۆژەن بکەنەوە، بۆ ئەم مەبەستە دەچنە لای شێخ حوسامەدینی نەقشبەندی لە خورماڵ و داوا لێ دەکەن، کە هەندێک داریان لە باخەکەی خۆی بداتێ، ئەویش بەبێ ئەوەی گوێ بەوە بدات کە ئەوانە جولەکەن (٤٠)داری سوورەچناریان پێ دەبەخشێ.

بەبڕوای ئێمە گەواهیدانەکەی ساسۆن حسقێل بۆ پەیوەندی مێژینە و دۆستانەی نێوان کورد و جولەکەکانی کوردستان لە هەموو ئەو نموونانەی سەرەوە سەنگینترە، ساسۆن لەبارەی هەڵوێستی کورد بەرامبەر بە ئەوان دەڵێت: «لەگەڵ ئەوەی لە زۆربەی وڵاتانی دونیادا جوولەکەکان ئازار و ئەشکەنجە دەدران و ڕەشەکوژ دەکران، بەڵام بەپێی مێژوو و قسەی پیرەپیاوانی جوولەکەی کوردستان، نەتەوەی کورد زیاتر لە هەموو نەتەوەکانی تر ڕێزی جوولەکەکانیان گرتووە و وەک هاوڵاتی کورد سەیریان کردوون و پاراستوونیان، هیچ کات بە چاوی سووک و بێگانە سەیری کوردە جوولەکەکانیان نەکردووە، وەنەبێ کوردەکان هەر لەگەڵ جوولەکەکاندا وابووبن، بەڵکو کوردەکان لەگەڵ هەموو کەمە نەتەوە و ئاینییەکانی دیکەدا هەروابوون. کوردەکان گیانی بەزەیی و ویژدان و پیاوەتی و دڵسۆزیی و دڵسافی لەگەڵ خوێنیان تێکەڵاوە. هەرکەسێک و هەر نەتەوەیەک پەنای بۆ کورد هێنابێ، زۆرجار ئەگەر پێویستیشی کردبێ، کوردەکان خوێنیشیان لە پێناودا ڕشتووە، کە پەنایان بۆ بردوون. کوردەکان ئەوەندە دڵساف و خۆشباوەڕ و مرۆڤ دۆستن، زۆرجار ئەو دڵپاکییەیان بووەتە هۆی زەرەر و زیان لە خۆیان. هەرگیزیش نەبیستراوە، کە کەسێک لە کوردستاندا لەبەر جولەکەبوونی کوژرابێت».

**ئاماری جولەکەکانی شاری سلێمانی:**

کوردستان بەگشتی و شاری سلێمانی بەتایبەتی، لە سەردەمی دەوڵەتی عوسمانیدا هیچ ئامار و سەرژمێرییەکی دانیشتوانی تێدا ئەنجام نەدراوە، تا لە ساڵی ١٨٣١دا بۆ یەکەمجار سەرژمێری بەخۆیەوە بینیوە، بەڵام ئەم سەرژمێرییەش تەنها هەنگاوێکی سەرپێی بووە و جۆرێک بووە لە کاری خەمڵاندن و مەزەندەکاری، بەمەبەستی باج سەپاندن و سەربازگرتن ئەنجامدراوە.

وێڕای ئەم پشتگوێخستە گەڕیدە و بێگانەکان و پیاوانی سەر بەدامودەزگاکانی بەریتانیا لەم وڵاتەدا، باسیان لە ژمارەی دانیشتوانی سلێمانی کردووە، بەڵام ئەو ئامارانە ورد نین و زۆربەیان بۆ مەبەستی تایبەتی یان بۆ بەرژەوەندی وڵاتەکانیان نوسراو و زانستی نین. هەرچۆنێک بێت جولەکەکانی سلێمانی دوای دروستکردنی شارەکە ئەمانیش وەک خەڵکە ئاساییەکەی تر لە قەڵاچوڵانەوە گواستوویانەتەوە بۆ سلێمانی و تێیدا نیشتەجێ بوون، بەڵام دواتر لە چەند شوێنێکی دیکەی دەوروبەری شارەوە جوولەکەکان ڕوویان کردووەتە ناو شارەکە و تێیدا گیرساونەتەوە، چونکە بەر لە دروستبوونی شاری سلێمانی ژمارەیەکی زۆری جولەکە لە ناوچەکانی دەوروبەری شارەکەدا هەبوون، لەوانە: هەڵەبجە، قەرەداغ و پێنجوێن.... هتد.

بەر لە هەموو شتێک دەبێت بڵێین ڕووداو و گۆڕانکارییەکانی شاری سلێمانی و دەوروبەری بەتایبەتی شەڕ و ململانێکان و نەخۆشییەکان لە قۆناغە جیاوازەکانی ئەو شارەدا کاریگەری بەرچاویان داناوە لەسەر بەرزبوونەوە و نزمبوونەوەی ژمارەی دانیشتوانی شارەکە، بە تەماشاکردنی ئامارەکانی دانیشتوانی ئەم شارە زۆر بە ڕوونی ئەم حاڵەتە بەرچاو دەکەوێت، سەبارەت بە ژمارەی جولەکەکان، ڕیچ(١٨٢٠) لەبارەی دانیشتوانی سلێمانییەوە دەڵێت:» بەپێی باشترین زانیاری کە چنگم کەوتووە، (٢٠٠٠)

خانووی مسوڵمان و (١٣٠) خانووی جولەکە و (٩) خانووی دیانی کلدانی و (٥)خانووی ئەرمەنی تێدایە«. ئەوەی لێرەدا مایەی تێڕامانە، بوونی ئەو جیاوازییە زۆرەیە کە لە نێوان ژمارەی جولەکەکان و گاورەکاندا هەیە، کە ژمارەی جولەکەکان شەش هێندەی ژمارەی گاورەکانە، دیارە ئەوەش بۆ شوێنی ستراتیژی شاری سلێمانی دەگەڕێتەوە لە ڕووی بازرگانییەوە، کە جولەکە بەردەوام بەدوای شوێنی وەهادا دەگەڕێن وێڕای مامەڵەی باش و دۆستانەی کورد لەگەڵ خەڵکانی نامسوڵماندا.

هەروەک بوونی ئەو ژمارە زۆرەی جولەکە لە شارێکی تازە دروستکراودا (دوای ٣٦ساڵ)، بەڵگەیە لەسەر تێکەڵبوون و پەیوەستبوونیان بە سەرەتاکانی دروستبوونی شارەکەوە و هەروەک چۆن لە کۆی ئەو حەوت گەڕەکەی کە لە سەرەتای شارەکەدا دروستکراون یەکێکیان گەڕەکی جولەکەکان بووە و هاوکاتی گەڕەکەکانی: مەڵکەندی، چوارباخ، دەرگەزێن، سەرشەقام، گۆیژە و کانێسکان بوونی هەبووە.

سەبارەت بە ئاماری جولەکەکانی شاری سلێمانی بەپێویستی دەزانین کە ژمارەیان بەپێی قۆناغە جیاوازەکان لەم خشتەدا بخەینە ڕوو:

| ژ | ناوی نوسەر | ساڵ | ژمارەی جولەکەکانی سلێمانی |
|---|---|---|---|
| ١ | کلۆدیۆس جیمس ڕیچ | ١٨٢٠ | ١٣٠ خانوو |
| ٢ | مونشی بەغدادی | ١٨٢٠ | ٣٠٠ ماڵ |
| ٣ | هێنری لایارد | ١٨٦٧ | ١٠٠٠ |
| ٤ | لیک لاما | ١٨٦٨ | ١٥ ماڵ |
| ٥ | ژاک ڕیتۆرێ | ١٨٧٨ | ٢٥٠ بنەماڵە |
| ٦ | شەمسەدین سامی | ١٨٩٥ | ١٠٠٠ |
| ٧ | مێجەرسۆن | ١٩٠٩ | ٥٠٠ جولەکە |
| ٨ | مێجەرسۆن | ١٩١٩ | ٥٧٢ جولەکە |
| ٩ | تۆمارێکی بەریتانی | پێش ١٩٢٠ | ١٠٠٠ کەس |
| ١٠ | تۆمارێکی شارەوانی | ١٩٢٠-١٩٢٢ | ٧٢خانوو، ٢٧٢کەس |
| ١١ | مینۆرسکی | ١٩٢٤ | ١٥٥٠ کەس |
| | سیسیل جۆن ئیدمۆندس | ١٩٢٥ | ٧٥٠ کەس |
| ١٢ | سەرژمێری ١٩٤٧ | ١٩٤٧ | ١٥١٥ کەس |
| ١٣ | ساڵی ١٩٥٤ | ١٩٥٤ | ٦ کەس |
| ١٤ | سەرژمێری ١٩٥٧ | ١٩٥٧ | ٢ کەس |

**گەڕەک و گۆڕستانی جولەکەکان:**

سلێمانی لەو ساڵانەدا بەسەر حەوت گەڕەکدا دابەش ببوو کە بریتی بوون لە: (گۆیژە، مەڵکەندی، کانی ئاسکان، دەرگەزێن، سەرشەقام، چوارباخ، جولەکان)، بەوپێیە جولەکەکان گەڕەکی تایبەت بەخۆیان هەبووە و لەوێدا خەریکی کار و پیشەی خۆیان بوون.

جوولەکەکانی سلێمانی وەک تەواوی جولەکەکانی دیکەی کوردستان گۆڕستانی تایبەت بە خۆیان هەبووە و بە گۆڕستانی (گردی گۆڕە جولەکە) بەناوبانگ بووە و کەوتبووە سەروو گەڕەکەکەیانەوە، ئەوان لەکاتی ناشتنی مردووەکانیشیاندا دوعای ئایینی تایبەتی خۆیانیان بەسەریاندا دەخوێندەوە، گۆڕەکەشیان بۆ مردووەکانیان هەڵدەبەست بۆئەوەی لاشەی مردووەکانی خۆیان لە لە ناوچوون بپارێزن، سەرنیگای مردووەکانیشیان بەپێچەوانەی مردووی موسڵمانەکانەوە لەنێو گۆڕەکانیاندا دادەنا، لەسەر تەنیشتی ڕاستی درێژیان دەکرد و ڕووشیان لە ڕۆژهەڵات دەکرد.

دەستگرتن بە ئایین و دابوونەریتەکانییانەوە:

ئەوەی جێگەی سەرسوڕمانە ئەوەیە، کە جولەکەکان بەدرێژایی (٢٥٠٠)ساڵ ئاوارەیی و ژێردەستەیی هەر وازیان لە ئایین و نەتەوەی خۆیان نەهێناوە، لەکاتێکدا زۆر نەتەوە(بەنمونە ئاشووری و کلدانیەکان) ناویان لەنێو لاپەڕەکانی مێژوودا سڕاوەتەوە و نەماوە. دەبێ بڵێین جوولەکەکان لە تاراوگەکانییان زیاتر خەریکی پاراستن و قایمکردنی کۆمەڵەکانی خۆیان بوون، نەک بڵاوکردنەوەی ئایین و دوگماکانیان لە ناو میللەتانی تردا. بەپێچەوانەی گاورەکانەوە، ئاینی جوولەکە لەنێو میللەتی کورددا نەبووە، ئەو جوولەکانەشی، کە لە کوردستاندا ژیاون، نە خۆیان و نە کەسی تریش بە کوردی دانەناون، بڵاونەبوونەوەی ئاینەکەشیان ڕەنگە لەبەر دوو هۆکاری سەرەکی بێت:

یەکەم/ ئایینەکەیان نەتەوەیی بووە و تاکی جوولەکە دەبوایە لە دایک و باوکەوە جوولەکە بێت.

دووەم/ جوولەکەکان لەوبارەدا نەبوون، نە لەلایەنی ژمارە و هێزیانەوە و (ڕەنگە) نە لە ڕووی دوگما و لۆژیکی ئاینیانەوە، کە ململانێ لەگەڵا کۆمەڵە ئاینییەکانی وەک (زەردەشتی و مەسیحی) و دواتریش ئیسلامدا بکەن، جا بۆیە ئامانجی سەرەکی ئەوان پاراستنی ئایین و ڕەگەزەکەیان بووە.

لەگەڵ ئەوەی جوولەکەکان لە تاراوگەکانیان تارادەیەک لە هەندێ شوێندا نەریت و ڕەوشتی ناوچەکەیان وەرگرتووە، لەگەڵ ئەوەشدا هەوڵەکانیان بۆ پارێزگاریکردن لە شوناسیان بەشی هەرە گەورەی توانای ئەوان بەخۆیەوە خەریک کردبوو. لێرەدا بەسەرنجدان لە شوناسی جوولەکە پارادۆکسێکی گرنگ پەیدادەبێت، لە کاتێکدا کە جوولەکەکان لە وڵاتی خۆیاندا هەتا سەدەی پێنجەمی پ.ز پارێزگارییان لە زمان و دابونەریتی خۆیان کردووە و لە هەمان کاتدا حەزیان لە قبوڵکردنی ئایینی و بیرۆکەگەلی بێگانەش بوو، لە دوای ئاوارەبوونیان و لە دەرەوەی نیشتمانی خۆیاندا، بارودۆخەکەیان بەتەواوەتی پێچەوانە بوویەوە، جوولەکەکان لە دەرەوەی نیشتمانی خۆیان هەوڵیان دەدا پاکێتی و ڕەسەنایەتی ئاینیی خۆیان بپارێزن و لە هەمان کاتدا زمان و نەریتی گەلانی دیکە قبوڵ بکەن و بەکاری بهێنن. لە نیشتمانی جوولەکە میللەتگەرایی باڵادەست بوو، لە دەرەوەش ئایین پلەی یەکەمی هەبوو.

سەبارەت بە بۆنە ئاینییەکانیشیان، جوولەکەکان لە شارەکانی کوردستاندا شوێنی خواپەرستی تایبەت بە خۆیان هەبوو پێیان دەگوت (کەنیشتە) و بە پیاوانی ئایینی خۆشیان دەگوت (مالوم)، کە واتای (مامۆستا) دەگەیەنێت، مالومەکان خوێندنی ئایینیان بە منداڵانی جوولەکە دەوتەوە، ئەوە جگە

لەوەی ژمارەیەک لە منداڵەکانیان شانبەشانی منداڵانی تری کوردستان سەرگەرمی خوێندنی خۆیان بوون لەنێو قوتابخانە حکومییەکاندا. لەوەش زیاتر وەک ساسۆن حسقێل باسی دەکات، لە ئیسرائیلدا تەوراتی کوردە جولەکەکان کە بە زمانی ئاشووری نوسراوە یەکێکە لە تەوراتە باشەکان و جێگای باوەڕە.

هەروەک جوولەکەکان گەلێک دابونەریتی تایبەت بە خۆیان هەبووە، کە لە کولتوور و دابونەریتی خەڵکی کوردستان جیاواز بووە، یەکێک لەو دابونەریتانە بریتی بوو لە یادکردنەوەی جەژنەکانیان، کەپرەشینە یەکێک بوو لە جەژنەکانیان، ساڵانە لە کۆتاییەکانی مانگی ئەیلوولدا ئەم جەژنەیان سازدەکرد، بۆ یادکردنەوە و بەرز ڕاگرتنی ئەم جەژنە ئاهەنگێکی خۆشیان سازدەکرد، ئەوەیان، کە دەسەڵاتی هەبووایە لەسەر سەکۆیەک یان لەژێر کەپری ناو حەوشەکەیدا ساباتێکی سازدەکرد و بە گەڵا و شتی تری ڕەنگاوڕەنگ دەیان ڕازاندەوە و لەژێریدا مێزێکی درێژی نزمیان دادەنا و بە چواردەوریدا لەسەر دۆشەک دادەنیشتن، هەموو جۆرە خواردن و خواردنەوەیەکیان لەسەر مێزەکە دادەنا و دەستیان بە گۆرانی وتن دەکرد، جوولەکەکان تەنها گۆرانییە ئاینییەکەیان بە زمانی عیبری دەگووت، ئەوانی دیکەیان کوردی بوون، بەڵام زۆر جوولەکە ئامێزانە دەیانگووت.

یەکێکی دیکە لە بۆنە ئاینییەکانیان جەژنی کفتە بوو، ئەم جەژنە دەکەتە ڕۆژی شەممەی جوولەکەکانەوە، چونکە ڕۆژی شەممە لای ئەوان زۆر پیرۆز بوو، بە درێژایی شەو و ڕۆژی هەینی خۆیان بۆ ئامادە دەکرد، لە شەممەدا ئاگریان نەدەکردەوە و بە حەرامیان دەزانی، ئێوارانی ڕۆژی شەممە مسوڵمانەکان چرای ماڵەکانیان بۆ هەڵەکردن، نەریتیشیان وابوو لەو ڕۆژەدا دوکانەکانیان نەدەکردەوە و بە ڕۆژی پشووی خۆیان دەزانی.

**زمانیان:**

جوولەکەکان لە هەر وڵاتێک ژیابن، فێری زمانی ئەو نەتەوەیە بوون، لە کوردستانیشدا سەرەڕای ئەوەی کە فێری زمانی کوردی ببوون و لەگەڵ خەڵکی کوردستاندا زۆر بەباشی پێی دەدوان، بەڵام لەنێو خۆیاندا بۆ نوێژ و دوعا و بەڕێوەبردنی سەریمۆنیا(سرووتی) ئایینیان زمانی (ئارامی)یان بەکاردەهێنا. ڕیتۆرێ سەبارەت بە جولەکەکانی هەولێر دەڵێت:" جولەکەکان بە کلدانی بازاڕی قسە دەکەن، کە زمانی هاوبەشە لەگەڵ هەموو مەسیحییەکانی کوردستاندا"، سۆنیش دەڵێت:" ئارامی تارادەیەک هاوشێوەیە لەگەڵ کلدانی ئەم بەشە، بەڵام جولەکەی هەموو ناوچەکان بەکاری دەهێنن، لە هەندێک ناوچە ئارەزووی ئەوە دەکرێت کە نوسینی کوردی لە ڕەمزی عیبریدا بەکاربهێنرێت. تەنانەت جوولەکەکان دوای گەڕانەوەشیان، کە لە وڵاتی خۆیاندا دەژیان، لە سەردەمەکانی دوای دوورخستنەوەیان زمانی ئارامیان کردە جێگرەوەی زمانی عیبری، چونکە زمانی ئارامی ڕۆڵی زمانێکی هاوبەشی لە پەیوەندیداریتی خەڵکی ناوچەکانی ڕۆژهەڵاتی دەریای سپی ناوەڕاستی ئەو سەردەمەدا دەگێڕا.

**ڕەوشی ئابووریان:**

جوولەکەکانی کوردستان خەڵکێکی کاسبکاربوون، لە ماڵ و سامان پەیداکردندا زۆر زەحمەت کێش و بە دەست و بردبوون، سەبارەت بە ڕۆڵیان لەنێو بازاڕو کایەی بازرگانیدا، بوونی کەمایەتییەکی وەک جولەکە لە هەندێ لە شار و شارۆچکەکانی کوردستاندا خۆی لە خۆیدا بەڵگەیەکی گرنگە بۆ کاریگەری فاکتەری بازرگانی لەسەر گەشەسەندنی ئابووری ئەو ناوچانە، بوونی کەمایەتی جوولەکە وەک پێوەرێک بۆ چالاکی بازرگانی ناوەوە و دەرەوەی شارەکانی کوردستان

## بەپێی مێژوو و قسەی پیرەپیاوانی جوولەکەی کوردستان، نەتەوەی کورد زیاتر لە هەموو نەتەوەکانی تر ڕێزی جوولەکەکانیان گرتووە.

(بەنمونە سلێمانی و هەڵەبجە) لەو ڕاستییەوە سەرچاوە دەگرێت، کە جوولەکە وەکو نەریتی خۆیان چ لە ڕۆژهەڵات و چ لە ڕۆژئاواشدا زیاتر سەرگەرمی کاری بازرگانی و کڕین و فرۆشتن و کاری سەڕافی (پارەگۆڕینەوە) و زەڕەنگەری دەبوون.

جولەکەکانی سلێمانی لە سەرەتادا بەخومچێتییەوە خەریک بوون، بەڵام دواتر زۆربەی کار و پیشەی بازرگانی و زێڕەنگەریی و عەتاریی و کوتاڵفرۆشییان گرتەدەست. سەجادی ئاماژەی بەم حاڵەتە کردووە و باسی ئەوەی کردووە کە هەتا کاتی گەڕانەوەی جولەکەکان هەندێ ئیشوکار لەکوردستاندا تایبەت بوون بەوانەوە وەک:خومخانەگەری، زەڕەنگەری. بەگشتی لای جووەکان هونەری زێڕەنگەریی و زیوگەری جێگەی ئەوپەڕی ڕێز و تەقدیر بوو، لە بواری پیشەی زەڕەنگەریی و زیوگەریدا، بازاڕەکانیان بە تەواوی پاوان کرد بوو، لە شارێکی وەک سلێمانیدا لە کۆی (٨) دوکانی زەڕەنگەری (٧) یان جوو بوو، ئەمە هونەرێک بوو زۆربەی زۆری هاوئاینەکەیان لە ئێران و میسۆپۆتامیا کاریان تێدا دەکرد.

ڕیچ لە باسی جوولەکەکانی پێنجوێندا دەڵێت:"جوولەکەکانی ئەم ناوچەیە خەریکی بازرگانی پێستە و مازوو شتی ترن و هەر لەم ناوچەیەوە پێستەیەکی زۆر ڕەوانەی شاری هەمەدان دەکرێت، جگەلەوەش جوولەکەکان لە کوردستاندا کاری زەڕەنگەری دەکەن".

جگە لەو پیشانە کاری (چەرچی)شیانکردووە، ژمارەیەکی زۆر لەو کۆڵگێڕانە بە شار و گوندەکانی کوردستاندا قوماشیان دەگێڕاو دەیان فرۆشت جولەکە بوون. لەمبارەیەوە سۆن دەڵێت:" جولەکەکان فرۆشیاری گەڕۆک و بازرگانی بچووک بوون، هەموو جۆرێکی بازرگانی تاکفرۆشی لە کەرکوک و سلێمانی و هەڵەبجە و پێنجوێن لەژێر دەستی جولەکەکاندایە. لە تەموز و ئاب و ئەیلولدا کە تاهیربەگی جاف دەچێت بۆ پێنجوێن ئەو جولەکانەی کە خەریکی کاری چەرچی و بازرگانی بچووکن زیاتر ڕوو لەو ناوچەیە دەکەن"، سۆن باسی ئەوەشی کردووە کە لە کۆی (٥٢) دووکانی قەیسەرییەکەی ماڵی عادیلەخانم لە هەڵەبجە، بیستیان کاریان فرۆشتنی قوماشی کەتان و بازرگانی کوتاڵ بووە و، زۆربەشیان لە جوولەکەکانی شارەکە پێکهاتبوون. جیا لەو کارانە کاری دکتۆریی و حەکیمیشیان کردووە. سەبارەت بە پیشەی مەیفرۆشیش، ئەگەرچی لە سەردەمی دەوڵەتی عوسمانیدا لە سلێمانی عارەق خواردنەوە بە ئاشکرا نەبوو، بەڵام ماڵە جولەکە و دیانەکان بە دزییەوە دەیانفرۆشت، هەتا لە ساڵی ١٩٢٥ یەکەم مەیخانە لە سلێمانیدا دروستکرا.

ڕێژەیەکی کەمی جولەکەکان لە گوندەکاندا دەژیان، بەڵام ئەمانیش ئیشی گرانی گوندەکانیان نەدەکرد، چەند پریاسکەیەکی داو دەرمان و

دەرزی و دەزوو خەنە و وسمە سەرمایەی ژیانیان بوو، کەچی لە ئاغا و مسکێنی گوندەکان باشتر و رێکوپێک تر دەژیان، هەربۆیە شتێکی سرووشتی بوو، کە جوولەکەکانی کوردستان لە رووی داهات و ئاستی ئابوورییانەوە لە دەوڵەندترین خەڵکانی کوردستان بوون.

**گەڕانەوە بۆ ئیسرائیل:**

جولەکەکانی کوردستان وەک تەواوی جولەکەکانی عێراق لە ساڵی ۱۹٥٠دا لەلایەن ئینگلیزەکان و حکومەتی عێراقەوە ئاگادارکرانەوە کە خۆیان ئامادەبکەن بۆ گەڕانەوە، دواتریش پەرلەمانی عێراق لە رێکەوتی ۱۹٥۱/۳/۳ بە یاسا بڕیاری لێ سەندنەوەی رەگەزنامەی عێراقی لە جولەکەکان پەسەند کرد، دەرچوونی یاساکەش هاوکات بوو لەگەڵ بڵاوکردنەوەی کۆمەڵێک هەڕەشە و گورەشە بە درێژایی ساڵانی(۱۹٤۸ - ۱۹٥۳) دژی جولەکەکان، بۆئەوەی ناچاریان بکەن، کە دەستبەرداری رەگەزنامەی عێراقیان ببن و بگەڕێنەوە بۆ ئیسرائیل.

بە زۆر ناچارکردنیان بە گەڕانەوە و هاوکات پەیوەندی مێژوویی بەهێزیان لەگەڵ خەڵکی کوردستاندا وایکرد لەکاتی گەڕانەوەیاندا خەڵکی زۆر دڵگران بن بە گەڕانەوەیان. لەمبارەیەوە ساسۆن دەڵێت:" زۆربەی خەڵکی کوردستان لە شار و شارۆچکەکانی خۆیاندا دوکان و بازاڕیان داخست و دەستیان لە کارەکانیان هەڵگرت و لە شار و گوندەکانەوە خەڵک هاتبوون بۆ ماڵئاوایی لێکردنی دواجاریان....هتد". لەکاتی گەڕانەوەشیاندا حکومەتی عێراق بواری نەدات هیچ جۆرە پارە و سامانێک لەگەڵ خۆیاندا ببنەوە، بەبیانووی ئەوەی ماڵ و سامانی ئەوان موڵکی دەوڵەتن، ئەوەش بوو بە بارگرانییەکی گەورە بەسەرشانی ئەوانەوە، بارگرانییەک کە بۆماوەی چەندین دەیە باجەکەیاندا.



# سەرچاوەکان


**کتێب:**

- ئاکۆ عەبدولکەریم شوانی: شاری سلێمانی (١٩١٨-١٩٣٠)، چ١، چاپخانەی زانست، سلێمانی، ٢٠٠٢.
- ئاکۆ عەبدولکەریم شوانی: شاری سلێمانی (١٩٣٢-١٩٤٥)، چ١، مەڵبەندی کوردۆلۆجی، چاپخانەی تیشک، سلێمانی، ٢٠٠٨.
- ئەحمەد باوەڕ: جولەکەکانی کوردستان، چ١، چاپخانەی وەزارەتی ڕۆشنبیری، کوردستان، ٢٠٠٠.
- بەهادین نوری: بیرەوەریەکانی بەهادین نوری، و.سەردار صالح، چاپی یەکەم، سلێمانی، ١٩٩٥.
- توانا ڕەشید کەریم: سلێمانی لە نێوان ساڵانی ١٩٥٤-١٩٥٨)، چ١، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، هەولێر،٢٠١٢.
- جەمال بابان: سلێمانی شارە گەشاوەکەم، بەرگی یەکەم، دەزگای ڕۆشنبیری و بڵاوکردنەوەی کوردی، بەغداد، ١٩٩٢.
- ڕەشاد میران: ڕەوشی ئاینی و نەتەوەیی لە کوردستاندا، چ١، کوردستان، ٢٠٠٠.
- ڕێبوار حەمەتۆفیق: جولەکەکانی شاری سلێمانی لە سەرەتای دروستبوونی شارەکەوە هەتا ناوەڕاستی سەدەی بیستەم، چ١، چاپخانەی پەنجەرە، تاران، ٢٠٠٥.
- ژاک ڕیتۆرێ: گەشتنامەی میسیۆنەرێک بۆ ناوچەکانی کەرکوک و سلێمانی ساڵی ١٨٧٨، و.نەجاتی عەبدوڵڵا، چ١، چاپخانەی شڤان، بنکەی ژین، ٢٠٠٨.

سەفەرنامەی مونشی بەغدادی لە تەک مستەر ڕیچدا(١٨٢٠)، و.ئەحمەد محەمەد ئیسماعیل، چ١، چاپخانەی موکریانی، هەولێر، ٢٠١٤.

- د.سەعدی عوسمان هەروتی: سنووری باشووری کوردستان لە سەدەی نۆزدەدا، چ١، چاپخانەی خانیِ(دهۆک)، دەزگای موکریانی، ٢٠٠٧.
- شوان عوسمان: کوردستان و پرۆسەی بە ئیسلامکردنی کورد، چ١، سەنسەری چاپ و پەخشی نما، سلێمانی، ٢٠٠٢.
- یارۆ سلاڤ کاراچی: شارستانیەتی ئاسیا و خۆرهەڵاتی ناوەڕاست، و.یوسف خزر چوپان، چ١، چاپخانەی منارە، هەولێر، ٢٠٠٧.
- عادل صدیق علی: هەڵەبجە (١٨٨٩-١٩٣٠)، چ١، چاپ وپەخشی نوسەر، ٢٠٠٨.
- عەلادین سەجادی: ڕشتەی مرواری، ب٦، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی، ٢٠٠٥.
- قاموسولئەعلامی شەمسەدین سامی: کورد و کوردستان لە یەکەم ئەنسیکلۆپیدیای تورکی لە مێژوودا، و.ئەحمەد تاقانە، چ١، بڵاوکراوەی ئاراس، هەولێر، ٢٠٠٨.
- کوردستان لە چاپکراوە عوسمانییەکاندا، و.فەیسەڵ دەباغ، چ١، دەزگای چاپ و بڵاوکراوەی ئاراس، هەولێر، ٢٠٠٤.
- کلۆدیۆس جیمس ڕیچ: گەشتنامەی ڕیچ بۆ کوردستان ١٨٢٠، و.محەمەد حەمەباقی، چ١، تەورێز، ١٩٩٢.
- مەیجەرسۆن: سلێمانی ناوچەیەک لە کوردستان، و.مینە، مەڵبەندی کوردۆلۆجی، سلێمانی، ٢٠٠٧.
- محەمەد ڕەسوڵ هاوار: شێخ مەحمودی قارەمان و دەوڵەتەکەی خوارووی کوردستان، ب١، لەندەن، ١٩٩٠.
- محەمەد ڕەسوڵ هاوار: بیرەوەری، ئامادەکردنی سدیق سالح، ب١، بنکەی ژین، سلێمانی، ٢٠٠٧.
- محەمەد سەعید جاف: ئاوارە، بەشی دووەم، دارالحریە للگباعە، بەغداد، ١٩٩٩.
- مامۆستا جەعفەر: شاری سلێمانی ململانێی گرووپە کۆمەڵایەتییەکان(١٨٢٠-١٩٢٠)، بنکەی ژین، سلێمانی، ٢٠٠٦.
- س.ج. ادموندز: کرد ترک عرب، ت.جرجیس فتح الله، ط٢، وطبعة وزارت التربیة، اربیل، ١٩٩٩.
- میجرسون: رحلة متنکر الی بلاد مابین النهرین وکردستان، ت. فوادجمیل، ج١، بغداد، ١٩٧٠.

**گۆڤار:**

- جەمال ئیبراهیم لۆلۆ: مێژووی جوولەکە لە کوردستاندا، گ(خاک)، ژ(١١٣)، ٢٠٠٦.
- سەلاحی حەمەی زەینەب: هەندێ لە جوولەکەکانی خەڵکی ئەم شارە و شاری هەڵەبجە، گ(سلێمانی)، ژ(٧٣)، ٢٠٠٦.
- ساسۆن: کوردە جولەکەکانی کوردستان، گ(مامۆستای کورد)، ژ(١٩)، پایزی١٩٩٣.

# بنەماکانی پێکەوەژیان

## لە نێوان پێکهاتە جیاوازەکانی کوردستان

## پەرلەمانی کوردستان بەنموونە






**شەماڵ ئەحمەد ئیبراهیم**

لەدایکبووی ساڵی ١٩٧٤، ماستەر لە زانستە سیاسییەکان لە زانکۆی سلێمانی.
بەرپرسی بۆردی ئەکادیمی لە ناوەندی چاوی کورد بۆ پەرە پێدانی سیاسی.
خاوەنی دوو کتێب و چوار لێکۆڵینەوەیە.

**سەرەتا**

باسکردن لەسەر چەمکی پێکەوەژیان، باسێکی کۆمەڵایەتی سیاسییە، لەهەمانکاتدا باسیکی زۆر گرنگە، چونکە ڕەنگدانەوەی تەواوی هەیە لەسەر بەدیهاتنی چەمکەکانی لێبوردەیی و دانانان بە مافەکانی بەرامبەردا، کوردستان –مەبەستمان هەرێمی کوردستانە– وەک هەموو ناوچەکانی دیکەی جیهان، بەدەر نییە لە بوونی فرەیی کۆمەڵایەتی، ئەو فرەییەی کە لە ڕایەڵە کۆمەڵایەتییەکاندا هەیە بوارەکانی فەرهەنگیی و زمانەوانیی و ئاینیی و ئاینزایی و نەتەوەیی گرتۆتەوە، بوونی عەرەب، تورکمان، کاکەیی، زەردەشتی، مەسیحی، جووەکان –تا ناوەڕاستەکانی سەدەی بیستەم و پێش ڕاگواستنیان بۆ ئیسرائیل، شیعە، سوونئە، بەڵگەیە لەسەر ڕادەی تێکەڵی و فرەیی کۆمەڵگای هەرێمی کوردستان.

کورد وەک پێکهاتەیەکی سەرەکیی و باڵای ئەم هەرێمە، لە دوای دروستکردنی دەوڵەتی عێراقییەوە تاوەکو ئێستا، بەهیچ جۆرێک لایەنێک نەبووە لە ڕەشبگیر و ڕەشەکوژکردنی پێکهاتەکانی دیکە، بەپێچەوانەوە، نەتەوەی کورد، فاکتەری پارێزگاریکردن و سەلمێنەری ئەو پێکهاتە جیاوازانە بووە، ئایا ئەمە بەشێکە لە کلتووری کورد بەوەی کە لەڕووی دەروونییەوە ئامادەیی تیادایە بۆ پێکەوەژیان و بەدیهێنانی بنەماکانی ئەو پێکەوەژیانەی کە ئێستا لەم ناوچەیەدا بەدی دەکرێت؟ یان هۆکارەکەی ئەوە بووە کە کورد وەک نەتەوەی عەرەب لە عێراق خاوەنی دەسەڵات نەبووە؟

ئێمە لێرەدا گریمانەی ئەوە وەردەگرین کە «کورد لە ڕووی کلتووریی و گۆشکردنی کۆمەڵایەتیی و سیاسییەوە ڕاهاتووە لەسەر ڕێزگرتنی مافەکانی بەرامبەر و هەر بەوهۆیەشەوە کورد نەتەوەیەکی ئاشتیخوازە، بۆیە لە هەرێمی کوردستان پێکهاتە جیاوازەکان دەتوانن لەگەڵ نەتەوەی کورددا پێکەوە بژین و نوێنەرایەتییەکانیان لەناو دامەزراوە فەرمییەکانی هەرێمی کوردستان گەواهی ئەو ڕاستییەن.

بۆ ئەو مەبەستەش، ئەم نووسینە دەکەین بە دوو بەشەوە، بەشی یەکەم تەرخان دەکەین بۆ قسەکردن لەسەر چەمکی پێکەوەژیان، پێناسە و بنەماکانی، بەشی دووەمی نوسینەکەش تەرخان دەکەین بۆ باسکردنی مامەڵەی هەرێمی کوردستان لەگەڵ پێکهاتە جیاوازەکان لە نوێنەرایەتی پێکهاتەکان لە هەرێمی کوردستان لە دامەزراوە فەرمییەکان و هەوڵەکانی هەرێم بۆ پارێزگاریکردن لەو پێکهاتانە و دانانان بە مافەکانیاندا.

**بەشی یەکەم: پێکەوەژیان، چەمک و پێناسە**

لەبەرئەوەی کە پێکەوەژیان هەم چەمکێکی سیاسیی و کۆمەڵایەتییە، ئێمە لێرەدا هەڵدەدەین کە پێناسە جیاوازەکانی ئەو چەمکە لە هەردوو بوارەکەدا بخەینە ڕوو بەمەبەستی دیاریکردنی بنەماکانی ئەو چەمکە لە دوو تەوەردا:

تەوەری یەکەم/ چەمکی پێکەوەژیان «پیناسە».

تەوەری دووەم/ بنەماکانی پێکەوەژیان لە بوارەکانی سیاسیی و کۆمەڵایەتیدا.

**تەوەری یەکەم/ چەمکی پێکەوەژیان «پێناسە»**

لەم سەردەمەدا چەمکی پێکەوەژیان، بۆتە یەکێک لە بابەتە هەنوکەییەکان، کێشە کۆمەڵایەتییە هەمەجۆرەکانی نێوان پێکهاتە جیاوازەکان، کلتووری جیاوازەکان، چالاکییە جیاوازەکان، بیروباوەڕە ئایینییە جیاوازەکان، زەروورەتی ئەم چەمکە دەردەخەن، قبوڵکردنی جیاوازییەکان لە یەک کاتدا یان لە یەک شوێندا بەشێوەیەکی گشتی مانای پێکەوەژیانە، هەر ئەم بابەتە هەستیارەی پێکەوەژیانی ڕابردووە کە وتووێژەکانی ئێستا سەرکەوتوو دەکات(١).

لەگەڵ ئەم مانا سادەیەدا چەندین لێکدانەوەی

جیاواز بۆ چەمکی پێکەوەژیانی نێوان کۆمەڵگا مرۆییە جیاوازەکان تیۆریزەکراوە، هەر یەکێک لە گۆشەنیگایەکی جیاوازەوە تێبینییەکانی خۆی لەمەڕ ئەم چەمکە دەربڕیوە، لە خوارەوە چەند بۆچونێک سەبارەت بەم چەمکە دەخەینەڕوو:

**یەکەم: پێکەوەژیان وەک چەمکێک لە سیاسەتی دەرەوە**

سەرهەڵدانی چەمکی پێکەوەژیان، بەدیاریکراوی پێکەوەژیانی ئاشتییانە (peaceful coexistence) دەگەڕێتەوە بۆ دوای کۆتایی هاتنی جەنگی دووەمی جیهانی و سەرەتاکانی جەنگی ساردی نێوان هەردوو بلۆکی ڕۆژئاوا بە ڕابەرایەتی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا و بلۆکی ڕۆژهەڵات ڕابەرایەتی یەکێتی سۆڤییەتی جاران، لەوکاتەدا پرۆژەی پێکەوەژیان لەلایەن یەکێتی سۆڤییەتەوە پێشنیارکرا، خۆرۆشۆف دواهەمین سەرۆکی یەکێتی سۆڤییەت پێیوایە کە پێکەوەژیانی ئاشتی لە نێوان وڵاتان بریتییە لە بڕوابوون بەوەی کە ناکرێت جەنگ لە نێوان وڵاتاندا بەرپا ببێت، سەرەتای ئەم چەمکەی سۆڤێتییەکان دەگەڕێتەوە بۆ لینین کە باس لە پێکەوەژیانی دەوڵەتان دەکات، دیارە کاریگەری لینین بە هیگڵ و تێڕوانینی ماددی دیالێکتیکی سەبارەت بە بوون و ژیان لەوەدا ڕەنگدەداتەوە کە هیگل یەکێک بووە لەوانەی کە باوەڕی بە باڵادەستی نەتەوەی ئەڵمانی هەبووە(٢)، کەواتە ئەم بۆ چوونە لەکوێوە هاتووە؟ یەکێک لە بنەما سەرەکییەکانی فەلسەفەی مارکسی بریتییە لە کۆنترۆڵکردنی دیاردەکان، بەواتایەکی دیکە نەبوونی توانای کۆنترۆڵکردن زەرورەتی پێکەوەژیان دەهێنێتە ئاراوە، بۆیە هەڵوێستی سیاسی یەکێتی سۆڤییەت دوای ئەوە هات کە نەیاندەتوانی – بەتایبەتی لە پەنجاکانی سەدەی بیست و بەرەودوا کۆنترۆڵی جیهانی سەرمایەداری بکەن، بۆیە پەنایان بردەبەر بەرزکردنەوەی دروشمی پێکەوەژیان، هەرچۆنیک بێت، یەکێک لە تێگەیشتنەکان بۆ ئەم چەمکی بریتییە لە «ئەو سیاسەتەیە کە وڵاتیک لەسەر ئاستی دەرەوە پەیڕەوی دەکات لەکاتێکدا کە خوازیاری ئاشتی و دژی جەنگ بێت، لەوکاتەدا وڵاتان هاریکاری یەکتر دەبن بۆ وەبەرهێنانی تەواوی توانا مرۆییەکانیان بەمەبەستی بەدیهێنانی بەرزترین ئاستی خۆشگوزەرانی گەلەکانیان بەبێ ڕەچاوکردنی جیاوازییە کۆمەڵایەتیی و سیاسیی و ئابوورییەکان»(٢)، بەڵام چەمکی پێکەوەژیان تەنیا لە نێوان وڵاتاندا بەدی نایەت، بەڵکو دەکرێت ئەو چەمکە سادە بکرێتەوە بۆ پێکەوەژیانی نەتەوەکان و پێکهاتەی ناو نەتەوەکان.

**دووەم: پێکەوەژیان وەک چەمکێک لە سیاسەتی ناوخۆدا:**

یەکێکی دیکە لە تێگەیشتنەکان بۆ چەمکی پێکەوەژیان، بریتییە لە شۆڕکردنەوەی بنەماکانی پێکەوەژیان بۆ ناو پێکهاتە جیاوازەکانی کۆمەڵگا، جا لەناو یەک دەوڵەتدا بێت یان زیاتر لە یەک دەوڵەت، لەم بوارەدا فرانسوا شاتێلێ دەڵێت: کە پێکەوەژیانی ئاشتی تەنیا لە نێوان وڵاتاناندا دروست نابێت، بەڵکو دەشێت پێکەوەژیان لە نێوان گەلەکانیشدا بەدی بێت کە ئەمەیان زۆر گرنگتر و پێویستترە، چونکە پاڵنەرەکانی ئاشتی هەروەک پاڵنەرەکانی جەنگ تەنیا لە پەیوەندی نێوان وڵاتاناندا بەدیناکرێت، بەڵکو بەشێوەیەکی قوڵتر لە نێوان گەلاندا تێبینی دەکرێت(٤). ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە بەدیهێنانی پێکەوەژیان لە نێوان وڵاتاندا سەرەتاکەی بەدیهێنانی ئەو بنەمایانەیە لەنێو کۆمەڵگاکاندا کە لەکاتی ئێستادا کۆمەڵگا فرەییەکان دیاردەیەکی تەواو مرۆییانەیە، چونکە سەرجەم وڵاتانی جیهان لە چەندین گەل و نەتەوە و پێکهاتەی جیاواز پێکهاتوون لە ڕووی نەتەوەیی و زمانەوانیی و ئایینیی و نەژاد و ڕەگەزەوە.

**تەوەری دووەم: بنەماکانی پێکەوەژیان لە ڕووی کۆمەڵایەتی سیاسییەوە:**

بەدیهێنانی پێکەوەژیانی ئاشتییانە لەناو کۆمەڵگادا پێویستی بە چەندین بنەما هەیە، ئەم بنەمایانە بەشێوەیەکی تەواوکەری یەکدی کاردەکەن، واتە هەرەسی هەریەکێک لەو بنەمایانە

## کورد لە ڕووی کلتووریی و گۆشکردنی کۆمەڵایەتیی و سیاسییەوە ڕاهاتووە لەسەر ڕێزگرتنی مافەکانی بەرامبەر.

کاردەکاتە سەر ئەوانی تر و دواتر پرۆسەی پێکەوەژیان لەو کۆمەڵگایەدا بەرەو هەڵدێر دەچێت، لەم بەشەدا ئاماژە بەو بنەمایانە دەکەین کە فاکتەری بەهێزکردنی چەمکی پێکەوەژیانی پێکهاتە کۆمەڵایەتییە جیاوازەکانن لەڕووی سیاسییەوە.

یەکەم بنەما: دادپەروەری سیاسی کۆمەڵایەتی، یەکێک لە هەرە بنەما سەرەکییەکانی بەدیهێنانی پێکەوەژیانی ئاشتی لە هەر کۆمەڵگایەکدا بریتییە لە بەدیهێنانی دادپەروەری کۆمەڵایەتی سیاسی لەو کۆمەڵگایەدا، دیارە کە چەمکی دادپەروەری چەمکێکی فراوانە بەڵام ئێمە لێرەدا تەنیا پشتدەبەستین بە تێڕوانینی جۆن ڕاولز بۆ دادپەروەریی و لەو چەمکەوە شرۆڤەی دادوەری کۆمەڵایەتی سیاسی دەکەین، جۆن ڕاولز پێیوایە کە دادپەروەری سیاسی نابێتە هۆی بەدیهێنانی سەقامگیری لە سستەمی کۆمەڵایەتیدا تەنیا لەکاتێکدا نەبێت کە ئەو دادپەروەرییە هاوتابێت لەگەڵ بەها گشتییەکانی کۆمەڵگادا. هەربۆیە ناوبراو بۆچوونەکانی خۆی سەبارەت بە دادوەری سیاسی لەم خاڵانەی خوارەوەدا دەخاتە ڕوو(٥):

١. کۆمەڵگایەکی باش ڕێکخراو ( ordered society – well): لای ڕاوڵز ئەم جۆرە کۆمەڵگایە ئەوانەن کە وێناکراون بەوەی کە باشەی سەرجەم کۆمەڵگا بەدیدەهێنن، لێرەدا تێگەیشتنێکی گشتی هەیە بۆ دادپەروەری بەجۆرێک کە هەموو تاکەکان و دامەزراوەکان ڕێزی لێدەگرن.

٢. بنەمای سەرەکی (basic structure): ئەمەش بریتییە لە شێوازی دابەشکردنی مافەکان و ئەو لایەنانەی سوود لە هاوکارییە کۆمەڵایەتییەکان وەردەگرن.

٣. بارودۆخی سەرەکی (Original position): ئەو بارودۆخە سەرەتاییە چەقبەستووەیە کە تیایدا وتوویژ دەکریت لەسەر ئەو دادپەروەرییەی کە دەکرێت پێی بگەین، هەر لێرەدا دەتوانرێت پشکنین بۆ ئەو تیۆریزانە بکرێت کە ئایا تا چ ئاستێک لەگەڵ دادپەروەریدا هاوتان.

٤. پۆشاکی نەزانین ( Veil of ignorance): ئەم بۆچوونەیان تەواوکاری بۆچوونی سێیەمە، بەوپێیەی کە ئەو کەسایەتییانەی بەشدارن لە واژۆکردنی گرێبەستی کۆمەڵایەتیدا بێئاگان لەوەی کە لە داهاتوودا چی چاوەڕییان دەکات، بۆیە ناچارن کە پشت بە تێگەیشتنیکی گشتی ببەستن سەبارەت بە دادپەروەری.

٥. کۆدەنگی لە ڕێگای سازاندنەوە (overlapping consensus): ئەمەش هۆکارێکە بۆ بە بەرداکردنی بەرگێکی واقیعی بە کۆمەڵگایەکی باش ڕێکخراو، چونکە لەکاتی ئێستادا کۆمەڵگاکان چەندین پێکهاتەی جیاوازیان تێدایە و گەیشتن بە کۆدەنگی تەنیا لە ڕیگای وتوویژ و گفتوگۆوە دەبێت، کە تیایدا سەرجەم پێکهاتەکان دەگەنە خاڵە هاوبەشەکانی نێوانیان.

پاڵپشت بەو بۆچوونانە ڕاوڵز دوو مەبدەئی سەرەکی بۆ دادپەروەری سیاسی دادەڕێژیت کە بریتین لە(٦):

١. مەبدەئی یەکەم، بریتییە لەوەی کە هەموو

تاکێکی کۆمەڵگا لە چوارچێوەی ئازادییەکاندا خاوەنی ئازادی یەکسان بن.

٢. مەبدەئی دووەم، بریتییە لەوەی کە پێویستە جیاوازییە کۆمەڵایەتیی و ئابورییەکان بەشێوەیەک رێکبخرێن کە لە بەرژەوەندی هەموو لایەک بێت و ئەرک و کارە گشتییەکان لە بەردەم هەموو تاکەکاندا کراوەبێت.

**دووەم بنەما: مافەکان و ئازادییەکان: بەشێوەیەکی گشتی مافەکان و ئازادییەکان دەکرێن بەسێ لقی سەرەکییەوە کە بریتین لە:**

١. ماف و ئازادییە کەسێتییەکان: ئەم جۆرە مافانە پەیوەندییان بە تاکەکانەوە هەیە و پەیوەستن بەوانەوە تا لە ژیاندا مابێتن و هیچ کەسێک ناتوانیت پێشێلی بکات، ئەم ماف و ئازادییانە دەگەڕێتەوە بۆ ئەو مافانەی کە لە یاسای سرووشتیدا سەلمێندراون، وەک مافی مرۆڤ لە ژیان، پەیڕەوکردنی ئازادییەکانی...هتد.

٢. ماف و ئازادییە گشتییەکان: ئەم جۆرانە لە ماف و ئازادی دەچنە چوارچێوەی کۆمەڵە ماف و ئازادییەکەوە کە بەشێوەیەکی گشتی سەلمینراون بۆ مرۆڤ و ڕێککەوتنێکی گشتی هەیە لەسەر دەستەبەرکردنیان وەک، ئازادی ڕادەربڕین، نیشتەجێبوون، پێکهێنانی خێزان...هتد.

٣. مافە سیاسییەکان: ئەمانەش بریتین لەو مافانەی کە بواری سیاسییدا و لە ڕێگای یاساوە دەستەبەردەکرێت بۆ مرۆڤ وەک مافی دەنگدان، خۆپاڵاوتن، ئەنجامدانی ئەرکی گشتی...هتد.

ئەوەی کە لە دوای ئەم سەرەتایە پێی دەگەین، بریتییە لەوەی کە پێکەوەگرێدانێکی تەواو هەیە لە نێوان سێ لەو خاڵانەی کە لەسەرەوە باسمان کردن، کە بریتین لە: سازان بەمەبەستی کۆدەنگی، بەدیهێنانی بەرژەوەندی پێکهاتەکان بەدەر لە جیاوازی لە پێگە و ژمارە، دەستەبەرکردنی مافە سیاسییەکان، ئەم سێ خاڵە پێکەوە دەبنە سەرەتایەکی بەهێز بۆ بەدەستهێنانی پێکەوژیان لە نێوان پێکهاتە جیاوازەکان و لە بەشی دووەمی ئەم بابەتە پشکنینی بوونی ئەم سێ خاڵە دەکەین لە ئەزموونی هەرێمی کوردستاندا.

**بەشی دووەم: مامەڵەی هەرێمی کوردستان لەگەڵ پێکهاتەکانی ناو هەرێم:**

بۆ دیاریکردنی چۆنیەتی مامەڵەکردنی هەرێمی کوردستان لەگەڵ پێکهاتە جیاوازەکانی ناو هەرێم لە ڕووی ئاینیی و نەتەوەیی و ئاینزاوە ئەزموونی هەرێمی کوردستان لە پەرلەمانی هەرێم بەنموونە وەردەگرین، بەوپێیەی کە پەرلەمان نوێنەری سەرجەم پێکهاتەکانی هەرێمی کوردستانە و هەروەها گەورەترین دەزگای فەرمی یاسادانانە لە هەرێم، دواتر خوێندنەوەیەک بۆ پەیڕەو و پرۆگرامی پارتە سیاسییەکانی هەرێم بە دیاریکراوی «پارتی دیموکراتی کوردستان و یەکێتی نیشتمانی کوردستان» دەکەین و هەوڵدەدەین بزانین تا چ ئاستێک ئەو مافانەیان بۆ پێکهاتە جیاوازەکان لە هەرێمی کوردستاندا سەلماندووە:

**تەوەری یەکەم: پەرلەمانی کوردستان و نوێنەرایەتی پێکهاتە جیاوازەکان**

گەڕانەوە بۆ مێژووی کاری پەرلەمانی لە هەرێمی کوردستان و یەکەم خولی هەڵبژاردنی ئەندامانی پەرلەمان لە ١٩٩٢ یارمەتیدەرێکی گەورەیە بۆ تێگەیشتن لە پێگەی پێکهاتە جیاوازەکان و گەشەسەندن و داننان بە ماف و کاریگەرییان لە هەرێمی کوردستان.

یەکەمین ئەزموونی هەڵبژاردنەکان بەشێوەیەکی دیموکراسی لە کوردستانی عێراق بەپێی یاسای ژمارە(١)ی بەرەی کوردستانی لە ١٩٩٢\٥\١٩ بەسەرپەرشتی و چاودێری نوێنەرانی چەندین ڕێکخراوی بیانی لە بواری مافی مرۆڤ و

دیموكراسی و ئەندامانی پەرلەمانی وڵاتانی ئەورووپا و رۆژنامەنووسانی بیانی ئەنجامدرا، كە (٩٦٧٢٢٩) دەنگدەر بەشدارییان تێدا كرد.

ئەو لیستانەی بەشدارییان لە هەڵبژاردنەكەدا كرد بریتی بوون لەم لیستانەی خوارەوە:

**خشتەی ژمارە یەک: لە دروستکردنی توێژەر**

| | لیستی پارتەکان | ژمارەی دەنگەکان | رێژەی سەدی |
|---|---|---|---|
| ١ | پارتی دیموکراتی کوردستان | ٤٣٧٨٨٩ | %٤٥,٥ |
| ٢ | یەکێتی نیشتمانی کوردستان و حیزبی زەحمەتکێشانی کوردستان | ٤٢٣٨٣٣ | %٤٣,٦١ |
| ٣ | یەکگرتن (پارتی سۆشیالست و پارتی سەربەخۆیی کوردستان) | ٢٤٨٨٢ | %٢,٥٦ |
| ٤ | یەکێتی دیموکراتی کوردستان و حزبی شیوعی و بێلایەنەکان | ٢١١٢٣ | %٢,١٧ |
| ٥ | لیستی ئیسلامییەکان | ٤٩١٠٨ | %٥,٥ |
| ٦ | لیستی پارتی گەلی دیموکراتی کوردستان | ٩٩٠٣ | %١,٠٢ |
| ٧ | لیستی سەربەخۆی دیموکراتەکان | ٥٠١ | %٠,٠٥ |
| | کۆی دەنگەکان | ٩٧١٩٥٣ | %١٠٠ |

بەپێی ئەنجامەكانی هەڵبژاردن، كە لەلایەن دەستەی باڵای سەرپەرشتیاری هەڵبژاردنەكانی ئەنجومەنی نیشتمانی كوردستان راگەیەندرا، كە بە سستمی نوێنەرایەتی رێژەیی(التمثیل النسبی) بەرێوەچوو، تەنیا (لیستی پارتی دیموكراتی كوردستان)و لیستی هاوبەشی (یەكێتی نیشتمانی كوردستان و حزبی زەحمەتكێشان)، هاتنە نێو پەرلەمان لە كۆی ١٠٥ كورسی پەرلەمان هەریەک لە یەكێتی و پارتی ٥٠٪ ی كورسییەكانیان بەركەوت.

بەپێی بریارێكی سەركردایەتی سیاسی بەرەی كوردستانیش كە لە ١٩٩٢\٤\٨ دەرچوو (٥) كورسی بۆ مەسیحییەكانی كوردستان تەرخانكرا، كە ٤ ئەندامیان لە لیستی بزووتنەوەی دیموكراتی ئاشووریی و ١ ئەندامیش بۆ لیستی یەكگرتووی مەسیحییەكانی كوردستان تەرخانكرا(٧).

جگە لەو ئەندام پەرلەمانانە سێ ئەندام پەرلەمانی دیكە لەلیستەكانی پارتی دیموكراتی كوردستان و یەكێتی نیشتمانی كوردستان سەر بە پێكهاتەكنی دیكە بوون بەپێی ئەم لیستەی خوارەوە(٨):

**خشتەی ژمارە دوو: لە دروستکردنی توێژەر**

| زنجیرە | ناوی ئەندام پەرلەمان | لیست | پێکهاتە |
|---|---|---|---|
| ١ | فەلەکەدین صابر مەحمود کاکەیی | پارتی دیموکراتی کوردستان | کاکەیی |
| ٢ | سەکیس ئاغاجان مامەندو | پارتی دیموکراتی کوردستان | مەسیحی |
| ٣ | عیدۆ حجی ئیسماعیل بابە شێخ | یەکێتی نیشتمانی کوردستان | یەزیدی |

كەواتە كۆی ئەندام پەرلەمانەكانی هەرێمی كوردستان لە خولی یەكەمی پەرلەماندا لە پێكهاتە جیاوازەكان (٨) ئەندام پەرلەمان بوون لە كۆی (١٠٥) ئەندام پەرلەمان كە دەكاتە رێژەی (٠,٠٧٧٪) لە سەدی ئەندامانی پەرلەمان.

لە رۆژی ٣٠ /١/ ٢٠٠٥ خولی دووەمی هەڵبژاردنەكانی پەرلەمانی كوردستان ئەنجامدرا كە هاوكات بوو لەگەڵ هەڵبژاردنەكانی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق و هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگاكان. ئەمەش یەكەمین هەڵبژاردنی گشتی بوو كە دوای رووخانی رژێمی سەدام لە كوردستان و عیراق ئەنجامدرا(٩).

لەم هەڵبژاردنەدا، ژمارەی ئەندامانی پەرلەمان لە ١٠٥ ئەندام بۆ ١١١ ئەندام بەرزكرایەوە. لە ئەنجامدا تەنها سێ لیست لە كۆی ١٣ لیست كە بەشدارییان لە هەڵبژاردنەكاندا كردبوو، توانیان بگەنە پەرلەمان، ئەوانیش لیستی نیشتمانی دیموكراتی كوردستان كە (١٠٤) كورسی و لیستی كۆمەڵی ئیسلامی كوردستان عێراق (٦) كورسی و لیستی حیزبی زەحمەتكێشانی كوردستان و سەربەخۆكان (١) یەک كورسییان بەدەستهێنا، رێژەی پێكهاتەكان لەناو پەرلەمانی كوردستان گۆرانكارییان بەسەردا هات بەپێی ئەم لیستەی خوارەوە:

**خشتەی ژمارە سێ: لە دروست کردنی توێژەر**

| زنجیرە | لیست | لایەنی سیاسی | پێکهاتە | ژمارەی ئەندام |
|---|---|---|---|---|
| ١ | لیستی نیشتمانی دیموکراتی کوردستان | پارتی دیموکراتی کوردستان | یەزیدی | ٢ |
| ٢ | لیستی نیشتمانی دیموکراتی کوردستان | یەکێتی نیشتمانی کوردستان | یەزیدی | ١ |
| ٣ | لیستی نیشتمانی دیموکراتی کوردستان | تورکمان | تورکمان | ٤ |
| ٤ | لیستی نیشتمانی دیموکراتی کوردستان | مەسیحی | مەسیحی | ٥ |

بەپێی ئەو لیستەی سەرەوە ژمارەی نوێنەری پێکهاتەکان لەناو پەرلەمانی کوردستان بەرز بۆتەوە بۆ (١٢) ئەندام پەرلەمان لە خولی دووەمدا کە دەکاتە ڕێژەی (١,٢٪) بەپێی بەراوردکردنی بە (١١١) ئەندام پەرلەمان.

بۆ خولی سێیەمی پەرلەمان کە لە ٢٠٠٩/٧/٢٥ بەڕێوەچوو پێکهاتەکانی هەرێمی کوردستان بەم شێوەیەی خوارەوە و بە لیستی سەربەخۆ بەشداری هەڵبژاردنەکانیان کرد(١٠):

**خشتەی ژمارە چوار: لە دروستکردنی توێژەر**

| زنجیرە | لیست | پێکهاتە | ژمارەی ئەندام |
|---|---|---|---|
| ١ | لیستی تورکمانی هەولێر | تورکمان | ١ |
| ٢ | لیستی ئەنجومەنی گەلی کلدانی سریانی ئاشووری | مەسیحی | ٢ |
| ٣ | لیستی ئەرمەن | مەسیحی | ١ |
| ٤ | لیستی رافیدەین | مەسیحی | ٢ |
| ٥ | لیستی بزووتنەوەی دیموکراتی تورکمانی لە کوردستان | تورکمان | ٣ |
| ٦ | لیستی چاکسازی تورکمانی | تورکمان | ١ |
| کۆی گشتی | | | ١٠ |

بەپێی ئەو خشتەیەی سەرەوە نوێنەرایەتی پێکهاتەکان لەناو پەرلەمانی کوردستان بۆتە ڕێژەی (١٪)، بەمەش ڕێژەکەیان بە بەراورد بە خولی دووەمی پەرلەمان دابەزیوە و پێدەچێت یەکێک لە هۆکارە سەرەکییەکانی بریتی بێت لەوەی کە ئەو پێکهاتانە لەناو لیستەکانی دیکەی تایبەت بە کوردەکان نوێنەریان نەبووبێت.

بۆ خولی چوارەمی پەرلەمانی کوردستان کەلە ٢٠١٣/٩/٢١ ئەنجامدرا پێکهاتەکان (٨) لیستی سەربەخۆیان هەبوو بەم شێوەیەی خوارەوە(١١):

**خشتەی ژمارە پێنج: لەدروستکردنی توێژەر**

| زنجیرە | لیست | پێکهاتە | ژمارەی ئەندام |
|---|---|---|---|
| ١ | لیستی رافیدەین | مەسیحی | ٢ |
| ٢ | لیستی کردبوونەوەی کلدانی سریانی ئاشووری | مەسیحی | ٢ |
| ٣ | لیستی ئەرمەن | ئەرمەن | ١ |
| ٤ | لیستی پێشکەوتنی تورکمان | تورکمان | ٢ |
| ٥ | لیستی گۆڕان و نوێبوونەوەی تورکمان | تورکمان | ١ |
| ٦ | لیستی ئەبناء ئەلنەهرەین | مەسیحی | ١ |
| ٧ | لیستی بەرەی تورکمانی | تورکمان | ١ |
| ٨ | لیستی هەولێری تورکمانی | تورکمان | ١ |
| کۆی گشتی | | | ١١ |

بەپێی ئەو لیستە ژمارەی ئەندام پەرلەمانی پێکهاتەکان لە خولی چوارەمدا بووە بە (١١) ئەندام پەرلەمان کە (١,١٪) ئەندامانی پەرلەمانی کوردستان پێکدەهێنن.

بەپێی ماددەی یەکەم برگەی یەکەم لە یاسای ژمارە (٢)ی ساڵی ٢٠١٧ی یاسای دابەشکردنی دەسەڵاتەکانی سەرۆکایەتی هەرێم بەسەر دامەزراوە دەستوورییەکانی هەرێم، سەرۆک وەزیرانی هەرێمی کودرستان بە مەرسوومی ژمارە ١ ی ساڵی ٢٠١٨ ڕۆژی ٢٠١٨/٩/٣٠ دیاریکرد وەک وادە بۆ ئەنجامدانی هەڵبژاردنی خولی پێنجەمی پەرلەمانی کوردستان(١٢).

بەپێی ڕاگەنراوی کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردن و ڕاپرسی لە هەرێمی کوردستان ژمارەی ٣٠٨٥٤٦١ هاوڵاتی مافی دەنگدانیان هەبوو لەو ژمارەیە ١٨٤٥٩٧٩ هاوڵاتی بەشداری پرۆسەی دەنگدانیان کردووە کە ڕێژەی بەشداری هاوڵاتیان دەکاتە ٥٩٪ لەو هەڵبژاردنەدا ٢٩ لیست بەشداری هەڵبژاردنیان کردو لە ئەنجامدا ١٦ لیست توانیان کورسی پەرلەمانە بەدەستبهێنن،

بەپێی ئەنجامەکان لیستەکانی پێکهاتەکان بە کۆی گشتی (١١) ئەندام پەرلەمانیان هەیە، کە ئەمەش دەکاتە ڕێژەی (١,١٪)ی ئەندامانی پەرلەمان بەهەمان شێوەی خولی چوارهەمی پەرلەمانی کوردستان، بەڵام بەشێوەیەکی نافەرمی هەندێک لە پێکهاتەکانی وەک کاکەییەکان و یەزیدییەکان لە لیستە کوردستانییەکاندا ئەندامیان هەیە، بەڵام ئەوە کاریگەرییەکی ئەوتۆ ناکاتە سەر ڕێژەی پێکهاتەکان وەکو لە خولی یەکەم و دووەم و سێیەمدا بەدیدەکرێت.

لەوەی سەرەوە دەردەکەوێت، کە خولی دووەمی پەرلەمانی کوردستان زۆرترین ڕێژەی ئامادەیی پێکهاتەکانی فەراهەمکردووە لەناو پەرلەماندا و، لە خولی چوارەم و پێنجەم ئەو ڕێژەیە بە نەگۆڕی ماوەتەوە.

**تەوەری دووەم/ خوێندنەوەیەک بۆ بەرنامەی پارتە سیاسییەکان «ی.ن.ک، پ.د.ک»:**

لە میانەی خوێندنەوەی پرۆگرامی هەردوو پارتی دەسەڵاتداری هەرێمی کوردستان (ی.ن.ک، پ.د.ک) چەند خاڵێک بەدیدەکرێت لە بوارەکانی پێکەوەیان و پارێزگاریکردن لە مافی پێکهاتەکان، لەناو پرۆگرامی پارتی دیموکراتی کوردستاندا هاتووە کە «چەسپاندنی پرەنسیپی پێکەوەژیان و گیانی لێبووردەیی لە نێوان هەموو پێکهاتە نەتەوەیی و ئایینی و مەزهەبییەکانی گەلدا»(١٢)، لە بەرامبەردا لە پرۆگرامی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستاندا لە میانەی پێناسەکردنی پارتەکەدا هاتووە کە «... درێژەی خەباتە نەپساوەکەی بگاتە وەدیهێنانی عەدالەتی کۆمەڵایەتی، تابتوانێت تەبا لەگەڵ بنەماکانی پێکەوەژیانی ئاشتیانەی هاوسەنگ...»(١٣)، لە وردەکاری بەدیهێنانی پێکەوەژیان و پاراستنی مافی پێکهاتەکان لە هەرێمی کوردستان هەریەک لەو دوو پارتە سیاسییە لە چەندین بواردا ئاماژەیان بە مافی پێکهاتەکان داوە لە خوارەوە چەند نمونەیەک وەردەگرین لە پرۆگرامی هەردوو ئەو پارتە:

**یەکەم/ پارتی دیموکراتی کوردستان**

ماددەی یانزە: پەرەپێدانی سستەمی پەرلەمانی فیدراڵی و مسۆگەر بوونی بەشداربوونی هەموو پێکهاتەکانی عێراق لە دامەزراوە دەستورییەکاندا.

ماددەی چواردە: مسۆگەرکردنی مافە نەتەوەیی و کلتووریی و ئیدارییەکانی تورکمان و کلدان و سریان ئاشوریی و ئەرمەنی.

ماددەی پانزە: دابینکردنی مافی هەر پێکهاتەیەکی ئاینی و مەزهەبی (لە جێبەجێکردنی سرووتە ئاینییەکانیان و دامەزراندنی ئەنجومەن) بۆ پەرەپێدان و ڕێکخستنی کاروبارە کلتووریی و کۆمەڵایەتییەکانیان و گەشەپێدانیان لە هەرێمی کوردستان.

**دووەم/ یەکێتی نیشتمانی کوردستان**

ئامانجە گشتییەکان خاڵی حەوتەم «پابەندبوون و پشتیوانیکردن لە مافە دەستورییەکانی سەرجەم پێکهاتە نەتەوەییەکانی وەک (تورکمان، عەرەب، ئەرمەن، کلد، ئاشووری) و ئاینی و مەزهەبییەکانی وەک (ئێزیدی، مەسیحی، صائیبەی مەندائی، کاکەیی و شەبەک) لە کوردستان و عێراق.

خاڵی پانزە: پێکەوەژیانی ئاشتیانە و هێمنانەی سەرجەم ئایین و مەزهەبەکان و ڕیزگرتنیان، بۆ ئەمەش هەوڵدەدات بۆ پێکهێنانی سستەمێکی سیاسی لەسەر بنەماکانی دیموکراسییەت و سیکۆلار.

لە بواری ئامانجە سیاسییەکان خاڵی سێیەم»ڕەخساندنی زەمینەی یاسایی ژیانی دیموکراتیی و مەدەنی بە دابینکردنی ئازادی ئایین، مەزهەب، بیروڕا، میدیا، هاتوچۆ و نیشتەجێبوون، ئازادی خۆڕێکخستنی سیاسی، سەندیکایی، دیموکراتی و پێکهێنانی ڕێکخراوی ناحکومی.

لە بواری کلتووریدا، خاڵی چوارەم کە دەڵێت:» گرنگیدان و ڕێزگرتن لە کلتوور و و دابونەریتی

کۆمەڵایەتی سەرجەم ئەو نەتەوە (تورکمان، عەرەب، کلد و ئاشوور) ئاین و مەزهەبانەی (مەسیحی، ئێزیدی، صابئەی مەندائی، کاکەیی و شەبەک) کە لە کوردستان دەژین.

لە بواری خوێندنەوەی ئەو مادده و خاڵانەی کە لە پرۆگرامی هەردوو پارتی سیاسیدا هاتووە دەردەکەوێت کە بڕوایان بە مافی پێکهاتە جیاوازەکانی کوردستاندا ناوە، بەڵام لە ڕووی واقیعەوە دەبینین کە کەمترین نوێنەر لەو پێکهاتانە لەناو پارتە سیاسییەکاندا دەپاڵێورێن بۆ نوێنەرایەتیکردن لەناو پەرلەمانی کوردستان، ئەمەش بۆتە هۆی ئەوەی کە بەشێک لەو پێکهاتانە(تورکمان، عەرەب، مەسیحییەکان) پارتی تایبەت بەخۆیان دامەزراندووە و لە دەرەوەی ئەو پارتە سیاسییانەی هەرێم نوێنەری خۆیان دەپاڵێون.

### دەرئەنجامەکان

یەکەم: بابەتی پێکەوەژیانی ئاشتییانە لە سەدەی بیست و یەکدا بابەتێک کە جێگای مشتومڕی بیرمەندەکانە و ڕەگ و ڕیشەی مێژووی هەیە.

دووەم: هەرێمی کوردستان لەگەڵ ئەوەی کە چەندین پێکهاتەی جیاوازی تیادایە، بەڵام گیروگرفتی پێکەوەژیانی ئاشتییانەی نێوان پێکهاتەکان بەدی ناکرێت.

سێیەم: بۆئەوەی باشتر بتوانن نوێنەرایەتی خۆیان بکەن، پێکهاتە ناکوردەکان پارتی تایبەت بە خۆیان هەیە و نوێنەریان لە پەرلەمانی کوردستاندا هەیە.

چوارەم: کورد بە سروشتی خۆی نەتەوەیەکی ئاشتیخوازە و لەکاتی ئێستادا کە خاوەنی دەسەڵاتە لە هەرێمی کوردستان و لەگەڵ ئەوەی کە هەندێک لەو پێکهاتانە لەگەڵ سەربەخۆیی کوردستاندا نەبوون و لەگەڵ لاوازبوونی کورددا بوون لە کەرکوک، بەڵام کاردانەوەیەکی نەرێنی لەلایەن کوردەکانەوە بەدی نەکراوە.

### سەرچاوەکان


(1) Naoko Matsumoto & others, Coexistence And Cultural Transmission In East Asia, LEFT COAST PRESS, Greek, p.17

(٢) محمد عبد القادر أسبيقة، دراسات اجتماعيه معاصرة، الأكاديمية الحديثة للكتاب الجامعی، القاهرة، الطبعة الاولی، ٢٠١٣، ص١٩ – ٢٠.

(٣) خالد عبداالله عبد الستار، الاسس الفكرية لثقافة التعايش السلمی فی المجتمعات، مجلة التراث العلمی العربی، العدد الثانی – الثالث، ٢٠١٦، بغداد، ص٣١٢.

(٤) هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل٣١٣.

(٥) علی تیتات، محمد بلعزوقی، العدالة بین الاجیال فی نظرية العدالة لدی جون رولز، مجلة جامعة النجاح للأبحاث «العلوم الانسانية»، المجلد(٢٥) -٨، ٢٠١٤، ص١٢٢٣-١٢٣٦.

(٦) هەمان سەرچاوە، ل١٢٣٧.

(٧) سەرچاوە سایتی فەرمی پەرلەمانی کوردستان.

(٨) هەمان سەرچاوەی پێشوو.


(٩) هەمان سەرچاوەی پێشوو.

(١٠) هەمان سەرچاوەی پێشوو.

(١١) هەمان سەرچاوەی پێشوو.

(١٢) ماددەی ١٧ لە پرۆگرامی پارتی دیموکراتی کوردستان، ل٩.

(١٣) پرۆگرامی یەکێتی نیشتمانیی کوردستان، ل١٣.



ئاینی کورد پێش ئیسلام
بنەماڵەی پێغەمبەران لە کوردستان
حەسەن مەحمود حەمەکەریم
لەدایکبووی ١٩٥٧ هەڵەبجە، بەکالۆریۆس لە مێژوو، ئەندام لە یەکێتی ڕۆژنامەنووسانی کوردستان، ئەندام لە کۆمەڵەی کەلەپوور و فۆلکلۆری کوردی، خاوەنی چەندین بەرهەمە لە بوارەکانی ئەدەب و چیرۆک و مێژوو.

ئاینی کورد پێش ئیسلام، له قورسترین و گرانترین بەشەکانی مێژووی کوردە، نووسینەوەی ئەم چەمکە، بەدواداچونی زۆری دەوێت، ئەگەر ئەمە ڕاستبێتەوە، زنجیرەی پێکهاتەی هەمەلایەنەی کۆمەڵگەی کۆنی کوردی دەدۆزینەوە و، هەندێک لەباری مێژوویی و کۆمەڵایەتی و دەروونیی و زمانەوانیی و ڕۆشنبیریی کۆنی کورد دەزانین.

ساڵی ١٩٩٧ کتێبێکم نووسی بەناوی (ئاینی کورد)، باسی ئەوەم کرد، که کورد پێش زەردەشت چەند پێغەمبەر و ئاینی تری بووە و، بنەماڵەیەکی کورد بووە بەناوی مائاباد که ژمارەیەکی زۆر پێغەمبەریان تیا هەڵکەوتووە، شاری مەهاباد بەناوی ئەو بنەماڵەوە ناونراوە، یەکێک لەو پێغەمبەرانە ناوی مائاباد بووە و کتێبی بۆ هاتووە بەناوی (دەساتیر)، لەم ماوەدا بۆ یەکلاکردنەوەی ئەو باسە کۆنە گەڕام بزانم ئەو هەواڵانە چەندی ڕاستە و تا چەند سەرچاوەکان پشتگیری دەکەن، ئەوکاتە ئەو هەواڵەم تەنها لە مەردۆخی هێنابوو، پاشتر کۆمەڵێک سەرچاوەم دەستکەوت کە هەواڵی لەوە زیاتریشی تیابوو، بەڵکو باس لە دوو بنەماڵەی کورد دەکەن که پێش شەش هەزار ساڵ لە کوردستان هەبوون و زیاتر لە سیانزە پێغەمبەریان تیا هەڵکەوتووە، ئەو دوو بنەماڵەیەش بنەماڵەی زەردەشتییەکان و مائابادییەکانن کە لە نێوان دوو گۆماوی زرێبار و میاندوئاودا ژیاون.

بۆ پشتگیری ئەم باسە لە چەند شوێنی قورئاندا دەستنیشانی ئەوە کراوە، کە خوا پێغەمبەری بۆ هەموو گەلانی سەرزەوی بەزمانی خۆیان ناردووە و، نامەی تایبەتیان بۆ هاتووە هەتا لێی تێبگەن، وەک دەفەرموێ: (ولقد بعثنا في كل امة رسولا)، (وإن من أمة الا خلا فيها نذير)، (وما أرسلنا من رسول إلا بلسان قومه ليبين لهم)، (منهم من قصصنا عليك، ومنهم من لم نقصص عليك).

ئەم باسانە هی دوای تۆفانی نوحە، کۆڵینەوەکەم هێشتا تەواو نەبووە، لێرەدا کورتەیەکی دەهێنم، لە کۆندا بنەماڵەیەکی ئاینی لە ناوچەی ماد و ماننایی و دەوروبەری شاری سابلاغ و مەهاباد و سەقز هەبوون بە ناوی مەهابادییەکان، چەندین پێغەمبەر و پاشا و فەرمانڕەوایان تیا هەڵکەوتووە، مەهاباد یەکێکە لە کۆنترین شارەکانی ناوچەکە، لە هەولێر و کەرکوکیش کۆنترە، ئەم شارە پێشتر ناوی ساوجبلاق (سابلاخ) بووە، ساڵی ١٣١٥-١٣١٧ک کراوە بە مەهاباد، لە فەرهەنگە کوردیی و فارسییەکاندا بەدەگمەن ناوی مەهاباد هاتبێ، تەنانەت لە دائیرە مەعاریفی ئیسلامیش مەهاباد بەناوێک بۆ سابلاخ باسکراوە، پورداود لە فەرهەنگی دهخداو، د.محەمەد معین لە فەرهەنگی بورهان قاتعدا مهابادیان بۆ سابلاخ بەکارهێناوە، کۆنترین سەرچاوە وشەی مەهابادی لێ هاتبێ شانامەی فردەوسی بووە، کە ئەویش لە کۆمەڵێک سەرچاوەی سەردەمی خۆیی و سەرچاوەی پێش ئیسلام دەستی کەوتووە و باسی کردووە، کە دەڵێت: (نهم پشت زرتشت پیشین بد او - مەئاباد پێغمبر ڕاستگو)، دەڵێ زەردەشت نۆهەمین پێغەمبەری ئەو بنەماڵەیە و مەهابادیش پێغەمبەرێکی ڕاستگۆ بووە، (سیرجان له تاریخ ایران)دا دەڵێت: (مەهاباد لە ئاخری دەورەی زهوری گەورە ژیاوە، لەو دەورەیەدا حەزرەتی ئادەم پەیدا بووە، پێش کیومەرس پێغەمبەرێک بووە پێیان وتووە مەهاباد و بەرەی مرۆڤ لەوەوە پەیدا بووە)، کەیخەسرەوی ئەسفەندیار دەڵێت: (مەزنترین پێغەمبەر و گەورەترین شا و باوکی مرۆڤ لەو چاخەدا مەئاباد بووە، کە بە (ئازەر هۆشەنگ) ناوبانگی دەرکردووە، کتێبەکەی کەلامی یەزدانییە). فیردەوسی لەبارەی پێغەمبەر هۆشەنگ و ئاینەکەی دەڵێت: (کە مارا ز دین کهن ننگ نیست - بە گیتی بە از دین هۆشەنگ نیست)، بەوەدا دەسەلمێ کە ئازەر هۆشەنگ یان مەئاباد

پێغەمبەرێکی خاوەن ئایین بوون، لە (دبستان)دا دەڵێت:(کتێبی هۆشەنگ ناوی مەئاباد بووە)، بەڵام زۆربەی سەرچاوەکانی تر ناوی کتێبی بنەماڵەی مەئابادیان بە (دەساتیر) ناوبردووە، بۆ یەکەمجار ساڵی ١٢٣٤ک کتێبی (دەساتیر) لە هیند لەلایەن (موبید فەیرۆزی کاوسەوە) چاپکرا، دەمارگیری ئێرانیی و زەردەشتییەکان کێشەیان دروستکرد، کتێبەکەیان کۆکردەوە و سوتاندیان و موبیدیش بەلادەر لە ئاینی زەردەشتی لەقەڵەم درا، بۆ ناشیرینکردنی ناویان نا مەلا فەیرۆز، وایانلێکرد کە ئێستا یەک نوسخە لەو کتێبە دیار نییە.

ساڵی ١٢٣٠ ک ڕۆحانیەکی شیعە لە دەورانی ناسرەدین شای قاجار کتێبێکی نووسی بەناوی (دوورەی نەجەفیە)، باس لە هەموو ئاینەکانی دنیا دەکات تا هاتنی ئیسلام، باسی بنەماڵەی مەهابادیش دەکات و هەندێ لە دەساتیریشی لەو کتێبەدا چاپکردووە، بەڵام ئەویش بە دەردی دەساتیر دەبرێت، فەیرۆز وازناهێنێ، لە ساڵی ١٨١٨ز لە شاری بۆمبای لە هیندستان دەساتیر بە ئینگلیزی بڵاودەکاتەوە، زەردەشتییەکان و مێژوونووسە دەمارگیرە ئێرانییەکان پەلامار دەبەنە سەر موبید فەیرۆز، پورداود چەند وتارێک دژی دەنوسێت و بە گۆترە پێغەمبەرایەتی بنەماڵەی مەهابادیان ڕەتدەکاتەوە بێ ئەوەی گوێ بداتە شانامە و سەرچاوەکانی تر. دوای ئەو (محەمەد معین) و زۆری تر لە دژی دەنووسن و موبید فەیرۆز بە درۆزن و ساختەچی ناودەبەن، محەمەد موعین لە برهان قاتعدا وتاریک دادەنێت بەناوی (ئازەر کەیوان و پیروانی او)، بەتوندی حاشا لە شتی وا دەکات و سوێندیش دەخوات کە لە جانی بنی جانەوە هەتا نۆ پێغەمبەرێک بەناوی مەهاباد نەبووە و نابێ، ئەم وەڵامدانەوە توندە وایکرد کەسی تر نەیوێرا شت بنوسێت، تا مردنی ئەو دوو مێژووزان و زمانزانە شارەزایانە، دوای ئەوان خێرا دوو دەقی کتێبی دبستان المزاهب و دبستان مزاهب کە پێشتر ساڵی ١٢٩٢ک لە هیند چاپ کرابوون چاپکرانەوە، هەردووکیان هەریەک دەقن، بە دوورودرێژی باسی پێغەمبەرانی مەهاباد و بیروڕایان کراوە.

لە کوردیش ئایەتوڵڵا مەردۆخ و ئەحمەد قازی باسی وشەی مەهاباد و بنەماڵەی مەهابادیان کردووە وەک پێغەمبەر، بە خەڵکی بەڵخی دەدەنە قەڵەم، کە نازانرێت مەبەست کام بەڵخەیە، فەخرەدینی گورگانیش دەیان جار باسی وشەی مەهاباد و وڵاتی مەهاباد دەکات، (میرزادەی عەشقی کوردستانی) شاعیری کورد باسی مەهاباد و کۆشکی وڵاتی مەهاباد دەکات، (میرزا فەتح اللەی شەیبانی)ش دەڵێت: - (مهاباد این گفت و احمد همین - چە پیچی تو در ان سە، ای عیسوی ؟)، ڕەنگە مهاباد و (ئازەر هۆشەنگ) هەر ئیبراهیم پێغەمبەر بن، چونکە باوکی ئیبراهیم ناوی ئازەر بووە، کابە(کەعبە)ش بەدەستی ئیبراهیم دروستکراوە، لەولاش دەڵێت: مەهاباد ماڵێکی سازکرد بۆ عیبادەت. لە چەند چاپێکی شانامەدا بە ئەنقەست ناوی مەهابادیان لابردووە و کراوە بە برایم پێغەمبەری ڕاستگۆ، ئیبراهیمیش کورد بووە، ڕەنگە هۆشەنگ و ئیبراهیم یەک کەس بووبن، ڕەنگە کتێبەکەی حەزرەتی ئیبراهیم هەمان مەئاباد یان دەساتیر بێت، دبستان مەزاهب دەڵێت: ئەو کتێبە لەلایەن پزر گمێهری حەکیمەوە بۆ ئەنەوشیروان وەرگێڕاوەتە سەر زمانی دەورانی ئەنەوشیروان.

زەردەشت نۆیەمین پێغەمبەر بووە، فردەوسی زانیاری زیاتر لەسەر ئەو بنەماڵەیە نالێت، (تاریخ ئیران) باسی ئەم بنەماڵەیە و ١٢ پێغەمبەر دەکات، بەڵام لە هەندێک چاپی ئەم کتێبەدا ئەو بەشە فڕیدراوە، (موبید فەیرۆز) موغێکی زەردەشتییە لە کتێبی ئاوێستادا دەڵێت: بەداخەوە زەردەشتییەکانی ئێران کتێبی دەساتیریان شێواند کە لە ئاوێستا کۆنترە و زۆر شتی لەگەڵ

ئاوێستادا یەکناگرنەوە، هەربۆیە زەردەشتییەکانی ئێران دژی دەوەستن، بە مورتەد و مولحید ناوی دەبەن، چاپکراوەکانیشی لەناو دەبەن. موبید فیروزی لەسەر ئەو کارە بە کەساسی سەر جێگە دەمرێت، تەنانەت محەمەد معین و دکتۆر پورداود دەمارگیری دەیانگرێت شتی خراپی لەسەر دەڵێن. زەردەشتییەکان کتێبەکەی ئاخونە شیعەکەی سەردەمی موزەفەرەدین شای قاجاریش دەسوتێنن، چونکە تەواوی دەساتیری تیا هێنابوو، وشەکانی دەساتیر لە کوردییەوە زۆر نزیکن، بۆیە دەڵێن دەساتیر ساختەیە و دەستکردی کەسێکە بەناوی (ئازەر کەیوان)، شاعیری هاوچەرخی ئێرانیش میرزادەی عەشقییە دەڵێت: ئەو خانەوادە ماد بوون و دەساتیر بە زمانی ماد نوسراوە.

ئەگەر دەساتیر لە ئەرشیفخانەکانی ئەوروپا و ئەمریکا بدۆزرێتەوە، ڕەنگە زمانی ماد بدۆزینەوە، مەهابادییەکان لە بنەماڵەی ماد و دیاکۆ کۆنترن، ماد چوار پاشایان بووە، (دیاکۆ، فرەوەرتیس، هۆوەخشەتەرە، ئاستیاگ)، بەڵام تەورات باسی بیست و چوار پاشای ماد دەکات، ئەوە پاشاکانی پێش ماد و بنەماڵەی مەئابادن، ئەو دێرە شیعرەی فردەوسی کە باس لە دەورانی پاشایەتی (بارام گور) دەکات لە زۆربەی چاپەکانی شانامەدا گۆڕاوە بە (برایم)، لە نوسخەیەکی تردا بارام گوری نسبەت داوەتە سەر براهیمی یەهودی، تاریخ ئێران دەڵێت: بنەماڵەی مەهاباد پێش کیومەرس حوکمیان کردووە، مەهاباد پێغەمبەر بووە، کتێبی دەساتیر هی ئەو بووە، ئاخر پاشای ئەم بنەماڵەیە ئازەر مەئاباد بووە، دەستی لە حوکم هەڵگرتووە و (جی ئەفرام) بۆتە جێگری، هەمان سەرچاوە دەڵێت: بەگوێرەی هەندێک مێژووی ئێران و هیند ١٤کەس لە بنەماڵەی مەهابادی پێغەمبەر بوون، دوا پێغەمبەری ئەو بنەماڵەیە (ساسانی پێنجەم) بووە، کە لە دەورانی خوسرەوی پەروێزدا ژیاوە و کتێبە ئاینییەکەی کردووەتە زمانی سەردەم.

(دبستان المزاهب) دەڵێت: (یەزدان فرمانێکی بەناوی دەساتیر بۆ مەهاباد نارد پڕبوو لە ڕاز و زانست، چەند بەرگ بوو، پاش مەهاباد ١٣ پێغەمبەر (وەخشەر) هاتووە، کتێبی ئاسمانی و کۆشک و کاخ و لەشکر و سوپایان بووە. (دبستان) لە درێژەدا دەڵێت: (ساڵ دوو وەرز بوو ئەوان کردیان بە چوار وەرز، ساڵیان کردە دوانزە مانگ، مانگیان کردە ٣٠ ڕۆژ، مەی حەرام بوو، کتێبێکیان هەبووە باسی نەخۆش و دەرمانی گژوگیا و ڕیازەی کردووە بەناوی (شارستان). ناوی پێغەمبەرە کوردەکانیش ئەمانەن: (ئازەر کەیوان، ئازەر گەشەسپ، ئازەر زەردەشت، ئازەر بەرزین، ئازەر خۆژین، ئازەر بارام، ئازەر نۆشین، ئازەر میتران، ئازەر سان). لەو ئاینەدا پیاو بۆ پێغەمبەر و پاشایەتی، ژنیش خاوەن ماڵ و دایک، ژنی پێغەمبەران بانوی بانوان و خانی خانان بوون، کاروباری ژنانیان بەڕیوەبردووە، دبستان دەڵێت: مەهاباد یان ئازەر کەیوان یەکەم پێغەمبەرە و دەساتیری بۆ هاتووە، دوا پێغەمبەریان ساسانی پێنجەم بووە و دەساتیری بووە، دورەی نەجەفیە، ئەوە دیاری ناکات کە دەساتیر لە چ زمانێک وەرگێڕاوەتە سەر فارسی، لە ساڵی ١٣٠٠ک لەو نوسینە بووەتەوە و، لە سەردەمی ناسرەدین شای قاجار چاپی دەکات، دەقی هەردوو دەساتیرەکەشی تیایە، دەساتیری مەهاباد بریتییە لە ١٨ سیمناد سورەت و ١١٦ ئایەتە، سیمنادی یەکەم ٩ ئایەت و هۆرەیە، ڕەنگە ئەوان لە ناوچەی شاروێرانی نزیک مەهاباد و ئەو نزیکانە ژیابن، گوایە زەردەشت لە خوار گۆمی ورمێ لەدایکبووە لە نزیک خورخورەی لای مەهاباد.

لە بنەماڵەی (ئابادیان) یان (ئابادانییەکان)یش پێغەمبەری زۆر هەڵکەوتووە، ئەوان یەکێکن لە نەتەوە و هۆزە گەورەکانی ڕەگەزی ئاری، ئابادیان بەناوی ئابادی گەورەوە ناو دەبرێن، واتە مەهاباد،

# ئەفسانە چیرۆکێکی ڕاستە
# لە واقیعدا ڕوویداوە، لەبەر دووری ڕوداوەکە و
# نەبوونی نووسین دەماودەم هاتووە.

(ئاباد)ی یەکەم پەیامبەری ئاسیای ناوەڕاست، کە پایەختەکەی لە بەڵخە بووە، (دەساتیر) کتێبی پیرۆزی ئەوە، لە زمانی کلدانی (ئابادان) یا (ئابەتیانە) هاتووە، لە پاشدا بووە بە (ئابەتین)، (پاڤت) بووە بە (ئابت) کە مەبەست وشەی (ئابتین) باوکی (فەرەیدون)ەو لە دەوروبەری سەردەمی ئیبراهیم پێغەمبەر ژیاوە، ناوی ڕاستی خۆی (ئانۆش) بووە، کە کلدانییەکان وایان پێگوتوون، دوا پاشا و پێغەمبەری ئەم زنجیرەیە (ئاباد ـ ئازاد) بوو، کە بەدەستی (نەماردەکان)ی نەوەی (بەنی کوش) کوژراوە. لە تەورات بەشی نۆیەم ئایەتی ٨ نوسراوە: (نەمرود کوڕی کۆرش کوڕی حام کوڕی نوح)ە، نەمرودییەکان لە خاکی شەنعار بابل و دورگەی عەرەب ژیاون و دەسەڵاتیان تا ئەفەریقا چووە، تورە و شەڕانی بوون، جلی وەحشیان لەبەر بووە، بۆیە پێیان وتوون دێو، بە پاشاکەیان وتووە خدێو، ئادیان کە (ئازادیانیان) پێ وتوون، ئەمانە لەو ئاریایانەن کە ڕەچەڵەکیان ئەچێتەوە سەر (ئازاد ـ ئابادان) واتە مەهاباد. (ئاجام ـ ئەجەم ـ عەجەم) بریتین لە ئارییەکانی بنەماڵەی (یاسان جام)، کە دەکەوێتە سەر (شای مەهبول) لە زنجیرەی (یاسانییەکان). عەرەب وشەی ئاجامیان کردووە بە عەجەم، ئەم هۆزە (گوڵ شاییەکان) یشیان پێ دەوترێت. شا لە پارسیدا بەمانای سەروەر و خاوەند و دروستکاری جیهان دێت، (پێشدادییەکان) لە (کیومەرس) پێغەمبەرەوە دەستپێدەکەن، لە نەوەی (یاسان ئەجەم عەجەم)

پاش ئەوەی (یاسان ئەجەم) ئەمرێت، کەسێکی وا نەبوو جێی بگرێتەوە، ماوەیەکی زۆر وڵاتی پێشدادییەکان تووشی گرفت و کێشە و پشێوی بوون، زۆری خەڵکەکەی چونە نێو شاخەکان، لێرەدا (ملوک التوائف) دروستبوو، مێژوونوسە ئێرانییەکان زنجیرەی پاشاکانی ئێران ئاوا دادەنێن: (ئابادییەکان ـ ئەمابادە)، (چیتەکان) لە (جن ئەفرام) ەوە دەستپێدەکەن، (گوڵ شاییەکان) لە (گلیوشاد) ن، (یاسانییەکان)، (پێشدادییەکان) لە کیومەرسەوە هاتوون، (کیان) لە کەیقوبادەوە، (ئەشکانییەکان) لە سەردەمی ئەسکەندەری مەکدۆنەوە، (ساسانییەکان) لە ئەردەشێری بابەکانەوەظ

بەڵام مێژوونوسە یۆنانی و فەرەنسییەکان بەم شێوەیان داناوە، (ئابادییەکان، پێشدادییەکان، ماردۆشییەکان، ئاپاتییەکان، فەترەی ملوک تەوائف، کیان، هەخامەنشینان، پارس، سلۆکێد، ئاشکانی، ساسانی). ڕەنگە ئەوەی ئێرانییەکان دروستر بێت، دوای (حەزرەتی ئادەم) ٢٢١٩ ساڵ (پس ئەز هبوت) واتە پاش دابەزینە سەرزەوی ئادەم، هەر لەنەوەی خۆی (کەیومەرس) فەرمانڕەوایی گرتەدەست، بە زیرەکی خۆی توانی خەڵکی کۆکاتەوە، (کەیومەرس ساڵی ٣٣٤١ پێش زاین دەستی بە پاشایی کردووە، گرنگیداوە بە یاسا و دادوەرییەکانی دەساتیری (مائاباد) داو تازەی کردەوە. سەردەمی (کیومەرس) بەسەردەمی پێشدادییەکان ناسراوە، فردەوسی دەڵێت: (تحستین خدیوی کە کشور کشود ـ سر

تا جدارار کەیومەرس بود ـ چو بنشست بر تخن بنها دتاج ـ بیندا خت از مرد دهقه خراج ـ). کیومەرس شاری دەماوەندی دروستکرد و کردییە پایتەخت، قازی ناصرالدین بەیزاوی دەڵێت: شاری (ئەستەخیر ـ شیراز)ی دروستکرد، پاشان شاری بەڵخی دروستکرد، دەڵێن کیومەرس (گومری کوڕی یاخت کوڕی نوحە)، عەرەبەکان بە (عامر) ناوی دەبەن، ئیبن خەلدونیش لە (بەرگی دوو، ل١٥٥)دا هەمان ڕای هەیە. مێژوونووسان دەڵێن کیومەرس ٢٢١٨ پس از هبوت لەدایکبووە، گومەر و کەیومەرس ناویان لەیەکەوە نزیکن، یۆنانییەکان پیتی (س)یان لە کۆتایدا بۆ زیادکردووە، هەندێک دەڵێن (یاخت) بابا گەورەی کیومەرسە و چەند نەتەوە لە نێوانیاندا هەیە.

(مادایان) ئەو ئارییانەن لە نەوەی (مادای کوڕی یاخت کوڕی نوح) وشەی مادا لە سەرەتای سەدەی نۆهەمی پ.ز بڵاوبۆوە، بەڵام وشەی کورد زۆر لەو کۆنترە، هیرۆدۆت دەڵێت: ماددەکان لە بنەڕەتدا لە نەوەی ئارین، (پیرنیا، ل٤٩)، (نخبە الازهریە ل١٣٦) دەڵێت: مادەکان پارسی کۆنن، کە عەرەب پێیان دەڵێن عەجەم ئاجام، ڕەنگە (مادایان) لە بەرەی کیومەرس بن، وشەی (ماد) دیارە لە نەوەی (مادان) برای کیومەرس، پارسەکانیش لە و ئارییانەن لە کەنار ڕووباری عومان ڕووباری ئەهواز جێگیر بوون، پارسەکان لە نەوەی مادای کوڕی یاخت کوڕی نوحن، ئەم باسە سەرچاوەی زیاتر و لێکۆڵینەوەی قوڵتری دەوێت.

کە ئادەم و حەوا لە ئاسمانەوە دابەزێنرانە سەرزەوی، بەگوێرەی قسەی مێژوونووس و لێکۆڵەرەوان، ئێوارەی ڕۆژێکی هەینی لەسەر شاخی (ڕاهۆن) لە هیندستان دابەزین(١). بەڵام (ابن عباس) دەڵێت: لەسەر شاخی (بوژ) لە هیندستان دابەزین.(٢) (ابن کثیر) دەڵێت: زۆربەی (ڕا) لەسەر ئەوەیە کە (ئادەم) نێژرا لای ئەو شاخەی کە تیا دابەزی لە هیندستان(٣).

ئەمڕۆ لەسەر زەوی نزیکەی پەنجا گۆڕی درێژ بۆ ئادەم هەیە، هەر گەلە دەیەوێت بیکاتە هی خۆی، کەواتە هیندستان لانکی یەکەمی مرۆڤایەتییە، پاشان مەردوم بڵاوەیکرد، دوای (ئادەم) چەند پێغەمبەری تر هاتن، هەتا سەرە گەیشتە سەر حەزرەتی (نوح) (سەلامی خوایان لێ بێت)، (محەمەد قاسم محەمەد)(٤) دەڵێت: ماوە لە نێوان ئادەم و نوح دا (٢٢٥٦) ساڵ دوور بوو، نوح لە خاکی هیندستان زۆر دوور نەکەوتبووەوە، (٩٥٠) ساڵ ژیانی لەو ناوچانەدا بە بانگی خەڵکییەوە بەڕێکرد، داوایکرد واز لە دار و بەرد پەرستن بێنن، بەڵام چونکە خەڵکی سەرەتا بوون، ئەو زەینەیان بۆ دروست نەبوو لە نوح تێبگەن، نوح ماند و نائومێد بوو، داوای لە خوا کرد لەناویان بەرێت، خوای گەورەش بە هانایەوە چوو، داواکارییەکەی جێبەجێکرد، داوای لێکرد، کە کەشتییەک دروست بکات، هەموو بڕوادارەکان و لە هەموو گیاندارێک جوتێک هەڵگرێت، لە ئاسمانەوە لێزمە بارانباری، لە زەوییەوە کانیاوەکان تەقین، ڕووبار و دەریاکان هەڵچوون، چەم و شیوو و دەشتەکان بە لافاو پڕبوون، بێ بڕواکان بەرەو کێوە بەرزەکان هەڵهاتن، هێرشی ئاو لوتکەکانیشی داپۆشی، جگە ئەوانەی ناو کەشتییەکە، گیاندارێک لەسەر زەوی نەما مەگەر یەکێک خوای خۆی پاراستبێتی. دکتور عبدالوهاب نجار دەڵێت: (تۆفانەکە هەموو زەوی گرتەوە)(٥). زانایانی جیۆلۆجی دەڵێن: (لەو ڕووداوەمان کۆڵییەوە، بینیمان تەنانەت لە کێوە بەرزەکانیش پاشماوەی گیانداری وەها هەیە کە لە ئاودا نەبێ ناژی، ئەوە تۆفانەکە هێناویەتی). ابن کثیر دەڵێت: تۆفانەکە هەموو سەر زەوی گرتەوە و بێباوەڕ نەما(٦). هەموو بێ بڕواکان بە کوڕەکەی نوحیشەوە لەناوچوون، ئەو کەشتییە گەورەیە، بەسەر ئەو لێزەمە و تۆفان و شەپۆل و گەردەلوولە دەریاییە بێ وشکانییەوە دەڕۆشت،

کەشوهەوا هێوربوویەوە، ئاسمان ئاوی خۆی بردەوە، زەویش بەشی خۆی هەڵلووشی، کەشتییەکە نزمبوویەوە، نوح داوایەکی تری کرد (ربی انزلنی منزلا مبارکا وأنت خیر المنزلین)، (خودایە لە جێیەکی پیرۆز دامانبەزێنە، لای رەحمەتی خۆی چاکترین جێیە)، دوعا گیرا بوو، لەسەر چیای (جودی) راوەستا، (واستوت علی الجودی) لەسەر خاکی ئەمرۆی کوردستانی پیرۆز دایبەزاندن.

د.عبدالوهاب نجار دەڵێت: «شاخی جودی» لە ناوچەی (دیاربەکر)ە(٧). فیرۆز ئابادی دەڵێت: (شاخی جودی لە (جزیرە)یە و لە تەوراتدا بە (ئارارات) ناوی هاتووە. محەمەد قاسم محەمەد دەڵێت: (کەشتییەکە لەسەر چیای ئارارات گیرسایەوە)(٨). مەسعودیش دەڵێت: (جودی شاخێکە لە وڵاتی باسوری لە جزیرەی ئیبن عومەر لە وڵاتی موسڵ، کە لە نێوان ئەو شاخە و ئاوی دیجلەدا هەشت فەرسەخ هەیە)(٩).

هەموو لێکۆڵەرەوان لەسەر ئەوە رێکن کە شوێنی نیشتنەوەی کەشتییەکە کوردستانە، ئەگەر هیندستان لانکی یەکەمی مرۆڤایەتی بووبێ، کوردستان لانکی دووەمی مرۆڤایەتیە. ئەم مەردومەی کە ئەمرۆ لەسەر زەوی دەژین، ئەم میللەت و گەل و خێڵ و وڵاتانەی بە رەنگ و زمان و ناوی جیاواز بڵاون، کورەزازای کوردن، لە خاکی کوردانەوە بڵاوەیانکردووە، بەدوورکەوتنەوەیان هەریەکە ناو و خاک و زمانێکیان بۆ خۆیان هەڵبژاردووە، کەواتە کورد باوکی مرۆڤایەتییە، لێرەدا ئەوەمان بۆ دەبێتە پرسیار کە ئایا نوح کوردە، یان کورد لە نەتەوەی نوحە؟ ئەمە راستییەکە و بەپێی زانیارییەکانی سەرەوە پێویست بەدوودڵی ناکات.

ئەمین زەکی دەڵێت: (بەگوێرەی ریوایەتی بابلییەکان، سەفینەی نوح لە دوای تۆفان لەسەر شاخی (نیسیر) نیشتووەتەوە، (ئاشور ناصر پاڵ)ی پاشای ئاشووری دەڵێت: ئەم شاخە لە رۆژهەڵاتی ئاشوورە، شاخێکی تەنیا و سەرەکەی وەک رم تیژە، ئەم گێرانەوەیە، وتەکەی مینۆرسکی دەسەلمێنێ، نووسەرە رۆحانییە گاورەکان دەڵێن سەفینەی نوح لەسەر شاخی جودی نیشتووەتەوە، وشەی جودیش لە بنەچەدا لە وشەی (گوتی) یەوە هاتووە، کە شاخی (نیسیر)یشی پێ دەڵێن، ئەم شاخ و ناوچەیە دووەم جێگەی پەیدابوون و زۆربوون و بڵاوبوونەوەی مرۆڤە.

(هاروەی رۆبنسن) و (هەنری براستد) دەڵێن: کە خەڵکی کوردستان زۆر بوون، بەشێکی رووی کردووەتە باشووری رۆژئاوا بۆ (سورییە و فەلەستین و ئەفریقا)، بەشێکی تریش رووی کردووەتە پشت چیای قفقاس و شوێنانی تر(١٠).

ئیمامی ئەحمەد(١١) دەڵێت پێغەمبەر (د.خ) دەفەرموێت: (سام ابو العرب وحام ابو الحبش و یافث ابو الروم). یان لەجێیەکی تردا دەفەرموێت: (ولد نوح ثلاثة، سام یافث وحام، وولد کل واحد من هذه الثلاثة ثلاثة، فولد سام العرب و فارس و روم، وولد یافث الترک و السقالیة و یأجوج و مأجوج، وولد حام القبط و السودان و البربر)(١٢).

واتە نوح سێ کوری هەبوو بەناوی (سام و یافث و حام)، هەریەکە لەو سیانە سیانیان لێکەوتەوە، لە سام: عەرەب و فارس و رۆم بوو، لە یافث: تورک و سقالیە و یەئجوج و مەئجوج بوو، لە حام: قیبتی و سودانی و بەربەر کەوتەوە. ئاخۆ ئەم کورانە پێش لافاوەکە لەدایکبووبن و لە کەشتییەکەدا لەگەڵیدا بوون، یان لە خاکی کوردستان لەدایکبوون، پاشان بەزەویدا بڵاوبوونەوە. (ابن کثیر) و (عبدالوهاب نجار) دەڵێن: ئەم سێ کورە لە کەشتییەکەدا لەگەڵیدا بوون .. هەرچۆنێک بێت، ئەوانە هەموویان لە خاکی کوردستان گەورە بوون و لەو مەڵبەندەوە بڵاوەیانکردووە، بۆیە دەتوانین بڵێین (کورد) باوکی مرۆڤایەتییە.

برعوشا، کە نووسەرێکی بابلییە، لە سەدەی سێیەمی پێش زایندا گوتویەتی: کەشتییەکەی نوح لە شاخی (کوردوویین) نیشتووەتەوە.(١٣) هەتا ئێستاش لە کوردستاندا هەندێک گوند بەدەوروبەری ئەو چیایەوەیە (جودی)، ئەگەر بێتو لە ناوەکانیان بکۆڵینەوە، دەبینین ڕەگە ڕەسەنەکەی لە ناوی (نوح)ەوە پێکهاتووە، ئەوەندە هەیە پێشگر و پاشگرێکی بۆ زیادکراوە، وەک (نوخ، ئاخ نوخ، نوح)، بۆ نموونە وشەی (شارنوخ) لە (شار + نوخ) پێکهاتووە، واتە شاری نوح، هەروەها وتەی (زاخۆ) لە (ژێر + نوح) پێکهاتووە، واتە ئەو شوێنەی دەکەوێتە خوارووی وڵاتی نوحەوە، واش باوە دوای لافاوەکە، کەشتییەکە بەسەر چیای جودیەوە نیشتووەتەوە و، چل پیاو و چل ئافرەتی لێ دابەزیوە، هەر لە دامێنی ئەو شاخەشدا گوندێکیان بۆ خۆیان دروستکردووە، هەتا ئێستاش ئەو گوندە هەر ماوە، ناویشی هەشتایانە، چونکە هەشتا کەس ئاوەدانیان کردۆتەوە(١٤).

ئەو نووسراوە دێرینانە سەرجەمیان بە ئاشکرا ئاماژەیان بۆ ئەوە کردووە کەوا کەشتییەکەی نوح بەسەر شاخێکەوە لەنگەرت گرتووە دەکەوێتە کوردستانەوە(١٥). نوح لە کەشوهەوا و خاک و ئاوێکی نوێ، قۆناغێکی نوێی دوور لە بتپەرستی دەستپێکرد، هەموو خەڵکی کڕنووشیان بۆ یەک خوا دەبرد، ماوەیەکی زۆر لایان نەدا، چونکە ئەو کارەساتە گەورەیان بینیبوو یان بیستبوو، ئەمە چەند سەدەی خایاند، زمان و خاکی کوردان بوویە مەڵبەندی یەکتاپەرستی، مرۆڤ بە ئایینی پاکەوە، لە کوردستانەوە، بە هەموو زەویدا بڵاوەیکرد(١٦).

گوتییەکانیش گەلێکی کۆنی شاخنشین و چیایی بوون، لە چیاکانی زاگرۆس پەیدا بوون، ئەو چیایانە بە نیشتمانی کۆن و دێرینی ئەوان لەقەڵەم دراوە، مێژووی دەوڵەتی ئەم گەلەش لە دەوروبەری سەدەی (٢٤پ.ز)وە دەستپێکردووە(١٧).

بەم سەرچاوەدا دیارە، کورد پێش لە چوار هەزار و پێنج سەد ساڵ لەمەوبەر حکومەت و شارستانیان هەبووە و ڕۆشنبیریی و زانستیان زانیوە، لە تەورات (سفر التكوين ٢٨/٩-٩)دا هاتووە کە (نوح ٣٥٠ ساڵ دوای تۆفان ژیاوە)، واتە زیاتر لە هەزار ساڵ لە ناوچەی هیندستان ژیاوە و بانگەوازی کردووە، دوای تۆفانیش (٣٥٠) ساڵ لە کوردستان ژیاوە، مەسعودی دەڵێت: نوح (٣٥٠) ساڵ لە کوردستان ژیاوە(١٨)، واتە تەمەنی نوح نزیک بە هەزار و پێنج سەد ساڵێک بووە.

ئەمە ئەو بیردۆزەش پوچەڵ دەکاتەوە کە دەڵێن چەند هەزار ساڵێک پێش زاین بەهۆی کارەساتێکەوە میللەتانی باکوور و ڕۆژهەڵاتی ئاسیا وڵاتی خۆیان جێهێشتووە و بەرەو شاخەکانی زاگرۆس و تۆرۆس و کوردستان کۆچیان کردووە، بەڵکو ڕاستییەکەی هەرئەوەیە کە کوردستان بەبێ کۆچ بۆ کردن خۆی لانکی دووەمی مرۆڤایەتییە، لەوەش زیاتر لە کوردستانەوە وەک (هنری براستد) باسی دەکات خەڵک بە جیهاندا بڵاوبوونەتەوە.

(هـ ا. ڕایت) دەڵێت(١١): هەزار ساڵ لەمەوبەر کوردستان لەڕووی جیۆلۆجییەوە گۆڕانێکی باشی بەخۆوە بینیوە(٩)، هەزار ساڵ لەمەوبەر سەرما و سۆڵە و سەهۆڵبەندان لە چیاکانی زاگرۆس (واتە شاخەکانی کوردستان) کۆتایی هاتووە و (واتە دوای لافاوەکە) هەتا ئەمڕۆ ئاووهەوا ئاسایی بووە، ئیتر خەڵکی کوردستان دەستیان داوەتە کشتوکاڵ و دێهات و گوندیان لە ناوچە کشتوکاڵیەکان دامەزراندووە(١٩). (ئەلیکساندر ئەلفریدۆ ڤیچ) دەڵێت: (ئەشکەوتە بەناوبانگەکەی شانەدەر لە شاخەکانی کوردستان، وەک ئەرشیفێکی نایابی پاراستنی شوێنەواری شارستانی و مێژوویی مرۆڤایەتییە بەدرێژایی سەد هەزار ساڵ)(٢٠). ئەم زانایە مێژووی ژیان لە کوردستاندا دەباتەوە

**کورد لە ئەفسانەکانیدا هەمیشە لێدراو و ستەم لێکراو و ژێردەستە بووە، هەرگیز لەسەرەوە نەبووە، ئەفسانەکانی ڕەنگدانەوەی حاڵەتە هەمیشەییەکەیەتی.**

بۆ ئەو مێژووە دوورە، ڕەنگە ئەو ئاسەوارانەی ناو ئەشکەوتی شانەدەر پاشماوەی پێش تۆفانەکە بێت، ئەوە دەسەلمێنێ کە پێش تۆفانەکەش ژیان و شارستانی لە کوردستاندا بووە.

لەکتێبی (ئاوێستا) لە بەشی (ڤاندیدات) هاتووە کە: خوا داوا لە زەردەشت دەکات ئەشکەوتێک (ڤار) دروست بکات، جوانترین نێر ومێ لەگەڵ خۆی ببات لە ڕووەک و ئاژەڵ و مرۆڤ، هەتا ناشرین و خواروخێچ و درۆزن بە زوقم و سەهۆڵ تیابچن(٢١). مەبەست لە خواروخێچ، نالەباریی و ناشرینی بیروباوەڕە، کە دەبێ تیابچن، مەبەستیش لەم زەردەشتە نوح پێغەمبەرە.

زۆرکەس قەڵەمیان باداوە و بیریان جەڕاندووە بۆئەوەی نهێنییەکانی مێژوو بدۆزنەوە، یەکێک لەوانە محەمەد قاسم محەمەدە کە لە نوێترین کتێبیدا دەڵێت: ١٦٥٦ ساڵ لە نێوانی ئادەم و تۆفاندا هەیە، بەڵام (٢٩٢) ساڵ لە نێوان تۆفان و لەدایکبوونی حەزرەتی ئیبراهیمدا هەیە، واتە لە ئادەمەوە هەتا ئیبراهیم (٢٠٤٨) ساڵە، ئیبراهیمیش ١٦٤١ ساڵ پێش حەزرەتی عیسا لەدایکبووە، و ١٣٠١ ساڵ پێش زاین موسا لەدایکبوو(٢٢).

هەندێک لە مێژوونووسەکان دەڵێن کورد و ئاری پێغەمبەرێکی زۆریان هەبووە و نازناوی هەموویان (زەردەشت) بووە، یەکەم زەردەشتیش بە (نوح) ناودەبەن، ئیبراهیم زەردەشتی دووەمە و بەم جۆرە دەڕوات هەتا دوا زەردەشت کە ساڵی (٦٦٠) پ.ز پەیدا بووە لە ورمێ.

مەردۆخی دەڵێت: هەندێک دەڵێن، سەرەتای پەیدابوونی یەکەم زەردەشت دەگەڕێتەوە بۆ سێ هەزار ساڵ پێش زاین، کە نوح پێغەمبەر لە سەردەمی ئەمدا لە دونیا دەرچوو.. (مەبەست لەم زەردەشتە هەر ئیبراهیمە)، مەردۆخی لە جێیەکی تردا دەڵێت: (ئورژوکسۆس و ئەرستۆ) دوو زانای یۆنانی پێش زاین (سەردەمی زەردەشت دەبەنەوە بۆ شەش هەزار ساڵ پێش ئەفلاتون، واتە ٨٣٦٥ ساڵ پێش ئەمرۆ(٢٣).

هەندێکی تر ئەو فەرەیدونەی کە کاوەی ئاسنگەر، زوحاکی بۆ لەناوبرد و هێنایە سەرتەختی پاشایی، ئەو فەرەیدونە بە پێغەمبەر و زەردەشتی دووەم دادەنێن، هەروەها کاوە فریدون دەشارێتەوە لە شاخی (دەماوەند) و پاشانیش دەیهێنێتەوە، بەم بۆچوونەدا دیارە کە (کاوەی ئاسنگەر) ڕاپەڕینەکەی شۆڕشێکی ئاینی بووە و لە دژی بتپەرستان و چەسپاندنی ئاینی خوا بەرپای کردووە، بەڵام خاوەنی کتێبی (اثبات الوصية)(٢٤) کە هەندێک بە مەسعودی دەزانن و (ابو کلام ئازاد)(٢٥) لە کتێبی (زەردەشت)دا دەڵێن: فەرەیدون ذي القرنين بووە، کە لە خاکی کوردستانەوە هەڵساوە و ئاینی خوای بە هەموو ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوای گۆی زەوی گەیاندووە.

لە کتێبی (دبستان المذاهب)دا هاتووە کە پێش پاشای کورد (کشتاسپ) بە چەند هەزار ساڵ، پێغەمبەرێکی تر هاتووە بەناوی (مائاباد) کە لە شاری مەهاباتی ئەمرۆ ژیاوە و نامەی تایبەتی

خۆی بووە، مێژوونووسانی وەک ئیحسان نوری و فردەوسی و (ابن الاثیر) دەڵێن: ئیبراهیم و زەردەشت هەریەکێکن.. لەدەست دوژمنانی ئایینی ڕایانکردووە هەتا گەیشتوونەتە کەنعان.

لە (المجند فی الادب والعلوم)دا هاتووە: ئەو زەردەشتە لە (٢١٠٠) ساڵ پێش زاین ژیاوە، لە (اطلاعات عمومی)یشدا هاتووە: ئیبراهیم (٢٩٢) ساڵ پاش تۆفانەکە هاتووە، هەروەها دەڵێت تۆفانی نوح لە دەوروبەری دەریای خەزەر بووە و کەشتیەکە لە ساڵی ٣٢٠٠-٣٤٠٠ پێش زاین لە سەر کێوی (جودی) نیشتۆتەوە کە بەشێکە لە زنجیرە چیای ئارارات.

لە پەڕاوی (رفع الخفا)دا دەڵێت: شاری نەهاوەند واتە نوح ئاوەند، کە بەمانای (نوح ئاوا) دێت و نوح بنیاتیناوە لە نزیک هەمەدانی ئەمڕۆیە، لە (حاشیەی محی الدین العربی) لە تەفسیری (خازن)دا دەڵێت: ئیبراهیم خەڵکی (کۆیە)ی عێراقە و هەتا ئێستاش پاشماوەی نەمرود لە نزیک ڕانیە ماوە، کە ئاگرەکەیان بۆ ئیبراهیم کردەوە، نەمرود ناوی (نەمارد کوڕی کوش کوڕی حام کوڕی نوح بووە(٢٦).

لە (کشف الغمە)دا دەڵێت: ئەوەی بە مەنجەنیق ئیبراهیمی هەڵدایە ناو ئاگرەکە یەکێکی دەست ڕاست بوو لە کورد، لە تەفسیری (بیضاوي) لە سورەتی (الانبیاء) باسی ئیبراهیم و کورد دەکات، ناوی ئیبراهیم دەبەنەوە سەر ئەورام بەمانای هەورام، کە گوایە وشەکە هەورامییە(٢٧).

براستد دەڵێت: نەتەوەی ئاری لە سەرەتای پەیدابوونییەوە ئاینێکی پایە بڵند و بەرزیان بووە، ڕێزیان لە ئاگر گرتووە، وەک هەموو ئاینە خواییەکانی تری کۆن، ڕووناکی و ئاگریان بە شتێکی بەنرخ و بەسود داناوە، چونکە خوا ڕووناکی کردووە بەسەرەتای بوون، کەواتە نەتەوەی ئاری هەر لە سەرەتاوە خواپەرست بوون، خوا بۆ هەر نەتەوەیەک پێغەمبەرێکی ناردووە هەتا ڕابەرییان بکات بۆ جێبەجێکردنی فەرمانەکانی خۆی(٢٨).

باوکی مێژوو (هێرۆدۆت) کە (٤٠٠پ.ز) ژیاوە دەڵێت: لە ئێران (ئاری) پەرستگای بتپەرستان نەبووە(٢٩)، هەزاران ساڵ تێپەڕبووە بەسەر ئەو قسەیەدا کەوا دەگەیەنێ نەتەوەی ئاری زۆر لە کۆنەوە فێری ئەوە بوون کە خوا بەتاک و تەنها بناسن، بەڵکو لە سەرەتای پەیدابوونیانەوە خوایان ناسیوە و ئەوەیان زانیوە کە خودا تاک و تەنها و بێ هاوبەشە و سەرچاوەی هەموو بونێکە(٣٠). مەردۆخیش دەڵێت: کورد لە کۆندا هەمیشە ئاگر و ڕوناکیان خۆشویستوە و دڵیان پێی کراوەتەوە و لە تاریکی پەست و دڵتەنگ بوون(٣١).

دکتۆر هنری براستد دەڵێت: گێڕانەوەکان ئەوە نیشاندەدەن کە نەتەوەی ئاری ئاینێکی پایە بڵند و گەورەیان هەبووە، ئاگرکردنەوە بۆ پەرستن نەبووە،- بەڵکو بۆ ئەوە بووە کە ئاگردانەکانیان هەمیشە داگیرسا و بێت و ڕووناکی بدەن و تاریکی و گومڕایی لەناو بەرن. مسعودیش دەڵێت: زاناکانیان ناونابوو (موگوش)، (مو) واتە (ئاین) (گوش) واتە پیاو مانای (پیاوانی ئاین) دەدات. لە عەرەبیدا موگوش بووەتە مەجوس. لە جێیەکی تردا دەڵێت (موبەزان) واتە پارێزەرانی ئاینی، ئەمانە پایەیەکی سیاسی ئاینیشیان بووە، لای کۆمەڵگا بەڕێز و پایەداربوون، هاوبەشی کۆبوونەوەکانی پاشایان دەکرد(٣٢).

تەنانەت جەژنە نەورۆزەکەش هەر جەژنی ئایینی بووە، زیاتر لەوەی کە پەیوندی بە زوحاکەوە هەبێت، ئەوەندە هەیە مێژووی کۆنی کورد، بەتایبەتی پێش دەوڵەتی ماد ئاڵۆز و (ونە)، مێژووی ڕووداوەکان شێواون و پاش و پێش کەوتوون، نەورۆز پێش زوحاک و کاوە بووە، پاشان ڕووداوی کاوە ڕێکەوتی نەورۆز دەکا و دەبێتە (دوو جەژنە) و بەیەکەوە دەبەسترێت، ڕاپەڕینی کاوە، لە دژی زوحاکی بتپەرست و

زۆردار، کە کوردی بڕواداری کردبووە بەندە، جەنگی نێوان بڕوا و بێ بڕوا بووە زیاتر لەوەی شتێکی تر بێت(٣٣).

فیردەوسی دەڵێت: لە سەردەمی جەمشیدا واز لە بتپەرستی هێنراو ئاینێکی نوێی خواپەرستی بڵاوکرایەوە، ئەم گۆڕانکارییە کرایە جەژنی نەورۆز. پاشان دەڵێت: لە سەردەمی جەمشیدا وەرچەرخانێکی گرنگ لە شارستانی و پێشکەوتن پەیدا بوو، جەمشید تەختێکی لە جەواهیر دروستکرد، دەچووە ناوی، (دێو) هەڵیاندەگرت و بەئاسماندا دەیانگێرا، بەرزبوونەوەی ئەم تەختە زێرینە کرایە جەژنی نەورۆز، دێوی بۆ هێنرایە ژێرباڕ، هەروەک چۆن بۆ سلێمان و داود پێغەمبەر کرابوو. لە جێیەکی تردا دەڵێت: ئەم پاشا کوردە(جەمشید) ڕۆژێک شوشەبەندێکی دروستکرد لە تەشت یان چەرخ و فەلەک، دەچووە ناوی، (دێوو درنج) چنگ لەسەرشان هەڵیاندەگرت و بە ڕۆژە ڕێیەک بە ئاسماندا لە کێوی (دەماوەند)ەوە دەیان گەیاندە شاری بابل(٣٤).

پێش جەمشید نەورۆز هەربووە، بەڵام ئەم کردی بە سەری ساڵی نوێ(هەتاوی)، جەمشیدیش لە بنەماڵەی پێشدادییە و لە ئاوێستادا ناوی هاتووە. جەمشید یەکەم کەس بوو کە گۆڕانکاریی و شارستانی داهێنا، پەرەی بە ژیانی ئابووریی و کۆمەڵایەتیدا، ئاسنی نەرمکرد کەرەستەی جەنگی لێ دروستکرد، کەشتی دەریایی دروستکرد، خەڵکی فێری خۆشتن و درومان و چنینی جلوبەرگ لە کەتان و ئاوریشم کرد، فەرمانیدا بە دێوەکان کە بۆ یەکەمجار لە خشت و گەچ و بەرد، حەمام و خانوو کۆشک و تەلار دروستبکەن و زانیاری پزیشکی داهێنا. کامیل بصیر دەڵێت: تەمەنی نەورۆز لە بیست و پێنج سەدە پێش زاینی زیاترە(٣٥).

وەک پێشتر وتم (نەورۆز) لە کاوە و زوحاک کۆنترە، تەنها ئەوەندە هەیە ڕووداوی شۆڕشی کاوە، نزیک بە سەری ساڵ بووە و پێکەوەیان گرێداوە، ئەو دوو جەژنەیان کردووە بە یەک، من وای دەبینم نەورۆز هی هەموو گەلە ئارییەکان بێ–هی سەردەمی نوح، کوردیش تیایدا بەشدارە، بەڵام کاوە تایبەتە بە کورد.

ئیبراهیم پێغەمبەر لە کوردستاندا لەدایکبووە، لەدێی (بەرزە) لە شاخی (قاسیون)ەوە لە ناوچەی جزیرە خەڵکەکەی خەریکی ئەستێرە پەرستن و بتپەرستی بوون، هەرچی لەسەر زەوی بووە، بێ بڕوا بووە جگە ئیبراهیم و ژنەکەی و لوتی برازای(٣٦).

من وای بۆ دەچم کە نەورۆز لە سەردەمی حەزرەتی ئیبراهیم کۆنتریش بێ وەک قورئان دەیگێڕێتەوە و مێژوونووس پشتگیری لێ دەکەن، ئەو کاتەی کە ئیبراهیم ویستی بتەکان بشکێنێ، ڕۆژی نەورۆزی هەڵبژارد، چونکە لەو ڕۆژەدا شار چۆڵ دەبێ و پاشا و گەدا و منداڵ و گەورە دەچنە دەرەوەی شار، لەو دەشت و دەر و سەوزاییەدا سەیران دەکەن، هەتا ئێوارە دەمێننەوە، کە ئەویش سەرەتای بەهار و جەژنی نەورۆز بوو، تەنانەت نەمرودی پاشا و زێوانی پەرستگا و بتخانەکان شار جێدەهێڵن و دەچنە دەرەوە، بەڵام ئیبراهیم خۆی نەخۆش خست، بە دایک و باوکی گوت کە ئەو ناتوانێ دەرچێت، هەموو خەڵکی شار پێویستی و خواردنیان پێچایەوە و ڕۆیشتن، لە کشوماتی و چۆڵی شاردا، تەورێک دەخاتە سەرشانی، بەردەبێتە بتەکان و دەیانشکێنێت، تەورەکە بە شانی بتە گەورەکەوە جێدەهێڵێت و دەگەڕێتەوە، کە ئێوارە خەڵکی لە سەیران دەگەڕێنەوە، ئەو کارەساتە دەبینن، گومانیان هەر بۆ ئیبراهیم دەچێت، چونکە پێشتر لێرە و لەوێ ڕەخنەی لە بتەکان گرتبوو، دوای ئەوەی کە لەسەری ساغ دەبێتەوە، دارێکی زۆر لە دۆڵی دۆڵ (نارین) لە شاخی لە نزیک ڕانیە کۆدەکەنەوە و ئاگرێکی گەورە دەکەنەوە،

تین و گەرما تا ماوەیەکی دور دەڕوا، ناچارن بە مەنجەنیق ئیبراهیم هەڵبدەنە ناو ئاگرەکە، دوای کوژانەوەی لەناو خۆڵەمێش و پشکۆکانەوە دێتە دەرەوە، وتووێژێک لەگەڵ نەمرود بەرپا دەکات، بۆ خەڵکەکەی دەسەلمێنێ کە تەنها خوا خاوەنی پەرستنە و، بتەکان و نەمرود توانای مردن و ژیانەوەیان نییە.

باشترین نموونەش ئەو ئاگرەیە کە هەموو شتێکی خوارد، بەڵام ئیبراهیمی بە موعجزەیەک ڕزگارکرد، دوای چەند سەدەیەک و پاش وەفاتی ئیبراهیم، ئەم ڕووداوە دەماودەم دەڕواو دەبێتە ئەفسانە و ئاگریش بۆ سەیران و سەرەتای بەهار و نەورۆز و سەری ساڵ زیادکرا، ئاگر بە پیرۆز ڕاگیرا، پاش ئەویش بە چەند سەدەیەک، ڕووداوی کاوە و شۆڕش لە دژی زوحاک لە نەورۆزدا بەرپابوو، (یادەکە) بوو بە (سێ) جەژن، یەکەم نیشتنەوەی تۆفان و کەشتی نوح و ڕزگاربوونی بڕواداران و نەورۆز و سەری ساڵ و بەهار، دووەم: ئاگر و ڕزگاربوونی ئیبراهیم لە سووتان، سێیەم: شۆڕشی کاوە و فریدون دژی زوحاک.

جگەلەوەی من بۆچوونێکی تر لەم ڕووداوەدا هەست پێ دەکەم، پەیوەندی زۆر دەبینم لە نێوان ڕووداوەکانی کاوەی ئاسنگەری کورد و ئیبراهیمی کورد، کاتی ڕووداوەکان لە یەکەوە نزیکن کە نزیکەی سێ هەزار ساڵ پێش زاین دەکات، شوێنی ڕووداوەکان نێوان دەماوەند و نەینەوا دەگرێتەوە کە کوردستانی گەورەیە، ڕەنگە کاوە هەر حەزرەتی ئیبراهیم بووبێ، بەڵام تێپەڕبوونی ئەو هەزاران ساڵە باسەکەی تەمومژاوی کردووە و کردوویەتییە ئەفسانە.

باس و خواس و گێڕانەوەی بەر ئاگردانی شەوانی زستانی نێو ئەشکەوتەکان زیاد و کەمی پێکردووە و ڕاستییەکە شاراوەتەوە، ئەگەر لەگەڵ ئەفسانەکەدا بەراوردی بکەین، لە چەند ڕوویەکەوە لێکچواندن دەبینین، وادەزانم ئەو دوو کەسایەتییە کوردیە (کاوە و ئیبراهیم) یەک کەس و یەک ڕوداون، لەبەر دوری سەردەم و نەبوونی نوسین بووەتە ئەفسانە و ڕاستییەکەی شێواوە: ١.کاوە و ئیبراهیم کوردبوون. ٢. کاوە و ئیبراهیم لای کورد زۆر خۆشەویستن. ٣.هەردووکیان کوڕەکانیان سەردەبڕرێ. ٤.هەردوکیان مەڕ دەدرێ لەبری سەرنەبڕینیان. ٥. کاوە داوای ڕزگارکردنی (قارەمان)ی تاقە کوڕی دەکات، ئیبراهیمیش ئیسماعیلی تاقە کوڕی. ٦. دووجار شەیتان دێت بۆ لای ئیبراهیم بۆ خەڵەتاندنی، دووجار شەیتان دەچێ بۆ لای زوحاک و دەیخەڵەتێنێ. ٧. ئیبراهیم تەور بەکاردێنێ بۆ شکاندنی بتەکان، کاوەش بە چەکوش زوحاک دەکوژێت. ٨. یەکیان دارتاشە و یەکیان ئاسنگەرە. ٩. سەردەمی هەردووکیان یەک سەردەمە. ١٠. شوێنی دوو ڕوداوەکە نزیکن. ١٠.هەردووکیان لە سەرەتای بەهاردا شۆڕشەکە دەکەن. ١١. هەردووکیان ئاهەنگی نەورۆز هەڵدەبژێرن بۆ شۆڕشەکەیان. ١٢. لە ئیبراهیمدا هەموو خەڵک چونەتە دەرەوە بۆ سەیرانی نەورۆز و شار چۆڵ بووە، لە کاوە و زوحاکیشدا بەهەمان شێوە. ١٣. کاوە بەنهێنی دەچێتە لای پاشا و بە چەکوش لێی دەدات، ئیبراهیمیش بە نهێنی دەچێتە لای بتەکان و بە تەور دەیانشکێنێ. ١٤.شۆڕشی هەردووکیان دژی دوو پاشای ستەمکار زوحاک و نەمرود بووە بەسەر کوردەوە. ١٥. دوو پاشاکە خۆیان بەخوا زانیوە. ١٦. کاوە و ئیبراهیم هەردووکیان یەکتاپەرست بوون و پاشاکانیان بتپەرست بووە. ١٧. لە هەردووکیاندا ئاگر سمبولی ڕزگاربوونە. ١٨.گۆڕی هیچیان دیار نیە. ١٩. ڕۆڵی هیچیان دیار نیە دوای سەرکەوتنی شۆڕشەکە. ٢٠. لە کاوەدا کوردە ڕزگاربووەکان و فەرەیدون و ئابتنی دایکی بە نهێنی دەنێرنە شاخ بۆ شارنەوەیان، لە ئیبراهیمیشدا هاجەر و ئیسماعیل دوردەخاتەوە بۆ شاخ و دۆڵەکانی مەککە. ٢١. ژیانی هاجەر

و ئیسماعیل لەو کێو و دوڵانە زۆر لە ژیان و شاردنەوەی فەرەیدون و ئابتنی دایکی دەچێت لە کێوی دەماوەند کە سەرکردەی شۆڕشەکەی کاوەیە شیر و ئاوی زەم زەم. ٢٢. ناوی ئارمائیل و کارمائیل لە ئەفسانەکەدا کە مۆخی مەڕەکان دەبەن بۆ برینی سەرشانی زوحاک و کوردەکان بە نهێنی ڕزگار دەکەن. زۆر لە ناوی ئیسماعیل و جوبرائیل دەچێت کە مەڕەکە دێنێ لەبری سەربڕین و ڕزگارکردنی ئیسماعیل. ٢٣. لە هەردووکیاندا کێشەکە کێشەی باوک و کوڕە ... لێکچوون و بەراورد و نزیککردنەوەی زۆری تریش هەیە.

ئەفسانە چیرۆکێکی ڕاستە، لە واقیعدا ڕوویداوە، لەبەر دووری ڕوداوەکە و نەبوونی نووسین دەماودەم هاتووە، لە ترسی دەسەڵات و لەبیرچوون پەردەپۆش کراوە، کەم و زیاد کراوە، بوەتە ئەفسانە، خراوەتە قاڵبی چیرۆک ئامێزی ڕەونەقدار، ئەفسانەکانی کورد هەموو ڕاست و حەقیقەتن، وێنەی ڕاستەقینەی کوردن، وەک ژیانی کورد هەموو تراژیدین، تاڵ و ترشن، باسی ستەمکار و ستەملیکراوە، شەڕی نێوان هەق و باتیلە، هەمیشە کورد لەگەڵ حەقدایە، دژی باتیڵە، ئەفسانەکانی کورد وەک ناخی کورد پاک و پوختن، وەک کورد سادە و ساکار و ساویلکەن، لە ئەفسانەکانیشدا هەمیشە کورد سادەیە و خەڵەتاوە، وەک واقیع و ئەمڕۆ و ڕابردوو، کورد لە ئەفسانەکانیدا هەمیشە لێدراو و ستەم لێکراو و ژێردەستە بووە، هەرگیز لەسەرەوە نەبووە، ئەفسانەکانی ڕەنگدانەوەی حاڵەتە هەمیشەییەکەیەتی، بە دەست خەڵک و بەدەست خۆی، وەک ئەمڕۆ!!

نەورۆز لە بنەڕەتدا جەژنێکی ئاینییە، بووەتە نەتەوەیی، سێ قۆناغە، لە هەرسێکیدا ئاینییە و پەیوەندی بە پێغەمبەرانەوە هەیە، یەکەم: جەژنی ڕزگاربوونی نوح و کۆمەڵەکەیەتی لە دەست ستەمکار و تۆفان، ڕۆژی دابەزینی کەشتیەکە کرایە نەورۆز و ڕۆژی نوێ و سەری ساڵ و جەژن و ساڵانە یاد دەکرایەوە.. دووەم: ئیبراهیم نەورۆزی هەڵبژارد بۆ شکاندنی بتەکان کە شار چۆڵ بوو خەڵک لە سەیران بوون.. سێهەم: نەمروود جەژنی نەورۆزی ساڵی داهاتووی هەڵبژارد بۆ سوتاندنی ئیبراهیم، کە ئاگرەکە ئیبراهیمی لاوی نەسوتاند ئاگر پیرۆزکرا و بۆ نەورۆزی نوح و نەمروود زیادکرا، واتە لە ئیبراهیمەوە ئاگر بۆ نەورۆز زیادکراو دوایی سەری لە ئاگرپەرستی و مەجوسییەوە دەرچوو.

## سەرچاوە و پەراوێزەکان


١- محمد بن احمد بن ايات: بدائع الزهور، دارالفكر، بيروت، ل٤٦.

٢. ابى جعفر محمد بن جرير(الطبرى): تأريخ الطبرى، جـ١، ص٨٢.

٣- ابن كثير: البداية والنهاية، ج١، ل ـ١١٠.

٤- محمد قاسم محمد: التناقض في تواريخ وأحداث، جامعه قطر، ١٩٩٢، ص٢٠-٣٠.

٥- قصص الآنبياء، دكتور عبدالوهاب النجار، قصة نوح، البداية والنهاية، ص١٣٣.

٦- البدايه والنهايه، ابن كثير، ص١٣٥.

٧- دكتور عبدالوهاب النجار: قصص الآنبياء.

٨- محمد قاسم محمد: التناقض في تواريخ واحداث، ص١٣.

٩- المسعودى: مروج الذهب، ج١، ص٥٣، الطبرى: ج١، ص١٩٠،١٧٩.

١٠- ئەمین زەکی: کوردستان و کورد، ل٩١، انتشارات سيديان، مهابات.

١١- رواه الترمزى، مسند امام احمد، ج٥، ص٨.

١٢- طبقات ابن سعد، ج١، ص٤٢، الطبرى، ج١، ص١٠٦.

١٣- طه باقر: ملحمه كلكامش، الطبعة الرابعة ، بغداد، ل١٨٥، احمد سوسه: تأريخ حضارة وادي الرافدين، ج١، ١٩٨٣/٩/١٣، ل٢٢٢.

١٤- انور المائى: الاكراد فى بهدينان، موصل،١٩٦٠، ل١٥.

١٥- ئیسماعیل ڕۆژبەیانی: ئەفسانەی لافاوەکە، ڕۆشنبیری نوێ، ژمارە (١٣٢)، ل٦٤.

١٦- محەمەد امين زكى: خلاصه التاريخ الكرد و كردستان، گ٢، بغداد، ١٩٦١، ص٨٢.

١٧- د.عبد ڕبه سكران: دەربارەی چەمکی کوردستان، ڕۆشنبیری نوێ، ژمارە (١٣٥)، ل٤١.

١٨- تورات، سفر التكوين، ٩ / ٢٨-٢٩.

١٩- مسعودى: مروج الذهب، ج١، ص٥٢.

٢٠- هـ.ا.رايت: العصر الجليدى البلاستوسين، ترجمه فؤاد حمه خورشيد، ص٧٢-٨٢.

٢١- عبدالخالق سرسام: گۆڤاری (ڕامان)، ژمارە (٨)، ل ٢٣، ١٩٩٧.

٢٢- صانديداى: ئاوێستا، وەرگێڕ: داود الچلبى، موسل، ١٩٧٢، ل٢٢.

٢٣- محمد قاسم محمد: التناقض في تواريخ واحداث، جامعه قطر ، ١٩٩٢.

٢٤- محەمەد مەردۆخی: مێژووی کورد و کوردستان، مطبعة اسعد، ١٩٩١، ل٨٧.

٢٥- مسعودى: اپيات الوصيه، ص١٨.

٢٦- ابو كلام ئازاد: شخصية ذي القرنين، و.ابراهيم عمر، ل ١٢٠، ١٩٦٧.

٢٧- مێژووی هەورامانی کۆن، ل ١١٢-١١٧.

٢٩- پیرشالیاری زەردەشتی، ل١٨.

٢٩- الدكتور هنرى جايمس براستد: العصور القديمه، ترجمه داود قربان، الطبعة الامريكيه، بيروت، ١٩٣٠، ص١٥٠-١٧٠.

٣٠- ابراهيم عمر: ڕۆژنامەی (تآخي)، ژمارە (٩٨)، ١٩٦٧/٨/٧.

٣١- کورد لەناو ئایین و مێژوودا، ل١٠٧، مطبعة ڕاپەڕین، ١٩٧٢.

٣٢-محەمەد مەردۆخی: مێژووی کورد و کوردستان، ل٨٧.

٣٣- تەها باقر: مێژووی کۆن، بەرگی دووەم.

٣٤- فیردەوسی، خاوەنی کتێبی (شانامە)، شاعیری فارس بووە، ناوی (حەسەن کوڕی عەلی گوسی)یە لە ساڵی ١٠١٠ زاینیدا ژیاوە.

٣٥- د.محەمەد معینی: فەرهەنگی فارس، بەرگی پێنجەم، ل٤٣٣.

٣٦- ابو على احمد بن محمد مسكويه: الحكمة الخالدة، قاهره، ١٩٥٢، ص٢٧-٢٨.

# چەمك و مێژووی سۆفیزم لە ئیسلامدا و هەڵوێستی زانایانی ئەوروپا دەرهەقی



**ل. ئانا ماری شمیل - وه: زانا ناجی عەبدوڵڵا**



بڕوانامەی ماستەر لە فەلسەفەی ئایینەکان، خاوەنی ٧ کتێبی چاپکراو، توێژەر لە زانکۆی سلێمانی.

لەم ساڵانەی دواییدا چەندین پەرتووک لە کەلەپووری ئیسلامیدا دەربارەی سۆفیگەری بڵاوبوویەوە، کە هەریەکەیان دەیەوێ جیاواز لە ڕوانگەی ئەوی دی دۆزەکە چارەسەر بکات، ئەو دیاردەیەش کە بە تەسەوف ناوزەد دەکرێ، دیاردەیەکی بەرین و فرەڕەهەندە، بەچەشنێ هیچ کەس توانای پەسن/وەصف کردنی نییە، نمونەی ئەو کەسەی دەیەوێت پەسنی تەسەوف بکات، چەشنی ئەو نابینایەیە کە هەستی بە بوونی فیلێک کردووە و هەریەکەیان جوداواز لەوی دی باسی لێوەدەکەن، جارێک بەوەی کە عەرشە و جارێکیش پانکەیە یان نێرگەلە، ئیدی هیچ کەس ناتوانێت وەک خۆی بیر لە تێکڕای جەستەی ئەو گیاندارە بکاتەوە.

زاراوەی سۆفیگەری sufismus یان تەسەوف sufik وتەیەکە لە ئیسلامدا بۆ ڕۆحانیەت mystik بەکاردێت. بۆ زانینی مەبەست لە وشەیmystic دەبێت لە پێشدا لە نێوەڕۆکەکەی بکۆڵینەوە، هەرکەسیش لە ڕەگ و ڕیشەی هەردوو وشەی mystisch و mysterium بگات، دەرەنجام واتایەکی تژی لە نهێنی چنگ دەکەوێت، کە بە ئامێرە سادە و هەوڵە ئاوەزیی و ژیرییەکان پەی پێنابات، ئەویش لە وشەی myeinی ویٚنانییەوە وەرگیراوە کە بەواتای داخستنی چاوان دێت.

سۆفیگەری واباسکراوە کە: «مەزنترین تەوژمی ڕۆحییە و لە تێکڕای ئایینەکاندا بڵاوبۆتەوە»، بەواتایەکی گشتگیرتر دەکرێت بگوترێ دەرککردنی حەقیقەتێکی ڕەهایە، ئیدی جیاوازی نییە ئەو حەقیقەتە حیکمەت یا ڕووناکی یان عیشق یانەخۆ نەبوون/عدم بێت.

ئەو نێوبراوانە لە باشترین دۆخدا چەشنی مەشخەڵی ڕێگان، چونکم مەبەست هەر لای ئەو سۆفییە ڕاستەقینەیە کە پەسن ناکرێت و، ئەستەمیشە بە ژیریی و شێوازی سانا دەرکی بکەین یان لێی بکۆڵینەوە، هاوکات نە فەیلەسوفان و نە عەقڵیش ناتوانن پەی پێبەرن، بەڵکو تەنها ئەوە هەستی ڕوانینی دڵی غنوسییە کە ڕووناکی دەکاتەوە و پەی بە چەمکەکانی دەبات، چونکە ئەم ئەرکە ئەزموونێکی ڕۆحانی وەهای دەوێ کە هیچ پەیوەندییەکی بە پەیڕەویی بیر و ئاوەزەوە نەبێت، ئەزموونێکە گەر موریدێک لە حەقیقەتە نێوبراوەکەی بکۆڵێتەوە، ئەوا بە ڕووناکییە ناوەکییەکەی ڕێنوێنی دەکات و گەز گەز باڵای ڕۆحی پێدەکات، ئەو دەمەش هیچ پەیوەستییەکی بەم جیهانەوە نامێنێ و، ئاوێنەی دڵی پاکژ دەبێتەوە– وەک سۆفییەکان ئاماژەیان بەم حاڵەتە داوە–.

مورید ناتوانێت بەو پلەی کەشفی ڕەهایە بگات کە تێیدا بەهرەدار دەبێ بە ئەوین و مەعریفەی باتینی، مەگین پاش ماوەیەکی دوورودرێژی پاکژبوونەوە نەبێ –کە لە تەسەوفی مەسیحیدا پێی دەگوترێت via purgative–، لەوانەشە دوابەدوای ئەو پاکبوونەوەیە بە مەزنترین و ناوازەترین پلەی ڕەهای سۆفیبوون شادبێ، ئەویش یەکبوونە لەگەڵ زاتی خودادا، ئەو دەمەی ڕۆح بە پاڵپشتی خودای جاویدان تەماشای تێکڕای بوون/ الوجود دەکات، کە دەکرێت بە (دەرکەوتنی پەردەی نەزانی) ناوزەد بکرێت، پەردەیەک کە بەربەست بوو لە نێوان یەکگرتنی زاتی خودا و دروستکراوەکەی.

دەکرێت سۆفیگەری واش پێناسە بکرێت کە ئەوینێکی ڕەهایە، بەم ئەوینە سۆفیزم لە دۆخی زوهدەکانی دی جیادەکرێتەوە، خۆشەویستی خودا وا لە مرۆڤ دەکات بەرگەی تێکڕای ئەو ئازار و نەهامەتیانە بگرێ و، تەنانەت چێژیشی لێببینێ کە خودا تاقیدەکاتەوە، بۆئەوەی پێی بڵێ کە ئەوین و پاکبوونەوە یانی چی، ئەو ئەوینەش دڵی دڵدار وەها لێدەکات کە پەیوەست بێت بە خودای مەزنەوە «چەشنی ئەو هەڵۆیەی نێچیرەکەی لە دوور هەڵدەگرێت».

ئەو جۆرە لە بیرکردنەوە سانایانە لە تێکرای جۆرەکانی تەسەوفدا بوونی هەیە. بۆیە زۆرێک لە سۆفیگەرانی ئایینە جیاوازەکان هەوڵیانداوە

قاڵبوونەوەی سۆفییەکانی خۆیان لە سێ شێوەدا ڕوونبکەنەوە: یەکەمیان گەڕانی بەردەوام بەدووی خودادا، ئاماژەشیان بە ڕێگایەک کردووە کە دەبێت گەشتیارانی ئەو ڕێگەیە بەرەو سەرەوەی ڕێبکەن، چەشنی ئەوەی زۆرجار بە شێوازی ڕەوانبێژیی و بەپلەبەندیی و سەرکەوتن و میعراجی ڕۆح گوزارشتیان لێکردووە. هەرچی دووەمیشە بە پەروەردەی دەروون لە سەرجەمی تاقیکردنەوە خوداییەکاندا و پاککردنەوەیان بە جۆرەها ئازار لێکداوەتەوە، ئەمەشیان چەشنی هونەری پاککردنەوەی زێڕ و هاوچەشنەکانییەتی لە هونەری زانستی سروشتیدا ناساندووە بەوەی کە: گەورەترین خەونی مرۆڤایەتی هەر لە دێر زەمانەوە، ئەوەبووە کە کانگایەکی بێ بەها بکەن بە زێڕ، ئەمەش هەر ئەو ئەزموونەیە کە بەسەر دەروونیدا جێبەجێی دەکەن و سەریش دەگرێت. سێیەمیان ئەو چەندان ئاماژەیە لە ئەوینی خوداوە وەرگیراوە کە لە ڕێگەیەوە شەیدابوونی بۆ دڵدار و تەوەحودەوە بەرجەستە دەکات. بۆیە زۆرێک لە شیعری شاعیرانی سۆفی بێسەروبەرییەکی سەیریان پێوەدیارە، کە زۆرجار وەها خۆشەویستی و خودا و مرۆڤ تێکەڵ و پێکەڵ دەکەن کە عەلاجەویت پێدێ.

سەربارى ئەوەی ئەزموونی سۆفیگەری لەیەکدەچن، بەڵام باشترە جیاوازی لە نێوان دوو شێوازی سەرکیدا بکرێت، یەکەم سۆفیگەری بێسنوور، دووەم سۆفیگەری خۆخواردنەوە(استبطان الذات)، ڕوونترین نمونە بۆ شێوازی یەکەم لە ڕێچکەی ئەفلاتونی و دەقە ئایینییە فیدانتیە هیندۆسەکاندا و بەتایبەت لە فەلسەفەی (شان کرا)دا خۆیی نومایان دەکات، هاوکات لەگەڵ ئەم شێوازەدا لێکچوونێک هەیە لەگەڵ هەندێک لەو تەوژمە سۆفیگەرانەی کە لەژێر کارگەری ئیبن عەرەبیدا گەشەیان کردووە، کە خودا تیایاندا بەبوونی تێکڕای بوونەوەران و (نەبوون/ عدم)یشەوە ناسێنراوە، لەبەرئەوەی ناکرێت لە ڕێگەی هیچ فیکرەیەکی سنووردارەوە پەسن بکرێن، چونکە زاتی خودا نە کۆتایی نە کات نە شوێنی نییە، ئەو دارای بوونی ڕەهایە و حەقیقەتی ڕەهاش هەر ئەوە، بەڵام جیهانی بوون کتومت پێچەوانەی زاتی خودایە، کە واقعێکی وەها سنورداری هەیە کە لە بوونی خودای ڕەهاوە سەرچاوە دەگرێت، لەوێشەوە چەشنی ئەو دەریایە ئاماژە بەبوونی خودا دەکرێت کە سنوری نییە، وەک تنۆکێکە کە دەروونی مرۆڤایەتی تێیدا دەتوێتەوە، یان چەشنی بیابانێکە بەردەوام لمەکانی نوێدەبێتەوە کەچی حەقیقەتێکی قوڵەکەی شاراوەتەوە، یاخوود وەک ئەو ئاوەیە کە جیهان تیایدا بدرەوشێتەوە.

لەڕاستیشدا ئەم جۆرە لە سۆفیگەری کەوتۆتە بەر هێرشی پەیامبەران و خواناسان، چونکە بەهای مرۆڤایەتی تیایاندا نامێنێت، هەروەک دەکرێ هۆکارێکیش بێ بۆ ئەوە بڕوات بە ئاینزای یەکبوون پێبکات، بەم بڕوایەش مەترسییەکی گەورە دەکەوێتە سەرشانی مرۆڤ، بۆیە سۆفیگەرانی هەریەک لە ئایینی نەسارا و مسوڵمانان بڕوایان بە فیکرەی درووستبوونی بوونەوەران لە زاتێکی باڵادەستەوە هەیە، بەپێچەوانەی ئەو چەمکەی کە خودا سەرجەمی بوونەوەرانی پێکەوە هێناوەتە بوون، ئەو بیرکردنەوەش لەگەڵ ڕێنمایی و گەواهییەکانی ئینجیل و قورئاندا یەکناگرێت، هاوکات شێوازی خۆخواردنەوە لە تەسەوفدا پێچەوانە دەبێتەوە لەگەڵ ئەم بیرکردنەوەیەدا، چونکە پەیوەندی نێوان مرۆڤ و خودا پەیوەندی ئەفرێندراوە لەگەڵ ئافەریندا، یان پێگەی بەندەیە لەگەڵ گەورەو مەزنەکەیدا، یاخود هەڵوێستی ئەویندارێکی بەسوێیە بۆ دڵدارەکەی، ئەم جۆرە لە بیرکردنەوەش لە ئاڕاستەی سۆفیگەرییدا زۆر باوە.

بەڵام هەریەک لەم دوو شێوازەی سۆفیزم دەگمەن نەبێ هەردووچاری بێسەروبەری

دەبێتەوە، بەتایبەت ئەوەی کە پەیوەستە بە شیعری سۆفیگەریی، چونکە شاعیری سۆفی بە چەندەها وشە وەصفی خودا دەکات، کە ئەوپەڕی ئەوین و خۆشەویستی پێوە نماوە، دواتریش چەندەها دێرە شیعر بەکاردێنن کە لە مەزهەبی یەکبووندا (وحدة الوجود) نەبێ لە هیچ شوێنێک جێگەی نابێتەوە.

ساناتر لەمە ئەو جیاوازیەیە کە لە نێوان هەردوو ئاڕاستەی ویستگەرایی/الإرادية و مەعریفە/الغنوصية لە قاڵبوونەوەیان بۆ سۆفیزمدا هەیە، ئەو سۆفییەشی کە بڕوای بە ویستگەرایی هەیە، دەیەوێت بەپلەی(بەدیهاتن بەهۆی سیفاتەکانی خودا)وە بگات بەخودا، وەک ئەوەی لە فەرموودەی پەیامبەردا(د.خ) هاتووە، ئەو دەیەوێت ویستی خۆی هاوڕێ لەگەڵ ویستی خودادا بەتەواوی وەک یەک یەکانگیر بێت، بەم هۆیەوە لەو گرفتە تیۆرییە کە جیاوازییە لە نێوان جەبر و ئیختیاردا دەربازی دەبێت، کە دەکرێت ئەم جۆرە لە سۆفیزم وەک ژیانێکی عەمەلی لێی بڕوانرێت. بەڵام ئەو سۆفییەی کە دارای ئاڕاستە مەعریفییەکەیە، ئەوا هەر بە شوێن قوڵبوونەوەیە بۆ ناسینی زیاتری خودا و، هەوڵی ئاشنابوون بە پێکهاتەی گەردوون و پلەکانی وەحی خودایی دەدات، سەرباری ئەوەی هیچ کەس ناتوانێت دەرک بەزاتی خودا بکات. ئایا ئەوە نییە (زونون ک٨٥٩) –بە یەکێک لە پێشینەکانی تیۆرسازی مەعریفە ناسراوە- هاوئاوازەکانی ئاگاداردەکاتەوە و دەڵێت: «بیرکردنەوە لە زاتی خودا نەفامییە و، ئاماژە بۆ کردنیی هاوەڵدانانە و، حەقیقەتی مەعریفەش سەرگەردانییە»، بەڵام سەرباری ئەم سەرگەردانییە، کەچی مەزهەبی غنوسیش بووە بەهۆی بونیادنانی سستەمێکی بوونگەرایی فەلسەفی، کە پەیڕەوانی هەرلایەنێک لە لایەنەکانی سۆفیگەری لە ڕۆشنایيە تایبەتەکانی خۆیانەوە بۆی دەڕوانن، کە زۆرجار ئەزموونی بەڵگەنەویستی/التجربة البديهية کە بە ئەزموونی نوقمبوون لە ئەویندا دادەنرێت، فەرامۆش دەکەن، هەریەکەش لەم دوو ئاڕاستەیە نوێنەرایەتییەکی هاوتایان هەیە لە سۆفیگەری ئیسلامیدا، کە لەم چەرخەدا زۆرجاران وێکدێن و جاری واش هەیە لێکجیاوازن.

هەر لەودەمەوەی کە سۆفیزم گەشەی کردووە و پێگەشتووە، دارای هەردوو ئاڕاستەکە بوون، بۆیە هوجویری (ک١٠٧٠) لە هەردوو مەقامی (القرب و التبجيل)دا دەڵێت: «جیاوازی هەیە لە نێوان ئەو کەسەی لە ڕێگەی مەزنی خوداوە بە ئاگری ئەوینی سوتاوە و، ئەو کەسەشی کە لە بەخشندەیی و دیتنی ئەودا لە سایەی جوانی ئەوەوە ڕێی بۆ ڕووناکبووەتەوە، هاوکات جیاوازی هەیە لە نێوان ئەو کەسەی بیر لە کردارەکانی دەکاتەوە و، تا ئەو کەسەی کە حەیران بووە لە مەزنی و جەلالییەکەیدا، کەوابوو یەکێک لەم دوانە جێگرەوەی دۆستن و، ئەوی دیکەشیان هاوڕێی ئەویندارییە.

لێرەدا ئاماژە بەو جیاوازیانە دەکەین کە جامی لە قۆناغە گەشەکردووەکانی سۆفیگەریدا بەسەر دوو جۆر دابەشیکردوون:

-جۆرێکیان ئەوانەن کە ڕەندو (الفضل) چاودێری خودای مەزن، لە نوقمبوونی چاوی خەڵکی و یەکتاپەرستیدا لە سکی نەهەنگی تیاچوون بەرەو کەناری جیاکاریی و مەیدانی مانەوە(البقاء) دەربازی کردووە، ئەوەش لەپێناوی ڕێنوێنیکردنی خەڵکی بۆ ڕزگاریی و بەدەستهێنای پلەی باڵا.

- هەشیانە فەرمانیان پێنەکراوە کە ڕابەرێتی و بانگەشە خەڵکی بکەن و، لە دەریای کۆمەڵدا نوقمبوون و لە سکی نەهەنگدا بوون بەنەبوو، نە هەواڵیان پێیە و نە هەواڵیش دەدەن و، نە گەیشتووشن بە کەناری جیاکاریی و شوێنی مانەوە و بەقا.

جیاوازی زانستی نوێی ئایینەکان لە نێوان شێوازی پەیامبەریی و سۆفیگەریدا دەربارەی ئەزموونی ئایینی گەلێک ڕوونە، کاتێک کە جامی دێت

و هەردوو جۆرەکە لە سۆفیگەری وەها دەناسێنێ کە یەکەمیان نوێنەرایەتی ئەو جۆرە دەکات، کە بە هیچ شێوەیەک پەیوەندی بەم جیهانەوە نەماوە و، تەنها بایەخ بە پاکژبوونەوەی دەروون دەدات، ئەویش لە رێگەی راگووزەرکردن لە یەکەوە بۆ یەک (الواحد إلى الواحد)، هەرچی جۆری دووەمە دەگەرێتەوە بۆ ئەزموونە سۆفییەکەیی و لە دۆخێکی رۆحی بالادایە کە توانای رێبەرایەتی کردنی خەڵکی هەیە بۆ سەر رێگای راست.

مرۆڤ دەتوانێت بە گرتنەبەری چەند رێگایەک لە دیاردەی سۆفیگەری نزیک ببێتەوە، وادیارە ئەستەمە بە خودی خۆی شیکاری بۆ قاڵبوونی سۆفێتی/الخبرة الصوفیة بکرێت، چونکە وتەکان توانای تێرامان و قوڵبوونەوەی ئەو ئەزموونەیان نییە و پەی پێنابەن، تەنانەت وردترین شیکاری دەروونی سنووردارە دەرهەق بەو ئەزموونە، وەک سۆفییەکان دەڵێن: «وتەکان هەر لە کەنارەکاندا دەمێنێتەوە و —ناچێتە قووڵایی دەریاکەیەوە—». زۆر ئاسانە لە رێی شیکاری بونیادییەوە، دەرک بە چەمکی سۆفیگەری بکەین، کەڵەزانای فەرەنسی (هینری کوربان) دەرهەق بە ئیبن عەرەبی دەپرسێت، کە ئایا تا چ رادەیەک دەکرێ توێژینەوە لە سستەمی بونیادی سۆفیدا بکرێت؟. دەشکرێت شیکارییەکانی زمانی سۆفیگەریی و گەشەسەندنی (فەرهەنگی سۆفی/ لویس ماسینۆن)و هەر بەم نزکانەش لای (پۆلس نۆیا) یارمەتیدەربن بۆ پەردەلادان لە رووی قۆناغی پێکهاتنی بیری سۆفی، لەنێو ئەوانەشدا ئەو ئاماژە و وێنانە دەگرێتەوە کە سۆفییەکان بەکاریانهێناوە و شیکاریان کردووە و لێیان کۆڵیوەتەوە، هاوکات چۆن چۆنیش هەندێک لەو ئاماژە و وێنانە بەنێو ئەوانی دیکەشدا دەچن. هەروەها ئەو کۆڵینەوانە رێگەخۆشکەرن بۆ توێژینەوەی دیکە دەربارەی بەشداری تەسەوف لە گەشەسەندنی زمان و وێژە و هونەری ئیسلامی.

لەبەرئەوەی تەسەوف لەسەر بنەمای چێژ دامەزراوە، ئەوا رەچاوی تێکرای پەیرەوە جیاوازەکانی پەروەردەی رۆحی و ئەو رپازاتانەی لە تەریقەتی سۆفییەکاندا ئەنجامدەدرێ و، هاوکات ئەو پلە دەروونیانەی کردووە، کە بۆ بەرەوپێشچوون و دروستبوونی تەریقەتەکان و رۆڵی کۆمەڵایەتیی و ژیارییان هاتۆتە ئاراوە، هەروەها بوارێکی گرنگ و بەرهەمدار بۆ توێژینەوەی بەردەوام دەکاتەوە، کە جێی خۆیەتی خوێنەر بۆ ئەم باسە چاو بە توێژینەوەکانی (جیهانی خوێندنی ئیسلامی/عالم الدراسات الإسلامی) سویسری (فێرتز مایەر) بگێرێت.

هەڵوێستی زانایانی ئەوروپی لە دیاردەی تەسەوفی ئیسلامی جیاواز بووە، یەکەمین پەیوەندیشیان بە بیروئایدیای تەسەوفی ئیسلامی لە چاخەکانی نێوەراستدا بوو. لەراستیدا بەرهەمەکانی سۆفیگەر و فەیلەسوفی کەتەلۆنی(رامۆن لول ک١٣١٦) شوێنەوارێکی مەزنی جێهێشتووە، لەوەدا کە بایەخی زۆری بە وێژەی عەرەبی سۆفی داوە، یەکەم کەسایەتیش کە ئەوروپا لە سەرگوزەشتەی سۆفیدا ناسیونی (رابیعەی عەدەویی)ە، خانمی خوداناسی مەزنی سەدەی هەشتەم کە (جوێنیفێلی/ راوێژکاری لویسی نۆیەم) لە دوا ساڵەکانی سەدەی سیازدەیەمدا چیرۆکەکەی هێنایە ئەورووپاوە، هەروەها کەسایەتی (رابیعەی عەدەوی) لە توێژینەوەیەکی سۆفیگەری فەرەنسی دەربارەی (ئەوینی راستگۆ) لە ساڵی١٦٤٠دا دەرکەوتووە، هاوکات یەکێکە لەو چیرۆکانەی کە دەربارەی ئەو خانمە دەدوێ و، چەندەها جاریش لە چیرۆک و داستانی ئەڵمانی و ئینگلیزیدا دووبارەبووەتەوە، دواهەمینشیان (ماکس میل)ە کە لە کورتە چیرۆکەکەیدا بەنێونیشانی (دەستە قەشەنگەکان/ الأیدی الجمیلة die schonenhande) ئاماژەی پێکردووە.

هەروەها هەندێک لەو گەرپدانەی لە سەدەی شازدە و حەڤدەیەمدا سەردانی وڵاتانی رۆژهەڵاتیان

کردووە، باس لە سەمای دەروێشان و بەتایبەت سەراسیمە بوونیان بەو دەروێشە ڕیفاعیانە دەکەن، کە چۆن زرگ و شمشێریان لەخۆداوە و، هەندێ لە سەردانیکارانیان کەمەنکێش/جذب کردووە، یەکەمین کاری سۆفیزمیش کە بۆ یەکەمجار بە زوبانی عەرەبی نووسرابێ ساڵی ١٦٣٨ بووە، ئەویش هۆنراوەی شاعیری میسری ئیبنولفاریزە (کـ١٢٣٥)، کە گەورە زانا (فابریتسیۆ) لە شاری ڕۆستۆک بڵاویکردەوە و هەوڵیشیدا وەریگێڕێت.

بەڵام سەرچاوە عەرەبییەکان کەمتر بوون، لەو سەرچاوە فارسییە کلاسیکیانەی کە ببوون بە سەرچاوەی ناسینی ئەوروپا دەربارەی تەسەووف، لەڕاستیدا پەرتووکی (گوڵستانی/ شێخی سەعدی) کە (ئادەم ئۆلاریۆس) ساڵی ١٦٥١ وەریگێڕاوە بۆ ئەڵمانی، بەلای زۆرێک لە ڕۆشنبیرانی ئەڵمانەوە پەرتووکێکی خۆشەویست بوو، پاش سەد ساڵ هۆنراوەی فارسی لەسەر دەستی (ولیام جۆنس ڤۆن فۆرت ولیام/ لە کالکۆتا) بڵاوبوویەوە و، لەگەڵ ئەوەشدا زۆرێک لە دەقە سانسکریتییەکانی وەرگێڕا. ئەوروپاش خۆی بە قەرزداری دەزانێ کاتێک کە یەکەمین کەس بوو هەستا بەوەرگێڕانی دیوانی حافز بۆ لاتینی، بۆچوونەکانیشی دەربارەی سرووشتی شیعری سۆفیگەری، کاریگەری لەسەر زۆرینەی ڕۆژهەڵاتناسانی قوتابخانەی بەریتانی هەبوو، بۆیە دەبینین زۆرێک لەو کارانەی کە لە سەدەی نۆزدەیەمدا دەربارەی تەسەوفی ئیسلامی نووسرابوون، هەڵگری چەندەها بیری سەیروسەمەرە بوون و بە شێوازی تێکەڵ و پێکەڵ داڕێژرا بوون، کە -بەداخەوە- وێنای شیعری لای حافز زۆرجاران بە ڕووکەشدا واتا دەکرێ، بۆیە ئەورووپییەکانیش هەر لەو ڕوانگەوە تەسەوفیان وێناکردووە.

لە سەدەی نۆزدەیەمدا زانیارییەکی زۆر دەربارەی مێژووی سۆفیگەری نووسرا، بەڕادەیەک زۆرێک لە زانایان وردەوردە چەندەها زانیاریان چنگکەوت لەبارەی سەرەتاکان و دەرکەوتن و گەشەسەندنی سۆفیگەری ئیسلامی، بەڵام زۆرینەی ئەو سەرچاوە سەرەتاییانە کە چاپکران لە ساتەکانی دواییدا بوون و بەدەگمەن زانیاری پشتڕاستکراویان دەربارەی دەرکەوتنی بزاڤی سۆفیگەری لەخۆگرتبوو، لەبەرئەوەی حەقیقەتی ئایینی ئیسلام وەک خۆی نەناسێنراوە و مافی خۆی پێنەدراوە، کە ئەمەش بووەتە هۆی ئەوەی زۆرێک لە زانایان هاوڕانەبن لەسەر ئەوەی کە تەسەووف نەمامێکی نامۆیە لە بیابانی ئیسلامدا و، هیچ کەسیش نەیتوانیوە وا بیربکاتەوە کە لەژێر پەردەی ئیسلامدا بزاڤێکی ڕۆحی مەزن چەکەرە دەکات.

یەکەمین نامیلکە دەربارەی سۆفیزم زانای پرۆتستانتی ئەڵمانی (تۆلۆک) نوسیویەتی و، ساڵی ١٨٢١ لە تەمەنی ٢٨ساڵی لەژێر نێونیشانی (سۆفیگەری، یان فەلسەفەی وەحدەتولوجودی فارسی)دا بڵاویکردۆتەوە، دواتر و پاش ٤ ساڵ پەرتوکێکی دیکەی بەنێوی (چەپکەگوڵێک لە تەسەوفی ڕۆژهەڵات) بڵاوکردەوە، (تۆلۆک) بڕوای بە سۆفیزمی ئیسلامی نەبوو، پێشی وابوو کە بنەمای سۆفیگەری ئیسلامی هەر لەڕێگەی خودی محەمەدەوە (د.خ) دانراوە و هەر خۆشی ڕاڤەی کردوون، لە بەرامبەر ئەم بۆچوونە دروستەیدا زیاتر دووچاری سەرسورمان دەبینەوە، ئەو دەمەی تەماشای ئەو دەستنووسانە دەکەین کە چەندەها نووسەری جیاواز لە زەمەنی جیاجیادا دایاننناوە و (تۆلۆک)یش لە پەرتووکەیدا بەکاری هێناون و ئاماژەی بۆ کردوون.

لەم ساڵانەی دواییدا (تۆلۆک) کۆمەڵە تیۆرییەکی دەربارەی نەشونمای سۆفیزم نووسی، کە ئاربریش Arberry لە توێژینەوە پڕبایەخەکەیدا ئاماژەی پێداوە، لێرەدا لەبەر نەبوونی دەرفەت تەنها ئاماژە بەهەندێکیان دەکەین:

پاڵمەرPalmar لە پەرتووکەکەی دەربارەی

## هەڵوێستی زانایانی ئەوروپی بەرانبەر تەسەوفی ئیسلامی جیاواز بووە، یەکەمین پەیوەندیشیان بە بیروئایدیای تەسەوفی ئیسلامی لە چاخەکانی نێوەڕاستدا بووە.

(سۆفیگەری لە ڕۆژهەڵات)دا کە ساڵی ١٨٦٧ چاپکراوە، دەڵێت: «سۆفیزم دەرەنجامی گەشەسەندنی ئایینی یەکەمینە لە کن ڕەگەزی ئاری». ئەم بۆچوونە لە سەردەمی نازییدا لای هەندێک لە زانایانی ئەڵمان خراپ نەبوو، بۆچوونێکیش باوبوو کە پێی وابوو، سۆفیگەری پێشکەوتنی بیری فارسییە لە ئیسلامدا، بێگومان هەندێک بیری فارسی بە درێژایی چەندەها سەدە باوبووە، کە بەهۆیەوە شێوازی ژیانکردن بەتایبەت لە بەشە ڕۆژهەڵاتییەکەی وڵاتانی مسوڵماندا داڕێژراوە و، هەریەکەش لە (کۆربان و سەید حسێن نەسر) ئاماژەیان بەم جۆر داوە.

زۆرێک لە گەورە زانایان بەتایبەت لە بەریتانیا، باسیان لە کاریگەری ئەفلاتۆنیزمی نوێ کردووە لە تەسەوفدا، نکۆڵیش لەوە ناکرێت کە ئەفلاتونیزمی نوێ لە وڵاتانی ڕۆژهەڵاتدا بەشێوەیەکی بەرچاو تەشەنەی کردووە، هەرئەوەش وایکرد پەرتووکی (لاهوتی ئەرستۆتالیس) ساڵی ٨٤٠ وەرگێڕدرا بۆ زمانی عەرەبی (کە لەڕاستیشدا تەنها شەرحی پرۆفیریۆسە بۆ ئەفلۆتین و، بەنێوی تاسوعاتەوە نێونراوە). (نیکڵسۆن) لە پێشەکییە بەنێوبانگەکەیدا بۆ گوڵچنێک لە شیعرەکانی مەولانای ڕۆمی ساڵی ١٨٩٨ حەقیقەتی بڵاوبونەوەی ئەفلاتونیزمی نوێی لە ڕۆژهەڵاتدا سەلماندووە، کە ئەو پێشەکییە پێش چەند زنجیرەیەکی دووورودرێژ دێت لە کتێبەکەی دەربارەی مێژووی تەسەوف، تێکڕای بەرهەمەکانیشی کە هەرکەس بیەوێت ئەسپی خۆی تاودا پێویستی پێی دەبێت، نیکڵسۆن درکی بەوە کردبوو کە ئاڕاستە سەرەتاییەکانی خودا پەرستی لە ئیسلامدا، دەکرێ زۆر بەئاسانی بەڕەگ و ڕیشە ئیسلامییەکەیەوە ببەسرێتەوە، کە دیاردەی تەسەوف تێیدا کتومت ئیسلامییە، چونکە خودی ئیسلام خۆشی لە ناوچەیەکدا گەشەی کردووە کە کە بیروباوەڕی مەسیحیی و ئەفلاتونیزمی نوێ و بیروباوەڕی ڕۆژهەڵاتی کۆن تێیدا بڵاوبووەتەوە، دەشگونجێ لە سەرەتادا ملی بۆ هەندێک کاریگەری لاوەکیان دابێت، سروشتیشە ببینین کە هەرکام لە زانایانی ئەوروپی بایەخ بەتوێژینەوە دەربارەی کاریگەری مەسیحییەت بدات، وەک ئەوەی (ئادالبێرت مێرکس و وینسینیک و مارگرێت سمیس) هەوڵیان خستۆتەگەڕ کەشفی ئەو پەیوەندییە بکەن کە خوداناسە مسوڵمانە سەرەتاییەکان هەیانبووە، لەگەڵ ئەو قەشە خوداناسانەی کە هاونیشتمانی نەسرانی سوریانی بوون، باشترین بەرهەمیش لەم بوارەدا نووسرابێ قەشەی سویدی (تور ئەندریە) نووسیویەتی، کە ئەم توێژینەوە کلاسیکییەی دەربارەی گەشەسەندنی قودسیەتی محەمەد (د.خ) لە تەسەوفی ئیسلامیدا بەرزدەنرخێنین.

ئەوەش کە زۆر لەمە دژوارترە، چارەسەرکردنی گرفتی تێکڕای ئەو کاریگەرییانەیە کە لە پەرتووک و ڕێبەری بێدینەکانی ڕۆژهەڵاتی خواریندا هاتبوون، هەربۆیە هەندێک لە زانایان –ئێستاشی لەگەڵ

بێ- بڕوایان بەبوونی کاریگەری هیندۆسی هەیە دەربارەی سەرەتاکانی سۆفیگەری، کە هەریەک لە (ڤۆن کریمەر و کـ١٨٦٨ دۆزی کـ١٨٦٩) یەکەم کەس بوون ئاماژەیان بەم تیۆرییە داوە، پاش ئەوانیش لە سەدەی بیستدا (هۆرتین) دێت، سەرباری زۆری توێژینەوەکانیشی، بەڵام بوونی وەها کاریگەرییەک دەربارەی سەرەتاکانی تەسەوفی نەچەسپاندووە، وەک لە شێوازەکانی ئەودا بەدی دەکەین.

کاریگەری تورکستانی و بەتایبەت بوزییەکان وەک ئەوەی (ڕیتشارد هارتمان) باسی لێوەکردووە، لەمەڕ سەرەتاکانی سۆفیگەری ئیسلامی بایەخی زیاترە لە کاریگەری هیندۆسییەکان، پێشتریش (ئیگناز گۆڵدسهێر) ئاماژەی کردووە بەو لێکچواندنەی لە نێوان چیرۆکی ئیسلامی سۆفیی و چیرۆکی بوزیدا هەیە، بەڵام دەکرێت ئەم لێکچواندنە بۆ سەرچاوە سەرەکییەکان بگەڕێنینەوە، واتە بۆ پەرتووکە ئەفسانەییەکانی هیندۆسی (هیتۆ بادیشا و پانتشاتنترا)، کە پێشتر و پاشتری ئیسلامیش وەرگێڕدراون بۆ چەندان زمانی ڕۆژهەڵاتی جیاواز. لە ئێستادا باس لە ڕۆڵی تورکستان دەکرێت، بەتایبەت لەلایەن هەندێک لە سۆفییەکانی تورک کە حەزیان بە دەرخستنی شێوازی سۆفیانەی تورکی هەیە، کە شێوازێکە بەندە لەسەر بیری یەکبوون، پێیوایە کە خودا دارای فەنایەکی ئەرێنییە، بەڵام هەردەم ئەم گشتاندنە مەترسی خۆیی هەیە و بەتایبەت چەسپاندنی ئەوەی کە ڕۆژهەڵاتی سەروو(الشرق الأقصى) کاریگەری بەسەر ئیسلامەوە هەیە، دەمێکە مشتومڕی دەربارە کراوە، یەکەمین کەسێک کە ویستی شوێنەواری تاوییەکان (الآثار الطاوية) بچەسپێنێت (عومەر فەروخ)بوو، چەشنی زانای یابانی (ئیزوتسۆ) باسی ئەو لێچواندنانەی کردووە، کە لە نێوان بونیادی فیکریی و بیروباوەڕی تاوی لەلایەک و سستەمی ئیبن عەربی لەلایەکی دیکەوە هەیە.

سەرگوزەشتە و بەرهەمی تاکە سۆفییەک بەتەواوی ژیانی لێکۆڵەرێک داگیر دەکات، باشترین نمونەش کارەکەی (لویس ماسینۆن)ە دەربارەی حەلاج (شەهیدی ئەوینی خودایی)، دواتر کارە ناوازەکەی (هیلمۆن ویتەرز)ە لەژێر نێونیشانی (دەریای ڕۆح) کە باس لە شاعیری سۆفی فارسی (عەتتار) دەکات و، بە بەرهەمێک بۆ بنیادنانی پەیوەندییەکی ناوازە دادەنرێت لە نێوان توێژینەوەی فەلسەفی ورد و هۆشیاری ئایینی هەستیاردا.

لەلایەکی دیکەوە دەکرێ تاکە توێژینەوەیەک بۆ هەڵوێستێکی دیاریکراو لە هەڵوێستەکانی سۆفیزم، وەک پەرتووکەکەی (بینیدیکت ڕاینەرت) دەربارەی پشتبەستن بە خودا، دووچاری چەندەها لایەنی جیاواز ببێتەوە، سەبارەت بە قۆناغێک لە قۆناغەکانی تەریقەتی سۆفی، هاوکات ڕۆشنایی بخاتەسەر هەندێ لە گرفتە ئاڵۆزەکانیشی. دەکرێت سەرنج بخەینە سەر مێژووی سۆفیزم و ڕێچکەیەکی مێژوویی یەک لەدوای یەکیش بگرینەبەر، یان دەربارەی چەندەها ئەرکی دووبارە و هاوسەنگ لە ڕێچکەی سۆفیزمی ئیسلامیی و هەروەها داڕشتنی وێژەیی و ئەزمونە ڕۆحانییەکانی بکۆڵینەوە. ئیدی با ئەو ڕێگایەش کە پێیدا گوزەر دەکەین هەرچۆنێک بێت، پێویستە باش ئەوە بزانین ڕۆژ لە دوای ڕۆژ پەردە لەسەر دەستنووسێکی نوێ لادەدرێ و، کتێبخانەکانی ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاواش، سیخناخە لە چەندەها دانراوی لە ژمارە نەهاتوو، کە دەکرێ تیشک بخاتە سەر گرفتێک یان کەسایەتیەک لە کەسایەتییەکان، بۆیە گشتاندن ئەستەم دەبێت، لەبەرئەوەی ئەو ماددە زانستییەی کە بە چەندەها زمانی ئیسلامی جیاواز نووسراون، بەبێ بوونی ئەم سەرچاوانەش زۆر زیاتر دەبن، بۆیە ئەم نووسینەی بەردەستت جگە لە ڕوانینێکی ڕاگوزەر دەربارەی سۆفیزم لە چەند گۆشەنیگایەکی دیاریکراودا نەبێ هیچی دیکە نییە.

## سەرچاوە و پەراوێزەكان

– (المثنوی٣: ١٢٥٩، ٦٨) مەولانا سەرگوزەشتەكەی لە سەنائییەوە وەرگرتووە، بڕوانە: F.MEIER, Zur Geschichte von den blinden und dem Elefanten, S. ١٧٤, وەک جۆن غ. ساكس Jon G.Sax لە سەدەی هەژدەهەمدا سەرگوزەشتەیەكی هیندۆسی لەژێر نێونیشانی ((((The blind men and the Eliphantنووسیوە. هەروەها شا وەلیوڵای دیهلەوی (ک١٧٦٢)ش ئەم وێنەیەی بەكار هێناوە، لە چیرۆكەكەدا یەكێک لە نابیناكان هەوڵدەدەن پەسنی بەشە جیاوازەكانی یەكێک لەو درەختانە بكەن كە درێژ ببوەوە بەسەریاندا (بڕوانە: لمحات، ل٤).

– پێشەكیەكەی أیفیلین ئەندەرهیل كە بەنێونیشانی mysticism: A Study in the nature and Development of men›s Spiritual Consciousness بە باشترین پەرتووک دادەنرێ كەلەو بارەوە نووسرابێ.

– الدیوان الكبیر: ٦٤٩.

– دەتوانین وشەی (استبطان الذات) بە: خۆخواردنەوە، خۆشاردنەوە، خۆونكردن، دەروون خودایی، دەروون خودی، وەربگێڕین.

– مەزهەبێكی فەلسەفییە كە بڕوای بە دروستبوونی گشت (الكل) لە یەكێكەوە هەیە، واتە بنەمای سەرجەمی بوونەوەران لە یەک زاتەوە بووە.

– مەزهەبێكی فەلسەفییە پێیوایە كە ویست بنەمای بوون و ژیانی ڕۆحییە.

– وشەیەكی یۆنانییە gnosis واتە مەعریفە یان حوكم، غنوصیەش مەزهەبێكی كەلامی كۆنی مەسیحییە كە دەرهەق بەناسینی خودا دەدوێت.

– نفحات الأنس: االجامی، ٣٤.

– كشف المحجوب ٣٧٣.

– نفحات الأنس ٨-٩.

– گرنگترینی سەرچاوەكان ئەمانەن:

A.J. Arberry: Sufism: A Account of the Mystic (١٩٥٠) – كە باس لە ماوەیەكی كلاسیكی سۆفیگەری دەكات.

– (١٩٦٠) M. Mole: Les Mystiques Musulmans

J.C. Anawati/L Gardet.MystipueMusulmane (١٩٦١)– كە بە باشترین و كورترین دەروازە دادەنرێت لە مێژووی تەسەوفدا و، توێژینەوەیەكی وردە دەربارەی چاخی یەكەمی سۆفیی و چالاكییەكانی، لە گۆشەنیگای باوەڕی كاسۆلیكییەوە.

– بەراوردی بكە بە پەرتوكی: L. Gardet: Experiences mystiques en terre non-chretienne (١٩٥٣) Cyprian Rise

– The Persian sofis (١٩٦٩) چ ٢، پەرتوكێكە دەربارەی ئەزمونی سۆفی كە شیاوی خوێندنەوەیە.

– Fritz Meier: Von Wesen der islamischen Mystik (١٩٤٣)پەرتووكێكی بچووكە وەلێ گرنگە و، بەتایبەت باس لە گرنگی چێژ دەكات لە تەسەوفدا.

– R. Gramlich: Die SchiitischenDerweschorden بەرگ٣)، بیرۆكەیەكی باش دەخاتەڕوو دەربارەی مێژوو و ژیانی فیكری تەسوفی فارسیی و ڕەگ و ڕیشەی بیروباوەڕیان.

–پەرتووكی S.H. Nasr: Ideals and Realities of Islam(١٩٦٦) چەندەها تێبینی گرنگ دەربارەی لایەنی فارسی لە كەسی سۆفیدا لەخۆدەگرێت، كە لەلایەن هەمان دانەرەوە بەشێوەیەكی قوڵتر لە پەرتووكی SuliEssais (١٩٧٢) Inyat khan: The sufiMessege چارەسەر كراوەو شیكارییەكی نوێی بۆ سۆفیگەری كردووە.

– هاوكات د.نوربەخش Nurbakhsh لەم ساڵانەی دواییدا كۆمەڵێ توێژینەوەی بچووكی دەربارەی سۆفیگەری بڵاوكردەوە كە شایەنی تێڕامان و خوێندنەوەن.

– A.J. Arberry: Introduction to the History of Sufism (1942).

– بڕوانە:

Goldzieher :Materialienzur Entwicklungs geschiecht endes sufismus (1899).

R.A. Nicholson: Historical Enquery Concerning the Origin and Development

of sofism (1906).

R. Hartman: zurFragenach der herkunft und den Anfangen des sufismus (1915).

A. Schimmel: The Origin and early Development and Sufism (1958).

– دەکرێ بۆ ئەم سەرچاوانە بگەڕێینەوە:

Max Horten: Indesche Stromungen in der IslamischenMystik: (١٩٢٧-٢٨)

Der sinn der Islamischen Mystik هەروەها (١٩٢٧)هاوکات تێکرای ئەو پەرتووکانەشی کە لەسەر تەسەوف نووسیونی;R. C. zaehner: Hindu and Muslim Mysticism (١٩٦٠) کەبە توێژینەوەیەکی قەشەنگو ناوزازەو دیکیۆمێنتاری دادەنرێت، بەڵام دانەر زۆر لە کاریگەری هیندۆسیدا ڕۆچووە.

– سەرچاوەی سەرەکین بۆ پەرتووکەکانی کلیل و دیمنەی عەرەبی (وەرگێڕی عەرەبی)یەکە.

– بۆ ئاگاداربوون لەم گرفتە، بڕوانە:Fertz Meire Ein Wichteger Hand schriften fundzur sufik, (١٩٦٧)

– دەبێت بڕوانینە پەرتووکی (تلبیس أبلیس)ی ئیبن ئەلجەوزی، کە دواتر د. س. مارغولیۆس لەژێر نێونیشانی The Devil›s Delusion وەریگێڕاوەو، کە تیایدا هێرشێکی سەخت دەکاتە سەر سۆفییە نەخۆشەکان، بەهەما چەشن لەدوای جەنگی جیهانی دووەم کۆمەڵێ بەرهەمی عەرەبیی و فارسی گرنگ دەربارەی تەسەووف نووسران و چەندین تێڕوانینی نوێی خستەبەرچاو، لە نێوەندی ئەو بەرهەمە فەلسەفییانەی دەربارەی دەقی سۆفیزم نووسران، پێویستە ئاماژە بە چەند پەرتووکێک بکەین:

J. Pederson: Muhammedask Mystik (1923)

Reading from the Mystics of Islam, Margret Smith: The sufi Path of Love (1931), (1950)

M. M. Moreno: Antoloia della Mistica Arabo-Persiana 91951)

E. Dermenghem: Vies des saints musumans (1942)


V. V aeca, Vite e detti di sannti Musulmans (1924)

کە وەرگێڕانی کتێبەکەی پێشەوا شەعرانییە بەنێوی ((الأنوار القدسیة فی معرفة قواعد الصرفیة)) (و. عەرەبی)

A. Schimmel: Glrten der Erkenntnis (١٩٨٢)

دواتر هەموو توێژینەوەیەک لە شوێنی خۆی باسی لێوە دەکرێت.

# سەرچاوەی پێکەوەژیان لە کوردستان لە نێوان ئایین و ئاییندار






**مەسعود عەبدولخالق**

لەدایکبووی ١٩٥٧ بناری قەرەچوغ، بڕوانامەی بەکالۆریۆس لە ماتماتیک/ زانکۆی سلێمانی، ماستەر لە فەلسەفەی زاستە سیاسییەکان/ زانکۆی جیهانی بەریتانی، (١٤)کتێب و ژمارەیەک توێژینەوەی بڵاوکراوەی هەیە، خاوەن ئیمتیازی دەزگای ستاندەر.

پێکەوە ژیانی ڕەنگە جیاجیاکان لە نەژاد و ئاین و مەزهەب بووەتە فاکتەرێکی بەهێزی مەدەنیەت و گەشەسەندن، دەمەتەقییەکی زۆر پەیدابووە ئاخۆ کام مەدرەسە هۆکاری پێکەوە ژیانن و کامەشیان سەرچاوەی تێکدانە، ئەو بابەتە بۆ کوردستانیش زۆر گرنگە، چونکە لە چەند لایەکەوە هەوڵی تێکدان هەیە، ناحەزان پێیان خۆشە کۆمەڵگەی کوردستان لە ناکۆکیی و نائارامی بێت تابڵێن ئەوانە حوکمی خۆیان پێناکرێت، لە ناوخۆش تەقەلایەکی بەهێز هەیە بەرپرسیارێتی پیکەوەنەژیان بخاتە ئەستۆی ئاین، وابکەن نەتوانین سود لەو مەدرەسە گرنگە وەرگیرێت بۆئەوەی پرۆسەی گەندەڵی و بێسەروبەری تەمەنی درێژببێتەوە، لەکاتێکدا لە کوردستان وادەبینین ئیسلام و مەسیحیی و یەهودی –شیعە و سوننە و کاکەیی و ئێزیدی – کورد و تورکمان و ئاشووری پێکەوەژیاون هەتا ئێستا، ئەوە لایەنە سیاسییە عەلمانییەکانن پێکەوە ناحەوێنەوە، پێمان باشە ئەم بابەتە بە قووڵتر ڕاڤە بکەین.

**پێکەوە ژیان لە گەردوون:**

ئەوەی یاساکانی سرووشتی داناوە هەر هەمانیشە یاساکانی کۆمەڵگەی دارشتووە، یەکەمیان پێی وتراوە (امر یاسا)، دووەمیان پێی وتراوە (ئاین)، هەردووکیان یەک سەرچاوەن، بۆیە واباشە لە گەردوونەوە دەستپێبکەین لە ڕوانگەیەکی فەلسەفیی و زانستی کە زۆر فراوان تر دەڕوانێتە پرسە باڵاکان لە فقهو تایفە و مەزهەب، لەو ڕوانگەوە دەچینە نێو گەردوون و مرۆڤ و کۆمەڵگە و کۆمەڵگەی کوردستان.

لە دەقە ئاینییەکان باسی هەماهەنگی پارچەکانی گەردوون کراوە، لە قورئان (**مَا تَرَى فِي خَلْقِ الرَّحْمَنِ مِنْ تَفَاوُتٍ**)، بەڵام لەو سەردەمە زیاتر(کیپلەر) وتی ئەو گەردوونەی ئێمە بە سستەمی سازان بەڕێوەدەچێت هەمووی لەگەڵ هەمووی سازاوە نەک ناکۆک، هەر یاسای سێیەمی کیپلەر(پەیوەندی نێوان دووری و خێرایی ئەستێرە لە ناوەند) بەناوی (سازانە harmonie)، بۆیەش لەلای زانایان (لەوانە نیوتن) کاروبار و سازانی گەردوون وەک کاری کاتژمێر وەسفکراوە، هەر بەش و پارچەیەک ئەوەی تر تەواو دەکات، نەک ڕێگریی و ناکۆکی، جیاوازی لەگەڵ سازانی سیاسی ئەوەیە لە کۆمەڵگە لە نێوان چەند سەرکردەیەک دێتەدیی و پێکدێ، ئەوە مانای سازان دەدا، هەرچی سازانی گەردوونییە ڕەنگە مانای هەماهەنگی هەڵگرێ نەک سازان هەردووکیان لە (چەمکی پێکەوەژیان)خەستترن، چونکە لە بوونەوەر لەلایەن چەند خوایەک سازان نەکراوە و گەردوون و بوونەوەر دابەشبکەن، بەڵکو یەک خوا ئەو سازانەی لە نێوان بەشەکانی گەردوون هەماهەنگ کردووە، وەک (موسوعەی لالاند) دەڵێت: هیچ بەشێکی سرووشت لەگەڵ بەشەکانی تر ناکۆک نەبووە و نابێت، بەوشێوە ئەو بوونەوەرە بریتی نییە لە فەوزای سەرتاسەری، لە کاری عەبەسی و بێ ئامانج، بەڵکو هەماهەنگی سەرتاسەری هەیە بۆ هێنانەدی مەبەست و پەیامە گەورەکان، هەروەک ئەکزیۆمی پێنجەمی ئیکلیدس بەناوی (مبدأ عدم التناقظ Consistenc) هاتووە، هەندێ جاریش پێی دەڵێن (یاسای گشتی هەماهەنگی/ Law of Non-Contradiction / Loi de Non-Contradiction )، هەرچی بۆچوونی مارکسییە و لە پێش ئەویش هیگڵ و چەند فەیلەسوفێکی تریش پێیانوابوو بوونەوەر و سرووشت تیکڕای لە ناکۆکی توندان، سستەمی تێدا نییە زیاتر عەبەسییە.

ڕەنگە ئەرستۆ کە چۆن بنەمای (عدم التناقظ) ی بۆ گەردوون و سروشت دارشتووە، هەرئەویش لە پێش هەموان بیری لە سیاسەتی سازان کردبێتەوە وەک چارەسەر بۆ پەرەگیری، نەک هەر بۆ سیاسەت بۆ دەوڵەمەندیی و هەژاری بۆ بەرژەوەندی تایبەتی وگشتی... تا دەگاتە ئایین و

سیاسەت و پێکەوەژیان و زۆرایەتیی و کەمایەتی.

بەوشێوەیە یاسا و ئایین بووەتە سەرچاوەی پێکەوەژیان و هەماهەنگی پارچەکانی گەردوون، مەجەڕەکان لەگەڵ یەکتر، ئەستێرە و هەسارەکان لەگەڵ یەکتری، (ثقوب السوداء وثقوب البيضاء) لەگەڵ یەکتر و لەگەڵ ئەوانی تریش..هەموو لەگەڵ هەموو لە هەماهەنگن بۆ جێبەجێ کردنی ئەرکێکی سەرشانیان ئەویش زەوییەک فەراهەم بکەن بۆ ژیانی مرۆڤ بە ئارامی.

بەهەمان شێوە مادام مرۆڤیش بە جیهانی بچووک وەسفکراوە دەبینین ئەو هەماهەنگییەی لە گەردوون بەدی دەکرێت لە ناخی مرۆڤیش بەدی دەکرێت، لە نێوان هەموو لەگەڵ هەموو، بەتایبەتی تر لە نێوان ڕۆح و عەقڵ و نەفس و دڵ و میترە… ئەوانە زۆر وورد و ئالۆزن، هەریەکە جیهانێکە، کەچی وا دروستکراوە بە هەماهەنگی و یەکتر تەواوکردن.

ئەوە بە کورتی پێکەوەژیان بوو لە هەردوو جیهانی بچووک و گەورە، پێکەوەژیان بوو لە ئاسمان، بزانین پێکەوەژیان لەسەر زەوی چۆنە؟

**پێکەوەنەژیان لەسەر زەوی**

بەشی زۆری مێژووی مرۆڤایەتی بریتییە لە پێکەوەنەژیان، زانایان تاڕادەیەکی زۆر بە سلبی سەیری ڕووداوەکانی مێژوو دەکەن، مارکسییەکان مێژوو بە مێژووی ململانێی چینەکان هەژمار دەکەن، ڕەواییەکیش بە جەنگ و ململانێ دەدەن، تا ئەو ڕادەیە ڤۆلتێر وەسفی مێژوو بە (مێژووی تاوانەکانی مرۆڤ)دەکا، (ئەریش فرۆم)یش هاوڕایە و دەڵێت: مێژوو گۆڕی فەرهەنگی عەقلانییە مەزنەکانە، ئەگەر کەمێک زیادەڕەوی تێدا بێت، بەڵام ڕاستییەکی تێدایە، ئەویش ئەوەیە بەهێز بێهێزی چەوساندۆتەوە، با لە تاوانە بچووکەکان بگەڕێین باسی جینۆسایدەکان بکەین، ئەوەی لە مێژوودا ڕوونە و مێژوو تۆماری کردووە گەورەترینیان تەیموری لەنگ لە ساڵی ١٣٨٧ز (٧٠٠٠٠) خەڵکی ئەسفەهانی کوشت، بە کەللە سەرەکەیان منارەی دروستکرد بوو، لە ڕەحا قووچەکی گەورەی لێ دروستکردبوو، لە ساڵی ١٣٩٨ز لە دلهیش ٨٠٠٠٠ کوشت، لە ١٤٠١ واشی لە بەغدا کرد و ٣٠٠٠٠ بەدەستی خۆی کوشتارگەکەی بە کوشتنی خەلیفە کردەوە، لە ئەورووپاش زۆرجار ڕوویداوە، لە سەدەی ١٢ لویسی چوارەمی فەڕەنسی فەرمانیدا هەموو خەڵکی شاری (ڤیرتی)بسوتێنن، ناپلیۆن بە یەکجار ٣٠٠ دیلی مسوڵمانی کوشت، فەڕەنسییەکان هەزارانیان لە جەزائیر کوشت و بە (وڵاتی ملیۆن شەهید) بەناوبانگە، لە زۆر لای تری ئەفریقا تەنها لە کۆنگۆ زیاتر لە ٤ ملیۆنیان لێکوژرا لەسەر دەستی ئەورووپیەکان لە سەدەی ١٩، پاپا پیۆسی پێنجەم فەرمانیدا هەموو خەڵکی پۆڵەندا (کە نزیکە ٣ ملیۆن بوون) سەرببڕێن بەهۆی وەرگرتنی مەزهەبی پرۆتستان، لە ساڵی ١٩٤٥ ئەمریکییەکان بە چەند چرکەیەک ٨٠٠٠٠ لە هیرۆشیما و ناکازاکی کوشت، حکومەتی عێراق لە سەردەمی (سەدام)٥٠٠٠٠ هاوڵاتی ژن و منداڵی بە چەند چرکەیەک لە هەڵەبجە کوشت، لە ساڵی ١٩٩٥ لە سرێبرینیتشای بۆسنە سربەکان ٨٠٠٠ مسوڵمانیان کوشت، لە ئێستاشدا وا جینۆساید لە بۆرما دژ بە مسوڵمانانی بەردەوامە، دەتوانین بڵێین لەو سەردەمە جینۆساید لە زۆربەی وڵاتان ڕوویداوە، لەوانە: جینۆسایدی ئەرمەن-کە بە یەکەم پرۆسەی جینۆسایدی فەرمی هەژمار دەکریت، هۆلۆکۆست، کەمبۆدیا، فەڵەستین، چین، یابان، ئۆکرانیا، ئەمریکییە ڕەسەنەکان، کوردستان، چیچان، بۆسنە، کرواتیا، کۆسۆڤۆ، دارفۆر، بۆرندی، ڕواندا…زۆر وڵاتی ئەفریقی و ئاسیاوی تر.

لەگەڵ جەنگی یەکەمی جیهانی دروشمی (هەموو ئامرازێک لەپێناو سەرکەوتن)ڕێپێدان چی چاوی سوپا و میللەت دەشکێنی بەکاری

بهێنن دژ بەیەکتر، ئەڵمانیا دەچووە هەر وڵاتێک کاری وایدەکرد، ڕووسیا وای دەکرد، عوسمانیش وایکرد بەرامبەر ئەرمەن و هەندێ جاریش بەرامبەر کورد و عەرەبیش، ئەو پانتاییە گەلێک جار دینداریشی گرتۆتەوە، بەڵام بە هیچ جۆرێک شەڕی ئایینی ڕاستەقینە نەبووە، لە خراپترین دۆخیدا ئایین بەکارهاتووە، یان بەواتایەکی تر دەکرێت ئایینداریش تێوەگلابێت و ئایینی بەکارهێنابێت، بەڵام خودی ئایین بەرپرسیار نیە مادام ئایین و ئاییندار لێکجیان. مێژووی دەسەڵاتی مسوڵمانان پڕە لە قڕکردنی یەکتر بەتایبەت لە سەردەمی ئەمەوی، هەندێک جاریش پاڵپشتی فتوای زانای ئایینیان کردووە بۆ ئەو مەبەستە، فتوا دراوە برای خەلیفەکان بکوژرێ، چونکە ترساون ببنە کێشە و هەڕەشە لەسەر دەسەڵات، لەوانە لە سەردەمی (محەمەد فاتیح) ئەو فتوایە دراوە(١)، پاڵپشت بەو فتوایانە سەرنج بدە ئەو کارەساتانە: (قتل بايزيد الأول (١٣٨٩-١٤٠٣) أخاه الأصغر وابنه فى سبيل ذلك، ومحمد الأول (١٤٠٣-١٤٢١) قتل أخوته الأربعة، ومراد الثاني (١٤٢١-١٤٥١) قتل أخاه وعمه، ومحمد الثاني (١٤٥٠-١٤١١) قتل أخاه الرضيع، وسليم باوز (١٥١٢-١٥٢٠) قتل خمسة من أولاد أخوانه وأخوين، وسليمان القانوني (١٥٢٠-١٥٦٦) قتل بعض أولاده وبعض أحفاده بدسيسة زوجته، ومراد الثالث (١٥٧٤-١٥٩٥) قتل اخوانه الخمسة، ومحمد الثالث (١٥٩٦-١٦٠٣) قتل (١٩) أخا له خنقا قبل دفن أبيه، وعثمان الثاني (١٦١٨-١٦٢٢) قتل أخاه.. وبعضهم خلع وقتل..(٢).

ئاوا کاردانەوەی توندیان هەبووە بۆ پارێزگاری لە تەخت، ئەگینا ئەوەندە لەسەر نەتەوەگەری و مەزهەب و ئایین توندوتیژی نەدەبوو، تەنانەت لە دەستوری عوسمانی (مەشروتییە)کە پێکهاتبوو لە ١١٩ مادده و ٤٣٦٨ وشە بەیەک وشەش ناوی تورکی تیا نەهاتووە(٣).

**لە کوردستان:**

پێش سەدەی بیستەم چەوساندنەوە هەبووە، بەڵام چەوساندنەوەی نەتەوەیی بەو ئەندازە نەبووە، ڕەنگە کورد ستەمی لێکرابێت، تاڵانکرابێ و کوشتاری لێکرابێت، کوردیش وای لە عەرەب و خەڵکی تر کردووە، هەریەکە خۆبەخۆش وایان لێککردوە، خەڵکی دیکەش وای بەسەر هاتووە، لە کتێبە مێژووییەکانی (طبری وابن كثير ومقدسى..) باسی پەلاماری کورد کراوە بۆ سەر خەڵکی تر، لە (ج٨ وفيات الاعيان) باسی دەسەڵاتی کوردی زۆر تێدایە و دەڵێت: لە شەڕێکدا کورد ٢٠٠٠ ئافرەتیان لە عەرب و فارس ئەنفال کردووە، واهاتووە: (في هذه المدة استولى على بغداد الزعيم الكوردي ذوالفقاربن على بك سنة ١٥٢٧م، لكن بعد ذلك عادوا فارس وطردوا في سنة ١٦٣٣، هەریەکە لە زولفەقار و عەبدولڕەحمان پاشا و محەمەد پاشای کۆرە و چەند جاری تر بەغداد لەلایەن کوردەوە داگیرکراوە...، تەنانەت لە کتێبە مێژوویی ئیسلامییەکان(العبر فى خبر من غبر -الإمام الذهبى ج١) باس لەوە دەکات جارێکیان گەلە دزێکی کورد هیچیان دەستنەکەوت لە ڕێگری بەغدادیان داگیرکردووە، لە ناوخۆی کوردستانیش گەلێک جار پەلاماری یەکتریانداوە، بەڵام هەموو ئەوانە زیاتر شەڕی دەسەڵاتی سیاسیی و خێڵەکی بووە، مرۆڤەکان پێی هەڵساون نەک خودی ئایین، زۆربەشی ئەو جۆرە مرۆڤانەی دەسەڵاتی سیاسییان هەبووە یان سەر بەوان بوون.

سەرەڕای ئەوانەش بەگشتی پێکەوەژیان و مەدەنیەت هەبووە، لە سەردەمی میرنشینەکان بەپێی شەریعەتی ئیسلامی هاوڵاتی بوون لێیان ماوەی ١٥ ڕۆژ بوو، پێکەوەژیانی ئاینەکان لە کۆمەڵگەی کوردەواری بەناوبانگە لە فەرهەنگە جهانییەکان تەنانەت (لیژنەی نێوبژی ویلایەتی

موسڵ) پێکەوەژیانی لە کوردستان بە زۆر ئەرێنی هەڵسەنگاندووە(٤).

کاهینێکی گەڕیدە هاتبووە کوردستان سەرسام بوو بەو تەباییەی نێوان کوردستانییەکان لە ئاینە جیاجیاکان کتێبێکی نوسیبوو بەناوی(مهد البشریه - الحیاه فی شرق کوردستان)، تیایدا شێخ عەبدولسەلامی بارزانی بە(برایان بۆرۆ)ی ئیرلەندای چواندبوو، بە شێخ نەسرانی ناوزەد دەکرا،ماڵی مەسیحی زیاتر پارێزراو بووە(٥)، شێخ عوبەیدوڵڵای نەهری جێی سەرسامی بیانییەکان بووە، رۆژنامەی (کوردستان) ژمارەکانی( ٢٦ و ٧٢ ی ٣/٤/ ١٩٠١ ) شانازی بەوە کردووە کە شیخ عوبەیدوڵڵا لە کۆنگرەی کوردستانی ١٨٨٠ ڕەتیکردۆتەوە کورد بەشداری شەڕ دژ بە نامسوڵمان لە ناوچەکە بکات و، گووتویەتی: ئێمە نابینە ئامراز بەدەست کەسەوە بۆ تاوان و زوڵم، مەسیحیی و یەهودیی و تورکمان ماڵ و موڵکیان لە دەرەوەی شار هەبووە، واتە ئەوەندە پێویستیان بە پۆلیس و یاسا نەبووە بۆ پارێزگاری لە خۆیان، کۆمەڵگەی کوردی خۆی کەفیلی پێکەوەژیان بووە، لەکاتێکدا لە ناوچەکانی دەوروبەر وانەبووە.

لەبارەی پێکەوەژیانی ڕەگەزەکانیش دۆخی ئافرەتی کوردی باڵابووە لە گەڕیدە دەرەکییەکانیش ئەو ڕاستییە بەرجەستە بووە، (کلۆدیس ڕیچ) دەڵێت: ئافرەتی کورد لە چاو ئافرەتانی تورک و عەرەب و ئێرانیش زۆر باشتر بووە و جۆرە یەکسانیی و سەربەخۆیی و دەسەڵاتیان هەبووە، هەروەها لە بەڵگەنامەکانی بەریتانیش واهاتووە: (...الكرد غير متعصبين... يعطى الكرد اكثر من العرب الحقوق النساء... حتى فى المجالس الخاصه كانت النساء يرأسن الاجتماعات..)، تەنانەت ئافرەت خاوەن موڵکی تایبەتی خۆیان بوون بەناوی (شکارەت) لە بادینی و لە سۆرانی بەناوی شکارتە، ئینجا هەموو تاکێک بەرپرسیارێتی و پاسەوانی سامانی گشتی لەئەستۆ بوو، بۆیە بێ ئەوەی پۆلیس هەبێ ماڵ و سامانی خەڵکی لەو گۆڕە بوو پاراستراویش بوو، وەک ئێستا دەسەڵات چڕ نەکرابۆوە بۆ خەڵکێکی کەمی ناشایستە و هەموو کارێک هەر حکومەت بیکات، تەنانەت لەو سەردەمەدا خوێندنیش مەدەنی بوو لە شار و لادێکان لە سەر زەکات و خێری خەڵکی بەڕێوە دەچوو، تەنانەت پارێزگاری ژینگەش لە ئێستا گەشەسەندووە تر بوو بێئەوەی وەزارەتیشی هەبێت، هەموو خەڵکی خۆی لە پیسکردنی ئاو، سووتاندن، ڕاوی ئاژەڵ لە ساتی زاووزێ، چاندنی دارو دروخت...هەموو ئەوانە بەشێک بووە لە باوەڕی ئاینی (النظافه من الإيمان) لەگەڵ زۆر باسی تر کە لێرە مەودا نییە باسی بکەین.

باشترین بەڵگەی پێکەوەژیان لە کوردستان هەموو جۆرە ڕەنگ و دەنگێکی جیا لە کوردستان ماون، تورکمان لە هەموو عێراق هەبوو، ئەگەر ئیستا بەوردی سەرنجبدەین دەبینین تەنها لەو ناوچانە ماون کە کوردستانین، ئەوە لەکاتێدکا بووە کە وەسفی تورکمان لەلای نوسەر و گەڕیدەکان بە خراپی هاتووە، یاقوت حموی لە(معجم البلدان ج١-اقليم السبع) دەڵێت: تورک وەک دڕندە بووە بە(وحش الجبال) وەسفیان دەکات.

کلیمانسۆری سەرۆکی فرنسا لە کۆنگرەی ئاشتی باسی لەوە کرد کە تورک (نقص الكفائه)ی هەیە و ناتوانێت میللەتی تری لەژێردەستدابێ، ئەوە بووە بنچینەی یاسایی ڕێکەوتنی سیڤەر بەتایبەتی مادەی(١٣٢)ی ئەو ڕێکەوتننامەیە. لە ڕاپۆرتی ویلایەتی موسڵیش تورکمانی ناوچەی ویلایەتی موسڵ بە (مرتزقه العباسيه) باس دەکات، لە شوێنێکی تر دەڵێت: لەنێو عوسمانیدا کە ناوی تورک

دەهات وەک گەمژە و غەشیم(همجی) سەیر دەکرا، تەنانەت لە سەردەمی عوسمانیش کە حوکمەکە تورکی بووە کەچی هەر ناوی تورک هاتبێ هاوتای (اعراب-بێ ئیدراک) بووە، بۆیە تورکمان لەناو عەرەب توێنرانەوە، کەچی لە کوردستان هەرماون و شانازی بەبوونی خۆیانەوە دەکەن.

لە کوردستان جگە لەو پێکەوەژیانە پیکەوە ژیانێکی تر هەبووە لە زۆربەی وڵاتان نەبووە، ئەویش پیکەوەژیانی مەزهەبیی و تایفی، شیعە و سوننە، کاکەیی و حەقە، ئێزیدیی و عەلەوی....، ڕەنگە لە هەموویان قورستر نێوان شیعە و سوننە بێت کە لە مێژوودا یەکتریان قڕکردووە، کەچی لە کوردستان زۆر بە ئاسایی دەبینرێن، ئەو تیڕوانینە وایکردوە سەرکردەکانی کوردیش لەگەڵ سەرکردەکانی شیعەی دەوروبەر پەیوەندیی و هاریکاری باشیان هەبێت، لە دەوری ساڵانی بیست شیخ محمود لەگەڵ (ا. محمد شیرازی) دوای ئەو لە ساڵانی ١٩٣٠ بەکر صدقی لەگەڵ (ا. محمد کاشف الغطا)، دواتر لە شەستەکان مەلا مستەفا لەگەڵ موحسین ئەلحەکیم، دوای ئەوان (مام جەلال و مەسعود بارزانی) لەگەڵ محەمەد باقر سەدر و نەوەی ئال حەکیم، دوای ئەوانەش کە ٢٠٠٣ بەدواوە بۆ یەکەمجار عەلی سیستانی بەفتوایەک لاری نەبوونی لە فیدراڵی دەربڕی..

پێکەوەژیان و جینۆساید، کورد لەو هاوکێشەدا:

لە ئەنجامی پێکەوەنەژیان لە ناوچەکە جەنگ و ناکۆکی زۆر ڕوویداوە، دەکرێ بڵێین ئەوەیان لە مێژوودا زۆر شاز نەبووە، بەڵام کە کار گەیشتە جینۆساید و یەکتر قڕکردن ئەوە ترۆپکی پێکەوەنەژیانە، دوو نمونە هەیە جێی هەڵوەستەن، یەکەمیان دژی کورد کراوە(ئەنفال و کیمیاویی)، دووەمیان گوایە کورد کردوویتی دژی ئەرمەن، لەسەر هەردووکیان دەوەستێن:

**یەکەم/ نمونە جینۆسایدی دژی کورد:**

مێژوونووسانی کۆن شانازییان بەنوسینەوەی کوشتاری زۆر کردووە، بۆیە دەبێت بە گومانەوە هەندێ ڕووداوی مێژوویی بخوێنینەوە، لەوانە نامەکانی واقدی، تەبەری، کامل.. بەنمونە لە ج١٦(بدایە و نهایە) باس لە بڕیارێکی جینۆساید دەکات لە سەردەمی ئەمەوی دەرچووە دژ بە کورد:..(وفیها استعمل الحجاج علی فارس محمد بن القاسم الثقفی، وأمره بقتل الاکراد)، نازانرێ چەندە ڕاستە هەرچی کورد بێت و ئەمری کوشتنی بۆ دەرچووبێت.

بەڵام لە سەردەمی نوێ دیارە پرسی قڕکردنی کورد لە دوای ڕووخانی عوسمانی و هاتنی سێکیولار دێت، لە دوای دروستبوونی دەوڵەتی تورکیا بۆ یەکەم جار کەمال ئەتاتورک پێی هەڵسا تەنها لە (خەربووت)٤٠٠ لاوی لەسێدارەدا، ئینجا تەکیە و مزگەوت و دێیەکانی وێرانکرد، نورەدین پاشای سەرکردەی سەربازی ئەتاتورک هەمان دەوری عەلی حسەین مەجیدی بینی، و ژن و منداڵ وماڵیان تاڵان کردوون و ئافرەتانیان بەتاڵانبردووە... هەتا گازی ژهراویش بەکارهاتووە، هەروەک لە (ژ: ١٠٨٣)ی ڕۆژنامەی (کورئۆغلۆ: kr- oglu)لە ١٣/ئەیلول/١٩٣٨ لە ئەستەمبوڵ بڵاوکرایەوە...(٦)

لە عێراقیشدا ڕەنگە ئەوەندە بەس بێت هەڵوێستێکی خودی سەدام حسەین بڵاوبکەینەوە بزانرێ چ جۆرە ئایدیۆلۆجیایەکی هەڵگرتووە دژ بە غەیرە عەرەبی عێراق، (اجتثوا من أرض العراق لکی لا یدنسوا تربە العراق ولا یدنسوا هواء العراق ولا یدنسوا الدم العراقی عندما تمتزج دماءهم بدماء العراقیین بالتزاوج.. وهکذا أجتثتهم الثوره من الجذور لکی تنهیهم وتبقی العراقی الصافی

الابى الوطنى الشريف الذى لا يقبل الذل مرفوع الجبين يبقى دائما وابدا....اطفالا ونساء.. شيوخا ورجالا ومن اعمار أخرى.... )- صدام حسين.... جريدة الثورة ١٩٨١/٢/١٦.

نمونەی ئەنفالی کورد نمونەی هەرە زەقی بەکارهێنانی (پیکەوەژیانی) ئاینیە بۆ (پێکەوە نەژیان)، حیزبێک پێی هەڵساوە فری بەسەر ئاینەوە نییە، حیزبی بەعس حزبێکە لە ڕیزی فاشی و نازی بوو، ئایدۆلۆژیایەکی ئاڵۆزی ترسناکی هەبوو، پێکهاتبوو لە: شۆڤێنیەتی نەتەوەگەری (وەک لایەنی کۆمەڵایەتی)، ڕێبازی میکاڤیلی وەک (لایەنی سیاسی)، دیکتاتۆریی و تاکڕەوی وەک (لایەنی دەسەڵاتی کارگێڕی)، سۆشیالیستی نیشتیمانی وەک (لایەنی بیروباوەڕ). زۆر دوورە لە ئایین، تێڕوانینی خراپی بۆ غەیرە عەرەب گەیشتبووە ئاستی دەستور و مەنهەجی حیزب لە مادده (١٥)ی دەستوری حیزبی بەعس واهاتووە:(الرابطه القومیه هی الرابطه الوحیده القائمه فی الدوله العربیه التی تکفل الانسجام بین المواطنین وانصهارهم فی بوتقه واحده، وتکافح سائر العصبیات المذهبیه والطائفیه والقبلیه والعرقیه والاقلیمیه). لەبارەی دوورە ئاینیش کە لە ڕاپۆرتی سیاسی کۆنگرەی حیزبی بەعس هاتووە: (یعطوا الدعوه للوحده العربیه مضمونا دیمقراطیا اشتراکیا بعیدا عن صبغه الدینیه)، کەچی ناوی سورەتێکی قورئانی کردۆتە گەورەترین تاوان و ئەنفالی پێکردووە، یەکەم جار (کامل ساجت عزیز قائد الفیلق الاول) لەگەڵ سوڵتان هاشم ئەو ناوەیان پێشنیازکردووە. بەگشتی بیرۆکەی ئەنفالی دژ بە کورد دەکرێ لە هەندێک سەرچاوەی فیقهی شاز جێی بپێتەوە-لە بابی فەزلی عەرەب و کەراهیەتی میللەتانی تر و مەزهەبی تر، بەڵام لە ئایین جێی نابێتەوە.

لە ساڵی ١٩٦٣ بڕیاری قڕکردنی کورد دەرچوو، لە هەڵمەتی یەکەمی ئەنفالی عەبدولسلام عارف و بەعسییەکان و هێزی سوریا بە فەرمی هات یارمەتی عێراقیدا بەپێی مادەی(٢)ی (معاهده الدفاع المشترک بین دول الجامعه العربیه) کە لە ١٩٥٠/٤/١٣ مۆرکرابوو، لەوێشەوە بۆ هاوپەیمانییەکی سەربازی نێوان سوریا و عێراق کە لە ١٩٦٣/١٠/٨بەسترا بوو(٧)، پسپۆڕانی شەڕی پارتیزانی جەزائیریی و فڕۆکەوانانی یەمەن و هێزی هیندیی و پاکستانیش یارمەتی عێراقیاندا(٨)، تاگەیشتە قۆناغی مەترسی لە ساڵی ١٩٦٤ عەبدولسلام عارفی سەرۆک کۆماری ئەوکات زانایەکی زۆری عەرەبی کۆکردەوە شێخی ئەزهەریش هات بۆ فتوای ئەنفال و قڕکردنی کورد(یان ئەوەی پێی دەوترێ ڕەشبگیر)، کۆنگرەیەکی ئیسلامی ڕێکخست لە بەغدا بۆئەوەی بە فتوا کورد بەیاخی(مارق) هەژمار بکەن بەپێی ئایەتی: (إِنَّمَا جَزَاء الَّذِينَ يُحَارِبُونَ اللَّهَ وَرَسُولَهُ وَيَسْعَوْنَ فِي الأَرْضِ فَسَادًا أَن يُقَتَّلُواْ أَوْ يُصَلَّبُواْ أَوْ تُقَطَّعَ أَيْدِيهِمْ وَأَرْجُلُهُم مِّنْ خِلافٍ أَوْ يُنفَوْا مِنَ الأَرْضِ ذَلِكَ لَهُمْ خِزْيٌ فِي الدُّنْيَا وَلَهُمْ فِي الآخِرَةِ عَذَابٌ عَظِيمٌ)، لەوەوە لە ١٩٦٥/٧/٥ فەتوا بەناوبانگەکەی موحسین ئەلحەکیم (گەورە مەرجەعی شیعەکان) دەرچوو دژ بەو کۆنگرە و دژ بە شەڕی کورد، ئەو کۆنگرە کە هەڵوەشایەوە، ئەوە لەکاتێکدا زۆربەی حیزبە عەلمانییە عەرەبەکان و تەیاری نەتەوەیی و دەزگا مەدەنیی و ڕێکخراوە دیموکراسییەکان و جامیعەی عەرەبیی و... لە دژی کورد بەیانیان هەبووە و لایەنگری داگیرکردن و ئەو سزا توندانەیان کردووە، بەڵام دەزگای ئاینییە سەربەخۆکان بەلایەنی کەمەوە دژی کورد نەوەستان، جگە لە هەندێک مەلای دروستکراوی تابیعی وەزارەتی ئەوقاف، ئەو دۆسیەیە لەوکاتی بەناوی (جینۆساید و پێکەوەنەژیان) لەڕێی

وەزیری دەرەوەی یەکێتی سۆڤیەت(ئەندرێ گرۆمیکۆ) لە ١٩٦٣/٧/٤ سکالانامەیەکی ئاراستەی عێراق و ئێران و سوریا و تورکیا کرد(ناوینان بەرەی ئیمپریالیزمی-سەنتۆ)(٩).

لەگەڵ هاتنەوەیان حیزبی بەعس بەرنامەکەی رانەگرت دەستیکرد بە بەکارهێنانی چەکی کیمیای دژ بە بزووتنەوەی کورد، بەناوی (العتاد الخاص)، ئەو بەڵگەنامانەی لەبەردەستایە واپێدەچێت یەکەم راوێژ سەبارەت بە بەکارهێنانی چەکی کیمیاوی نوسراوێکی سەرۆکایەتی کۆمارێ بە مۆری (حامد یوسف حمادی )بە ژ: ٧ / ج٢ / ٨٠٨ / کە بەرواری ١٩٨٧/٣/١٢ هەڵگرتووە دەقەکەی واهاتووە: أمر السيد الرئيس القائد بأن تدرس مديريتكم مع الأختصاصيين توجيه ضربة مباغتة (لقواعد حرس خميني ضمن مقرات مخربي الفرع الأول لزمرة البارزاني) بالعتاد الخاص وامكانية تنفيذها بأي من الوسائل التالية( القوة الجوية، طيران الجيش،المدفعية).

دوای راوێژ و وەڵامی نوسراوی (مديريه استخبارات المرقم م١ / ش٣ / ق٢ / ٦٤١٤ فی ١٩٨٧/٣/١٨) فەرمانێکی کۆماری ژ: ٧/ ج٢ / ٨٧٧ / کە لە بەرواری ١٩٨٧/٣/١٩ بۆ (مديريه الاستخبارات العسكريه العامه). بابەت/ استخدام العتاد الخاص، واهاتووە (نشيركم للفقره (٢-أ وب) من كتابكم المرقم م١ / ش٣ / ق٢ / ٦٤١٤ فی ١٩٨٧/٣/١٨. حصلت الموافقه على المقترحين الواردين فيها)، دوای هەفتەیەک لەو تاوتوێیە لەلایەن (مديريه استخبارات)-بەمۆری (صابر دوری) پیشنیاز دەکرێت رووی یەکەم گورزی کیمیاوی بگۆڕن بۆ بارەگای خودی تاڵەبانی ئەویش لە رێی نوسراوی ژ: ش٣ /ق٢ / ٦٨٨٥ فی ١٩٨٧/٣/٢٥ و ئەو شوێنە ستراتیژیانە دیاریکران بریتیبوون لە: بالیسان – توتمە-خەتی – شێخ وەسانان) لە نێوان خەلیفان و چوارقورنە.

گورزی دووەم لە(تەکیە-و بەلەکجاڕ و-سێوسنان) لە قەرەداغ، جۆری (عتاد خاص) کیمیاوی (سارین و خردل)...(بڕوانە: مەوسوعەی جودی بەرگی ٢)

دوای کەمتر لە هەفتەیەک سەرۆکایەتی کۆمار رازی دەبێت بەلێدانی ئەو شوێنانەی دیاریکران، بەپێی فەرمانی سەرۆکایەتی (بابەت: استخدام العتاد الكيمياوي» الخاص») بەنوسراوی ژ: ٩٥٣ / ٩٦٥ / کە بەرواری ١٩٨٧/٣/٢٩، صەدام حسەین خۆی ئیشرافی سەر ئەو نەخشەیەی کرد، بەوشێوەیە ئەنفالی کوردستان کرا دواتر بەرپرسان دانیانپیادا ناو سزای خۆیان وەرگرت... بەکورتی نمونەی هەرەزەقی پێکەوەنەژیانە.

**دووەم: نموونەی جینۆسایدی ئەرمەن**
**(ترۆپکی پێکەوەنەژیان)**

هەموو ساڵێک لە ٢٤ی نیسان ئەرمەنەکان رەشپۆش و غەمبار دەبن و یادی کوشتارێک دەکەنەوە بەناوی جینۆساید لە ساڵی ١٩١٥، کوشتاری ئەرمەنەکان یەکێکە لەو نمونانەی لەسەر دەستی تورک و دەسەڵاتی ئێتیحادوتەرەقی بە جینۆسایدی ئەرمەنەکان ناوزەد دەکرێت، نزیکەی یەک ملیۆن قوربانی بووە یان وەک لە گوتاری (لۆردپرایس بۆ ئەنجومەنی لۆرداتی بەریتانی) دەڵێت: ٨٠٠٠٠٠ کەس، تۆینبی دەڵێت دەوروبەری ٦٠٠٠٠٠ کەس، هەندێک لە ئەرمەنەکان دەڵێن ٢ملیۆن بووە، نوسەری تورکیش هەیە دەڵێت تەنها ١٨٠٠٠کەس بووە. ئامارەکانی ئەوکات ژمارەی دانیشتوانی ئەرمەنی بە (٤)ملیۆن دەخەمڵاند (کۆی ئەرمەنەکانی جیهان)، نیوەی لەژێر دەستی عوسمانی بوو، ملیۆن و نیوێکیشی لای ئەرمەنی رووسیا بوون... تەقەلایەکی زۆر

هەبووە و هەیە بۆئەوەی کورد بکەنە خاوەنی ئەو تاوانە، هەندێک جاریش نوسەر و سەرکردەی کورد واهەڵخەڵەتاوە و بووەتە بەشێک لەو تەقەلایە، ڕاستییەکەشی ئەوەیە نەک ئایین تەنانەت دەستووری عوسمانیش لەو تاوانە بەرپرسیار نییە، ئەگەر بەوردی سەرنجبدەینە دەستوری عوسمانی (مشروطیە) دەبینین پێکهاتووە لە ١١٩مادده (کە دەکاتە٤٣٦٨ وشە)، لەوێدا بە هیچ شێوەیەک ناوی تورک نەهاتووە، ئەوەی بەرپرسیارە کۆمەڵەی ئیتیحادوتەرەقییە، کە تورکیای نوێی لێهاتەدی، بەپێی ئەو بروسکەیەی وەزیری ناوخۆ تەلعەت پاشا بە ژ:٦١٩ی ڕۆژی ٢٢/ ١٩١٥/١١ تیایدا فەرمانی کوشتنی هەموو ئەرمەنەکانی ڕۆژهەڵاتی داوە لە هەر شوێنێک بینران، تەنانەت لە کێشەی ولایەتی موسڵ و لە ئاڵوگۆڕی یاداشتەکانی نێوان لۆرد کیرزن و عصمت ئینینۆ هەردوولا بە ئاشکرا باسی هێزی سەربازی تورکیا دەکەن لە کوشتاری ئەرمەن، باسی کوردی تێدا نیە، بەپێچەوانەوە ئەرمەن و مەسیحییەکان هەڵاتوون بۆ ئەو ناوچە کوردییانەی خواروو کە دەستی تورکی پێنەگەیشتبوو(١٠).

بەشداری نەبوونی کورد(پیکەوەژیان): گەلێک جار ناوی کورد و عەرەب و لاس و ئەلبان و زۆر لای تر دێت کە بەشداربووبن، بەشداری ڕاستەقینە ئەوەیە بە فەرمی سەرکردەکان فەرمانیان دابێت، کەچی وانەبووە..وەک لەم خاڵانەدا دەردەکەوێت:

١- سوارەی حەمیدییە لە ساڵی ١٩٠٩ هەڵوەشاوەتەوە لەسەر دەستی ئیتیحادوتەرەقی لە بری ئەوان جۆرێک لە فەوجی خەفیفە دروستکران، لەوانەیە ئەوانە بەشدارییان لە جەنگی دژ بە ئەرمەنەکان کردبێت، هەروەک دوای سەرکەوتنی هاوپەیمانان کۆمەڵێک تاوانبار دەستگیرکران لەلایەن بەریتانیەکانەوە بەتاوانی جینۆسایدی ئەرمەن دوو کوردی تێدا بوو، (پرنچی زادە فەوزی) و (تیگرل بەگ زولفی بەگزادە)، لە ساڵی ١٩١٩ لە کەمپێکی بەریتانی دەستبەسەر کرابوون، ئەو دەستگیرکردنە لەچوارچێوەی دەستگیرکردنی کۆمەڵێک نوسەر و ڕۆشنبیری تورک کرا کە هاندەری ئەو تاوانە بوون، ئەو دوو کوردەی کە دەستگیرکران نوێنەری دیاربەکر بوون لە پەرلەمانی تورکیادا، هەردووکیشیان دوژمنی هەرە گەورەی خودی کوردیش بوون، ئەوانە دوای ئەوەی ئازادکران لەلایەن بەریتانیاوە کەوتنە شوێن عیسمەت ئینینۆ بۆ کۆنگرەی لۆزان، کە دژی کورد مۆرکرا.

٢- لەلای ئەرمەنی و لەلای هێزەکانی هاوپەیمانان لیستێک لە ناوی سەرکردە تاوانبارەکان سەبارەت بە جینۆسایدی ئەرمەن بڵاوکرایەوە، ژمارەیان (١٣٩٧) کەس بوو هەموویان لە ئیتحادییەکان بوون، ئەنوەر پاشا و جەمال پاشا و تەڵعەت پاشا زۆر سەرکردەی تریان فەرمانی تیرۆریان لەلایەن ڕێکخراوی تاشناقی ئەرمەنی دەرچوو دوایش کران، بەپێچەوانەوە هێزێکی زۆری کورد چوون بۆ داکۆکیکردن لەو ئەرمەنانەی گیانیان لە مەترسیدا بووە بەتایبەتی لە باشووری کوردستانەوە، کورد بەشداری لە ڕزگارکردنی سەدان بنەماڵەی ئەرمەنیدا کردووە.

٣- لە کوردستان بەباشی فەرمانی قڕکردنی ئەرمەنی جێبەجێ نەدەکرا، بەڵکو ڕێگری لێ دەکرا، بۆیە جەودەت بەگی خەزووری ئەنوەر پاشا چووەیە وان و ئەو کارەساتانەی ئەوێی کرد و ئینجا گوازرایەوە بۆ مووش دواتر بۆ بەتلیس و دواتریش شام بۆئەوەی لەوێش ئەو فەرمانانەی ئیتحادییەکان بەباشی جێبەجێ بکات. لە ڕاپۆرتیکی ڕۆژی ١٩٠٨/٩/٣٠ (مستەر دیکسۆنی) کونسۆڵی بەریتانی بۆ(جیرالد لۆسەر)ی باڵیۆزی بەریتانی لە

ئەستەنبوڵ دەڵێت: ئەوەی زۆر دژایەتی ئەرمەن دەکات لە شاری وان ئەو چەند فەرمانبەر و بەرپرسە تورکانەی ئیتحادییەکانن(باشپۆزوخ).

٤- بەڵگەنامەیەکی زۆری تری ئەرمەنی و ڕووسی هەن، سەبارەت بەوەی کە کوردەکان بوون بەهۆی ڕزگارکردنی ژمارەیەکی زۆری ئەرمەن، تەنانەت لە زۆر شوێن تووشی شەڕ بوون لەگەڵ هێزەکانی ئیتیحادوتەرەقی (لە سەرچاوەکاندا بە عوسمانی ناوی بردوون)(١١).

٥- ئەو ناوچەیەی ئەو کوشتارەی لێکرا لەژێر دەستی ئیتیحادوتەرەقی بوو، ئەرمەنەکان هەڵاتن بەرەو ئەو ناوچە کوردییانەی دەسەڵاتی ئیتیحادوتەرەقی تێدا نەبوو(بڕوانە: تقریر ولایە الموصل، ص٢٠٥)، لەوێ حەوانەوە و تائێستاش ماون، بەڵگەی زیندووی تر ئەوەیە لە باشووری کوردستان کە تائێستاش ئەرمەنیی و مەسیحی هەیە ڕووبەڕووی هیچ تەنگپێهەڵچنینێک نەبوونەتەوە، نەک لە شار بەڵکو لە گوندەکانیش خاوەن موڵک بوون هەتا ئێستاش، بە برادەرایەتی نێوان ئەرمەن و کورد وتراوە (کرییڤ)، گۆرانی و لاوکێکی زۆر هەیە وشەی کریڤۆی تێدایە.

٦- ئەگەر کورد بەشداری لە جینۆسایدی ئەرمەنەکاندا بکردایە ئەوا ڕێکەوتنەکانی نێوانی بزووتنەوەی تاشناقی ئەرمەنی و بزوتنەوەی سیاسی کورد نەدەکرا- ڕوونتر ماددەی (٣) ی ڕێکەوتنامەی تاشناقی و خۆیبوون)ی ١٩٢٧/١٠/٢٩ باس لەو تاوانبارانە دەکات کە بە جینۆساید هەستاون، پەنجە بۆ (تورکە تۆرانییەکان و تورکیای نوێ و ئیتیحادوتەرەقی)درێژدەکات... وەفدی هاوبەش( شەریف پاشا و بۆغس پاشا) پێکەوە بەشداری کۆنگرەکانیان دەکرد، واتە گرفتێکی وا لە نێوان کورد و ئەرمەندا نەبووە.

٧- ڕۆڵی کورد لە جینۆسایدی ئەرمەن(بە سەلبی و ئیجابییەوە)هەبووە، بەڵام ئەوەندە شەرمەزاری نییە، چونکە ئەگەر هەندێک کرێگرتە و چاوچنۆکی تاڵان بەشدارییان کردبێت لەو پرۆسەیەدا ئەوا بە هەزاران دەسەڵاتداری کورد، ئەرمەنییان ڕزگارکردووە لە دەستی تورکەکان، لە هەمووی گرنگ تر سەرکردە کوردەکان فەتوای حەرامی کوشتن و ئەزیەتدانی ئەرمەنەکانیان دەرکردووە، لە هەمووان ڕوونتر شێخ سەعیدی پیران – کە لە دوای شۆڕش بەرپا دەکات، ئەمەش دەقی فەتوایەکەیەتی: هەرکەسێک ئەرمەنییەک بکوژێت وەک ئەوەیە مسولمانێکی کوشتبێت، داواتان لێدەکەم بیانشارنەوە و ڕزگاریانکەن لە جەنگی دوژمنکارانی تورکیا، هەردەستدرێژییەک بۆیان حەرامە. لەوانەی ناویان هەیە و کورد ڕزگاریکردوون بکوژەکەی تەلعەت پاشا لە بەرلین (تەهلیریان) لە دادگاییەکەی دەرکەوت کوردەکان ڕزگاریان کردووە.

هەندێک جاریش بە هەڵە کورد تێوەگلێندراوە، لە یاداشتەکانی (جەمال پاشا) ناوی (کۆمەڵەی محەمەد)ی هاتووە کە بەشدارییان کردووە، کەچی ئەو بەشداری دژی ئیتیحادوتەرەقی کرد کە نابێت خەلافەت بڕووخێ، پاشان ئەو کۆمەڵەیە (کۆمەڵەی محەمەدی بە سەرۆکایەتی دەروێش وەحدەتی بووە کە لە دوای ڕووداوەکانی ٣١ی ئاداری ١٩٠٩ لەسێدارەدرا)، جیایە لەگەڵ ئەوەی نەورەسی (یەکێتی محەمەدی). تەنانەت هەندێ مێژوونووس نوسیویانە ئەرمەن بووە کۆیلە و دەکران و دەفرۆشران..هەمووی بۆ کۆیلایەتی نەبووە بەشێکی زۆری ئایندارانی کورد و خەڵکی تریش دەیکڕینەوە بۆ ڕزگارکردنیان، چونکە فەتوای وا هەبووە ئەوانە بکرنەوە و ڕزگاریان بکەن لە کوشتن لە حەج باشترە و پارەی حەج بەوانە بدەن، هەریەکە لە لازاریف و مستەفا پاشا

مامولکی و هۆفنسیان و چاتچاتکیان و زۆری تر ئەرمەنە ڕزگارکراوەکان بەدەستی کورد دەگەیەنە ٢٠٠٠٠٠ ئەرمەنی.

٨- ماددەی (١٤٢)ی سیڤەر بەهۆی کوشتاری ئەرمەن و بەشداری جەنگی جیهانی دەسەڵاتی ئیتحادییەکان بە (تیرۆریست) تۆمار دەکات و، قەرەبۆش دەخاتە ئەستۆی، هەر هەموو ئەوانە لە ماددەکانی (٢٣١-٢٥٧) سیڤەر سەبارەت بە تورکیا هاتووە، کەچی لە بەشی سێیەمی سیڤەر(کە تایبەتە بە کوردستان) هیچ باسێکی بەرپرسیارێتی لەو تاوانەی تێدا نیە.

## فەترەی پێکەوە نەژیان

لەو فەترەیە نمونەی پیکەوەنەژیانە لە تەواوی ناوچەکە، فەترەی وەرچەرخان لە دەسەڵاتی نیمچە ئاینی بۆ دەسەڵاتی عەلمانی کە لە نێوان (١٩٠٨ - ١٩٢٤)، مەینەتی کوردیش دەکەوێتە ئەو فەترەیە، ئیحسان نوری پاشا لە کتێبەکەی خۆی(شۆڕشی نەتەوەیی کورد لە تورکیا) دەڵێت: تورکەکان لەکاتی لێدانی ئەرمەنەکان تورکە دەمارگیرەکانی ئیتیحادی دەیان گووت با لە (زۆ زۆ- ئەرمەن) تەواوبین نۆرەی (لۆ لۆ- کورد) دێت(١٢)، لەڕاستیدا لەو دۆخەدا لە یەک کاتدا کورد دژی ئیتیحادیەکانیش بوون، هەندێک جار دژی ئەرمەنیش بوون، دژی ئیتیحادییەکان، چونکە بەرنامەی جینۆسایدی ئەرمەن و کورد و خەڵکی تریشیان هەبووە، دژی ئەرمەنیش بوون بەهۆی ئەوەی پرۆژەیەکی هاوبەشیان لەگەڵ ڕووس هەبووە بۆ داگیرکردنی کوردستان(١٣)، لە ڕاپۆرتی ویلایەتی موسڵ باس لە کوشتارێکی کورد دەکات لەسەردەستی ئەو ئەرمەنانەی لەگەڵ هیزەکانی ڕووس هاتبوون لە پایزی ١٩١٦، دەڵێت: زۆربەی کوژراوەکان ژن ومنداڵ بوون لە دەربەندی ڕەواندوز فڕێ دەدرانە خوارەوە(١٤)، لەڕاستیدا ئەرمەنەکان خۆشیان لە چەند لایەکەوە هەندێ تاوانیان دەکەوێتە ئەستۆ، لەلایەک یارمەتی ئیتیحادییەکانیاندا دژی عوسمانی، لەلایەکی تریش لەگەڵ سوپای ڕووس کەوتن دژی مسوڵمانان، چەندین جار بەشداربوون لە کوشتاری کورد، لەگەڵ سوپای ڕووسیا هاتن(پیان دەوترا حروس هاتن) زۆر لە ئیتیحاد وتەرەقی خراپتریان بە کورد کرد.

سوپای ڕووس لە ١٣/٥/ ١٩١٦ بە چاوساغی ئەرمەن گەیشتە کوردستانی خواروو ویرانی لەگەڵ خۆی هێنا، بەپێی هەندێک سەرچاوە دەستیان لە منداڵیش نەپاراستووە، دەگوترێت مەمکی ژنانیان بڕیوە، بۆیە کۆچ و ڕەوێکی بە کۆمەڵ لە پیش سوپای ڕووسیا کراوە و تائێستاش ئەو کۆچبەرانە پێیان دەوترێ موهاجیر لە باشووری کوردستانی، هەر بەوهۆیەشەوە بوو شێخ مەحمود لە بەرەکانی شوعەیبە گەڕابۆوە کوردستان، سوپای ڕووسیا زۆر دڕندانە هەڵسوکەوتی دەکرد بۆیە ناوبانگی خراپ ڕۆیشتبوو، بە سوپای کافر و فەلە ناوزەند دەکرا، هەربۆیە لە بەرامبەردا ئامادەباشییەکی گشتی کوردی دژی کراوە، هەتا ئافرەتیش ڕۆیشتووەتە بەرەکانی شەڕ، لە چەندین سەرچاوە ناوی (قەرە فاتیمە) دێت، کە سەرپەرشتی هێزیکی ٥٠٠ سواری کردووە بۆ ئەو شەڕە.

## سەرچاوە و پەراوێزەکان


١. عبدالعزيز شناوى –الدولة العثمانية دولة اسلامية مفترى عليها ج١ص٣٤٩ ، د.محمد البروارى – الكورد والدولة العثمانية ص١٢٢.

٢. الدولة العلية العثمانية، ص٧٧٧.

٣. بڕوانە دەقی یەکەم دەستوری عوسمانی دەرچووی ١٨٧٦/١٢/٢٤.

٤. د.فاضل حسين – مشكلة الموصل، ص٩٨.

٥. . أيوب بارزاني: المقاومة الكردية للإحتلال ص٨. هەروەها بڕوانە: مەسعود بارزانی: بارزانی و بزوتنەوەی ڕزگاری خوازی کورد، ل٢٦٤. بۆ ئەو ڕووداوەی یارمەتی ئەرمەنەکان لەلایەن سەرکردە ئاینییەکانی کورد.

٦. بۆ زانیاری زیاتر سەرنج بدە: دەرسیم لە مێژووی کوردستان، ل١٨٦، ١٩٧، ٢١٢، ٢٥١، ٣٢٦.

٧. ميثاق الوحدة العسكرية بين سوريا والعراق بغداد – دمشق ١٩٦٣/١٠/٨.... المادة ٢: تشكيل مجلس دفاع اعلى مؤلف من القائد العام للقوات المسلحة للجيش الموحد، وثلاثة أعضاء من كل قطر يعينهم المجلس الوطني لقيادة الثورة. دەقی ئەو ڕێکەوتنە لە پاشکۆی ژ:٣ لە کۆتایی کتێبی(ڕۆڵی عەلمانیەت لە دروستبوونی مەینەتی کورد) بخوێنەوە.

٨. ڕۆژانی لە مێژووی شۆرشی ئەیلول، ل١٦٨.

٩. لە بەڵگەنامەیەکی بەریتانی زانیاری تر لەوبارەیەوە هاتووە: (رقم ٣٨٠٩٩/E تموز ١٩٦٣الجلسة ٣٦، المادة رقم١ في جدول الأعمال). (رسالة رئيس بعثة الاتحاد السوفيتي إلى الأمم المتحدة –الأمم المتحدة، المجلس الاقتصادي والاجتماعي- للتداول العام رقم ٣٨٠٩٩/E تموز ١٩٦٣الجلسة ٣٦، المادة رقم١ في جدول الأعمال.

١٠. ولاية الموصل- تقرير لجنة عصبة الامم ص٢٠٥.


١١. بۆ ئەو ڕاستیانە تەماشای ئەو سەرچاوانە بکە :(یەکەم – محمد خليل أمير، علاقة الكورد بمذابح الأرمن، ص٢٥٨، دووەم --cardlevski – A –V p-١١١-op-ctt-vol ١٢٢. ٣--BID-pp L-١٠٥. سێیەم-Nuri Dersim – kurdistan Tarihinde Dersim-s-١١٢-١١٤ ئێستا تەرجەمەی کوردیش کراوە، چوارەم- pp – kurdistan – Lazarev -s – M- ٥٧-٦٧-٣١٢. پێنجەم- مقبس من كتاب.ك.ن. يوزباشيان يوسف أبكار وفيج أوربللى، موسكو، ١٩٦٤م، ص ٣٣ – ٣٤. شەشەم-Harry Charles Luke-Mosal And its Mimorities-London ١٩٢٥- p-q١٢. حهوتەم- استراجيان(مغامرات فى تركيا وروسيا).

١٢. ئیحسان نوری پاشا: شۆرشی نەتەوەیی کورد لە تورکیا، ل٢٠.

١٣. مذكرات جمال باشا ، ج١، ص٤٨١.

١٤. ولاية الموصل- تقرير لجنة عصبة الامم، ص١١٥.

# ڕۆڵی پێکهاتە ئاینیی و کلتوورییەکان لە شۆڕشی کورددا






**سەفەر کەریم هاواری**

لەدایکبووی ١٩٧١، گوندی هاوار/ هەڵەبجە ، بڕوانامەی بەکالۆریۆس لە زمانی کوردی/زانکۆی سەلاحەدین( ١٩٩٤)، ئەندامی یەکێتی نوسەرانی لقی هەولێر، مامۆستا لە پەیمانگای پەروەردەی وەرزشی هەولێر، خاوەنی (١٠) کتێبی چاپکراوو ژمارەیەکی زۆر وتاری بڵاوکراوەیە.

سەرجەم گەلان و نەتەوەکانی دونیا بەدرێژای مێژوو هەریەکەیان پابەندن بە ئاین و کلتوور و بیروچوونی خودیی و فەلسەفەی خۆیانەوە، بەپێی توانا و سەردەم و گۆڕانکارییەکان پەیڕەوی ئاینی خۆیان دەکەن و فەرمانەکانی خودای مەزن و پەیامبەران و پیاوچاکان بەجێدەهێنن، هەرکەسە و بەپێی ئاووهەوا و ئاینی خۆی کە شێوازی پەرستنەکانی خودا و جێبەجێکردنی فەرمانەکانی لە ئاینێکەوە بۆ ئاینێکی تر دەگۆڕێت و جیاوازە، گەرچی دەتوانین بڵێین: تەنها لە ڕواڵەتدا لەیەک جیاوازن دەنا لە ناوەڕۆک و مەبەستدا هەریەک شتن و بەرەو یەک ئاڕاستە و ئامانج هەنگاو هەڵدەنێن، کە ئەویش پەرستنی پەروەردگارە! هاوکات لە جەوهەردا هەموو ئاینەکان داوای چاکە و دوورکەوتنەوە لە خراپە لە شوێنکەوتووانی خۆیان دەکەن، ئەمەش خاڵێکی هاوبەش و دیارە لەناو سەرجەم ئاینەکانی سەر ڕووی زەویدا.

نکۆڵی لەوە ناکرێت کە (ئایین) لە هەموو کات و سەردەمێکدا بە خاڵێکی جیاواز دادەندرێت لە نێوان میللەتانی سەر زەویدا، لە ڕووی ئاینییەوە دەتواندرێت هەموو کۆمەڵگاکانی ئەم جیهانە پۆلین بکەین، گێرە و کێشەی ئاینیی و مەزهەبیش لە دونیادا زیاد لە پێویست ڕووبەڕووی مرۆڤەکانی ئەم جیهانە بۆتەوە و خوێنی زۆری لەسەر ڕژاوە. لەڕاستیدا جێگەی داخە! ئەوەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەو پەروەردە سەقەتە ئاینییەی کە لەلایەن کۆمەڵێ بەناو ڕێبەری ئاینی، لەناو ئاینێکی دیاریکراودا پەیڕەوی دەکەن و نەوەی توندڕەوی شەڕخواز بەرهەم دەهێنن، لە ئەنجامدا ڕەنگدانەوەیەکی خراپی دەبێت بۆ سەر گرۆی مرۆڤایەتیی و ڕک و ڕکابەریەتیش لەناو ئاینەکاندا دروست دەکات و کۆمەڵ تووشی بێ بڕوایی و دوورکەوتنەوە لە هەندێ ئایین دەکات، ئەمەش بێگومان لە بەرژەوەندی هێزی شەڕە لە جیهاندا، زیانی گەورەش بە هێزی خەیر دەگات.

خۆشبەختانە کوردستان و کۆمەڵگەی کوردستانی ئەگەر بەراورد بکرێت، لە چاو کۆمەڵگەکانی تردا، لە ڕووی کێشەی ئاینیی و مەزهەبییەوە تاڕادەیەکی باش ئاسودە بووە و دووربووە لە ململانێی ئاینی، گەرچی چەندین ئایین و ئاینزا لەخۆدەگرێت. بەگشتی ڕەوشی ئاییینی لە کوردستاندا تاڕادەیەکی زۆر سەقامگیر بووە لە ڕابردوودا، ئەگەر دوژمنان و حەسودان ئاژاوە دروست نەکەن! خۆ ئەگەر هەر ڕووداوێکی نائاسایش لەناو کوردستاندا ڕوویدابێت و کاریگەری لەسەر ئایین کردبێت و بۆماوەیەکی کەم گرژیی و ئاڵۆزی هەتا جەنگیشی دروست کردبێت، هەر بەدەست کیسەی دوژمنان بووە و بەمەبەستی ڕامیاریی و ئاژاوە نانەوە بووە، دەستکرد بووە نەک خۆرسک، بۆیە هەرزووش لەلایەن خەڵکانێکی خەمخۆرەوە چارەسەری گونجاوی بۆ کراوە و نەهێڵراوە ئاگرەکە تەشەنە بکات.

کوردستان لە ڕووی ئاینییەوە وڵاتێکی پڕ لە ئایین و ئاینزای جیاواز و مەرقەد و نەزەرگە و پەرستگای جیاوازە، چەندین ڕێبەری ئاینیی و ڕۆحی گەورەی تێدا هەڵکەوتووە و ئێستاش پاشماوە و بیروبۆچونەکانیان و مەرقەدەکانیان هەرماون و دەپارێزرێن و سەرلەنوی نۆژەن دەکرێنەوە. ئەگەر وەک نموونەیەک باشووری کوردستان وەربگرین دەبینین چەندین ئایین لەناو نەتەوەی کورددا بەرچاو دەکەوێت وەک(مسوڵمان، شیعە، یەزیدی، مەسیحی، کاکەیی، شەبەک...هتد)، جگە لە کۆمەڵێک ڕێگا و بیروبۆچونی ئاینی تر، هەرهەموو ئەم ئاینانە مەرقەد و نەزەرگە و پەرستگای تایبەت بەخۆیان هەبووە و هەیە، بەبێ ئەوەی کەس دەستدرێژی بکاتە سەر ئەوی تر و هەستی ئایینی بریندار بکات، وەک سەرەتاش گووتوومانە و جەختی لەسەر دەکەینەوە ئەگەر دیاردەیەک ڕوویدات و ببێتە جێگەی نیگەرانی ئاینێک لە کوردستاندا ئەوە کارێکی نەخوازراو و

نەویستراوە، لەلایەن هەردوو لاوە، لە دەرەوەی کوردستان نەیارانی کورد کاریان بۆی کردووە، مەبەستیان تێکدانی ڕەوشی پێکەوەژیان بووە لە کوردستاندا.

لێرەدا ئەوەی مەبەستی ئێمەیە تیشکی بخەینەسەر(ڕۆڵی پێکهاتە ئاینیی و کلتوورییەکانە لە شۆڕشی کورد لە کوردستاندا).

– ئایا سەرکردە و ڕێبەرەکانی کورد تا چەند پابەندبوون بە ئاینەوە؟ ئایا شۆڕشگێڕانی کوردستان ئاینییان وەک پەردە و چەواشە بەکارهێناوە بۆ مەبەستی جێبەجێکردنی مەرامەکان؟ ئایا شۆڕشە یەک لە دوا یەکەکانی کوردستان ڕێزیانگرتووە لە شوێنە پیرۆزەکان بەبێ جیاوازی؟

ئەمانە و چەندین پرسیاری تر وەڵامدەدرێنەوە بە ئاوڕدانەوە لە مێژوو و ڕۆڵی پێکهاتە ئاینییەکان لە قۆناغە جیاوەزەکانی شۆڕشەکانی کورددا، بەپێی واقیعی ئایینی و بەڵگەنامەی زیندوو نووسراوەکان سەبارەت بە ئایین لە کوردستاندا و، پەیوەندی نێوان تاک و کۆمەڵی ئاینە جیاوازەکان لەناو بزاڤ و شۆڕشەکانی کورددا.

هەر لە سەردەمی کۆماری کوردستانەوە نەتەوەی کورد ڕێزی لە مافی فەرهەنگیی و ئاینی کەمینە ئاینییەکانی گرتووە، ڕێگەی بە(کلیمی)یەکان، واتە جووەکان داوە قوتابخانەی تایبەتی خۆیان بکەنەوە لە ڕۆژنامەی کوردستاندا لەوبارەیەوە ئەم ئاگادارییە بڵاوکراوەتەوە:

((بەعمومی میللەتی کلیمیانی دانیشتوی مەهاباد ڕادەگەێنم کە لەژێر حیمایەتی حەزرەتی پێشەوای موعەزەم و مەحبوبی کوردستان و نەزارەتی ئیدارەی موحتەرەمی فەرهەنگ بە ئیجازە لە مەقاماتی بەرزی کوردستان مەدرەسەیەک بەنێوی(تێکەڵی کورد و عیبری) دەکەینەوە، پێویستە لە بەرواری ئەم ئاگادارییەوە منداڵانی خۆتان چە کچ چە کوڕ بە دەفتەری ئەم مەدرەسە کە ڕووبەڕووی عەمارەتی دوازدەیە بە موعەرەفی و بەسەبتی بگەیەنی...هتد))(١).

ئەم گرنگیدانە بە ئاینەکانی تر لەپاڵ ئاینی ئیسلامدا فراوانی ئاسۆی بیرکردنەوەی سەرانی حکومەتی دیموکراتی کوردستانی دەردەخست سەبارەت بەڕێزگرتنی مافی ئاینیی و ڕۆشنبیریی و کەمایەتێکی بچووکی ئاینیی، لە وڵاتێکدا کە بەدرێژایی مێژوو چەوساندنەوەی ئاینیی و مەزهەبی، نەتەوەیی تێدا ببوو بە جۆرێک لە نەریتی حوکمڕانی سەبارەت بە ئایین لە کوردستاندا و پەیوەندی نێوان تاک و کۆمەڵی ئاینە جیاوازەکان(٢).

ئەگەر چاوێکی خێرا بە مێژووی ژیانی شاعیرانی کلاسیکی کوردیدا بگێڕین، ئەوا بۆمان دەردەکەوێت کە زۆربەی زۆری شاعیرانی ئەو قۆناغە بە هەموو دیالێکتەکانی زمانی کوردییەوە مەلا و زانای ئایینی بوون، هاوکات ئەگەر چاو بە مێژووی ڕامیاری نەتەوەی کورددا بخشێنین، دەبینین سەرکردە و ڕێبەرانی سیاسی کوردستانیش هەر مەلا و زانای ئایینی بوون، هۆکاری هەردووڵاش دەگەڕێتەوە بۆ بوونی خوێندەواری لەناو ئەو دوو چینەدا، واتە هەمیشە کەسانی ڕۆشنبیر و خوێندەوار زووتر لە خەڵکانی ئاسایی هەست بە زوڵم و پێشێلکردنی مافەکان و بۆشایی دەکەن لەناو وڵاتدا، بۆیە ناچار مەلاکان هەندێکجار بونەتە شاعیر، هەم بوونەتە مرۆڤی سیاسیی و پێشڕەوی شۆڕشیان کردووە، بەنموونە (سەیدڕەزا لەباکووری کوردستان، قازمحەمەد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، مەلامستەفای بارزانی لە باشووری کوردستان)، پێش ئەم کەسایەتیانەش خەڵکانی تر هەبوون و ڕێبەری ئایینی و سیاسیش بوون، واتە دوو ئەرکی گرنگیان لەسەرشان بووە و جێبەجێشیان کردووە، هەتا شۆڕشی کورد گەیشۆتە قۆناغی نوێ.

پێش هەڵگیرساندنی شۆڕشی ئەیلول و دروستبوونی هێزی پێشمەرگەی کوردستان، پیاوە ئاینییەکانی کوردستان کار و ئەرکی سەرشانیان هەرچی بووبێت، هیچ بایەخێکی تایبەتیان لەلایەن

دەزگاکانی دەوڵەتەوە پێ نەدراوە، ئەمانە هەمیشە بە هەژاریی و نەبوونی و گوێ پێ نەدراوی دەژیان و گوزەرانیان بەوەوە بەندبوو کە خێرۆمەندان دەیاندانێ.

بەڵام بەهۆی دروستبوونی شۆڕشی ئەیلول و بوونی ڕێبەرێکی وەک (مەلا مستەفا بارزانی)، وەرچەرخانێک لە ژیانی پیاوە ئاینییەکاندا ڕوویدا، ژیانێکی سەربەرزانەیان بۆ دابینکردن خرانە سەر ڕێی خزمەتکردنی گەل و کۆیانکردنەوە بۆ خزمەتکردنی پرسی نیشتیمانی لە ڕێگەی وریاکردنەوەی هاووڵاتیان و هاندانیان بۆ شوێنکەوتنی ئەو ڕەوشتە بەرزانەی کە ئایینی پاک بۆی دەستنیشانکردوون، هاندانی لاوان بۆ چوونە ناو ڕیزەکانی شۆڕش، هاوکات هەر بە دەستپێشخەری بارزانیش بوو یەکێتی زانایانی ئاینی ئیسلامی لە کوردستان ساڵی ١٩٧٠ دامەزرا.

ئاشکراشە تەنها پیاوانی ئاینی ئیسلام ڕوویان لە شۆڕش و هێزی پێشمەرگە نەکردووە، بەڵکو چەندین پیاوی ئاینی تر لە ئاینەکانی(مەسیحی، یەزیدی، کاکەیی و...هتد) ڕوویان لە شۆڕشی کورد کردووە، دەنگی خۆیان خستە پاڵ دەنگی(مەلامستەفا بارزانی)، بۆ نموونە وەک (قەشەی کلدانی پۆڵس بێداری)، کە نوێنەری مەسیحییەکانی کوردستان بوو لە ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕش، کە ئەمانە ڕێزێکی تایبەتیان هەبوو لای بارزانی، کوردە ئێزدییەکانیش لەژێر سایەی شۆڕش و پێشمەرگەدا ئەو ئەمینییەیان دەسگیر ببوو، کە لەوەوپێش بەخۆیانەوە نەدیبوو، وەک چۆن ئایین و مەزهەبەکانی تریش، ئەو بەپیرەوەچوون و بایەخ پێدانەیان لەلایەن شۆڕشەوە بۆ هەبوو.

یەکێکی تر لە شانازییەکانی ڕۆڵی ئاین لەناو شۆڕشدا ئەوە بوو کە هۆشیاری نەتەوەیی بە هەموو ناوچەکانی کوردستانی مەزندا بڵاوکردەوە و، پەیوەندی برایەتیی و هاوکاری لە نێوان گەلی کورد و ئەو گەلانەی تردا بەتین کرد، کە لە خاکی کوردستاندا دەژین و ئازادی جێبەجێکردنی نەریتە ئاینییەکانی بێ سانسۆر لەسەردانان و سنور دیاریکردن بۆ هەموو گرووپە ئاینیی و مەزەبیە جیاجیاکان دەستەبەرکرد(٣).

بۆ نموونە ئەگەر باس لە مەسیحییەکانی کوردستان بکەین بەگشتی لە دێر زەمانەوە هاوکاری تەواوی خەڵکی کوردستان و شۆڕشی کوردبوون، لە بیرەوەری جۆراوجۆر بەشداری خۆشی و ناخۆشی خەڵکی کوردستانیان کردووە، بە هەموو نەتەوە و چین و توێژێکەوە، هەستی نەتەوایەتیی و ڕۆشنبیریی و کۆمەڵایەتی دەستپێشخەر بووە، سەبارەت بەو ئەرکانەی پێیان ڕاسپێردراوە لە ڕووی هاوکاریی و پەیوەندی تەبایی لەگەڵ هێزی پێشمەرگە و شۆڕشەکانی کوردستان لە کات و ساتی خۆیدا یارمەتی تەواوی براکانیان داوە بە هەموو توانایان بۆ پەرەسەندنی وەرگرتنی مافی نەتەوایەتی، بارزانی وەک سەرکردە و ڕێبەرێکی شۆڕشی کورد بە هیچ شێوەیەک جیاوازی نەکردووە لە نێوان ئایینەکانی کوردستاندا، هەوڵی ئەوەشی داوە بە هەموو توانایەک پشتگیری لە ماف و داواکاری مەسیحییەکان بکرێت، لێرەدا مێژوو زۆر شتمان بۆ باس دەکات کە مرۆڤی خەباتگێڕ و دڵسۆزیان لێ هەڵکەوتووە لەوانە: هرمزفلک، مارگرێت لە دەڤەری دهۆک(٤).

لە دوای نسکۆی شۆڕشی ئەیلولەوە شۆڕشی نوێ دێتەکایەوە، کە حیزب و لایەنی تر لە باشوری کوردستاندا دروست دەبن، ئەمانیش هەر هەڵگری پەیامی ڕێبەرانی پێش خۆیانن و درێژەپێدەری خەباتی پێکەوەژیان دەبن لەناو شۆڕشی نەتەوەیی کورددا، ئەگەر وەک نموونە تەماشای هەڵوێستی بەشێکی زۆر لە ڕێبەرانی سیاسی کوردستان بکەین لەم ڕووەوە دەبینین کە چەندە پەرۆشی پاراستنی گیانی پێکەوەیی بوون لە کوردستاندا، هەمیشە هەوڵیانداوە ڕیزەکانی گەلی کوردستان ڕێکبخەن و کەلێن و جیاوازی نەهێڵن لە نێوانیاندا. ئایین هیچ

کاتێک نەبووەتە خاڵی جیاکەرەوە لەناو ئەندامەکانی شۆڕشدا، بەپێچەوانەوە ئەو فرە ڕەنگییە لە کوردستاندا شۆڕشی کوردی جوانتر کردووە، ئەم پێکەوەکارکردنە شۆڕشگێڕییە لەوانەیە نموونەیێکی دەگمەن بێت لە مێژووی جیهانی سیاسیدا، جێگای خۆیەتی تەواوی دانیشتوانی کوردستان شانازی پێوەبکەن.

لەناو شۆڕشە یەک لە دوای یەکەکانی کوردستاندا، هەرگیز ئایین نەبووەتە کێشەیەک بۆ تاکەکانی خەڵکی کوردستان یان ببێتە خاڵێک و مەرجێک بۆ وەرگرتن لە ڕیزەکانی شۆڕشدا، هەرگیز لە ئایین و مەزهەبەکەی نەکۆڵراوەتەوە و بزانن سەر بە چ ئایین و ڕێگایەکە، بۆ ئەو مەبەستە سەرکردایەتی شۆڕشی کورد دەیگووت: (مەسەلەی ئایین پەیوەندییەکە لە نێوان خودا و مرۆڤدا، مرۆڤ ئازادە بە چ ڕێگایەک و ئایینێک پەیڕەوی فەرمانەکانی خودا بکات، کێشەی کورد کێشەیەکی نەتەوایەتییە، ئێمە هەرگیز لەسەر ئایین کێشەمان لەگەڵ کەسدا نەبووە). بۆیە دەبینین نەک لەناو هێزی پێشمەرگەی کوردستاندا، بەڵکو هەندێکجار لەناو یەک دەستەی پێشمەرگەدا زیاد لە دوو تا سێ ئایینی جیاواز هەبووە، بەبێ ئەوەی هیچ یەکێک لەو پێشمەرگانە هەست بەو جیاوازییە بکات، یان هەستی یەکتر بریندار بکەن، پێکەوە چوون بۆ جەنگی پارتیزانی، کەمین، جەولەی درێژخایەنیان کردووە، هەریەکەشیان لەهەمانکاتدا ئەرکی ئاینی خۆیان بەجێ گەیاندووە. بەڕاستی ئەمەش یەکێکی ترە لە شانازییەکانی شۆڕشەکانی کوردستان، کە هەردەم گیانی پێکەوەژیانیان لە کوردستاندا بڵاوکردووەتەوە، فرە ئایینیان لا پەسەند بووە، شۆڕشی کورد هەمیشە هەڵگر و پارێزەری ماف و ئازادییەکانی گشت پێکهاتە ئاینییەکان بووە لە کوردستاندا.

بێگومان ئایین لە هەموو دنیادا دیاردەیەکی دیار و بەرچاوە، خوێنی زۆر لەسەر ئایین و بەناو ئاینییەوە لەسەر ئەم زەمینەدا ڕژاوە! خۆشبەختانە کوردستان هەمیشە شوێنی لێبووردن و پێکەوەژیانی پێکهاتە ئایینی و مەزهەبیی و نەتەوەییە جیاوازەکان بووە، بۆیە شتێکی ئاساییە تاکەکانی ئەم کۆمەڵگایە بەبێ جیاوازی دەستییان بە هەر پلە و پۆستێک بگات لەم وڵاتەدا.

ئەم پێکەوەژیان و فرە ئاینییە لە کوردستاندا مێژوویەکی دێرینی هەیە و وەک دیاردەیەکی باش لایەنە جیاوازەکان لە کوردستاندا بەردەوام نوێی دەکەنەوە و لەگەڵ ژیان و پێشکەوتنی سەردەمدا پەیڕەوی دەکەن و دەستبەرداری نابن، بەڵکو نەوە لە دوای نەوە بە ئەمانەتەوە دەیگوازنەوە.

لە ڕابردوودا شۆڕشەکانی کورد مەرجی وەرگرتنی ئەندامانیان بریتی بووە لە ئازایەتیی و مرۆڤدۆستی و لە خۆبوردن و کوردایەتی، هەرگیز بڕوایان بە ئەدگاری ڕواڵەتی نەبووە و بە کردەوە مامەڵەیان لەگەڵ تاکەکاندا کردووە، ڕێزیان لە هەموو ئاینەکان گرتووە و بەچاوی ڕێزەوە تەماشای شوێنە پیرۆزەکانیان کردووە.

شۆڕشگێڕانی کوردستان هیچ کاتێک خۆسەپێن نەبوون، هەمیشە هەست و دڵی جەماوەرییان ڕاگرتووە، شۆڕشگێڕێکی کوردستانی لە هەر ئاینێک بووبێت و چووبێتە نەزەرگە و شوێنی پیرۆزی هەر پەیڕە و ئاینێکی تر، ئەوا وەک کەسێکی بڕوادار بەو ئاینە مامەڵەی لەگەڵ خەڵک و شوێنە پیرۆزەکاندا کردووە.

سەرکردە و ڕێبەرەکانی کوردستان هەرگیز بەهۆی چەک و دەسەڵاتیانەوە خۆیان بەسەر خەڵکدا نەسەپاندووە، ئەم خەسڵەت و تێڕوانینەیان لە ئایین و بیروباوەڕ وایکردووە کە هەموو جۆرە ئایین و بیروباوەڕێک لە خۆیان کۆبکەنەوە بەبێ جیاوازی، بۆ نموونە کاتێک ئەرک و ماف بە ئەندام و لایەنگرێکی شۆڕش دراوە، ڕەچاوی ئاینی نەکراوە، بەڵکو پێوانە بۆ بەرزبونەوەی پلەوپایە لەناو شۆڕشدا دا(ئازایەتی و دڵسۆزی)بووە، واتە

هەرگیز ئایین نەبووەتە ڕێگر لە وەرگرتنی پلەی بەرپرساریەتیدا، جیاوازی ئاینی لەناو فەرماندە و پێشمەرگەدا هەستی پێ نەدەکرا، ئەوە لەکاتێکدا سەدان نمونەی دیار و ئاشکرا دەبینین لە دنیای سیاسی دوێنێ و ئەمڕۆی زۆر لە نەتەوە و گرووپ و تاقمەکانی ناو بزوتنەوە بەرهەڵستکارییەکانی وڵاتانی جیهاندا کە پلەوپایە و دەسەڵات قۆرغکراوە بۆ خۆیان و بەبیانوی ئاینیی و ڕێبەری ڕوحییەوە لەسەر کورسی دەسەڵاتن و هەرگیز دەستبەرداری نابن و بەجێی ناهێڵن!

لێرەدا بە پێویستی دەزانین ئاماژەیەک بە حیزبە ئیسلامییەکان بدەین، کە ئەوانیش لە نیوەی دووەمی سەدەی بیستەمدا ڕۆڵی بەرچاویان هەبوو شانبەشانی حیزب و لایەنەکانی تری گۆڕەپانی شۆڕشی چەکداری لە باشووری کوردستاندا، هەر لە سەردەمی دروستبوونی بزوتنەوەی ئیسلامییەوە لە ساڵی ١٩٨٧وە، مامۆستا عەلی باپیری ئەمیری کۆمەڵی ئیسلام کە لەو سەردەمەدا بەرپرسی هێزی(حەمزە) دەبێت لە بناری قەندیل، لە ساڵی ١٩٨٨دا نامیلکەیەک دەنوسێت بەناونیشانی (پێشمەرگەی ئیسلام)، لە خاڵی یەکەمی (ل١١)دا بەناونیشانی (پێشمەرگەی ئیسلام یان مسوڵمانی موجاهید کێیە؟) نووسیویەتی((وشەی پێشمەرگە وشەیەکی بەرز و پیرۆزە، چونکە لە سەرەتای دەستپێکردنی جموجوڵ و شۆڕشی ئازادیخوازانەی گەلی کوردی مسوڵمانەوە داهێنراوە، وشەیەکی پڕ بەپێستیشە بۆ نیشتمانپەروەر و گەلپەروەر کە ئامادەیە سەروماڵی خۆی بەخت بکات لەپێناوی ئازادی و ڕزگاری گەلەکەیدا، پێغەمبەر(د.خ) دەفەرموێت:(هەرکەسێک لەسەر قبوڵ نەکردنی ستەم بکوژرێت ئەوە شەهیدە)(٥).

هەروەک پێشتر ئاماژەمان پێکرد، زۆربەی ڕێبەر و سەرکردە کوردەکان بەتایبەت لە کۆتایی سەدەی نۆزدە و نیوەی یەکەمی سەدەی بیستەمدا مەلا و پیاوانی ئاینی بوون و مسوڵمان بوون، بەنمونە مستەفا بارزانی لە ڕووی ئاینییەوە پیاویکی بڕوادار و دۆستی زانایانی ئاینی بووە، تەنانەت لە ساڵی ١٩٧٢دا بەشداری کۆنگرەی زانایانی ئاینی ئیسلامی لە (گەلاڵە) کردووە و لە وتەیەکدا هەڵوێستی خۆی بەرامبەر بە ئایین نیشانداوە و گوتوویەتی:(ئەمن نەشێم هیچ قسەیەک لە حزوور ئەو عولەمایانە بکەم، تەنها من ئەوەندە دەڵێم: ئێوە عەمەل بە قورئانی پیرۆز بکەن، منیش کوتەکێکم بەدەستی ئێوە بۆ تەنفیزی ئەمری خودا!)(٦).

لە کۆتاییدا دەڵێم، کوردستان هەمیشە وڵاتی ئاین و ئاینزاکان بووە، شۆڕشە یەک لە دوای یەکەکانی کوردستانیش لە هەموو کات و سەردەمێکدا ڕێزیان لە ئایین و پیاوانی ئاینی گرتووە بەبێ جیاوازی، ئەم خەسڵەتە جوانەش هەڵگری مۆرکی کوردانەیە و هەمیشە شانازی پێوە دەکرێت.

**سەرچاوە و پەراوێزەکان**

(١) نەوشیروان مستەفا ئەمین: حکومەتی کوردستان،-کورد لە گەمەی سۆڤیەتیدا، چاپی دووەم،-سلێمانی، ٢٠٠٦،-ل١٥٧.
(٣) مسعودبارزانی: بارزانی و بزوتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد، بەرگی سێیەم، بەشی دووەم، ل٢٢٦.
(٤) بابەتی مامۆستا ئیسحاق خۆرانی، گۆڤاری(هەورێ)، ژمارە( ٢)، ٢٠٠٥، ل ٣٠.
(٥)دیدار لەگەڵ مامۆستا عەلی باپیر-ئەمیری کۆمەڵی ئیسلامی، بارەگای تایبەتی خۆی،-هەولێر، ٢٠١١/١٠/٣٠.
(٦) عیززەت سلێمان دەرگەڵەیی: کۆنگرەی٩٠ ساڵەی لەدایکبوونی بارزانی نەمر، ل٢٨٢.



# بابەتی گشتی



# کلتوور

## لە نێوان وەرگرتن و ڕەتکردنەوەدا

### (توێژینەوەیەکە لە میتۆدە جیاوازەکانی "چۆنێتی مامەڵەکردن لەگەڵ کلتووردا" دەکۆڵێتەوە)




**پ.ی.د کامەران محەمەد**

لەدایکبووی ١٩٧٦ سلێمانی، دکتۆرا لە فەلسەفەی مێژوو، خاوەنی پێنج کتێبی چاپکراو و چەندین توێژینەوەی بڵاوکراوەیە.

**بەشی یەکەم/ ناساندنی کلتوور**

**بنەڕەتی وشەی کلتوور:**

وشەی کلتوور (Culture) لە وشەی لاتینی (Culture)ەوە و لە فەرمانی (Colere)ەوە وەرگیراوە(١). لە فەرهەنگی زمانی ئینگلیزیشدا بە چەند واتایەکی جیاواز بەکارهاتووە و لە ئەنجامی بەرەو پێشچوونی کۆمەڵ و کۆمەڵگە واتای نوێی لێداتاشراوە، بەشێوەیەک پەلوپۆی بۆ چەند کایە و بوارێکی جیاجیا و جۆراوجۆر هاویشتووە.

کلتوور لە سەرەتادا بەواتای (کێڵان)ی زەویی و گەشەکردنی رووەک و گیانداران تێیدا بەکارهاتووە(٢)و بە درێژایی هەردوو سەردەمی فەرمانڕەوایەتی گریگ و رۆمانەکان ئەم وشەیە مانای کیڵان و چاندنی زەوی دەگەیاند. دواتر بەواتای گەشەکردن یاخود بەرەو کامڵبوونی ژیری بە فێربوون و کارکردن لەسەری بەکارهاتووە، بۆیە (شیشرۆن) بە کەسێکی پێشەنگ دادەنرێت لە بەکارهێنانی ئەم واتایە و بانگەشەی فەلسەفەی (Culturaments)ی بۆ چاندنی ژیریی و نەشونماکردنی کردووە.

بێگومان ئەم وشەیە بەواتای (دروێنە) یاخود بەرهەمی کرداری چاندنیش بەکارهاتووە. لێرەدا گەر بەدوای یەکدا واتاکان دابنێین: (کیڵان چاندن دروێنەکردن (بەرهەم)).

لێرەوە ئەوە لە هزرماندا دروست دەبێت کە کلتوور ئاڕاستەیەکی هەڵکشانی هەیە. واتە سیفەتێکی (پێگەیشتن و کامڵبوون و کەڵەکەبوون)ی هەیە.

هەروەها وشەی کلتوور بەواتای رۆشنبیرکردن و پاککردنەوە (تهذیب)و چاودێریکردن بەکارهاتووە. کە لە فەڕەنسا و لە سەدەکانی ناوەڕاستدا بۆ کەش و سرووتە ئاینییەکان بەکاردەهات.

لە سەردەمی (ڕێنیسانس)و ئەو گۆڕانکارییە مەزنانەی بەسەر ئەورووپای سەدەکانی ناوەڕاستدا هات و سەرەنجام وەرچەرخانێکی مەزنی لێکەوتەوە، بەتایبەت لە بواری هونەر و زانستەکاندا. وشەی کلتوور پەلی هاویشتە کایە هونەرییەکانەوە، بەشێوەیەک بەکارهێنرا کە تەنها لە مەدلولە هونەریی و وێژەییەکەیدا بەند بوو. هەروەها ئەم وشەیە لە سەرەتای سەردەمە نوێیەکاندا بە زمانی ئینگلیزیی و فەرەنسی بە هەردوو واتای ماددیی و عەقڵانییەوە بەکاردەهێنرا، جگە لە بۆ زیادکردنی هەرشتێک کە مەبەست لێی پەرەپێدان بێت وەک زیرەکی زانیاری- شارەزایی- کشتوکاڵ...).

پێویستە ئاماژە بەوەش بکەین کە کلتوور بە واتای شارستانێتی یاخود بە قۆناغێکی دیاریکراو لە قۆناغەکانی بەرەوپێشچوونی شارستانێتی گەلێک یاخود نەتەوەیەکی تایبەت بەکارهاتووە. بەڵام لە فەرهەنگی زمانی ئینگلیزیدا زیاتر وشەی (Civilization) بۆ شارستانێتی و ژیانی مەدەنیی و گەشەکردنی تەکنەلۆژیی و.. تاد بەکارهاتووە. نەک وشەی (Culture(١٨)).

بەڵام لە زمانی کوردیدا زیاتر وشەی فەرهەنگ لە بەرامبەر وشەی کلتوور بەکارهاتووە، کە لە فەرهەنگەکانی زمانی کوردیدا بەواتای (ئاوەز، عەقڵ، زانیاریی و زانست بەکارهاتووە). بەڵام لەبەرئەوەی وشەی، کلتوور لە زمانە ئەورووپییەکاندا خاوەن واتا و پەرەسەندنی مێژوویی خۆیەتی و لە زمانی کوردیدا بەوشێوازە نییە، بۆیە ئێمە لەم توێژینەوەیەدا هەر وشە ئینگلیزییەکەمان بەکارهێناوە.

**چەمکی کلتوور:**

لە ساڵی (١٩٥٢)دا دوو ئەنسرۆپۆلۆژی ئەمەریکی (١٥٠) پێناسەی کلتوور و چەندین نووسینییان لەسەر کلتوور –کە خەسڵەتێکی پێناسەییان هەبوو کۆکردەوە. هەڵبەتە ئێستا ئەو پێناسانە لەو سنورەدا نەماونەتەوە و گەلێک زیاتر بوون. بوونی هەموو ئەو پێناسانە ئەوە دەگەیەنێت کە ئەو زاراوەیە زۆر ئاڵۆزترە لەوەی بە چەند

وشەیەک گوزارشتی لێبکرێت.

یەکێک لەو پێناسە گوزارشتییە سەرەتاییانەی کە بۆ کلتوور کراوە و تا ئەندازەیەک گشتگیرێتی پێوەدیارە، ئەو پێناسەیە بوو کە لە ساڵی (١٨٧١) لەلایەن (تایلۆر- E. B. Taylor)ەوە خرایەڕوو. ئەو لەو باوەڕەدابوو کلتوور بریتییە لە گشتێکی ئاڵۆز لە زانست و زانیاریی و هونەر و هزر و بیروباوەڕ و یاسا و دیسپلین و دابونەریت و ترادیسیۆنەکان، بە کورتی گشت ئەو فێربوون و نەریتانەی کە مرۆڤێک وەک ئەندامێکی کۆمەڵگە وەریدەگرێت(٢).

هەروەها (گوستاف کلیم – Gustav Klemm) بە یەکێک لەو زانا بەراییانە دادەنرێت کەوا کلتووریان بەوە پێناسەکردووە، کە بریتییە لە کۆمەڵێک نەریت، زانیاری، کارامەیی، ژیانی تایبەت و گشتی، لەکاتی ئاشتی و جەنگدا، هەروەها ئایین و زانست و هونەر، ئەوەش لە گواستنەوەی تاقیکردنەوەکانی ڕابردوو بۆ نەوە نوێیەکان خۆ دەنوێنێت. لێرەدا پێویستە ئاماژە بەڕای (سبنسەر) بکەین لە کتێبی (بنەماکانی کۆمەڵناسی)دا، ئەو کلتووری وەک کایەی (سەرو جەستەیی – Super Organic) مرۆڤ ناوبردووە و مەبەستی جیاکردنەوەی کەلتور بوو لە هۆکارە جەستەیی و سروشتییەکان، ئەو لەوباوەڕەدابوو کایەی سەرو-جەستەیی تایبەتە بە مرۆڤ. ئەمە لەکاتێکدا مرۆڤ لەلایەنی دووکایەکەی دیکەوە (سروشتیو جەستەیی) لە گیانلەبەر دەچێت.

(حوسەینی خەلیقی)ش دەربارەی کلتوور دەڵێت: (شیرەی ژیانی کۆمەڵایەتییە و لە گشت بیرو بۆچوون و ئارەزوو تێکۆشانەکانی ئێمەدا ڕەنگدەداتەوە.

کلتوور بەشێوەیەکی تایبەتی پەیوەندی بە هەڵسوکەوتی مرۆڤایەتییەوە هەیە – هەندێکجار بە بەرهەمەکانییەوە وەک ئامرازی کار و دەربڕینی هونەریی و.. تاد، تایبەتمەندی مرۆڤایەتی پەیوەندی بە خەسڵەتی وەرگرتن و فێربوونی کلتوورەوە هەیە، کە بەهۆیەوە ڕووبەڕووی ئەو هەڵسوکەوتانەی لە لەدایکبوونەوە لەگەڵیدایە دەبێتەوە. مرۆڤ چەندین هەڵسوکەوتی بۆ ماوەیی هەیە، ئەوەش ئەو هەڵسوکەوتانەن کە بەهۆی هاندەرێکەوە کە لە دەوروبەر وەرنەگیراوە دەردەبڕێت. چەندایەتی هەڵسوکەوتی بۆ ماوەیی مرۆڤ زۆر کەمن و زۆرینەی هەڵسوکەوتەکانی مرۆڤ وەرگیراون.

بەواتایەکی تر فێربوونی کلتوور لە ڕێگەی مرۆڤەکانی دیکەوە دەبێت. فێرکردنیش بەهۆی پەیوەندییە بەرامبەرەکان لە نێوان مرۆڤەکاندا شێوە وەردەگرێت. کلتوور بە ڕێگەی بۆماوەیی ناگوازرێتەوە، بەڵکو بەرهەمێکی کۆمەڵایەتییە. هەر کۆمەڵگەیەکیش تاکەکانی ڕووبەڕووی ئەو تاقیکردنەوانە دەکاتەوە کە تایبەتن بە خودی ئەو کۆمەڵگەیەوە. بۆیە کلتوور بەدیهێنەری ئەو قارەمانانەیە کە بۆ ئەوانیتر دەبن بەسەر مەشق. بۆیە سنووری ئەرکەکانی کلتوور زۆر فراوانە. لەبەرئەوەی مرۆڤ دەتوانێت لەسەر ئەزموونی نەوەی پێشوو بنیاتبنێت، ئەمە ئەوە دەگەیەنێت دەشێت کلتوور لەسەر یەکتر کۆببێتەوە.

کلتوور لایەنی وای تێدایە کە ئەو کەسەی ئەو کلتوورە هەڵدەگرێت، هەرگیز بە تەنها نەیدەتوانی بیزانێت و پێیبگات، چونکە کلتوور (بەشێکی) دۆزینەوەکان و ئەزموونەکانی سەدەها نەوەی پێشووی تێدایە.

هەروەها کلتوور تەنیا کۆمەڵێکی کەڵەکەبوو لە دابونەریت و شێوە جیاوازەکانی ژیان نییە، بەڵکو سستمێکی ڕێکخراوە لە ڕەفتارەکان، یان شێوەی گشتی ژیانی گرووپێک یا چەند گرووپێکە لە خەڵک. ڕەگەزەکانی کلتوور وەک دابونەریت و بیروباوەڕەکان و بەها و بیرورا هاوبەشەکان، مرۆڤەکان بەیەکەوە دەبەستێتەوە و ناسنامەی کۆمەڵایەتیان پێدەبەخشرێت. چونکە کلتوور سەبارەت بە هەڵسوکەوتی مرۆڤە وەک ئەندامێک

لە گرووپێکدا، لێرەدا پێویستە ئەوە بڵێین هەموو هەڵسوکەوتێکی مرۆڤ راستەوخۆ هەڵسوکەوتێکی کلتووری نییە. ئەوە پەیوەندی بە هەندێ هەڵسوکەوتەوە هەیە کە لە کۆمەڵگەیەکدا (یاخود بەشێک لەو کۆمەڵگەیەدا) بەکاردەهێنرێت.

بەم هۆیەوەیە کلتوور خەسڵەتێکی دوو لایەنەی هەیە: لەلایەکەوە گشتیشە و گرێش دراوەتەوە بە تاکەکانەوە، ئەوە هەڵسوکەوتی تاکەکانە کە بەهۆیەوە دەتوانین کلتوور ببینین. لەلایەکی دیکەوە پەیوەندی هەیە بەو پرۆگرامە هەڵسوکەوتییانەی کە سەربەگشتی بوونی تاکە و بە هۆیەوە خەسڵەتێکی سەرو تاک وەردەگرن. هەندێ لایەنی ئەو پرۆگرامە سەرەڕای ئەوەی دەتوانرێت پەیوەندی بە تاکێکەوە هەبێت، بەڵام بەهۆی خەسڵەتی پرۆگرامێتیانەوە بوون بە کلتوور.

لێرەوە دەتوانین بڵێین ئەگەر کلتوور پەیوەندی بە کۆمەڵێک مرۆڤی تایبەتەوە هەبێت ئەوە دیاریدەکات کە هیچ کۆمەڵگەیەک لە بارەی کلتوورەوە چوونیەک نییە، تا کۆمەڵگەش ئاڵۆزتر بێت، جیاوازی کلتوور گەورەتر دەبێت. ئەوەی لە کۆمەڵگەیەکدا سەر بەکلتوور نییە دەشێت لە کۆمەڵگەیەکی دیکەدا سەر بە کلتوور بێت.

بۆ نموونە خۆکوشتن لە کۆمەڵگەکانی خۆرئاوادا وەک کلتوور نابینرێت –هەرچەندە ئەمە شیدەکرێتەوە و لە سنورێکی دیاریکراودا پێشبینی دەکرێت، کەچی ئەم دیاردەیە لە کۆمەڵگەی دیکەدا وەک لەنێو چەند گرووپێکی تەقلیدی کۆمەڵگەی یابانیدا پیادە دەکرا، تەنانەت وەک کاردانەوەیەک لە بارێکی دیاریکراودا دەخواسترا، لەو بارانەدا چاوەڕوانی دەکرا ئەو کەسە پێی هەڵبستێت، بۆیە ئەوە کلتوور بوو.

هەروەها هەندێک لە ئەزموونەکان – لەگەڵ جیاوازی گرووپ و نەتەوەکاندا لە تەواوی کلتوورەکاندا هاوبەشن، لە هەموو شوێنێکی جیهاندا چاودێری منداڵان دەکرێت و خواردنیان بۆ دابین دەکرێت و لەنێو گرووپە مرۆییەکاندا دەژین و لەرێی زمانەوە شێوازی بەرقەرارکردنی پەیوەندییەکان فێردەبن. جۆرەها سزا و پاداشت تاقیدەکەنەوە و لە زۆر لە ئەزموونەکانی تردا لەگەڵ هەموو مرۆڤایەتیدا هاوبەشن.

هەروەها بە پێویستی دەزانم لێرەدا سەرنج لەو خاڵە بدەین کە لە زۆربەی کتێبە کۆمەڵناسییەکاندا کلتووریان بۆ ماددیی و نامادیی دابەشکردووە. ئەم دابەشکردنە لایەنێکی زەینی هەیە و بە کەمێک لێوردبوونەوە تێبینی دەکرێت کە ئەم جیاوازییە، تارادەیەک نەشیاوە، چونکە لە شوێنەوارەکانی کلتووری ماددیدا کە بەشێوەی دروستکراوەکانی مرۆڤ دەخرێنە ڕوو سیمای کلتووری مەعنەویش دەردەکەون. هەروەها بەرهەمەکانی کلتووری مەعنەویش لە زۆرینەی کاتەکاندا بەشێوەی ماددی دەردەکەون کە دەستی دروستکەری مرۆڤ (چ بەشێوەی گوازراو و چ نەگوازراو) لە گواستنەوەی کلتووری ماددیدا و زمان و خەت لە گواستنەوەی مەعنەویدا ڕۆڵێکی زیاتریان هەیە(١).

ئێمە لەم بوارەدا لەگەڵ (ئالان بیرو) لەبارەی پۆلێنکردنی کلتوورەوە هاوڕاین. ئەو پێیوایە زاناکان لە دوو ڕەهەندی جیاوازەوە بایەخ بە کلتوور دەدەن:

١- کلتوور وەک (واقیعێکی بابەتی) وەک ئەو بەرهەمانەی کە جێبەجێکراون، یاخود هەموو ئەو شتانەی وەک بەرهەم یا ئەنجام دەخرێنە ڕوو بەدەستدێن.

٢- کلتوور وەک واقیعێک کە خەڵک لەگەڵیدا دەژین، بەشداربوون لە زنجیرە کاروبارێکی بەردەوام و بە بزاوت، کۆمەڵێک بەهای پڕ جموجۆڵ (مۆدیلە کلتوورییەکان).

تایبەتمەندییەکانی کلتوور:

کلتوور بە جیامەندییەکی گرنگی مرۆڤ دادەنرێت کە لە تێکڕای بەدیهێنراوەکانی دیکە جیای دەکاتەوە. بەڵام کلتوور چوونیەک نییە و وابەستەی

کات و شوێنە، بۆیە بۆ ئاسانی لێکۆڵینەوە دەتوانین کلتوور لە ڕووی کاتەوە دابەشبکەین و بیدەینە پاڵ سەردەمێکی مێژووەوە وەک کلتووری کۆن، کلتووری هاوچەرخ، کلتووری ئەم سەردەمە و کلتووری ئەو سەردەم و... تاد. یاخود لە ڕووی شوێنەوە بە کلتووری گوند، شار، وڵات، ناوی ببەین. بەڵام کلتوورەکان تایبەتمەندییەکانی خۆیان، لەوانەش گۆڕانیان لە هەمان ساتی وابەستەیی بە کات و شوێنەوە دەپارێزن.

هەروەها هەموو کۆمەڵگەیەکی مرۆڤایەتی ـ بچووک بێت یاخود گەورە- کلتوورێکی تایبەت بە خۆی هەیە، بەڵام ئەو کلتوورانە وەک یەک نین و جیاوازی فراوان لە نێوانیاندا بەدیدەکرێت، بەڵام لە تێکڕای کلتوورەکاندا چەندەها تایبەتمەندی گشتی هەیە. ئەو تایبەتمەندیانە پێشتر و هەنوکە لە سەرجەم شوێن و کاتێکدا ئامادەییان هەبووە و بەو جیامەندییە گشتیانە دادەنرێت کە کلتوورێکی لە غەیری خۆیی و کاروبارەکانی دیکەی پێ جیادەکرێتەوە. بۆیە دەتوانین تایبەتمەندییەکانی کلتوور لەم خاڵانەدا چڕبکەینەوە:

**مرۆڤێتی:**

کلتوور خاوەن مۆرکێکی مرۆییە و دیاردەیەکی وابەستەیە بە مرۆڤەوە بە تەنها، مرۆڤ بەوپێیەی بوونەوەرێکی ژیرە و لە تێکڕای بوونەوەرەکانی دیکە بەتوانا ژیریی و داهێنانەکانی جیادەکرێتەوە و لەم تایبەتمەندیەدا هیچ بەدیهێنراوێکی دیکە هاوبەشی ناکات. مرۆڤ لە ژیاندا چەندەها قۆناغی مێژوویی تێپەڕاندووە، بە ساکاریێتی و سەرەتایی بوونی ژیان دەستپێکردووە و بەرەو ئاڵۆزییەکانی سەردەمی تەکنەلۆژیا هەنگاوی ناوە و بەردەوام لە بەرەوپێشچووندا بووە. ئەو پێشکەوتنە بەرچاوە بەرهەمی ئەو ژیرییەیە کە مرۆڤ دارایەتی و دەتوانێت بیری پێبکاتەوە و بەسوودوەرگرتن لە ئەزموونەکانی پێشین و تێپەڕاندنی ئەو ئەزموونانە ژیانی بەرەو پێش بەرێت و کۆشکی ژیان بەرزتر بکاتەوە. بەواتایەکی دیکە مرۆڤ گەنجینەی کەڵەکەبووی بیروباوەڕ و دابونەریت و سیستم و داهێنانەکانی پێکهێناوە و نەوە بە نەوە بەشدارییانکردووە لە پێشخستن و فێرکردنی نەوەکانی دواتر. لێرەوە دەگەینە ئەو ڕاستییەی کە کلتوور مرۆییە و لە دروستکراوەکانی مرۆڤەوە لە ڕێگەی ئەویشەوە نەبێت ناگوازرێتەوە.

بەم شێوەیە دەتوانین بڵێین لەبەرئەوەی کلتوور بەرهەمێکی مرۆییە (ڕێژەیی)و (زەمەنییە) لەبەرئەوە شایستەی وەرگرتن و ڕەتکردنەوەیە.

لێرەدا دەبێت ئاماژە بە خاڵێکی گرنگ بکەین کە زۆرجار ئاڵۆزی لە تێگەیشتنی کلتووردا دروستکردووە، ئەویش بریتییە لەوەی هەندێک توێژە (دەقی ئایینی) یاخود (سروش –وحی) وەک چاوگ و ئامادەبوویەکی بەردەوام بۆ کلتوور زیاد دەکەن. بێگومان ئەوە ئاڵۆزییەکەی ئەوەندەیتر گەورە کردووە. بۆیە جێی خۆیەتی هەڵوێستەیەک بکەین و پێیدا بچینەوە و سنوورەکانیان دیاری بکەین. بۆئەوەی ئەو ڕاستییەمان لا بەرجەستە بێت کە ئایا کلتوور هەر مۆرکێکی مرۆڤێتی هەیە؟ یاخود دەقی ئاینیش دەگرێتەوە؟ ئەوکاتە کلتوور دوو پاشخان (مەرجەع)ی دەبێت: یەکەمیان مرۆڤێتیبوونە کە بەندە بە بەدەستهاتووە (مێژوویی)و (پۆزەتیڤی – وضعیة)یە، دووەمیشیان بەندە بە (دەقی ئایینی)و (سروش)ەوە.

بێگومان هەندێک دەڵێن ئەم دووانە ناکرێت لێکجیابکرێنەوە، بەڵام بەلای ئێمەوە پێویست بە جیاکردنەوە دەکات، چونکە:

**یەکەم:** کلتوور بەگشتی بەرجەستەبوونی (سروش) یاخود درێژبووەوەی (دەقی ئایینی) نییە، چونکە چەندەها کەش و کایەی گرنگی تێدایە کە بە کاریگەرییەکی مرۆیی و ئازادانەوە بەرهەم هاتوون، بەبێئەوەی دەقی ئایینی هیچ جۆرە دەستێوەردانێکی تێدا هەبووبێت.

# داهێنان لە گرنگترین هۆکارەکانی پرۆسەی گۆڕانی کلتوورییە.

**دووەم:** تێکەڵکردنی ئەم دووانە (مرۆڤێتی)و (دەقی ئایینی) زاڵبوونی مۆرکی مرۆیی بەسەر (دەق)ەوەی لێبەرهەم دێت.

سێیەم: ڕێبازی (جیاکردنەوە)، (دەق) لە خڵتە و لادان و ناشرینییەکانی مێژوو دەرباز دەکات و بەرپرسیارێتییەکە دەخاتە ئەستۆی مرۆڤەکانەوە، ئەویش بەوپێیەی کە مرۆڤ ئازادی خۆیی و ئەزموون و بەرپرسیارێتی مێژوویی لەئەستۆدایە، تەنانەت ڕێگەش بۆ مرۆڤ خۆش دەکات کە پەی بە ئاسۆکانی (دەق) یاخود ئاسۆکانی (سروش) یا هەردووکیان ببات.

بەم شێوەیە کلتوور داهێنراوێکی مرۆیی ڕووتە، ئەوەش وامان لێدەکات هەموو ڕووەکانی بەپێدراوە مێژووییەکانەوە ببینین. واتە کلتوور پەیوەستە بە خودی مرۆڤ و مەرج و بارودۆخە مێژووییە گۆڕاوەکانی (چ بەرەوپێشچوون بێت یاخود دواکەوتن). ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە کلتووری سەردەمێک لە سەردەمەکان ناتوانێت (کلتوورێکی نەمر) بێت و بەدرێژایی سەردەمەکانی دوای خۆی بکرێتە سەرمەشق و چاوی لێبکرێت و جێبەجێبکرێت. واتە هەموو نەوەیەک کلتووری مێژوویی خۆی بەرهەم دێنێت و نەوەکانی دوایی باش و گونجاوەکانی لێوەردەگرن و خراپ و نەگونجاوەکانیش ڕەتدەکەنەوە.

**گشتگیرێتی:**

گشتگیرێتی لە گرنگترین و بنەڕەتیترین تایبەتمەندییەکانی کلتوورە، چونکە لەلایەکەوە هەژموونی هەر کلتوورێکی بەشێوەیەکی گشتگیر دەتوانێت باڵبکێشێت بەسەر سنوورەکانی خۆیدا.

لەلایەکی دیکەوە کلتوور گشتێکی ئاڵۆز و جیاواز و جۆراوجۆرە و چەندەها لایەن و بواری وەک هزر و دەق (ئاینی نا)و عیرفان و ویژدان و زانستە سروشتی و مرۆڤایەتییەکان و هونەرو یاساو سیاسەت و نەریت و ترادسیۆن و.. تاد لەخۆدەگرێت، لەبەرئەوە ماهیەتێکی ئاڵۆزی هەیە و پێویستی بە توێژینەوە و خوێندنەوەی ورد هەیە، بۆیە نەخوێندنەوەیەکی ورد گشتگیری لایەن و بوارەکانی کلتوور هەمیشە دەبێتە هۆی نەگەیشتن بە کرۆک و ڕاستی ئەو دۆزانەی پەیوەندیان بە کلتوورەوە هەیە. ئەو توێژینەوانەش کە لەلایەنێکی دیاریکراوەوە دەڕواننە کلتوور و کلتوور لە یەک بواری تایبەتدا چڕدەکەنەوە، هەمیشە ڕووکەشێتی و سادەیی ئادگارێکی بەرچاوی بووە.

بۆیە قەتیسکردنی کلتوورو بینینەوەی لە بوارێکی دیاریکراوی وەک هۆنراوە و بەرهەمی شاعیران یاخود دابونەریتی کۆمەڵایەتی و.. تاد، ئەوا سەرەڕای ئەوەی تێڕوانینێکی نازانستی و نابابەتییە، لەهەمانکاتدا (ستەم)ێکی گەورەیە

بەرامبەر بە کۆمەڵی خاوەن کلتوورەکە ئەنجام دەدرێت و بچووککردنەوەیانە لە ژیاندا. ئەوە سەرەڕای ئەوەی کە ماوەی ئەوە نادات ئەو لایەنە پۆزەتیڤ و بنیاتنەدانەی تێدا زیندو بکرێتەوە و سەرلەنوێ لە پرۆسەی بوژانەوەیەکی نوێی ژیاندا سوودی لێببینن.

**زۆرینەیی بوون و پرۆگرامەیی بوون:**

کلتوور لە کۆمەڵگەدا مولکی زۆرینەیە، واتە کلتوور سەرجەمی بەها و دابوڕەفتاری زۆرینەی مرۆڤەکانی ناو کۆمەڵگەیە و هەڵسوکەوتێکی ڕیزپەڕ (شاز)ی تاکێک لە کۆمەڵگەکەیدا نابێتە کلتوور، چونکە کلتوور دیاریکردنی هەڵسوکەوتی مرۆڤە وەک ئەندامێک لە گرووپێکدا. لەم ڕوانگەیەوە کلتوور خەسڵەتێکی دوو لایەنەی هەیە: لەلایەکەوە گشتییە و گرێش دراوەتەوە بە تاکەکانەوە، ئەوە ڕەفتاری تاکەکانە کە بەهۆیەوە دەتوانین کلتوور ببینین. لەلایەکی دیکەوە پەیوەندی هەیە بەو پرۆگرامە ڕەفتاریانەی کە سەر بە گشتیبوونی تاکە و بەهۆیەوە خەسڵەتێکی سەروو تاک وەردەگرن. هەندێک لایەنی ئەو پرۆگرامە سەرەڕای ئەوەی دەتوانرێت بە تاکێکەوە پەیوەندی هەبێت، بەڵام بەهۆی خەسڵەتی پرۆگرامیبوونیانەوە بوون بە کلتوور. تێکرای ئەو هەڵوێستانەش کە پرۆگرامی نین و (تاکیین) بەشێک نین لە کلتوور. ئەمە ئەوە ناگەیەنێت کە گرنگی بەو هەڵوێستانە نادرێت. هەڵوێستی تاک دەکرێت لایەنێک بێت لەو لایەنە جیاوازانەی کە لە کلتوورێکدا ڕێگەی پێدەدرێت. هەروەها پێویستە ئاماژە بەوەش بدەین کە دەشێت هەڵسوکەوتی ڕیزپەڕ هۆی سترۆکتیوری هەبێت، دەشێت کەسانی دیکە لاسایی ئەو تاکە بکەنەوە و بەهۆیەوە ئەو هەڵسوکەوتە ڕیزپەڕە زۆر بێت و وەک دابێکی کلتووری لێبێت.

**فێربوون و گواستنەوە:**

کلتوور وەک چەمکێکی جیامەند لە هەڵسوکەوتی بایلۆژیی و سایکۆلۆژی، هەڵسوکەوتێکی بەدەستهاتووە. مرۆڤ لە ڕێگەی (تێبینیکردن) لە کەسانی دەوروبەریی و پرۆسەی بەکۆمەڵایەتیبوون فێردەبێت. منداڵان لە گەورەکانەوە فێری ڕەفتاردەبن، واتە کلتوور لە ڕوانگەی بایۆلۆژیەوە بۆماوەیی (وراثي) نییە یاخود ڕاستر بڵێین (جینی) نییە! لەبەرئەوەی کلتوور بەشێوەیەکی تایبەتی پەیوەندی بە هەڵسوکەوتی مرۆڤایەتییەوە هەیە و تایبەتمەندی مرۆڤایەتیش پەیوەندی بە خەسڵەتی وەرگرتن و فێربوونی کلتوورەوە هەیە، کە بەهۆیەوە مرۆڤ ڕووبەڕووی ئەو هەڵسوکەوتانەی پێدەبێتەوە کە لە لەدایکبوونەوە لەگەڵیدایە. مرۆڤ چەندین هەڵسوکەوتی بۆماوەیی هەیە، ئەوەش ئەو هەڵسوکەوتانەن کە بەهۆی هاندەرێکەوە کە لە دەورووبەر وەرنەگیراوە دەردەبڕێت. چەندایەتی ڕەفتاری بۆماوەیی مرۆڤ زۆر کەمن و زۆرینەی هەڵسوکەوتەکانی مرۆڤ وەرگیراون.

مرۆڤ بەهۆی پرۆسەی فێربوونەوە لە ئەزموونی نەوەکانی پێشوو دەتوانێت سوودوەربگرێت. ئەوەش بە (میراتی کۆمەڵایەتی) ناودەبرێت. هەڵبەتە زاراوەی میرات زۆر لە جێگەی خۆیدا نییە. لەبەرئەوەی فێربوونی کلتوور پرۆسەیەکی چالاکانەیە نەک ناچالاک.

بەم شێوەیە لەبەرئەوەی مرۆڤ دەتوانێت لەسەر ئەزموونی نەوەکانی پێشوو بنیاتبنێت، ئەوەش ئەوە دەگەیەنێت کە دەشێت کلتوور لەسەر یەکتر کۆببێتەوە. بۆیە کلتوور لایەنی وای تێدایە کە ئەو کەسەی ئەو کلتوورە هەڵدەگرێت هەرگیز بە تەنها نەیدەتوانی بیزانێت و پێیبگات. چونکە کلتوور (بەشێکی) دۆزینەوەکان و ئەزموونەکانی سەدەها نەوەی پێشووی لە دوو توێدایە.

**سیمبول و زمانی جیامەند:**

گرنگترین لایەنی سیمبولی کلتوور زمانە، واتە گۆڕینەوەی ماددەکانە بە وشە، بەهۆی زمانەوەیە مرۆڤ کلتوور لە نەوەیەکەوە بۆ نەوەیەکی دیکە دەگوێزێتەوە، واتە پەیوەندییەکی ئالۆوێری (متبادل) لە نێوان زمان و کلتووردا هەیە.

وردتر بڵێین مرۆڤ وشەکان وەک ئامرازێک بۆ کۆنترۆڵکردنی ڕەفتاری خۆی و کەسانی تر بەکاردەهێنێت و وشەکان گرنگییەکی زۆریان لە ژیانی مرۆڤەکاندا هەیە، تایبەتمەندی سەرەکی ئەو ئامرازە گوتارییەش ماهیەتە کۆمەڵایەتییەکەیەتی، چونکە لە ڕێگەی قسەکردن و زمانەوەیە مرۆڤەکان دەتوانن هزرەکان، هەستەکان و مەبەستەکانی خۆیان بۆ کەسانی تر بگوازنەوە. لێرەدا وشە وەک سیمبولێک وایە، شتێکە بۆ شتێکی جیاواز لە خۆی بەکاردەهێنرێت، بەڵام لەهەمانکاتدا بەناوهێنانی شتەکە ڕاستەوخۆ لە زیهنی مرۆڤدا دیمەنی واقیعی ئەو شتە دەچەسپێت. گرنگی زمان لە ناساندنی کلتووردا بە ئەندازەیەکە کە گوتراوە زمانی نەتەوەیەک کلیلێکە بەهۆیەوە دەتوانرێت پەی بە کلتووری ئەو نەتەوەیە ببرێت. بۆیە زمانی تایبەتی گرووپێک لەلایەکەوە پەیوەندیی و پێگەیشتنەکان لە بوارگەلێکی هاوبەش یاخود ئەو بوارانەی ئارەزوویان لێیەتی ئاسان دەکات، لەلایەکی دیکەوە هەستی هەماهەنگی گرووپی بەهێز دەکات. هەروەها کلتووری هەر گرووپ و نەتەوەیەک زمانی جیامەند و زاراوەی تایبەت بەخۆی هەیە.

**بەردەوامی و کەڵەکەبوون:**

مرۆڤ بەپێچەوانەی گیانلەبەرانی دیکەوە و بەهۆی بوونی هەردوو هێزی زانست (علم)و ویست (ارادە) تێیدا توانیویەتی دەرک بە شتەکانی دەوروبەری بکات و بەوشێوەیەی کە هەیە زانیاریان لەسەر پەیدا بکات. هەر لەو ڕێگەیەوە توانیویەتی چاک و خراپ لە یەکدی جودا بکاتەوە و نەخشەی هۆشیارانەش لەسەر کرداری دیاریکراو، کە ئامانجی دیاریکراو و ئامرازی جێبەجێکردنی ئەو ئامانجەی گرتووەتەبەر دابنێت.

سەرەڕای ئەوە هەر نەوەیەک ئەزموون و تاقیکردنەوەکانی خۆیانیان بۆ ڕۆڵەکانیان گێڕاوەتەوە و بە شێوەیەک لە شێوەکان تۆماریان کردووە، واتە بە تێپەڕبوونی کات ئەزموونەکان لەسەر یەک کەڵەکەبوون و لە ئاکامیشدا ژیان هەنگاوی گەورەی بەرەو پێشکەوتن ناوە.

بۆیە ئەمڕۆ هەر گرووپ و نەتەوەیەکی سەر ڕووی زەمین گەرچی لە ئاستێکی ساکاری ژیانیشدا بێت، ئەوا کەڵەکەبوویەکی کلتووری هەیە کە لە ئەزموونی ژیانی خۆیانەوە و بە شێوەیەکی بەردەوام بە تێپەڕبوونی زەمەنە جیاوازەکان بەرهەمیانهێناوە. بەم شێوەیە بەردەوامی کلتوور بەو مانایە دێت کەلایەنە سەرەکی و بنەڕەتییەکانی کلتوور لە نەوەیەکەوە بۆ نەوەکی دواتر دەگوێزرێتەوە لەلایەک، لەلایەکی دیکەوە ناو و ناسنامە (Name and identity) کە گرنگترین شتە لەو کلتوورەدا دەمێنێتەوە.

بێگومان ئەگەر ئەم تایبەتمەندییەی کلتوور نەبوایە ئەوا ژیانی گرووپ و نەتەوە جیاوازەکان هەر بە ساکاری دەمایەوە و بەرەوپێشچوونێکی ئەوتۆ بەدینەهات و شارستانێتیش لەدایک نەدەبوو.

بەشی دووەم/ گۆڕانی کلتوور

**پرۆسەکانی گۆڕانی کلتوور:**

دوو شێوازی مێژوویی هەیە کلتوور بۆ بەدیهێنانی ئامانجە ئەرکییەکەی (وظیفی) پێیاندا دەڕوات، ئەوانیش بریتین لە:

**یەکەم**: پرۆسەی گەشەکردنی کلتوور(Cultural growth).

**دووەم**: پرۆسەی گۆڕانی کلتووری (Cultural change).

گەشەکردنی کلتووری ئەو بزوتنەوەیەیە کە

لەنێو خودی کلتوورەوە و بەشێوەیەکی لەخۆوە (تلقائی)و لەسەر ڕێنمونی بەها و تواناکانی کۆمەڵگە دروست دەبێت، بۆیە ئەوە گۆڕانێکی قۆناغبەندییە و زیاتر چەند(الکم) لەخۆدەگرێت نەک چۆن(الکیف).

بەڵام گۆڕانی کلتووری بریتییە لە پرۆسەی گۆڕانێکی گشتگیر کە سروشتی کلتوور دەگرێتەوە، بۆیە لەبنەرەتدا گۆڕانێکی جۆرێتی(نوعی)یە.

دواتر گەشەکردنی کلتووری پرۆسەیەکی تەواوێتی(integration) کلتوورە، بەڵام گۆڕانی کلتووری پرۆسەیەکی لێکهەڵوەشان و پەرتبوونە(disintegration) کە زۆر هۆکار و شکانەوەی لێوە لەدایکدەبێت کە بەهای کۆمەڵایەتییە. هەروەها دەتوانین بڵێین جیاوازی نێوان گەشەکردن (growth) و گۆڕان (change) واتەی زمانەوانی وشەکان نیگای بۆ دەکەن، گەشەکردن پشت بەکاتی درێژ و جوڵەی هێواش دەبەستێت. بەڵام گۆڕان پشت بەبزوتنەوەی کتوپڕ و خێرا دەبەستێت. دواتر گەشەکردن پشت بەسەرمایەی ناوخۆیی دەبەستێت، بەڵام گۆڕان پشت بەسەرمایەی بیانی دەبەستێت-ئەگەر ئە وەدەربڕینە ڕاست بێت- جا گەشەکردن لەنێو خودی کلتووردا بەردەوامە، ئەمە لەکاتێکدا پەیوەندی دەرەکی لەگەڵ کلتوورەکانی دیکە لە هۆکارەکانی گۆڕانی کلتوورییە. هەروەها گەشەکردنی کلتووری لە ماوەیەکی درێژدا ڕێگە بۆ گۆڕانی کلتووری خۆشدەکات. بەڵام هەردوو دیاردەکە (گەشەکردن و گۆڕان) لەسەر چەند هۆکارێک ڕاوەستاون کە لە سروشتی خودی کلتووردایە.

**بابەتی گۆڕانی کلتوور:**

گۆڕانی کلتووری گۆڕانێکی مرۆییە، کلتوور لە کاتی گۆڕینیدا کار بۆ گۆڕینی ئەومرۆڤەش دەکات کە بەکاری دەهێنێت. بۆیە بابەتی گۆڕانی کلتوور لەپاڵ ئەوەدا کە خودی (کلتوور)ە، هاوکات(مرۆڤ) یشە. بۆ نمونە هندییەکانی باکووری ئەمەریکا چەندەها سەدە لەدەشتەکاندا بەکشتوکاڵکردنەوە سەرقاڵبوون. بەڵام لەسەر ئەو ڕەوشە بەردەوام نەبوون و لە وەرزێرییەوە بوونە جەنگاوەر. ئەوەش لە ئەنجامی بەخێوکردنوبەکارهێنانی ئەسپەوە ڕوویدا، کەکردیانە بەشێکی چالاکییەکانیان. بۆیە لەئاکامی هاتنە ناوەوەی ئەو ڕەگەزە نوێیە شێوەی ژیانوچلاکییەکانیان گۆڕا. لەبەرئەوە گۆڕان بەخسڵتێک لە خەسڵەتەکان و تایبەتمەندییەک لە تایبەتمەندییەکانی کلتوور دادەنرێت. لێرەوە گۆڕانی کلتوور واتە زیادکردن یاخود لێدەرکردنی هزرەکان و شێوازە کلتووریوئەوپراکتیکییانەی کەپێوەی پەیوەستە، بەشێوەیەکی لەخۆوە یاخود نەخشەبۆکێشراوەو گۆڕانی کلتووری تێکڕای ڕووەکانی کلتوور دەگرێتەوە، بەوێژە و هونەر و فەلسەفەشەوە، هەروەکو ئەو گۆڕانە سیستمە کۆمەڵایەتی و ئامێر و ئامرازەکانیش لەخۆدەگرێت.

لێرەوە ئەو گۆڕانە(بەهۆی گۆڕانی خودی کلتوورەوە) دەبێتە هۆی گۆڕانی خودی مرۆڤ. ئەوەش بنەڕەتێکی جەوهەرییە لە پرۆسەی گەشەسەندنی کۆمەڵایەتیدا و هاوکات دەروازە و کلیلی کێشەکەیە لەیەک کاتدا.

کلتوور وەک سیستمێک کەڕێکخراوگەلێک لە کۆمەڵگەدا دروست دەکات، وەک ڕێکخراوە خێزانیی و ئابووریی و ئایینیی و سیاسیی و کۆمەڵایەتی و....هتد. بۆیە سروشتییە کە ئەو ڕێکخراوانە گۆڕەپانی گۆڕانە کلتوورییەکان بن. لە ئەنجامی ئەو گۆڕانکاریانەی کەهەموو بەهێزکەرەکان(مقومات) ی ژیانی کۆمەڵایەتی دەگرێتەوە،، ئەوانە ئەو گۆڕانکارییانەن کە لەزانیاریی و ئامادەیی و ئاراستەکانیاندا ڕووبەڕووی تاکەکان دەبنەوە. هاوکات ڕووبەڕووی خودی پەیوەندی و سیستمە کۆمەڵایەتییەکان دەبێتەوە، ئەوەش بەهۆی فراوانبوون و فەراهەمبوونی توانا ئاڵۆوێرە هزریی و ئابوورییەکانەوە ڕوودەدات.

**هۆکارەکانی گۆڕانی کلتوور:**

**یەکەم/ داهێنان:**

لێرەدا هۆکارێکی گشتی هەیە کە بە سروشتی دینامیکیی و وەزیفی کلتوور و خودی کۆمەڵگەی مرۆییەوە بەستراوەتەوە-کە بەویست و بیرکردنەوە و کارکردنەوە جیادەکرێتەوە- ئەویش بەدەوری زاڵبوونی ژینگەی ناوخۆیی بەسەر ژینگەی دەرەکی دەخولێتەوە، واتە زاڵبوونی ڕەگەزی کۆمەڵایەتی بەسەر ڕەگەزی سروشتیدا. ئەو زاڵبوونەش بەسەرکەوتن بەدەستدێت بەسەر ئەوەی کە لە سروشتدا بەرقەرارە و بەنەخشە و ئامراز و هەڵێنجانی شێوازەکان دەبێت، ئەوەش بریتییە لە داهێنان.

بۆیە داهێنان لە گرنگترین هۆکارەکانی پرۆسەی گۆڕانی کلتوورییە، داهێنانیش تەنها داهێنراوە ماددی یاخود دۆزینەوە میکانیکییەکانی زانستە سروشتیی و پراکتیکییەکان ناگرێتەوە، بەڵکو چەندەها داهێنراوی کۆمەڵایەتی هەیە کە دەبێتە هۆکاری گۆڕانکارییە کۆمەڵایەتییە مەزنەکان ئەوانیش وەک ئایین و یاسا و هزرە فەلسەفییەکان و...هتد.

بە داهێنان مرۆڤ گیانلەبەرانیماڵیکرد، پاش ئەوەی تەمەنێکی بەڕاکردن بەدوایدا بەمەبەستی ڕاوکردنی بەسەر برد. بەهەمان شێوە دەستی بە چاندنی ڕووەک کرد و کشتوکاڵی دۆزییەوە، دوای ئەوەی ماوەیەکی زۆری تەمەنی بە کۆکردنەوەی بەروبوومەوە بەسەربردبوو. دواتر مەترسییەکانی ژیانی سروشت و درندەکانی لە خۆی دوورخستەوە و خانووی دروستکرد و کاڵای لەبەرکرد.

داهێنان پرۆسەیەکی پێکهێنان (ترکیب)و دروستکردنی ئاڵۆزە، واتە گۆڕینی شتێک بەشتێک و هەڵسوکەوتێک بە هەڵسوکەوتێکی ترو هزرێک بەهزرێکی تر نییە. هەروەها زیادکردنێکی چەندێتیی و چۆنێتی کەرەستەیەکی هەبوو نییە، بەڵکو دەبێت پرۆسەی داهێنان لە جووتبوون و دروستبوون و پێکهاتنی نێوان هەبووەکان فەراهەم بێت، بۆیە جۆرێکە لە ڕێکخستنی نەسەب و پەیوەندییەکانی نێوان شت و هزرەکان. جا ئەگەر ئێمە چیرۆکی هەر داهێنراوێک بخوێنینەوە و بەڕیشە کلتوورییەکەیدا ڕۆبچین وەک تەلەگراف و ئینتەرنێت و فڕۆک و...هتد، ئەوا بۆمان دەردەکەوێت کە هەمان ئەو شیکارییە ملکەچ دەکات.

بێگومان ئەو وێنە شۆڕشگێڕییە نوێیە گۆڕانێکی کلتووری بەرهەم دێنێت، دواتر دەچێتە دووتوێیەکی کلتووریی و دەبێتە خەسڵەتێک لە خەسڵەتەکانی، کە بۆ پرۆسەکانی گەشەکردن و کەڵەکەبوون و موتووربە بوو(تلاقح)و بڵاوبوونەوە ملکەچ دەکات، دوای ئەوەش دەبێتە ڕەگەزگەلێک بۆ کۆمەڵە داهێنانێکی نوێ لە کۆمەڵ ئەڵقەیەکی بێکۆتایی و لە شێوەیەکی تەواو جیاواز و جۆراو جۆرێتیدا.

جا ئەگەر داهێنان گونجاندنێک بێت لە نێوان ڕەگەزگەلێکی هەبوو بە ڕێگەیەکی دیاریکراو، ئەوا ڕەنگە ئەو ڕەگەزانە هەموویان هەڵقوڵاوی ژینگەیەکی ناوخۆیی بن بۆ داهێنان، یاخود لە ژینگەیەکی دەرەکی خواسترابن.

لێرەدا دەبێت پەی بەوە ببەین کە تێکەڵییەک لە نێوان (داهێنان)و(خواستن)دا هەیە. ئەوەش کاتێک ڕوودەدات کە ژیندەی خواستکار(المسعیر) لە ئاستێکدایە و دەتوانێت پێشوازی داهێنان بکات. ئەمەش ئەوە ناگەیەنێت کە هەردوو ئاستەکە یەکسان بن، بەڵکو سروشتییە کە کۆمەڵگەی خواستکار لە ئاستی هونەرییەوە نزمتربێت لە کۆمەڵگەی پێدەر(المعیر)ەوە. بێگومان ئەو ژێربێژییەش بەسەر داهێناندا پیادە دەبێت لە زەرورەتی بوونی ڕەگەزگەلێک کە بوونێکی بنەڕەتی هەبێت یاخود خواستراوبێت، تاببێتە داهێنان.

زۆرجار (داهێنان) و (خواستن) لە ئاستێکی نزیکدان ورەنگە نەتەوەیەک تەواوی ڕەگەزەکانی هەبێت، بەڵام تەنها پرۆسەی پێکەوەگونجاندنەکەی

کەم بێت، بۆیە ئەوکات دێت و لە ژینگەیەکی دیکە بیرۆکە یاخود ڕەگەزێک دەخوازێت کە بەرەو پراکتیککردنی نوێ ئاڕاستەی دەکات. ئەوەش پرۆسەی گۆڕانی کۆمەڵایەتی بەرەو ڕێکخراوی دەبات، هەندێ جار خێرا و هەندێ جاریش هێواش.

جا ئەگەر کۆمەڵگە ئەو ڕەگەزەی خواست ئەوا هەڵدەستێت بە چاککردنی بۆئەوەی لەگەڵ ژینگە کلتوورییەکەیدا بگونجێت، و ئەگەر پێی قایلبوون ئەوا شوێنی ڕەگەزێکی کلتووری کۆن دەگرێتەوە، کە لەڕووی کۆمەڵایەتییەوە قایلبوون پێی مەحاڵ دەبێت و لەگەڵ بارودۆخە نوێیەکەدا نەگونجاو دەبێت. بۆیە ئەو پرۆسەیە بەشێوەیەکی ڕاگوزەریی و سانایی بەڕێوەناچێت. لەبەرئەوەی سروشتی کۆمەڵگەکان وایە کە حەز بە پارێزگاریکردنی کۆنەکان دەکەن.

ئەو ڕەگەزانەش ڕەنگە ماددی وەک ئامراز و هۆکارە کشتوکاڵی یاخود خۆراکییەکان بن، هەروەها دەشێت مەعنەوی بن وەک بەها و ئاکار و ئایین و دابونەریتەکان. بێگومان لەم دۆخەدا خێرایی گواستنەوەی ئەو ڕەگەزانە جیاواز دەبێت، ڕەگەزە ماددییەکان خێرا و ئاسان دەگوازرێنەوە، بەڵام بەپێچەوانەوە ڕەگەزە مەعنەوییەکان بە ئەستەم و بەوپەڕی هێواشییەوە دەگوازرێنەوە.

لێرەوە دەتوانین بڵێین داهێنان ئامرازێکی گۆڕانی کلتووری مەزنە و یاساکانی کلتووری بەسەردا پیادە دەبێت، واتە لەدایکبوون و زیادبوون لەخۆدەگرێت. بۆ نمونە داهێنانە میکانیکییەکان دەبنە هۆی بەدیهێنانی داهێنانە کۆمەڵایەتییەکان و ڕێگەش بۆ داهێنانی کۆمەڵایەتی دیکە خۆش دەکات. هەروەک داهێنراوە میکانیکییەکانیش بەرەو گەشەپێدانی داهێنانی میکانیکی دیکە ئاڕاستەمان دەکەن. بۆ نمونە گۆڕانی بارودۆخی کۆمەڵایەتی هاندەرێکە بۆ دروستبوونی پێداویستی کە دایکی داهێنانە.

لێرەدا دەبێت تێبینی ئەوە بکەین کە داهێنانەکان هەموویان لە تواناکانیان لەسەر گۆڕانی کلتووریی و لەو شوێنەوارە کۆمەڵایەتییانەی کە لێوەی دروست دەبن لە یەک پلەی یەکساندا نین. بۆ نمونە داهێنانی ئۆتۆمۆبیل و فڕۆکە و کەناڵە ئاسمانی و ئینتەرنێت و...هتد گرنگی و توانایەکی مەزنیان هەیە لە گۆڕینی سیستمە کۆمەڵایەتییەکان، ئەمە لەکاتێکدا کە داهێنانی (دەرزی) ئەو گرنگییەی لەچاو ئەواندا نیە.

**دووەم/ یاسادانان:**

بێگومان شێوازێکی دیکەی گۆڕانی کلتوور بەهۆی دەرکردنی بەندیک یاخود چەند بەندیکی یاساییەوەیە، دەبێت بەرانبەر ئەو ڕەفتارە کلتوورییانە بووەستێتەوە کە مەبەستی یاساکە ڕەتکردنەوەیەتی، ئەویش جێبەجێکردنی ئەو بەندە یاساییانەیە لە ژیانی فەرمی وکارگێڕیدا، تا کاروباری مرۆڤەکانی پێ بەڕێوەببرێت. بەم شێوەیە و بەشێوازێکی قۆناغبەند یاساکە بەناو پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکاندا ڕۆدەچێت و دەبێتە دیاردەیەکی کلتووری باو.

لێرەدا مەبەستی سەرەکی دەرکردنی یاسا بریتییە لە گۆڕینی کلتوور، ئەم کارەش لەکاتێکدا جێبەجێدەکرێت کە دەستەیەک یاخود حیزبێکی سیاسی جڵەوی دەسەڵات دەگرێتە دەست ودەیەوێت ژیانی کۆمەڵگەکەی بەپێی ئەو سیاسەت و ئایدیۆلۆجیایە ڕەنگ بکات کە باوەڕی پێیەتی، واتا لێرەدا گۆڕانێکە کە مەبەستێکی ئایدیولۆجیی و سیاسی زۆرجاریش بە تەنها مەبەستە سیاسییەکە لە پشتیەوەیە. بۆیە دەتوانین بڵێین گۆڕانێکی زۆرەملێیانەیە یاخود دیکتاتۆرانەیە، واتا ڕای دانیشتوان و گەلی تێدا وەرناگیرێت، بەڵکو زۆرجار بۆ پێشێلکردن و تەسککردنەوەی مەوداکانی ئازادی جەماوەر بەکاردەهێنرێت. واتە چەپاندن و خەفەکردن و پێشێلکردن و ترس دەکاتە تایبەتمەندی کلتووری کۆمەڵگەکەی. بێگومان زۆرینەی وڵاتانی خۆرهەڵاتی ناوەڕاستیش کە

# ڕژێمی بەعس دەیویست ئایدیۆلۆجیا شۆڤێنییەکەی خۆی بکاتە تاکە(ئاینی) باوی کۆمەڵگە و شوێنی هەموو بیروباوەڕە ڕەسەنەکان بگرێتەوە.

سیستمی تاک حیزبیودیکتاتۆریتی تێیدا باڵادەستە، خاوەنی ئەم گۆڕانەن.

هەندێ جاریش دەرکردنی یاسا بەهۆی (ڕاپرسی و (دەنگدانێکی گشتیی)ەوە دەبێت کە خەڵکی وڵاتێک لەسەر دیاردەیەکی کلتووری کە هەست دەکەن لەگەڵ ژیانی سەردەمیاندا ناگونجێت. بۆیە بەهۆی دەنگدانێکی گشتییەوە داوا دەکەن کە یاسایەکی نوێ‌دابنرێت، تا لەژیانی ڕۆژانەیاندا شوێنی ئەو دیاردەیە یاخود ڕەفتارە کلتوورییە بگرێتەوە، لە ئەنجامیشدا حکومەت بەوردی لە دۆزەکە دەکۆڵێتەوە و یاسا دەردەکات. بێگومان ئەم جۆرە گۆڕانەش زیاتر لەو وڵاتانەدا ڕوودەدات کە سستمی سیاسیان دیموکراتییە و گەل سەرچاوەی دەسەڵاتە تێیدا.

**سێیەم/ داگیرکاری:**

بۆئەوەی بەوردی لە پرۆسەی گۆڕانی کلتوور لە ڕێگەی داگیرکردنەوە بگەین، دەبێت پێناسەیەکە ورد و زانستی (داگیرکاری) بکەین، بۆئەوەی لەوێوە لە مەوداکانی گۆڕانی کلتوور تێبگەین: داگیرکاری داگیرکردنی ناوچەیەکی جیاوازە لە دەرەوەی سنووری دەوڵەتە داگیرکەرەکە، ئەو داگیرکردنەش زۆرجار بەهۆی بەکارهێنانی هێز و هەندێک کاتیش بەهۆی نیشتەجێبوونێکی ئاشتییانە لە ناوچەیەکی تایبەتنەبوو بە کەسەوە دەبێت. ئەو مەبەستانەش کە نیشتەجێبوونێکی داگیرکەرانە دیاری دەکات بریتییە لە ئستغلالکردنی سامانی ئابووری ناوچە داگیرکراوەکە هەر لە زەوی یاخود دەستی کرێکار یا کەرەستەی سەرەتایی، لەهەمانکاتیشدا داگیرگەکە دەبێتە بازاڕێکی تایبەت بە هاتوو(صادرات)ەکانی دەوڵەتی داگیرکەر و تێیدا بەرهەمەکانی ساغ دەکرێنەوە.

لێرەوە ئەوە دەبێتە لێدانێکی کوشندە لە بەرهەم و پیشەسازی ناوچە دیاریکراوەکە، بۆیە بەشێوەیەکی قۆناغبەندی ئابووری خۆماڵی ئیفلیج دەبێت و دواتر بەرەو پوکانەوە دەچێت. واتە لێرەدا بوارێکی گرنگی کلتوور کە لە ئابووریی و پەیوەندییە ئابوورییەکاندا خۆی دەنوێنێت لەژێر هەژموونی ئابووری داگیرکەردا هەرەس دێنێت و کلتوورێکی نوێی داگیرکەر شوێنی دەگرێتەوە.

بەم شێوەیە دەوڵەتە داگیرکەرەکان بۆ مەحکەمکردنی شیرازەی حوکم ودەسەڵاتی خۆیان ڕێگەیان لە گەشەکردنی ئابووریی و هونەریی و فەرهەنگی ئەو وڵاتانە دەگرت کە داگیریان کردبوو، چونکە دەیانویست سەرچاوە بەهێزە مەعنەوییەکانی ناوچە داگیرکراوەکان لەناوبەرن یاخود هەر هیچ نەبێت بتوانن لاوازی بکەن، بۆئەوەی بتوانن بەتەواوی ئامانجە داگیرکارییەکانی خۆیان بەدیبێنن. نمونەی ئەو بارودۆخانەش لە مێژوودا گەلێک زۆرن وەک سیاسەتی بە فەڕەنسی کردن لەلایەن فەڕەنساوە لە داگیرگەکانیدا، ئەمەش لە وڵاتەکانی جەزائیر و تونس و سوریا و وڵاتانی ئەفریقا بە ئاشکرا پیادەکرا، واتە بەستنەوەی داگیرگەکان

بەخودی دەوڵەتە داگیرکارەکەوە و سەپاندنی کلتووری داگیرکارەکە بەسەر داگیرکراوەکەدا. زۆرجاریش لەناو داگیرگەکەدا بەهۆی دەرکردنی یاسایەکەوە و بە فەرمی کردنی ئەو یاسایە لە دام و دەزگا کارگێرییەکاندا و بەتێپەڕبوونی کات دەبووە ڕەفتارێکی کلتووری. زۆرجاریش هەندێ لە داگیرکەران هەوڵیانداوە ناوچە داگیرکراوەکان لە ڕووی سیاسیی و ئابووریی و ڕۆشنبیرییەوە بە دەوڵەتەکەی خۆیانەوە ببەستنەوە.

بێگومان ئەم سیاسەت و هەوڵانە ترسناکترین کۆشش بوون بۆ هەڕەشەکردن لە کلتووری ئەوگرووپ و نەتەوە جیاوازانە و سەپاندنی کلتووری نەتەوەی سەردەست بەسەریاندا.

لێرەدا جێی خۆیەتی (کوردستان) وەک داگیرگەیەک و (کورد)یش وەک نەتەوەیەکی ژێردەستە و سەرکوتکراو بەنمونە بهێنینەوە، تا بتوانین ئاماژە بە چەند ڕەهەندێکی ترسناکی شێواندنی کلتوور بکەین کە بەرەنجامی ژێردەستەیی نەتەوەکە بووە کە ئێستا ئێمە (بەداخەوە!)وەک دیاردەیەکی کلتووری نەتەوەکەمان سەیری دەکەین و مامەڵەی لەگەڵدا دەکەین. بۆیە زۆرجار لە لێکۆڵینەوەکانماندا بەهەڵەدا دەچین، لەبەرئەوەی کوردستان لە پێش زاینەوە ڕووبەڕووی چەندەها شاڵاوی داگیرکاریی و وێرانکردن بووەتەوە و تەنانەت جەنگی ئیمپراتۆرێتییەکانی ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاواش لەسەر خاکی کوردستان ڕوویداوە. لەبەرئەوە داگیرکەران هۆکاری سەرەکی بوون بۆ داتەپینی ئابووریی و ماوەنەدان بە دەرکەوتنی هێزێکی کاریگەری خۆماڵیی و تەنانەت شێواندنی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان و پاشانیش گەشەنەکردنی شارستانێتی لێکەوتووەتەوە. لە دۆخێکی ئاوا ناهەمواردا کورد تەنها لە خەمی (مانەوە)ی خۆیدا بووە و مەودای بیرکردنەوەیەکی قوڵی نەبووە لە بەرەوپێشبردنی ژیانی خۆیدا.

داگیرکەرانی کوردستانیش لەپێناو دابینکردنی بەرژەوەندییەکانی خۆیاندا هەمیشە هەوڵی پەرتەوازەکردن و دروستکردنی ململانێ و جەنگی براکوژیی و چاندنی تووی خیانەتکردنیان لە ناخیاندا داوە. بۆ نمونە سوڵتانی عوسمانی بۆئەوەی زاڵبوونێتی خۆی بەسەر کوردەکاندا مسۆگەر بکات و جیاوازی لەنێو خێڵەکاندا بنێتەوە دەهات پلەیەکی گەورەی بە سەرۆک خێڵێک دەداو لە بەرانبەریشەوە پلەیەکی بچوکتری بە یەکێکی تریان دەدا، تا ئەم ڕەوشە ببێتە هۆی ڕق لەیەک هەڵگرتن و تێکچونیان لەنێو خۆیاندا. ئەمەش ڕێگەی بۆ تۆخکردنەوەی گیانی خۆپەرستی و خۆدەرخستن لەنێو خێڵە کوردییەکاندا خۆشکرد.

بەهەمان شێوەش شاکانی ئێران ڕۆڵێکی کاریگەریان دەبینی لە خۆشکردنی شەڕی براکوژیی و سیاسەتێکی دوژمنکارانەی وردیان پەیڕەو دەکرد. کاتێکیش داگیرکەری ئینگلیز هات و کوردستانی داگیرکرد، ئەوە بوو هەمان سیاسەتی پەیڕەوکرد و دەیویست خێڵەکان لە دژی شێخ موحمود هانبدات، تەنانەت خەڵاتی (١٠٠)ڕووپیەی دەبەخشییە هەرکەسێک کە شێخ بکوژێت، دیارە ئەوکارەش بە کورد نەبوایە بە کەسی تر نەدەکرا!

ئەزموونی ڕژێمی بەعسیش لە عێراقدا و هەوڵدانی بۆ شێواندنی کلتووری کوردی بەدیارترین دیاردەی داگیرکەر و شێواندنی کلتوور دادەنرێت. ڕژێمی بەعس دەیویست ئایدیۆلۆجیا شۆڤێنییەکەی خۆی بکاتە تاکە(ئاینی) باوی کۆمەڵگە و شوێنی هەموو بیروباوەڕە ڕەسەنەکان بگرێتەوە. (تبعیس)یش کرۆکی ئەو سیاسەتە دواکەوتووە شۆڤێنییە بوو، واتە داگیرکەری بەعس بۆ شێواندنی بیروسایکۆلۆجیای نەتەوەکەمان چەندەها ڕێگەی گرتەبەر کە بە هەزارەها تاکی کوردی هەڵخلیسکاند و تووشی خۆ ونکردنی کردن. بەعس هەوڵیدەدا ناپاکیی و سیخوڕیکردن بکاتە نەریتێکی کلتووری گەلی کورد، ڕەهەندێکی تری کارکردنی بریتی بوو لە هەوڵدان بۆ شێواندنی

ئاکار و بەها باڵاکانی کۆمەڵی کوردەواری، کە کلتوورێکی زیندوو چاوگی بەهێزیی و تەندروستی کۆمەڵگەکەمان بوو. هەروەها ڕەهەندێکی دیکەی کارکردنی ئەو ڕژێمە بریتی بوو لە شێواندنی مێژوو، لەم بوارەدا هات و مێژووی عەرەبی کردە وانەیەکی بنەڕەتی پەروەردەکردنی خوێندکارانی کورد لە قۆناغە جیاوازەکانی خوێندندا و بەو مێژووە نەوەی کوردی گۆش دەکرد. بۆیە نامۆ نەبوو کە هەموو سەرچاوەیەکی مێژووی کورد قەدەغەکرابن، بەمەش دابڕانێکی ترسناکی لە نێوان کورد و کلتوورەکەیدا دروست دەکرد، کە بەخود نامۆبوونی لێدەکەوتەوە و تا هەنوکەش ئێمە لە شوێنەوارە خراپەکانی ئەو نامۆ بوونە ڕزگارمان نەبووە. هەروەها بەعس ڕۆڵی بەرچاوی لە دزین و بەتاڵانبردنی سامانی ئابووریی و شوێنەوارە دێرینەکان و...هتد گێرا.

بەکورتی بەعس دەیویست کلتووری کوردی بەتەواوی بسڕێتەوە و کلتوورێک کە خۆی خاوەنی بوو لە شوێنیدا بسەپێنێت. بەم شێوەیە داگیرکردن ڕۆڵێکی بەرچاو دەگێڕێت لە گۆڕینی کلتوورە جیاوازەکاندا، بەوپێیە گۆڕینەکە هەندێ لایەنی کلتووری لادەبات و هەندێکی تر لە شوێنی دادەنێت، بەو واتایە شێواندنەکە داگیرکاری لە خودی خۆیدا پرۆسەیەکە کە شکۆ و ڕێزی مرۆڤە کانی تێدا دەخرێتە ژێر پێیەکانەوە و لێناگەڕێت کلتوورە سروشتییەکان وەکو خۆیان بمێننەوە و گەشە بکەن، هەروەک چۆن گەشەی هەموو لایەنەکانی ژیانی وڵاتە داگیرکراوەکە ئیفلیج دەکات.

## چوارەم/ هۆیەکانی ڕاگەیاندن:

ئەمڕۆ هۆیەکانی ڕاگەیاندن بە هەموو جۆر و شێوازەکانییەوە کاریگەرترین هۆکاری گۆڕانی کلتوورن لە جیهاندا، ماوە دووروودرێژەکانی کورتکردۆتەوە و چوونەتە نێو تەواوی ماڵەکانەوە و بوونەتە هاوڕێی مرۆڤ لەهەر شوێنێکدا بێت. ئەم هۆکارانە هێندە ئاسان و خێرا کلتوورەکان دەگوازنەوە کە هەرگیز مرۆڤی سەردەمە پێشینەکان خەونیشیان پێوە نەبینیوە، ئەو کاریگەرێتییە هێندە مەزنە کە دەتوانین بڵێین سنوری گۆڕان و کارلێکردنی کلتوورە جیاوازەکانی هێندە فراوانکردووە کە تەواوی مرۆڤایەتی گرتۆتەوە. ئەمڕۆ هەریەک لە ئێمە و لەسەر شاشەی کۆمپیوتەرەکەمانەوە لە ڕێگەی ئینتەرنێتەوە دەتوانین لەگەڵ هەر تاکێکی نەتەوە جیاواز و دەوڵەتە جیاوازەکانی جیهان بدوێین و ئاڵوگۆڕی بیروبۆچوونەکان بکەین و گفتوگۆی بابەتیی دەربارەی کلتوورەکانمان بکەین. ئەوەی زەمینەی بۆ ئەم دۆزە خۆشکردووە ئەوەیە کە ئەم هۆکارانە مۆنۆپۆڵی هیچ ڕەنگ و دەنگێکی دیاریکراو نییە، بەڵکو تەواوی مرۆڤەکان بە جیاوازی ڕەگەز و دەوڵەتەکانییانەوە توانیویانە لێی بەهرەمەند ببن. واتە ئەو هۆکارانە ئەمریکی یاخود ئینگلیزی یا تورک یا عەرەب یاخود کورد بە تەنها سودی لێوەرناگرێت، بەڵکو تەواوی نەتەوەکان لێی بەهرەمەند بوون و کردویانەتە سەکۆیەک بۆ نمایشکردن و ناساندنی کلتووری خۆیان لەلایەکەوە و ئاشنابوون و شارەزابوونی کلتوورە جیاوازەکانی دیکەی گەلان لەلایەکی ترەوە. تەنانەت دەتوانین بڵێین ئەم هۆکارانە بوون ڕێگەیان بۆ هاتنە ئاراوەی کلتوورێکی جیهانی خۆشکردووە و ئەمڕۆ مەشخەڵە سەرەتاییەکانی ئەو کلتوورە بەدی دەکەین.

## پێنجەم/ بازرگانی:

بازرگانیی و گەشتە بازرگانییەکان ڕۆڵێکی دیاریان بینیوە لە پرۆسەی گۆڕینی کلتووردا، بۆیە کاتێک بازرگانی لە نێوان دوو شارستانێتی یاخود دوو کۆمەڵگەدا دروست دەبێت و پەرەدەسێنێت، ئەوا دەبێتە هۆکارێک یاخود تاکە ئامرازی پەیوەندیی و بەیەکگەیشتنی نێوان ئەو دوو

شارستانێتییه یاخود ئەو دوو کۆمەڵگە جیاوازە. بۆیە لە ڕێگەی بازرگانییەوە ڕەگەزە ماددیی و مەعنەوییەکانی کلتوورە جیاوازەکان ئاڵوگۆڕیان پێدەکرێت و جێگەی یەکتریان پێدەکیرێتەوە. لێرەوە ئەگەر بە قوڵایی مێژوودا ڕۆبچین ئەوا زۆر بە ڕوونی لە کاریگەری بازرگانی لەسەر گۆڕینی کلتوورەکان تێدەگەین. بۆ نمونە ئارامییەکان لەو نەتەوانە بوون کە لەلایەنی بازرگانییەوە لە جیهانی کۆندا گرنگییەکی مەزنیان هەبووە و ڕۆڵێکی گەورەیان لە بە یەکگەیشتنی نێوان ناوچە جیاوازەکانی دەوروبەریاندا بینیبوو. ئەمان کەوتبوونە ناوچەیەکی ناوە و لە نێوان عیلام و میدیا لە ڕۆژهەڵات و ئەو کەنارانەی کە فینیقییەکانی لێی‌نیشتەجێ ببوون و حیسییەکان لە ئاسیای بچوک و میسریی و گریکەکاندا بوون. بۆیە بازرگانییەکی گەشەکردوویان لەگەڵ کلتوورە جیاوازەکاندا هەبوو، لەومیانەدا دەسکەوتە کلتوورییەکان (هزری، زانستی، پیشەسازیی و دیاردە جیاوازەکانی ژیانیان) لە کلتوورێکەوە بۆ کلتوورێکی دیکە دەگواستەوە. گەورەترین کارێک کە ئارامییەکان لە بازرگانییەکانیاندا ئەنجامیاندا بڵاوکردنەوەی مەسیحێتی بوو لە جیهانی کۆنی ئەوکاتەدا. ئەمە لەکاتێکدا ڕوویدا کە هەندێ لە بازرگانە ئارامییەکان لەمیانەی گەشتە بازرگانییەکانیان بۆ فەلەستین باوەڕیان بە ئاینی مەسیحی هێنا و دواتر گەیاندییانە ئەو ناوچانەی کە کاروانە بازرگانییەکانیان پێیدەگەیشت. دووەم پشکداری ئەوان لە بازرگانیدا بریتی بوو لە بڵاوکردنەوەی زمان و نووسینی ئارامی لەو ناوچانەی پێیدەگەیشتن و تەنانەت بووە زمانی بازرگانیی و نامەناردنی ئەو جیهانە و بەڵگەنامەکان ئاماژە بەبوونی ئەو نوسەرانە دەکەن کە بەزمانی ئارامی لە میسر و ناوچەکانی ئاشوور و وڵاتی فارس نوسیویانە.

هەر لە ڕێگەی بازرگانییەوە گریک و فارسەکان ئاشنایەتیان لەگەڵ کلتوورە جیاوازەکانی گەلانی دیکەدا پەیداکردووە و ئاڵوگۆر لە نێوانیاندا ڕویداوە و دواتر گۆڕان لە تەواوی ئەو کلتوورانەدا بەدیهاتووە کە بازرگانی لە نێوانیاندا هەبووە. تەنانەت ئایین و ئایدیۆلۆجیا گشتگیرەکان لە هەندێ ناوچی جیهاندا لە ڕێگەی بازرگانییەوە بڵاوبوونەتەوە و کاریگەرییان لەسەر گۆڕینی کلتووری ئەو نەتەوانە جێهێشتووە کە تێیدا بڵاوبوونەتەوە و ئیسلام نمونەیەکی دیاری ئەو ئایینانەیە کە بەوشێوەیە لە بەشێکی ناوچەکانی باشووری خۆرهەڵاتی ئاسیا بڵاوبووتەوە.

ئەگەر لە مێژووی کۆندا کاریگەری بازرگانی لەسەر گۆڕینی کلتوور بەوئەندازەیە بووبێت، ئەوا بێگومان لە ئەمرۆدا کە هۆکارەکانی گەیاندن گەیشتوونەتە ئاستێکی پێشکەوتووی ئەوتۆ کە مرۆڤەکان سەرسام دەکەن، ئەو کاریگەرێتییە هێندە گەورەیە کە هەندێ کات (بنش)کردنیشی ئەستەمە.

**تێبینی: سەرچاوە و پەراوێزەکانی ئەم بابەتە لەلای گۆڤاری خاڵ پارێزراوە.**



# سەلاحەدینی ئەیوبی
# بە پێنووسی هاوڕێ و ڕاوێژکارەکەی ئیبن شەداد




یاسین تەها

ماستەر لە ڕەوتە ئاینی و مەزهەبییەکان و مێژووی کورد لە سەردەمی ئیسلامی لە وڵاتی میسر، چەندین توێژینەوە و وتاری مێژوویی و کلتووریی بە زمانەکانی کوردی و عەرەبی بڵاوکردۆتەوە، توێژەرە لە "ناوەندی کوردستان بۆ دۆکیۆمێنت"، وەك ڕۆژنامەنووسێکی بنکۆڵکاری کاردەکات.

## دەستپێک:

زۆرێک لە توێژەران و مێژوونوسان لەسەر ئەوە کۆکن ئەو ژیاننامەی ئیبن شەداد، بۆ سەلاحەدین ئەیوبی نوسیوەتەوە، گرنگترین بەرهەمە لەسەر ئەم پاڵەوانە مێژووییەی دنیای ئیسلام. زۆربەی ئەوانەی لەبارەی ناوبراوەوە توێژینەوەیان کردووە، ناچار گەڕاونەتەوە سەر ئەم بەرهەمە، چونکە هاوچەرخ بە سەردەمی سەلاحەدین نوسراوەتەوە و زۆرێک لە وردەکارییەکانی شەڕی خاچپەرستانی تێدایە، لەگەڵ کۆنترۆڵکردنی قودس لەلایەن سەلاحەدینەوە. ئەم وتارە تیشک دەخاتە سەر نوسەری بەرهەمەکە و چۆنییەتی وێناکردنی پاڵەوانەکەی (سەلاحەدینی ئەیوبی) کە زۆرجار بە «شێری دوو کیشوەر» ناوی دەهێنرێت کە ئاسیا و باکووری ئەفەریقایە.

## ئیبن شەداد کێیە؟

ناوی بەهادین یوسف ڕافیعە و نازناوەکەی ئیبن شەدادە،(١). لە ساڵی ٥٣٩ ک - ١١٤٥ز لە شاری موسڵ لەدایکبووە، پاش ٩٣ ساڵ تەمەن و کۆششی سیاسیی و زانستی کۆچی دواییکردووە(٢).

ئیبن شەداد بە هەتیوی گەورە بووە، چونکە هەر بە منداڵی باوکی لەدەستداوە، لەبەرئەمەش لە ئامێزیماڵی خاڵەکانی پەروەردە بووە و شەدادیش نازناوی باوانی دایکییەتی(٣). ناوبراو هەر لە موسڵ قورئان و فەرموودە و کتێبە سەرەتاییەکانی خوێندووە لەسەر دابونەریتی سەردەمی خۆی(٤).

لەبارەی منداڵی ئیبن شەدادەوە زانیاریی زۆر کەمە و ئەستێرەی ئەو کاتێک گەشاوەتەوە کە بووەتە هاوەڵ و ڕاوێژکاری سەلاحەدین و دواتر کوڕەکانی لە پاش مەرگی باوکیان. بەرلەوەی لای ئەیوبییەکان بچێتە پێشەوە، لە ڕێگای نوێنەرایەتی فەرمانڕەواکانی موسڵ و سەردانەوە بە سەلاحەدین ئاشنا بووە و هەر بەوهۆیەشەوە کردوویەتی بە ڕاوێژکاری خۆی(٥).

## یەکتر ناسینی ئیبن شەداد و سەلاحەدین:

ساڵی ٥٨٣ ک _ ١١٨٨ز ئیبن شەداد چووەتە حەج و سەردانی مەککە و مەدینەی کردووە، لە ڕێگای گەڕانەوەشدا لە بەجێهێنانی ئەم فەریزەیە، نیازی کردووە سەفەری قودس بکات بەوپێیەی سێیەم شاری پیرۆزی ئیسلامە و تازە سەلاحەدین لە خاچپەرستەکانی وەرگرتبوویەوە، لەم ڕێگایەشدا لە دیمەشق دابەزی و سەلاحەدین کە پێشتر دەیناسی بانگهێشتی کردووە بۆ لای خۆی(٨). ئیبن شەداد وایزانیوە سەلاحەدین ڕاسپاردەیەکی هەیە بۆ موسڵ، بەڵام لەوێدا داوای لێکردووە لەگەڵیدا کاربکات بەتایبەت پاش سەرسامبوونی بە بەرهەمێکی ناوبراو کە لەسەر فیقهی «جیهاد» ئامادەی کردبوو(٩)، پاش قبوڵکرنی ئەم پێشنیازەش سەلاحەدین دەرگای پۆستەکانی دەوڵەتەکەی بۆ ئیبن شەداد کردووەتەوە و چەند ئەرکێکی جۆراوجۆری پێ سپاردووە(١٠).

ئیبن شەداد ساڵانی کۆتایی سەلاحەدین ماوەیەک وەک ڕاوێژکار و ماوەیەکی تر وەک نهێنی پارێز، هەندێک جاریش وەک بەرپرسێکی باڵای دەوڵەتی ئەیوبی کاری کردووە و چەند کاتێکی کەم نەبێت هەرگیز لە سەلاحەدین جیانەوبۆتەوە، هەر بەم هۆیەشەوە ناوبراو لەگەڵ قازی فازڵدا تاکە کەس بوون کە لەکاتی سەرەمەرگ لە پشتی سەرییەوە بوون لە شاری دیمەشقی پایتەختی شام(١١)، هەر ئەم پەیوەندی و متمانەیەش دەرفەتی زۆری بۆ ڕەخساندووە کە لە نزیکەوە ئاگاداری زۆربەی هەرە زۆری نهێنییەکان و چۆنییەتی دروستکردنی بڕیار ببێت لەناو دەوڵەتی ئەیوبی لە سەردەمی سەلاحەدین و تەنانەت پاش کۆچی دوایی ئەویش لە سەردەمی کوڕەکانی.

لەمیانەی خوێندنەوەی مێژووی سەردەمی سەلاحەدیندا دەردەکەوێت کە ئیبن شەداد یەکێک لە سێ گرنگترین کەسایەتییەکانی بواری ئەدەب و زانست و سیاسەت بووە لەناو دەوڵەتی ئەیوبی لە

پەنا قازی فازل و عیماد کاتبدا و لە بنەڕەتیشەوە لێهاتوویی خۆی ئیبن شەدادی بە سەلاحەدین ناساندووە.

بەرهەمەکەی ئیبن شەداد " النوادر السلطانیة"

ناوی تەواوی ئەم کتێبە بریتییە لە " النوادر السلطانیة والمحاسن الیوسفیة»، بەڵام زیاتر بە «ژیاننامەی سەلاحەدین» بەناوبانگە. ئیبن شەداد ئەم کتێبەی وەک یاداشتی ڕۆژانە نووسیوەتەوە و دابەشی کردووە بۆ دوو بەشی سەرەکی: یەکەمیانی تایبەت کردووە بە لەدایکبوونی سەلاحەدین، گەشەکردن و پێگەشتنی، ئاکار و ڕەوێ و ڕەفتاری. بەشی دووەمیش تەرخانە بۆ بارودۆخی سەردەمی سەلاحەدین، جەنگەکان و مێژووەکان و بەروارەکانیان تا کۆتایی ژیانی. لە کۆتاییشدا ئامارێکی خستۆتەڕوو لەبارەی ئەو قەڵا و شارانەی لە سەردەمی سەلاحەدین کۆنترۆڵکراون بەدرێژایی مێژووی تێکۆشانی ئەو لە نێوان ساڵانی ٥٨٣ ـ ٥٨٦ ک/ ١١٨٧ ــ ١١٩٠ زاینی.

لەبارەی میتۆدی ئەم بەرهەمەوە، ئیبن شەداد ڕوونی دەکاتەوە کە ئەو دروست لە مانگی جەمادی یەکەمی ٥٨٤ ک/ ١١٨٨ز چۆتە ناو ئیدارەی سەلاحەدینەوە، بۆ بەسەرهات و ڕووداوەکانی پێش ئەو بەروارەش پشتی بە خەڵکانی متمانەپێکراو بەستووە. پاش ئەو ساڵەش شتەکانی چۆن دیوە وەها تۆماری کردوون، یان چۆن خەڵکانی متمانەپێکراو بۆیان گێڕاوەتەوە(١٢). لەم میانەیەشدا کاتێک ڕوداوەکانی ساڵی ٥٨٥ک ــ ١١٨٩ز دەگێڕێتەوە باس لەوە دەکات ئەو لەوێ نەبووە و لە سەفەر بووە، ئەمەش ئاماژەیە بۆئەوەی بەرهەمەکەی گێڕانەوەی ڕاستەخۆیە، ئەمەش بۆ مێژوونوسان بایەخێکی هێجگار گرنگی هەیە.

ئیبن شەداد، ڕوداوەکان بە زنجیرە دەگێڕێتەوە بەپێی ڕیزبەندی مانگ و ساڵەکان، بەڵام بەرهەمەکە ساڵنامە نییە وەک ئەوانەی تەبەری و ئیبن ئەسیر، بەڵکو ناونیشانی سەرەکی داناوە بۆ ڕووداوەکان بە ڕەچاوکردنی کاتی ڕوودانیان، زمانی بەرهەمەکەش ئاسانە ئەگەر بەراورد بکرێت لەگەڵ بەرهەمە مێژوییەکانی تری سەردەمی پێش سەردەمی ئەیوبی. ئیبن شەداد زۆر دەستەواژەکانی "دیم"، "چاوم پێی کەوت"، "گوێم لێبوو" ئەمەش نیشانەی ئامادەییەتی لەناو ڕووداوەکان و بەشداریکردنییەتی لە دروستکردنی هەندێکیان بە حوکمی نزیکایەتی لە سەلاحەدین.

دەستنوسی بەرهەمەکەی ئیبن شەداد لە کتێبخانەی قودس پارێزراوە، بەپێی لێکۆڵەری ئەو نوسخەیەش کە جەمالەدین شەیالە و لە ١٩٥٩ ئەنجامیداوە، نوسخەکە شەش ساڵ بەر لە مەرگی ئیبن شەداد نوسراوەتەوە و پیشانی خۆی دراوە و لەسەری ڕازی بووە، ئەمەش نزیکی دەکاتەوە لە وێنەی کتومت.

بەرهەمەکەی ئیبن شەداد وەسفێکی وردی تیایە لەبارەی ڕووداوە مێژوییەکان، لەبارەی جەنگەکانی نێوان ئەیوبی و خاچپەرستەکان، وەسفکردنی ئامرازە جەنگییەکان. لە بەرهەمەکەی ئیبن شەدادا وەسفی هەندێک ئامرازی جەنگی هاتوون لە سەرچاوەکانی تردا نین. جگە لە باس و خواستی جەنگەکانیش، ئیبن شەداد درێغیی نەکردووە لە ڕونکردنەوەی دۆخی کۆمەڵایەتیی و ئیداری کۆمەڵگا ئیسلامیی و مەسیحییەکانی ئەوکات بەتایبەت لە بواری ناوبژیوانی و نێوانگریی لە جەنگەکان.

لە بەرهەمەکەیدا [سیرة صلاح الدین] ئیبن شەداد باسی چۆنییەتی دانیشتنی سەلاحەدینی کردووە بۆ چارەسەری کێشەکان، چۆنییەتی پەنابردنی مسوڵمانەکان بۆ دادوەرێکی مسوڵمان کاتێک لە ژێردەستی خاچپەرستەکان بوون. بەپێی گێڕانەوەکانی ئیبن شەداد میرە خاچپەرستەکان شتێک لە زمانی عەرەبی و مێژوو دابونەریتیان زانیوە(١٣).

ئیبن شەداد باس لەوە دەکات تۆڵەی خەتابار لای سەربازانی ئەڵمان کوشتن بووە و دەڵێت "هەرکام لەوان تاوانێکیان بکردایە هیچ چارێکی تری نەبوو جگە لە سەربڕین وەک مەڕ"(١٤).

لەمیانەی خوێندنەوەی بەرهەمەکەشدا ئەوە دەردەکەوێت کە ئیبن شەداد لەژێر کاریگەریی کەسایەتی سەلاحەدیندا بووە، هەرگیز ناوی نابات لەگەڵ دەستەواژە و نازناوی گەورەییدا نەبێت، پاسا و بۆ هەموو هەنگاوەکانی دەهێنێتەوە بە بەڵگە و شیکاری جیا جیا، بەڵام ئەمە ڕێگر نەبووە ڕووداوەکان بە دروستی تۆمار بکات، بۆ نمونە لە باسی سەرکەوتنی سەلاحەدیندا لە شاری میافارقین، ئەوەی خستۆتە ڕوو "فەرمانڕەوای شار درێغیی نەکردووە لە بەرگریی، بەڵام قەدەر بەخشیبووی بە سەلاحەدین"(١٥).

سەرسامی بە سەلاحەدین پەسەندکردنی زۆری لەلایەن ئیبن شەدادەوە شتێکی سەیر نییە ئەگەر ئەوە بزانرێت کە ناوبراو چەندە نزیک بووە لەم سەرکردەیە و چۆن بەشداریی بڕیار و هەنگاوەکانی کردووە.

سەرسامی ئیبن شەداد بە سەلاحەدین لە دەستپێکی بەرهەمەکەیدا دەردەکەوێت کە لەبارەی سەلاحەدینەوە کۆمەڵێک نازناوی هۆندۆتەوە لەوانەش «الملک الناصر، جامع کلمة الأیمان، قامع عبدة الصلبان، رافع علم العدل والأحسان، صلاح الدنیا والدین، سلطان الإسلام والمسلمین، منقذ بیت المقدس من أیدي المشرکین، خادم الحرمین الشریفین " (١٦).

لە میانەی خوێندنەوەی بەرهەمەکەی ئیبن شەدادا دەردەکەوێت کە ناوبراو تۆماری ڕۆژانەی کردووە، چونکە لەکاتی ناوبردنی سەلاحەدیندا زوو زوو دەڵێت «یرحمە الله" لەکاتێکدا پێداچونەوەی بەرهەمەکە لەلایەن خۆیەوە کەوتۆتە پاش وەفاتی سەلاحەدین.

**ژیاننامەی سەلاحەدین:**

لەم بەرهەمەدا ئیبن شەداد باسی لەوەکردووە کە سەلاحەدینی ئەیوبی ساڵی ٥٣٢ ک/١١٣٨ز لە تکریت لەدایکبووە، کە ناوەندی پارێزگای سەلاحەدینە، لەوکاتەشدا «ئەیوبی کوڕی شادی» والی ناوچەکە بووە. هەروەها باس لەوە دەکات ڕەچەڵەکی سەلاحەدین دەگەڕێتەوە بۆ شارۆچکەی «دوین» کە لەکۆتا سنوری ئازەربایجانە لە ڕۆژهەڵاتی ئیسلامی(ناوچەیەکی کوردییە)، بەڵام خێزانەکەی لە دوینەوە هاتوونەتە تکریت، پاشان موسڵ پاشان وڵاتی شام. سەلاحەدین لەسەر دەستی باوکیشی زانستی وەرگرتووە تا ئەوکاتەی لای پادشا «نورەدین مەحمود زەنکی» ناسراوە و ئیتر لەوە بەدوا ڕێزی لێگرتووە و پایەی بەرزکردۆتەوە.

دواتر ئیبن شەداد دەگێڕێتەوە کە سەلاحەدین زۆر توندبووە لە پەیڕەوی کردنی بنەما ئاینییەکان و دەڵێت «عەقیدەیەکی باشی هەبوو، یادی خوای زۆر دەکرد»، ئاماژە بەوەش دەکات قوتبەدینی نەیسابوری بەرهەمێکی عەقیدەی داناوە بۆ سەلاحەدین، هەموو ئەو شتانەی تیابووە کە لەوبارەیەوە پێویستن و پشتی بەوە دەبەست. هەروەها ئەوەش باس دەکات سەلاحەدین زۆر پابەندی نوێژی جەماعەت بووە، تەنانەت جارێکیان بە ئیبن شەدادی وتووە، ساڵانێک دەبێت بە جەماعەت نەبێ نوێژی نەکردووە. ئیبن شەداد دەڵێت «لەو نەخۆشییەی پێی مرد (دەوترێت گرانەتا بووە) هەر نوێژی بەپێوە دەکرد، تا سێیەم ڕۆژی کۆتایی کە لە هۆشی خۆی چوو ئیتر نەیتوانی».

بەقسەی ئیبن شەداد، سەلاحەدین دنیای بەجێهێشت ئەوەندە ماڵ و دارایی نەبوو زەکاتی بکەوێت، لەخەزێنەی ئەویشدا لە زێڕ و زیو تەنها یەک دینار و ٤٧ درهەم بەجێمان، «لەمە زیاتر هیچ باڵەخانە و بێستان و باخ و مەزرایەکی بەجێنەهێشت».

## بەقسەی ئیبن شەداد، سەلاحەدین دنیای بەجێهێشت ئەوەندە ماڵی نەبوو زەکاتی بکەوێت، لەخەزێنەی ئەویشدا تەنها یەک دینار و ٤٧ درهەم بەجێمان

سەبارەت بە ڕۆژووگرتنیش ئیبن شەداد دەڵێت، سەلاحەدین قەرزاری هەندێ ڕۆژی مانگەکانی ڕەمەزان بوو بەهۆی نەخۆشی و سەرقاڵی بە جەنگەوە، قازی فازل کە وەزیری ئەوە ئەرکی یاداشتکردن و تۆمارکردنی ئەو ڕۆژانەی گرتبووە ئەستۆ. هەروەها ئەوە باس دەکات کاتێک سەلاحەدین چووە ناو قودس دەستیکرد بە قەزاکردنەوەی ڕۆژووەکانی لە هەمان ئەو ساڵەی کۆچی تێدا کردووە زیاتر لە مانگێکی گرت سەرباری نارەزایی پزیشکەکان و دەڵێت «بەهۆی ئەوەی قازی فازل لەوێ نەبوو من حسابکردنی ڕۆژەکانم گرتبووە ئەستۆ».

سەبارەت بە دادگەریی سەلاحەدین، بەقسەی ئیبن شەداد هەموو ڕۆژێکی دوو شەممە و پێنج شەممە دادەنیشت لەناو کۆڕێکی بەرفراوان، لەوێ قازی و دادوەر و زانایان ئامادە دەبوون و هەندێ نمونەشی لەبارەی دادگەریی سەلاحەدین لە قەزاوەتدا گێڕاوەتەوە.

دەربارەی خولیای سەرەکیی سەلاحەدین، ئیبن شەداد باس لەوە دەکات بیرۆکەی «جیهاد» باڵی بەسەر هەموو بیروهۆشدا کێشابوو، هەرچی کاتیشی هەیە تەرخانی کردبوو بۆ هۆکار و ئامرازەکانی ئاسان کردنی ئەم بوارە.

لەبارەی سیفەتە کەسییەکانیشەوە ئیبن شەداد ئاشکرای کردووە کە سەلاحەدین هەمیشە دەگەڕا بەسەر فەرماندەکاندا و بەسەری دەکردنەوە، زۆر زۆر پەرۆشی مناڵە بچووکەکانی بوو، خۆڕاگر بووە لەسەر تاڵییەکانی ژیان لەکاتێکدا دەیتوانی ژیانی خۆی بەئاسانی باش بکات(١٧).

بارودۆخی نا جێگیری سەردەمی سەلاحەدین:

بەپێی گێڕانەوەی ئیبن شەداد، یەکەم سەفەری سەلاحەدین بۆ میسر لەگەڵ شێرکۆی مامی بووە کە لەسەر داوای نورەدین زەنگی چووەتە ئەوێ بۆ زانینی بارودۆخ و هەواڵپرسین و بەدەمەوەچوون لە ساڵی ٥٥٨ ک/١٦٣ز، هەر لەم ساڵەدا شێرکۆ بەهانای سەرۆک وەزیرانێکی فاتمییەوە ڕۆشتووە کە پەنای بۆ نورەدین هێنابوو، سەلاحەدینیشی کردبووە سەرقافڵەی سوپاکەی لەو ئەرکەدا.

بەپێی گێڕانەوەکانی سەلاحەدین دەرکەوتنی سەلاحەدین بەو هێز و ناوبانگەی هەیەتی زیاتر دەگەڕێتەوە بۆ پاش وەفاتی شێرکۆی مامی کە بەبڕوای ئیبن شەداد بەهۆی «زۆر خۆری و گۆشتی قورس» مردووە. لە پاش گرتنە دەستی ئەم ئەرکەش دەستیکردووە بە غەزاکردن، کاتێکیش نورەدین مەحمود زەنگی دەمرێت، کاروباری دیمەشق و شام و موسڵ لە عیراق دەکەوێتە ژێردەستی سەلاحەدین بەتایبەت دوای ساڵانی ٥٧٠ کۆچی/ ١١٧٤ ز.

ئیبن شەداد لەمیانەی گێڕانەوەی ڕووداوەکانی سەردەمی سەلاحەدین بەوردی زاڵبونی

سەلاحەدینی بەسەر دەوڵەتی فاتمیدا تۆمارکردووە لەگەڵ گێڕانەوەی میسر بۆ سایەی حوکمی عەباسییەکان لەساڵی ٥٦٧ک/ ١١٧١ز (١٨).

کۆنترۆڵکردنی قودس:

لەبەرئەوەی ناوی سەلاحەدین بە گێڕانەوەی قودسەوە پەیوەستە بۆ سایەی دەسەڵاتی ئیسلام لەو سەردەمە و لەبەر گرنگی خودی شارەکە، ئیبن شەداد گرنگی زۆری بەم دەسکەوتە داوە. تۆمارکردنی ناوبراو بۆ کۆنترۆڵکردنەوەی قودس لەوکاتەوە دەستپێدەکات کە سەلاحەدین چووەتە ناو شاری عەسقەلان و دەوروبەری.

هەروەها باسی لەوەشکردووە کە سەلاحەدین، سەرەتا لە بەشی خۆرئاوای قودس دابەزیوە، هەر لەو ڕۆژەدا مەنجەنیقەکانی داکوتیوە و سوپا بیانییەکانی ناو شارەکەی هەراسان کردووە، لە ڕۆژی هەینی ٢٧ ڕەجەبی ساڵی ٥٨٣/ ٢ ئۆکتۆبەری ١١٨٧یشدا شارەکەی وەرگرتۆتەوە کە ئەو شەوە هاوتای یادی ئیسرا و میعراج بووە بەپێی ڕۆژژمێری کۆچی.

بەپێی گێڕانەوەکانی ئیبن شەداد، سەلاحەدین ڕێکەوتنێکی مۆرکردووە لەگەڵ خاچپەرستەکان کە هەر پیاوێکی جەنگاوەر بۆ چوونە دەرەوە لە قودس بڕی ١٠ دینار بدات، ژنەکانیش پێنج دیناری زێڕ، منداڵەکان یەک دینار و هەرکەس پارەی خۆی بدایە ئازاد دەکرا، ئەگەرنا ئەوە حسابی دیلی بۆ دەکرا و ئیبن شەداد دەڵێت «بەهۆی ئەم فەتحەی قودسەوە خوا سێ هەزار مسوڵمانی لەدیلی ڕزگارکرد» مەبەستی دیل بەدیلە.

هەروەها ئیبن شەداد باس لەوەش دەکات، سەلاحەدین بژاردنی فدیەی هەژارەکانی فەرەنجەی گرتە ئەستۆی خۆی، ئەوانەی پادشا و فرمانڕەواکانیان پارەیان بۆ نەدان لەکاتێکدا بەپێی ڕێکەوتنەکە دەبوو دیل بکرانایە.

ئیبن شەداد جەخت دەکاتەوە سەلاحەدین لە قوس چووە دەرەوە و لەو پارەی وەریگرتبوو تەنها ٢٠٠ دیناری پێ مابوو، هەموو ئەوەشی دابەشکرد بەسەر میر و کەسایەتییە ئاینییەکان(١٩).

بەپێی گێڕانەوەکانی ئیبن شەداد کۆنترۆڵکردنەوەی قودس ئاگری ڕق و قینی هەڵایساند لە ئەوروپا، ناچار هەڵمەتی خاچپەرستی سییەمان دەستپێکرد بەسەرکردایەتی ڕیچارد قلب الاسد کە پادشای ئینگلیز بوو، لەگەڵ فیلیب ئۆگۆست کە پادشای فەرەنسا بوو لەگەڵ فردریک بارباروسای ئیمپراتۆری ئەڵمان.

لەبارەی سوڵحی بەناوبانگی ڕەملەشەوە کە لەساڵی ٥٨٨ک/١١٩٢ز لە نێوان لایەنە شەڕکەرەکاندا بەسترا، ئیبن شەداد ئاشکرای دەکات کە ٤٢ وەفد ئەو کارەیان بەجێهێناوە، سەرەتای داواکارییەکەش لە ڕیچادەوە بووە.

کۆتا وێستگەی ژیانی سەلاحەدین:

ئیبن شەداد بەوردی دوا وێستگەی ژیانی سەلاحەدینی تۆمارکردووە بەوپێیەی خۆی لەوێ ئامادەیی هەبووە. ناوبراو دەگێڕێتەوە کە سەرلەبەیانی شەممە ١٦ سەفەری ٥٨٩ کۆچی، باری لەشی داهێزرا بەهۆی تاو لەرزەوە، ئەمەش زۆر کەس پێی نەدەزانی، لەم کاتەدا ئیبن شەداد شەونخونی کردووە بەدیارییەوە و تا درەنگانی شەو لەگەڵیدا یان لە نزیکییەوە ماوەتەوە. بەپێی بەروارەکەی ئیبن شەدادیش سەلاحەدینی ئەیوبی پاش نوێژی بەیانی ڕۆژێ چوارشەممە لە مانگی ٢٨ سەفەری ٥٨٩ کۆچی کە دەکاتە / ٤ مارس ١١٩٣ز کۆچی دواییکردووە و دەڵێت «مسوڵمانەکان و دینی ئیسلام بەگشتی لە پاش خەلیفەکانی ڕاشیدین ناخۆشی وەهایان نەدیبوو». ئیبن شەداد بەشداریی شۆردن و کفنکردنی سەلاحەدینی ئەیوبیشی کردووە.

## ليستی سەرچاوە و پەراوێزەکان


١ـ  ابن خلكان، أبو العباس شمس الدين أحمد بن محمد، وفيات الأعيان وأنباء أبناء الزمان، تحقيق محمد محيي الدين عبد الحميد، مطبعة السعادة، مكتبة النهضة المصرية، القاهرة، الطبعة ١٩٤٩، مج ٣، ج٦، ص ٨١.

٢ـ ابن خلكان، نفس المصدر، مج ٣، ج٦، ص ٨١

٣ـ ابن خلكان، نفس المصدر، مج ٣، ج٦، ص ٨١

٤ـ ابن خلكان، نفس المصدر، مج ٣، ج٦، ص ٨١

٥ ـ  بهاء الدين بن شداد، النوادر السلطانية والمحاسن اليوسفية، تحقيق الدكتور جمال الدين الشيال، مكتبة الخانجى بالقاهرة، الطبعة الثانية، ١٤١٥ هـ ١٩٩٤ م، ص ٧٠ ـ ٨٥.

٦ـ جمال الدين محمد بن سالم بن واصل، مفرج الكروب في أخبار بني أيوب، تحقيق حسنين محمد ربيع، راجعه سعيد عبد الفتاح عاشور، مطبعة دار الكتب، مصر، ١٩٧٧، ج٥، ص ٩١.

٧ـ ابن شداد: النوادر السلطانية، ص ٧ "المقدمة"

٨ـ ابن شداد: نفس المصدر، ص ٦

٩ـ ابن شداد: نفس المصدر، ص ص ٥٣، ١٢٤

١٠ـ ابن الوردي: تاريخ ابن الوردي، دار الكتب العلمية، بيروت، لبنان، ١٩٩٦، ج٢، ص ١٠٤.

١١: ابن شداد: النوادر السلطانية، ص٣٦٣.

١٢ـ ابن شداد: النوادر السلطانية، ص ١٤١.

١٣ـ ابن شداد: النوادر السلطانية ص ١٤٥ ـ ١٥٥

١٤ـ ابن شداد: النوادر السلطانية ص ١٩٤

١٥ـ ابن شداد: النوادر السلطانية ص ١١٨


١٦ـ ابن شداد: النوادر السلطانية ص ٢٥ ـ٢٦

١٧ـ ابن شداد: النوادر السلطانية ص ٢٩ ـ ٧١

١٨ـ ابن شداد: النوادر السلطانية ص ٧٥

١٩ـ ابن شداد: النوادر السلطانية ص ١٣٦

٢٠ـ ابن شداد: النوادر السلطانية ص ٢١٩



# ڕێکخستنی یاسایی

زیانەکانی تەکنەلۆجیای نوێ و خوێندنەوەیەکی
یاسایی ڕەخنەییانە بۆ یاسای خراپ بەکارهێنانی
ئامێرەکانی پەیوەندی کردن (ژمارە 6ی ساڵی 2008)



دانا دارا حسین، ڕاوێژکاری پەرلەمانی کوردستان

**پێشەکی:**

جیهان لە ناوەڕاستی سەدەی بیستەمەوە دیاردەیەکی بەخۆیەوە بینی کە دواتر ناسرا بە شۆڕشی زانیارییەکان کە ئەمەش مانای کاریگەری تەکنەلۆجیایە لەسەر کۆی کایەکان بەتایبەتی لە کەرتی خزمەتگوزاریی و پەیوەندییەکاندا.

سەردەمی ئەمڕۆمان جیهانێکی کراوە و کۆمەڵگایەکی پڕ لە تەکنەلۆجیایە، بەشێوەیەکە کاریگەری لەسەر هەموومان دروستکردووە و دنیایەکی گەورەی بۆ بچووک کردوینەتەوە و بەڕادەیەکە شۆڕشەکانی بەهاری عەرەبی بەتایبەت لە میسر ساڵی ٢٠١١ بە شۆڕشی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان ناسرا.

ئەمڕۆ تەکنەلۆجیا بەتایبەتی کۆمپیوتەر ڕۆڵێکی گەورەی هەیە تەنانەت پەڕیوەتەوە بۆ هەسارەکانی دیکەش و بەکارهێنەران و قوربانییەکانی ئەم شەپۆلەی تەکنەلۆجیای سەردەم زۆرن بەهەردوو دیوە باش و خراپەکەی، هەربۆیە پێویستی بە لالێکردنەوەیەکی جددیی و خوێندنەوەی وێنەکەیە بەتەواوەتی.

ئەوەی گومانی تیادا نییە کە ئەم شۆڕشە ئەنجامی ئەو هەموو پێشکەوتنە زانیارییەیە کە جیهان بەخۆیەوە بینیوە، کە بەهۆیەوە خزمەت و کاریگەری زۆری بەجێهێشتووە، بەشێوەیەک کەسێک نابینیتەوە لە ڕۆژگاری ئەمڕۆماندا بەشێک لە ژیانی بەم پێشکەوتنانە کاریگەر نەبوبێت. بەڵام لەگەڵ کۆی ئەم هەموو ئیجابیاتە لە بەرامبەردا ژمارەیەکی بەرچاو زیانی خستۆتەوە، کە لە ڕوویەکەوە بەرهەمی ئەو پێشکەوتنە گەورەیەیە کە هیچ سنورێکی نەهێشتۆتەوە، لەلایەک تر بۆ خودی خراپ بەکارهێنانی ئەم داهێنانانە دەگەڕێتەوە.

وڵاتان بەئاگا هاتن بۆ دانانی سنورێک بۆ ئەم بڵاوبونەوە خێرایە و ژمارەیەک تەشریعاتی پێویستیان دەرکرد بۆ بەتاوان ناساندنی ئەو کردەوە نادروستانەی کە لە خراپ بەکارهێنانی ئەم پرۆسەیەوە دروست دەبێت و سزادانی بکەرانی ئەم تاوانە. ئەوەی لە سەرمان پێویستە ناسینی تاوانە ئەلکترۆنییەکان و سرووشتی ڕودانیان و توخم و خەسڵەتەکانی ئەم دیاردەیە و قەبارەی ئەو زیانەی دەیخەنەوە، چونکە تاوانە ئەلکترۆنییەکان تاوانگەلێکی ڕێکخراون کە سیفەتی بەردەوامی هەیە لەگەڵ ئەوەشدا هەندێک جار بەیەک کەس ئەنجام دەدرێت.

وەک دەزانین ئەمڕۆ مۆبایل و هۆیەکانی تری پەیوەندی کردن زۆر فراوان بەکاردێت و زۆرترین بەکارهێنەرانیشی لە ڕیزی گەنجانن، کە هەرێمی کوردستان لە ساڵی ٢٠٠٨ ەوە خاوەنی یاسایەکە بۆ ڕێکخستنی ئەم بوارە. ئێمە لەم توێژینەوەیەماندا لەسەر دیارترین تاوانە ئەلکترۆنییەکان و زیانەکانی گەشەی تەکنەلۆجیای نوێ دەکۆڵینەوە و خوێندنەوەیەکی یاسایی ڕەخنەییانە دەکەین بۆ یاسای ژمارە ٦ی ساڵی ٢٠٠٨ کە چۆنێتی بەکارهێنانی نادروستی ئەم تەکنەلۆجیایەی بەتاوان ناساندووە و وەک یاسایەکی سزادانی تەواوکاری (عقوبات تكميلية) دەقنوسی کردوون.

**بەشی یەکەم: سەرنجە گرنگەکان:**

١-تەکنەلۆجیای سەردەمیانە خۆی فەرز کردووە و ناتوانین خۆمانی لێ لابدەین.

٢-پاساوی ڕووبەڕووبونەوەی ئەم دیاردە تاوانکارییە نابێت ببێتە هۆی دەستدرێژی بۆ سەر ماف و ئازادیە گشتییەکان.

٣-کۆڕایی (اجماع)ێکی نێودەوڵەتی لەسەر بەتاوان ناساندنی خراپ بەکارهێنانی ئەم دیاردەیە هەیە.

٤-دوو پرەنسیپی گرنگ هەیە ئەوانیش یەکەمیان مافی بەدەستهێنانی زانیاریی و دووەمیان پاراستنی ئاسایشی نیشتیمانییە، کە لە هەرێمی کوردستان بە یاساکانی ژ ٣٥ ی ساڵی ٢٠٠٧ و یاسای ژ ١١ی ٢٠١٣ ڕێکخراون.

•زیانەکانی تەکنەلۆجیای نوێ:

–لەگەڵ ئەو هەموو خزمەتەی داهێنانەکانی تەکنەلۆجیا پێشکەشی مرۆڤایەتی کردووە، بەڵام خاڵی نەبووە لە زیان و کەم و کورتی، لەوانە:

١–کەوتنەوەی تاوانە ئەلکترۆنییەکان کە لە بەشی دوەومدا بەدرێژی باسیان دەکەین.

٢–ئەنجامدانی تیرۆر لە ڕێگەی تەکنەلۆجیاوە کە ناسراوە بە (الارهاب الالكتروني) کە قەبارەی ئەو زیانەی دەیخاتەوە ساڵانە دەگاتە ملیارەها دۆلار.

٣–زیانە یاساییەکان کە پاشتر بە درێژی باسیان دەکەین.

٤–زیانی ئالودەبوونی تەواو پێیانەوە.

٥–کارەساتی کۆمەڵایەتی لەسەر خێزان و کۆمەڵگا.

٦–زیانی تەندرووستی لەسەر تەندروستی تاک بەتایبەت منداڵان.

٧–دانانی بورجەکانی پەخش نازانستین و بەپێی ڕێنمایی وەزارەتی گواستنەوە و گەیاندنی حکومەتی هەرێم دەبێت نێوانی هەردوو بورجێک ٣٠٠م٢ بێت، بەڵام کۆمپانیاکان پابەند نابن.

٨–دەبوو کەرتی گشتی بورجەکانی دابنایە و بەکرێی بدایەتە کۆمپانیای پەیوەندییەکان، بەڵام ئەم خەمە گەورەیەی بە کۆمپانیا سەرمایەدارەکان سپاردووە و ئەوانیش دۆخەکەیان بەم ڕۆژە گەیاندووە.

٩– پابەندنەبوونی تۆڕەکانی پەیوەندیکردن بە ڕێنماییەکانی وەزارەتەوە و لێنەپرسینەوەیان لەلایەن وەزارەتی ناوبراوەوە وایکردووە پێشێلکاری زۆر بکەوێتەوە لەوانە (دانانی بورج لە قوتابخانەدا، دانانی بورج نزیکی نەخۆشخانەکان، صیانەی نازانستی بورجەکان و دانانیان لەسەر ماڵان، بورجێک چەند تۆڕێک بەکاری دەهێنێت، هتد..).

١٠– شێوەکانی گەشەی تەکنەلۆجیا لە ئێستادا زۆرن کە وێنەیان وەک:

–- پرۆسە پزیشکییەکان کە نمونەی وەک: چاندن و گواستنەوەی ئەندامانی جەستە، شیکاری لاشەی مردوو.

–- لەباربردنی کۆرپەلە، منداڵی بلوری، بەکرێدانی ڕەحمی ژنان.

-–کۆپی کردنی مرۆڤ.

**بەشی دووەم: تاوانە ئەلکترۆنییەکان:**

ئەم گەشەسەندنەی بواری تەکنەلۆجیا پێمان دەڵێت کە سەرجەمیان ئەنجامی سێ شۆڕشن ئەوانیش (شۆڕشی زانیارییەکان، شۆڕشێک لە هۆکارەکانی پەیوەندی کردن، شۆڕشێک لە بواری کۆمپیوتەردا).

تاوانە ئەلکترۆنییەکان هەموو کردارێکی زیانگەیاندنە بە کەسانی دیکە لە ڕێگەی هۆکارە ئەلکترۆنییەکانەوە، ئەمە و لەکاتی ئێستادا بەکارهێنەرانی ئەم دەسکەوتە زانستییە زیاترە لە ١/٤ی دانیشتوانی گۆی زەوی. لەگەڵ ئەو هەموو ئیجابیات و دەسکەوتەی کە تەکنەلۆجیا پێشکەشی مرۆڤایەتی کردووە، بەڵام لەگەڵیدا ژمارەیەک سەلبیات و تاوانی لەخۆگرتووە لە ئەنجامی خراپ بەکارهێنانییەوە.

لە ئێستادا بەشێکی کەمی ئەم بوارە بە یاسا ڕێکخراوە ئەمەش بەهۆی ئەوەی کە یاسای سزادان بە هەمان شێوەی تەکنەلۆجیای نوێ گەشە ناکات، هەربۆیە بەشێکی زۆری تاوانە ئەلکترۆنییەکان لە یاسای سزادانادا باس نەکراوە، چونکە کاتێک ئەم دەقانە نوسراونەتەوە کە کۆمپیوتەر و ئینتەرنێت هەر نەبوون.

•پێناسەکان:

–تاوان: وەک لە یاسای سزادانی عێراقی ماددەی ١٩ خاڵی ٤ دا هاتووە بریتییە لە (هەموو کردەوەیەک کە یاسا بەتاوانی دانابێت، جا ئەگەر ئیجابی یاخود سەلبی بێت).

-زانیاری (المعلومە): بریتییە لەو پەیامەی کە گوزارشتی پێکراوە بەشێوەیەک کە گونجاوە بۆ گواستنەوە.

-تەکنەلۆجیای زانیاری: هەموو بوارەکانی IT دەگرێتەوە و هەرچی سیگناڵی هەبێت دەچێتە ئەو خانەیەوە.

-تەکنەلۆجیا: بریتییە لەو کەرەستە و هۆکارانەی کە بەکاردێت بۆ مەبەستی زانستیی و مرۆڤ پشتی پێ دەبەستێت لە کارەکانیدا بۆ تەواوکردنی تواناکانی.

-ئینتەرنێت: وشەیەکی ئینگلیزی لێکدراوە و پێکدێت لە دوو برگە، کە ئەوانیش (Inter) کە بە واتای نێودەوڵەتی و (Net) کە کورتکراوەیە و مانای (تۆڕ)ە، و هەموویان بەیەکەوە بریتییە لە (تۆڕی جیهانی زانیارییەکان).

کە یەکەم جار ئینتەرنێت لە ساڵی ١٩٦٩ لەلایەن ئاژانسی پرۆژەی لێکۆڵینەوەکانی سەر بە وەزارەتی بەرگری ئەمریکاوە دروستکراوە و پاش چەندین بەرەوپێشچوون و گۆڕانکاری گەشەی پێدرا و تا لە ساڵی ١٩٨٣ بەشێوەیەکی چڕ لەلایەن زانکۆکانەوە بەکارهات و ئێستاش بەردەستە بۆ بەکارهێنانی هەموو مرۆڤایەتی.

-تاوانی ئەلکترۆنی: بریتییە لەو دەستدرێژیانەی دەکرێن بەهۆی تۆڕی زانیارییەکانەوە بە ئامانجی وەدیهێنانی قازانج، یاخود بریتییە لە کردارێکی نایاسایی کە لە ئیرادەیەکی تاوانکارییەوە دەردەچێت و یاسای کارپێکراو سزا یاخود رێوشوێنی خۆپارێزی بۆ داناوە.

### تاوانە ئەلکترۆنییەکان لە رێکەوتنامە و یاسا نیشتیمانییەکاندا:

ژمارەیەکی زۆر لە وڵاتان یاسای تایبەتیان بە تاوانە ئەلکترۆنییەکان و بەتایبەت تۆڕی ئینتەرنێت دەرکردووە، وەک (ویلایەتە یەکگرتوەکانی ئەمریکا، بەریتانیا، هۆڵەندا، فەرەنسا، دانمارک، مەجەڕ، پوڵندا، یابان، کەنەدا، هتد....). هەیانە لەسەر ئاستی کیشوەر رێکەوتنامەیان مۆرکردووە وەک (ئەمریکا، ئەوروپا).

وڵاتانی ئەمریکایی لە پێشینەی ئەو وڵاتانە بوون کە یاسایان بۆ بەرەنگاربونەوەی ئەم تاوانە دەرکردوە، وەک رێکەوتنامەی ئەمریکی بۆ قەڵاچۆی تاوانەکانی ئینتەرنێت ساڵی ١٩٩٩، پاشان وڵاتە ئەوروپییەکان ژمارەیەک یاسایان دەرکرد و رێکەوتنامەیان ئیمزا کرد لە پێشینەی ئەو رێکەوتنامانە (رێکەوتنامەی بۆدابست ساڵی ٢٠٠١) بۆ بەرەنگاربونەوەی تاوانەکانی ئینتەرنێتە.

بەهەمان شێوە هەندێک لە وڵاتە عەرەبیەکان یاسایان دەرکردووە یاخود سستەم و رێنمایی و بەش و هۆبەی تایبەتیان کردۆتەوە بە بەرەنگاربونەوەی تاوانەکانی ئینتەرنێت. لە عێراقیشدا ژمارەیەک تاوان وەصفکراون لە یاسای سزادانی عێراقیدا ژمارە ١١١ی ساڵی ١٩٦٩ ی هەموارکراو، لە ماددەکانی ٤٣٣ و ٤٣٤ و هەروەها باری توندکاری ئاماژەی پێدراوە، ئەگەر تاوانەکە بڵاوبکرێتەوە لە دەزگا میدیاییەکاندا، بەهەمان شێوە کۆمەڵێک تاوانی دیکەی باس کردووە کە بەهۆی پێشکەوتنی تەکنەلۆجیاوە شیوازی ئەنجامدانی زۆر گۆڕاوە.

لەگەڵ ئەوەدا یاسادانەری عێراقی تاوانگەلێکی دی تری باس نەکردووە، چونکە لەو رۆژگارەدا نەبوون. لەم روەوە ئەم سەرنجە یاساییانە هەیە:

١-سیاسەتی یاسادانان لە وڵاتدا ئەوەی بریوەتەوە کە دروست نیە بەتاوان دانانی کارێک یاخود سزادانی ئەگەر بە دەقێکی یاسایی کارەکە بەتاوان دانەنرابوو، بەتایبەت کردەوەیەکی زەرەرمەندانە کە بەرامبەر دەگرێتەوە.

٢-لە رووی پزیشکییەوە تائێستا یەکلانەبووەتەوە کە بوونی دیاردەی بورجەکان لە گەڕەک و شار و شارۆچکەکاندا چەند زیانی تەندروستی هەیە، ئایا هۆکارێکە بۆ بڵاوبونەوەی

نەخۆشی شێرپەنجە یاخود نا؟ وەک چۆن هۆکارێکی پیسبوونی ژینگەیە و زۆری بورجەکان نەخۆشی بڵاودەکاتەوە.

٣-بەشێکی زۆری تاوانە ئەلکترۆنییەکان ڕێکخراون، واتا بۆ بەرژەوەندی ژمارەیەک کەسایەتی سیاسی ئەنجام دەدرێن یاخود ئەوانەی خاوەنداری تۆڕەکان دەکەن.

**ڕێکارە یاساییەکانی بەرەنگاربوونەوەی تاوانە ئەلکترۆنییەکان:**

١-تەدەخولی خێرا بۆ زانینی ناواخن و جۆری زانیارییەکان.

٢-پەیڕەوکردنی کۆکردنەوەی زانیاری.

٣-پشکنینی (بیانات)ەکان.

٤-تۆمارکردنی ناوەڕۆکی بەیاناتەکان.

**•خەسڵەتەکانی تاوانی ئەلکترۆنی:**

١-پرۆسەیەکە کە پەیوەندیدارە بە ژیانی مرۆڤەوە و کار لەسەر چارەنووسی دەکات.

٢-پرۆسەی تاوانێکی هەمەلایەنە و دینامیکییە.

٣-سرووشتی یاسایی تۆمەتبار و تاوانلێکراو جیاوازە لە تاوانەکانی تر.

٤-زیاتر لە وڵاتێک دەگرێتەوە، واتا تاوانێکە زیاتر لە کەسێک تیایدا بەشدارە و دیاردەیەکی جیهانییە.

٥-پاڵنەری تاوانەکە جیاوازە لە تاوانەکانی دی تر.

٦-ئاسانی ئەنجامدانی تاوانەکە و گرانی بەدواکەوتنی ئەنجامدەرانی.

٧-ئەم تاوانانە دەوەستێتە سەر زیرەکی تاوانکار، لەگەڵ بوونی ئاستەنگی یاسایی لە قۆناغی لێکۆڵینەوە بە بەراورد بە تاوانەکانی دیکە.

٨-پێویستە پەناببرێت بە ئەزموونی تەکنیکی لە ئاستی باڵادا بۆ گەیشتن بە تاوانکاران.

٩-قورس و گرانی ئاشکراکردنی، چونکە بکەرەکە هیچ جێ پەنجەیەک بەجێ ناهێڵێت.

•ئامانجەکانی تاوانی ئەلکترۆنی:

١-گەیشتن بە زانیارییەکان بەشێوەیەکی نایاسایی وەک دزینی زانیاری یاخود ئاگاداربوون لێی.

٢-بەدەستهێنانی زانیاریی و وێرانکردنی دامەزراوەکان.

٣-پەیداکردنی سامان لە ڕێگەی کەس و لایەنی بەکارهێنەری تەکنەلۆجیا.

•پۆلێنی تاوانە ئەلکترۆنییەکان:

ناسینی تاوانە ئەلکترۆنییەکان سەرەتایەکی باشە بۆ زانینی ڕێگاکانی بەرەنگاربوونەوەی و دۆزینەوە و سزادانی بکەرەکانی و لەهەمانکاتدا کەمکردنەوەی ئەو زیانەی دەیخاتەوە.

لە خوارەوە دیارترین ئەو تاوانانە و چۆنێتی پۆلێنکردنیان باس دەکەین:

دابەشکردنی تاوانەکان بەپێی:

**یەکەم: تاوانەکانی سامان و دارایی:**

١-ساختەکردن (التزویر).

٢-دزینی ئەلکترۆنی (السرقە الالکترونیە).

٣-حەواڵە ئەلکترۆنییەکان و حەواڵە لە حسابێکەوە بۆ حسابێکی تر (التحویلات الالکترونیە).

٤-تێکشکاندنی پرۆگرامەکان (تدمیر برامج).

٥-سیخوڕی کردن (التجسس).

**دووەم: تاوانە کەسییەکان:**

١-بڵاوکردنەوەی وێنە.

٢-گوێگرتن لە وتەکان و چاودێری کردنیان و بەکارهێنانەوەیان، کە لە دەستوری کۆماری عێراق ساڵی ٢٠٠٥ و یاسا بەرکار و ڕێکەوتنامە نێودەوڵەتییەکاندا قەدەغەکراوە.

٣-ساختەکردنی واژۆ و خۆناساندن وەک کەسێکی دیکە.

٤-بڕین و چوونە ناو کۆمپیوتەری کەسەکان.

٥-دزینی وێنەی سەرەکی بەرنامە یاخود شتومەکەکان.

**سێیەم: تاوانە ڕێکخراوەکان (کیشوەربڕەکان):**

١-تاوانەکانی شۆردنەوەی سامان (غسیل الاموال).

٢-مادده هۆشبەرەکان (المخدرات).
چوارەم / تاوانە ئاسایشییەکان:
١-تیرۆری ئەلکترۆنی.
٢-هاک کردنی کۆمپیوتەر و سەنتەرەکانی زانیاری.
٣-دزە دامەزراوەکان و بەدەستهێنانی زانیاری نهێنی.
پێنجەم/ تاوانە ئابورییەکان:
١-خەڵەتاندنی کڕیار.
٢-ڕاکێشانی ڕەصید لە حسابی کەسەکان لە بانکدا.
**شەشەم: تاوانە ڕەوشتییەکان.**
١-بەکارهێنانی منداڵان لە تاوانە سێکسیەکاندا لە تۆڕی ئینتەرنێتدا، کە سەرجەم ئەم تاوانانە پێشتر و لە یاسای سزادانی عێراقیدا ژمارە ١١١ی ساڵی ١٩٦٩ ی هەموارکراو ئاماژەی پێدراوە و وەک تاوان سزای بۆ دانراوە لە ماددەکانی ٣٩٣، هەروەها لە ماددەکانی (٤٠٠و ٤٠١ و ٤٠٢) دا تاوانەکانی ڕووشاندنی شەرەف ئەم بابەتەی ڕێکخستووە و سزای بۆ داناوە.
بەهەمان شێوە لە یاسای چاودێری ناکامەکانی عێراقیدا ئەو کارە نەشیاوانەی بەرامبەر بە منداڵ بکرێن بە تاوان دانراوە.
٢-لەناوبردنی بەڵگەنامەکان، کە بە دوو شێوە دەکرێت:
-. سڕینەوەی پرۆگرام و زانیارییەکان.
-. تێکدانی زانیارییەکان و وەها لێکردنیان کە بە دروست نەبێت بۆ بەکارهێنان و بڵاوکردنەوەی ڤایرۆس.

**بەشی سێیەم: تەلەفۆنی مۆبایل:**
لەم ڕۆژگارەدا بەکارهێنەرانی تەلەفۆنی مۆبایل زۆر بووە و بووەتە یەکێک لە پێویستییە سەرەکییەکان و بەدەگمەن کەسێک هەیە بەکاری نەهێنێت بۆ مەبەستی پەیوەندی کردن، لەگەڵ ئەوەشدا کەسانی دەرون لاواز بەکاری دەهێنن بۆ ئەنجامدانی تاوان کە یاسا بەرکارەکان قەدەغەیان کردووە.

**• سەرەتا بابزانین پێناسەیەکی زانستی (مۆبایل) چییە:**
مۆبایل: بریتییە لەو ئامێرەی کە دەنگ و ئاماژە ڕاستەکان دەگۆڕێت بەشێوەیەک کە دەتوانرێت بنێردرێت بۆ پێگە و شوێنە دورەکان، کە دەتوانرێت لەرینەوە و ئاماژەکان وەربگیرێت و بگەڕێتەوە.
کەواتە هەموو ئەوەی لە بۆشاییدا هەیە و لەرینەوەکانی هەیە دەگرێتەوە.
-سودەکانی:
١-دروستکردنی پەیوەندی و ئاسانی کۆکردنەوەی کەسەکان.
٢-بەکارهێنانە دروستەکان بۆ هەمووان فەراهەم بووە.
-زیانەکانی:
١-کەوتنەوەی تاوان گەلێکی تایبەت بە مافی موڵکداریی و فیکرییەوە.
٢-خۆناساندن وەک کەسێکی تر.
٣-ناوزڕاندن و سوکایەتی.
٤-بڵاوکردنەوەی وێنەی نەشیاو.
٥-تیرۆری ئەلکترۆنی.
**•بەرپرسیاریەتی کۆمپانیای تۆڕەکانی مۆبایل:**
کۆمپانیاکانی تۆڕەکانی مۆبایل یان ناوخۆیین یان بیانین و، بەپێی مۆڵەتی (هیئە الاتصالات العراقیە) ئەمڕۆ لە عێراقدا ٣ کۆمپانیا بە یاسایی بۆشایی عێراق بەکاردێنن کە ئەوانیش (زین، ئاسیا سێل، کۆرەک تیلکوم)ن، کە ئەم تۆڕانە ملیۆنەها بەشداربوویان هەیە.
ئەگەرچی لە کوردستان یاسایەک هەیە و وەزارەتی گواستنەوە و گەیاندن بەردەوام ڕێنمایی دەردەکات، بەڵام ئەم تۆڕانە بە ژمارەیەک لەو بڕگانەوە پابەند نابن وەک:
١-هەبوونی سیم کارتی تۆمارنەکراو بەشێوەی یاسایی
٢-وەڵامدانەوەی دەسەڵاتەکانی لێکۆڵینەوە بە سستی و خاوی.

٣-زۆری بورجەکان و مەترسییان لەسەر ژیان و تەندروستی هاولاتیان.

**•یاسای خراپ بەکارهێنانی ئامێرەکانی پەیوەندیکردن (ژمارە ٦ ی ساڵی ٢٠٠٨):**

سەرنجە گشتییەکان:

لە خوارەوە خوێندنەوەیەکی رەخنەییانە دەکەین بۆ کۆی یاساکە کە خۆی لە (٨) ماددە پێکهاتووە و لە وەقائیعی هەرێمی کوردستاندا لە ژمارە (٨٧) و لە بەرواری (٢٠٠٨/٦/١٧)دا بڵاوکراوەتەوە، لەگەڵ هەوڵی زۆری خۆپاراستن لە دوبارەکردنەوەی ئەو سەرنج و رەخنانەی کە لە یاساکە گیراوە.

١-هەرێمی کوردستان سەرکەوتوو بووە لە دانانی یاسایەک بەم بوارە، بەڵام موشەریعی کوردستانی تێبینی زۆر پرسی نەکردووە لە رووی تیگەیشتن و جیاوازی نێوان ئەو ئامێرانەی پێی دەوترێت ئامێرەکانی پەیوەندیکردن.

٢-هەیە باوەڕی وایە کە ئێمە پێویستمان بە هەمواری یاسای سزادانی عێراقییە نەک یاسایەکی سەربەخۆ.

٣-لە یاسا بەرکارەکەدا تاوانەکان ئەمانەن:

١-هەڕەشە. ٢- جنێودان. ٣- بڵاوکردنەوەی هەواڵێک کە ترس بڵاودەکاتەوە. ٤- چاودێری و دەرکردنی گفتوگۆ و وێنە وەستاوەکان یان کورتە نامە کە دژ دەوەستێت لەگەڵ رەوشت و دابی گشتی. ٥- گرتنی وێنە بەبێ مۆڵەتی کەسەکە. ٦-پاڵدانی کەسەکان بە کارێکی ئابڕوبەرانە. ٧-هاندان لەسەر ئەنجامدانی تاوان. ٨-هاندان لەسەر کرداری ئابڕوبەرانە. ٩- بڵاوکردنەوەی زانیاری تایبەت بە ژیانی تایبەتی کەسەکان و خێزانییەکان ئەگەر ڕاستیش بێت. ١٠-بوونەهۆکاری ئیزعاجکردن ١١- بونە هۆکاری ئەنجامدانی تاوان لە رێگەی ئەو تاوانانەی لە پێشتردا باسکران.

٤-لە ماددەکانی دووەم و سێیەم لە یاسای ژمارە ٦ی ساڵی ٢٠٠٨ هاتووە وەک ئەوەی یاسادانەری کوردستانی لە یاساکەدا بارێکی توندکاری (ظرف مشدد) داناوە بۆ هەرکەسێک یەکێک لەم سیفەتانەی هەبێت و ئەو تاوانانەی سەرەوە ئەنجامبدات، کە ئەوانیش بریتین لە کەسێک کە (ئەندامی هێزە چەکدارەکان بێت، یاخود هێزەکانی ئاسایش، یاخود فەرمانبەرێک کە بەهۆی ئیشەکەیەوە زانیاری کەس و لایەنەکان بزانێت، یاخود ئامێری کەسانی دی بەکاربهێنێت بۆ ئەنجامدانی تاوان).

٥-ئەوەی گرنگە لە یاساکەدا پێویستە باس بکرێت لە ماددەی شەشەمی یاساکەدا هاتووە، کە ئەرکی خستۆتە سەر کۆمپانیای تۆڕەکانی مۆبایل کە ئەوانیش بریتین لەمانە:

١-تۆمارکردنی سیمکارت و ئامێرەکانی پەیوەندیکردن بەناوی خاوەنەکانیانەوە.

٢-پێشکەشکردنی هەر زانیارییەکی پێویست بە دادگای تایبەتمەند.

٣-هەر کۆمپانیایەک سەرپێچی بکات سزا دەدرێت بە غەرامەیەک کە لە پەنجا ملیۆن کەمتر و لە سەد ملیۆن دینار زیاتر نەبێت.

٦-لە بەرامبەردا ئاستی هاوکاری تۆڕەکانی مۆبایل لەگەڵ دەسەڵاتەکانی لیکۆڵینەوەدا وەک پێویست نییە لەم ڕوانەوە:

١-تۆمارنەکردنی تەواوی سمکارت تائێستا.

٢-نەهاتنەوەی وەڵامی پێویست لەو دۆسیانەی پێویستیان بە زانیاری تۆڕەکان هەیە.

٧-یاسادانەری کوردستانی تێبینی فرەجۆری ئامێرەکانی پەیوەندیکردنی لە رووی سروشتییان و خەسڵەتەکانیان و ئەرکیان و چۆنێتی بەکارهێنانیان نەکردووە.

لەلایەک مۆبایل و سەرجەم هۆیەکانی تری پێکەوە کۆکردۆتەوە و بەیەک ماددە هەموویانی باسکردووە، کە ئەم بەیەکەوە باس کردنەیان وادەکات کە یەک جۆر سزا بۆ سەرجەمیان دابنرێت، کە ئەم رەوتی سزادانەش لە رابردوودا سەرکەوتوو نەبووە.

٨-ئەو تاوانانەی کە لە یاساکەدا سزایان بۆ دانراوە کەمن، بەڵکو ئەو تاوانانەی کە لە چەند دەیەی پێشووەوە لە کۆمپیوتەر و مۆبایلەوە بەرهەم هاتوون زۆر زیاترن، وەک ئەو تاوانانەی کە لە بەشەکانی سەرەتای ئەم توێژینەوەیەدا باسمان کردون.

**ئەنجام**

١-ئەمرۆ تاوان لە شێوە تەقلیدییەکەی دەرچووە و شێوەی زۆر پێشکەوتووی بەخۆوە بینیوە نمونەیان لە شێوەی تاوانە ئەلکترۆنییەکانە.

٢-یاسادانەری کوردستانی ویستویەتی کە زیانە تەکنەلۆژییەکان بە تاوان دابنێ و سزای بکەرەکانیشی بدات هەموو بەیەکەوە، ئەمە لەکاتێکدا زۆرێک لە وڵاتان بە یاسای جیاواز ئەم پرسەیان چارەسەر کردووە.

٣-یاسادانەری کوردستانی لە یاسای ژمارە ٦ی ساڵی ٢٠٠٨دا کەمترینی ئەو تاوانانەی بەهەند وەرگرتووە کە لە تەکنەلۆجیای نوێ دەکەونەوە، ئەمە لەکاتێکدا بەشێک لەو تاوانانە لە خودی یاسای سزادانی عێراقیدا هاتوون.

٤-تائێستا ژمارەیەکی زۆر سیمکارت هەن لە کوردستان کە تۆمارنەکراون بەناوی خاوەنەکانیانەوە، ئەمەش مانای ئەوەیە کە کۆمپانیاکانی پەیوەندیکردن پابەند نابن بە ماددە ٦ی یاساکەوە.

٥-بەرپرسیارێتیەکی هاوبەش هەیە بۆ قەرەبووکردنەوەی زیانلێکەوتووان لەکاتی خراپ بەکارهێنانی مۆبایلدا لە نێوان خودی تۆڕەکە و بەشداربووەکەدا، پێویستە ئەم ڕاستییە زانستییە بەهەند وەربگیرێت.

٦-وڵاتانی ناوچەکە لە بۆشاییەکی یاساییدا دەژین لە بواری ڕووبەڕووبونەوەی ئەم دیاردەیەدا، بەڵام هەرێمی کوردستان خاوەنی یاسایەکە بۆ ڕێکخستنی ئەم بوارە کە لەکاتی ئێستادا بەرکارە.

٧-تاوانە ئەلکترۆنییەکان بە کەمی لە یاسای ناوبراودا باسکراون، ئەمە و لەکاتێکدا سزادان بە پرەنسیپی (لاجریمە ولا عقوبە الا بنص) پێویستی بە دەق هەیە.

٨-تۆڕەکانی مۆبایل و ئەنتەرنێت باشترین کوالێتی G٤بەکاردەهێنن، بەڵام باشترین بەرنامەی پاراستن لە دژی (ڤایرۆس و هاکەرزەکان) بەکارناهێنن.

**ڕاسپاردەکان**

١-پێویستە سستمی سزادانی بەرکار وەها ڕێکبخرێتەوە کە کۆمەڵێک دەقی وەها لەخۆبگرێت کە بەگژاچونەوەی ورد بکات بۆ سەرجەم تاوانە ئەلکترۆنییەکان، بەتایبەت ئەوەی پەیوەندیدارە بە سەلماندن لە داوای جەزایدا.

٢-پێویستە یاسای ناوبراو هەمواربکرێتەوە بەشێوەیەک کە دەقی پێویست لەخۆبگرێت بەناوی تاوانە ئەلکترۆنییەکان، کە تیایدا بەشێوەیەکی وورد شێوە و جۆر و پاڵنەرەکانی دیاری بکرێن و سزای پێویستیان بۆ دابنرێت، بەشێوەیەک کە ماددەکانی بگونجێت لەگەڵ قەبارەی ئەم تاوان و زیانە نوێیانە.

٣-تەرخانکردنی بەشێکی تایبەت لە پۆلیسی نەهێشتنی تاوان بۆ تاوانە ئەلیکترۆنییەکان.

٤-مۆڵەتی ئەوەی کە داواکاری گشتیی و دادوەری لێکۆڵینەوە زانیاری وەربگرن لەسەر ژمارە و پێگەکان، نابێت ببێتە حاڵەتی دەستدرێژی بۆ سەر ژیانی کەسی و ئازادییەکانیان.

٥-هاوشانی و گونجاندن(المواکبە)ی سستمی سزادانی جێبەجێکراو لە هەرێم لەگەڵ پێشکەوتنەکانی بواری تەکنەکنەلۆجیا بەمەبەستی بەرەنگاربوونەوەی زیانەکانی.

٦-کارکردن لەسەر هۆشیاری زیاتری هاوڵاتیان بەمەبەستی دروستکردنی هۆشیاری ئەلکترۆنی.

٧-حکومەتی ئەلیکترۆنی پەیرەو و بەهێز بکرێت لە هەرێمی کوردستان بەشێوەیەکی خێرا، هەروەها پێویستە هەموو فەرمانگەکان پرۆسەی

کاری ڕۆژانەیان بە ئەلیکترۆنی بکەن.
٨-بکرێتە ئەرک بەسەر تۆڕەکانی پەیوەندیکردنەوە کە فلتەری سایتە ئیباحیەکان بکەن.
٩-باوک و دایکان ڕۆڵەکانیان بپارێزن لە چەتەکانی ئینتەرنێت.
١٠-هەریەکە لە دادوەرە بەڕێزەکان و ئەندامانی داواکاری گشتی ڕابهێنرێن لەسەر تاوانە ئولیکترۆنییەکان و ناسینی زیانەکانی.
١١- پێویستە هەماهەنگیی و هاوکاری نێودەوڵەتی بکرێت لە بواری بە گژداچوونەوەی ئەم زیان و تاوانانە لە ڕووی دادوەریی و ڕێکارییەوە.
١٢-بابەتێکی نویَ وەک ماددەیەکی پرۆگرامەکانی خوێندن زیاد بکرێت بەناوی (ڕێساکانی ڕەوشتی بەکارهێنانی ئینتەرنێت).
١٣- ئەرک و پابەندی تۆڕەکانی پەیوەندیکردن زیاد بکرێت و لە چۆنێتی بەکارهێنانی بورج و سیگناڵ و سەلامەتی تەندروستیی و ڕەوشتی هاوڵاتیان.
١٤- بەیاسایەک ئەم دەقی یاسایەی کە لە ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق دەرچووە لە هەرێمدا انفاز بکرێت کە (قانون رقم ٨٧ لسنە ٢٠١٢ قانون التوقیع الالکترونی و المعاملات الالکترونیە)ە.
١٥- سستمی سزایی پیادەکراو لە هەرێمی کوردستاندا هەمواربکرێتەوە بەشێوەیەک کە سەرجەم تاوانە ئەلکترۆنییەکانیش بگرێتەوە، لەناویدا تاوانەکانی بەرتیلی ئەلیکترۆنی و ئیمزا و مامەڵەی ئەلکترۆنی ساختە.
١٦- ئاڕاستەکردنی تەکنەلۆجیای تازە بەشێوەیەک کە نەچێتە ناو ژیانی تایبەتی کەسەکانەوە.
١٧- بەوپێیەی کە تاکی کوردی ڕۆژانە چەند سەعاتێک لە کاتەکانی بەدیار شاشەی تەلەڤزیۆنەوە بەسەردەبات، پێویستە لەسەر کەناڵەکان کە زۆر وریایانە بەرنامەکانیان ڕێکبخەن.
١٨- پاراستنی منداڵ و هەرزەکاران لە مەترسیەکانی تەکنەلۆجیای نویَ بەتایبەت هەریەک لە زیانەکانی ئینتەرنێت و تەلەڤزیۆن و مۆبایل.
١٩- لێکۆڵەرەوانی دادیی و دەزگا ئەمنییەکان شارەزایی باش پەیدا بکەن لە شێواز و تەکنیکی ئەو تاوانانەی کە لەڕێی تەکنەلۆجیای نوێوە ئەنجام دەدرێن، یاخود ئەم ڕێگەیە وەک دۆزینەوەی سەرەداوی دیاردەی تاوان بەکاربهێنن.
٢٠- سەرجەم خوێندنگا و زانکۆ و پەیمانگاکان بابەتی تایبەت بە زیانەکانی تەکنەلۆجیا بخوێنن.

## سەرچاوەکان


**کتێب:**

١- د. محمد حماد مرهج الهيتي: التكنلوجيا الحديثة و القانون الجنائي، دار الثقافة للنشر والتوزيع، ٢٠٠٤.

٢- د. امل لطيف حسن: اثر الوسائل الالكترونية على مشروعية تصرفات الادارة القانونية، دار الفكر الجامعي، ٢٠١٣.

٣- د. محمد امين الخرشة: مشروعية الصوت و الصورة في الاثبات الجنائي، دار الثقافة للنشر ة التوزيع، ٢٠١٥.

٤- المحامي خالد عياد الحلبي: اجرائات التحري و التحقيق في جرائم الحاسوب و الانترنيت، دار الثقافة للنشر و التوزيع ، ٢٠١١.

٥- سامان فوزى عمر: مسئولية الصحفي المدنية عن اخطائه المهنية ، ٢٠٠٣.

٦- د.مصطفى ابراهيم الزلمي: اسباب اباحة الاعمال الجرمية، ٢٠١٤.

٧- شوان ئادەم ئەيڤەس: مافی ژیانی تایبەت لە یاسا و ئیتیکی رۆژنامەگەریدا، ٢٠١٣.

٨- نهلا عبدالقادر المومني: الجرائم المعلوماتية، دار الثقافة للنشر و التوزيع، ٢٠٠٨.

**گۆڤار:**

١-گۆڤاری یاسا، ژ(٦)، بەهاری ٢٠٠٢.

٢-گۆڤاری پارێزەر، ژ ٢٠، ساڵی نۆیەم ٢٠٠٩.

٣-گۆڤاری تەرازوو، ژ ٣٥، ساڵی ٢٠٠٨.

٤-گۆڤاری (دراسات قانونيه و سياسيه) السنه الثانيه العدد ٣، نيسان ٢٠١٤.

٥-گۆڤاری پەیامی دادوەری، ژ ١، ٢٠١٣.

٦-گۆڤاری دادوەر، ژ ٤، ساڵی چوارەم ٢٠١٢.

**یاساکان:**

١-دەستوری کۆماری عێراق ٢٠٠٥.

٢-یاسای قەدەغەکردنی خراپ بەکارهێنانی ئامێرەکانی پەیوەندیکردن لە هەرێمی کوردستان، ژمارە ٦ ی ساڵی ٢٠٠٨.

١- قانون العقوبات العراقي رقم ١١١ لسنة ١٩٦٩ المعدل.

٢- قانون التوقيع الالكتروني و المعاملات المالية رقم ٧٨ لسنة ٢٠١٢.

٣- الاتفاقية الاوروبية لمنع جرائم الانترنيت ٢٠٠١ المسمى باتفاقية بودابست.

**بحوث منشورة على الانترنت:**

١- المدعي العام قاسم حسن عبدالقادر: مكافحة جرائم الهاتف النقال، دهوك، ٢٠١٢.

٢- المدرس عمار كريم كاظم: القوة القانونية للمستند الالكتروني، جامعة الكوفة، ٢٠٠٧.

٣- سمير سعدون مصطفى و اخرون: الجريمة الالكترونية عبر الانترنت اثرها و سبل مواجهتها.

٤- نصير احمد: تكنلوجيا المعلومات و القانون.

٥- محمد على سالم و اخرون: الجريمة المعلوماتية، جامعة بابل، ٢٠٠٧.

٦- يونس عرب: جرائم الكومبيوتر و الانترنت، ٢٠٠٢.

٧- محروس نصار غايب: الجريمة المعلوماتية، ٢٠١١.

٨- د وليد طه: التنظيم التشريعي للجرائم الالكترونية في اتفاقية بودابست.

٩- د منى تركي الموسوي: الخصوصية المعلوماتية و اهميتها و مخاطر التقنيات الحديثة عليها.

١٠- القاضي كاظم عبد جاسم الزيدي: جريمة التشهير الالكترونية.

١١- سالم بن حامد بن علي البلوي: التقنيات الحديثة في التحقيق الجنائي ودورها في ظبط الجريمة، الرياض ٢٠٠٩.

# لە بڵاوکراوە نوێیەکانی گۆڤاری

# خاڵ

